ەسوول هەمزەتۆڤ

داغستانی من



کتێبی دووەم

عەزیز گەردی

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بەکوردی

ڕەسووڵ هەمزەتۆڤ

داغستانی من

کتێبی دووەم

عەزیز گەردی

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بەکوردی

بەغدا ـ چاپخانەی (الحوادث) ـ ١٩٨٥

وێنەی دانەر ڕەسووڵ حەمزەتۆڤ

لە باتی پێشەکی

شامیل ساڵی ١٨٤١ گوتوویەتی :
« گەلی بچووك پێویستیان بە خەنجەری تیژ هەیە » .
ئەبوتالیب ساڵی ١٩٤١ گوتوویەتی :
« گەلی بچووك پێویستیان بە برادەری دڵسۆز هەیە» .

● ★ ●

باوکم دەیگوت : « دەشێ کلیلی بچووك سندووقی گەورە بکاتەوە . » دایکیشم چیرۆکی کورتی دەگێڕایەوە : « ئایا دەریا گەورەیە؟ بەڵێ زۆر گەورەیە . باشە لەکوێوە هاتوە ؟ تەیرێکی بچووك دەنووکی بچووکی لە زەوی داو کانیەکی لێدەربوو ، کانیەکە هەر هەڵقوڵاو هەڵقوڵا تا بوو بەو دەریا گەورەیە » .

کاتێ کە گەمەم دەکردو تا سوور هەڵدەگەڕامو شلو شەکەت دەبووم بەم لاو بەو لادا غارم دەدا ، دایکم دەیگوت : « پێویستە بەلانی کەمەوە بە قەد ماوەی هەڵدانو گرتنەوەی تەپلەیەك پشوو بدەی . نەختێ هێمن بە ! »

هەموو کەس دەزانێ کە زەویەکت کێڵا ، گرنگ نیە زەویەکە هەر چەند بچووك بێو پاشان بتەوێ زەویەکی‌دی بکێڵی دەبێ یەکەمجار لەسەر تخووبەکە نەختێ پشوو بدەی .

ئاخۆ ماوەی نێوان دوو کتێبیش وەکو تخووبی دوو زەوی نیە ؟ هەر بۆیەش لەسەر تخووب ڕاکشامو لێم‌پاڵ‌دایەوە ، ئەوانەی بەلامەوە تێدەپەڕین دەیانگوت : « جوتیار ماندوو بوە ، خەوتوە ! »

تخووبی من وەکو دۆڵی نێوان دوو گوندی شاخاوی وا بوو ، یا وەکو گوندێکی سەر گردی بەینی دوو شیو وا بوو .

تخووبی من بریتی بوو لە سنووری نێوان داغستانو هەموو بەشەکەی‌تری دونیا . لەسەر ئەو تخووبە ڕاکشام بەڵام نەنووستم ! وەکو پیرە ڕێویەکی بۆر پاڵم دایەوە کە ڕەوە بارەکەوێکی لە نزیك بلەوەڕێ . چاوێکم نیوەقوچا بوو ، چاوەکەی‌ترم نیوەکرابوەوە . گوێیەکم خستبوە سەر لەپێك‌و لەپەکەی‌ترم خستبوە سەر گوێیەکەی‌تر . جاروبار ئەم لەپەی دوەمینم نەختێ بەرز دەکردەوەو گوێم ڕادەدێرا . ئایا کتێبی یەکەمم بە خەڵك گەیشتوە ؟ ئایا خوێندوویانەتەوە ؟ لێی‌دواون ؟ دەبێ چی دەرهەق بڵێن ؟!

جارچی گوند کە لەسەر بانێکی بەرز جاڕ دەدا تا مسۆگەر نەبێ بانگی یەکەمی بیستراوە ، بانگی دوەم ڕانایەڵێ . کە چیایەك بە

کۆڵانێ‌دا دەڕوا ئەگەر ببینێ میوانێك بە ڕووگرژی لە ماڵێك دێتە دەرەوە ، ئاخۆ قەت سەر بەو ماڵەدا دەکات ؟

لەسەر تخووبی نێوان دوو کتێب ڕاکشامو بیستم زۆر کەسی جۆر بە جۆر بە زۆر شێوەی جیاجیا کتێبی یەکەمیان وەرگرتووم .

هەر چۆن بێ ، ئەمە شتێکی ئاساییە . هەیە حەزی لە سێوەو هەیە حەزی لە گوێزە . تۆ سێو سپی دەکەی بەڵام گوێز دەشکێنی ، گندۆرەش تۆوی لێ پاگژ دەکەیتەوە . بەم جۆرەش هەر کتێبەو چەشنە بۆچوونێکی دەوێ . جوان نیە گوێز بە قەڵەمبڕ بشکێنی ، دەبێ گوێزشکێنت هەبێ ، بەڵام‌ناتوانی سێوی تەڕو ناسك بەم گوێزشکێنە قاش بکەی .

هەر کەسێ کتێبێك بخوێنێتەوە عەیبێکی لێ دەگرێ . چ قەیدیە ! نەك کتێبەکەی من ، وەکو پەندەکە دەڵێ : « کچە مەلاش بێ عەیب نابێ ! »

لەگەڵ ئەمەش‌دا ، ماوەی پشوودانم تەواو بوو . وا دەست بە کتێبی دوەم دەکەم . نازانم چەند کەس دەیخوێنێتەوە . ئەندازەی چاپ هیچ نیە . کتێب هەیە سەد هەزار دانەی لێ‌چاپ دەکرێو لە دوکانو کتێبخانەکان تۆزی لێ‌دەنیشێو کەس نایخوێنێتەوە . بە پێچەوانەی ئەمەوەش وا دەبێ یەك دانەی کتێبێك دەستاو دەست بڕواتو زۆر کەس بیخوێنێتەوە . من هیچێکم لەمانە ناوێ . تەنیا یەك کەس کتێبەکەم بخوێنێتەوە بەسمە . دەمەوێ باسی وڵاتە بچووك‌و سادەو سەرفیرازەکەم بۆ ئەو تاکە کەسە بکەم : وڵاتەکەم کەوتۆتە کوێ ؟ خەڵکەکەی بە چ زمانێك دەدوێن ؟ باسی چ دەکەن ؟ و چ گۆرانیەك دەڵێن ؟

من ناتوانم بە تەنێ باسی هەموو شتێك بکەم • پیرەمێردەکان دەڵێن : « تەنیا بە هەموو لایەك هەموو شت باس دەکرێ • هەر کەس باسی شتی خۆی بکا ، هەموو شت باس دەکرێ • هەر کەس خانووی خۆی دروست کردوە ، ئەنجام گوند پەیدا بوە ، هەر کەسە زەوی خۆی کێڵاوە ؛ بەمەوە سەراپای زەوی بۆتە کرتو کێڵ • »

جا ئێستا وا زوو لە خەو هەستاوم • ئەمڕۆ ڕۆژی یەکەم دێرە جووتمە • دێری نوێی زەویەکی بەیار • بە گوێرەی دەستووری کۆن ، ڕۆژی وا ، دەبێ مێزەکەم حەفت شتی بەسەرەوە بێ کە هەموو سەرەتایان یەك دەنگە •• تەماشای سەر مێزەکەم دەکەمو دەیانبینم :

١ ـ کاگەت (کاغەز ـ سپی تۆخ)
٢ ـ کەرەنداش (پێنوس ـ ی تیژ)
٣ ـ کارتۆچکا (وێنە ـ ی دایکم)
٤ ـ کارتا (نەخشە ـ ی وولاتەکەم)
٥ ـ کۆفی (قاوە ـ ی ڕەشو گران)
٦ ـ کۆیناك (ـ ی داغستانی ، پێنج ئەستێرە)
٧ ـ کازبێك (جگەرە) •

ئەگەر ئێستا کتێب نەنووسم کەی دەینووسم ؟
ئاگر گەش دەسووتێ : کتلی لەسەر کوڵانە •

لە دەرەوە ڕۆژ لەناو بارانێکی نازداردا دەبریسکێتەوە ، دەڵێن ، ڕۆژی وا ، هەموو گیاندارەکان لە شاخان ، وەکو پاڵەوانی تەنافباز لەسەر پەلکەزێڕینەی حەفت ڕەنگدا دەکەونە هەلەکەسەما • ڕۆژی وا : دایکم دەیگوت تیشکی ڕۆژ دەرزیەو ئاسمان بە داوەباران دەدوورێ •

ئەمڕۆ بەهار هاتۆتە ناو شاخان ـ یەکەم ڕۆژی بەهارە • ئەویش وەکو من دەست بە خەتەجووتێکی نوێ دەکات •

« بەهاری داغستان ! پێم بڵێ ئەو حەفت بەهرانە چین کە تۆ هەتەو هەموو سەرەتایان یەك دەنگە ؟ « بەهار وەڵام دەداتەوە : « ئەو بەهرانەی من هەمە داغستان پێی بەخشیومن • وا من ناویان دێنمو تۆش بە پەنجەکانت بیانژمێرە :

١ ـ تسیا ـ ئاگر • بۆ ژیان ، بۆ ڤینو ئەڤین •
٢ ـ تسیار ـ ئاو • بۆ سەربەرزی ، بۆ نەبەردی ، بۆ ئاونانی پیاو •
٣ ـ تسیام ـ خوێ • تا تام بە ژیان بدا ، نرخ بە ژیان بدا •
٤ ـ تسیڤا ـ ئەستێرە • بۆ هیواو خەباتی پیرۆز ، بۆ ئامانجی بەرزو ڕێگای ڕاست •
٥ ـ تسیوم ـ هەڵۆ • بۆ نموونەو سەرمەشق •
٦ ـ تسیومور ـ زەنگ • بۆ بانگ‌کردنی هەموو لا بۆ یەك شوێن •
٧ ـ تسیالکیو ـ بێژنگ • بۆ لێك‌جوداکردنەوەی گەنمی قەڵەوو کاوکۆتی بێ‌سوود •

داغستان ! ئەم حەفت شتە حەفت چلن بە درەختی چەسپاوتەوە • هەموویان بە ڕۆڵەکانی خۆتو بە من ببەخشە • من دەمەوێ ببم بە ئاگر خوێ ، هەڵۆو ئەستێرە ، زەنگو بێژنگ ، دەمەوێ ناوێکی پیرۆزیش هەبێ •

سەر هەڵدەبرم دەبینم ئاسمان لە ڕۆژو باران ، لە ئاگرو ئاو چنراوە • دایکم هەمیشە دەیگوت : داغستان خۆی لە خەوندا لە ئاگر ئاو خەلق بوە •

باوكو دایك
ئاگرو ئاو

باوكم دەیگوت : « یاری بە ئاگر مەكە ! »
دایكم دەپاڕایەوە : « بەرد مەهاوێ نا ئاو ! »

هەر كەسە بە جۆرێ دایكی خۆی دێتەوە یاد . دایكی من بەیانیو پاش نیوەڕۆو ئێواران چۆن بوو ، من وام دێتەوە یاد .

سبەینان لەسەر كانی دەهاتەوەو جەڕەئاوێكی دەهێنا . وەكو شتێكی زۆر بەنرخ هەڵیدەگرت . بەسەر قادرمەی بەردیندا سەردەكەوتو جەڕەكەی لەسەر زەوی دادەناو ئاگری لە ئاگرداندا دەكردەوە . وەك ئەوەی ئیشێكی زۆر پیرۆز بكا ، ئاوا ئاگری دادەگیرساند ، بە ڕێزو سۆزو خۆشەویستیەوە تێیڕادەما . كە ئاگرەكە

باش دەسووتا ، لانكی ڕادەژەند . وەك شتێكی زۆر بەنرخ بكا ، ئاوا ڕایدەژەند . نیوەڕۆ دوبارە جەڕەی هەڵدەگرتو دەچوە سەر كانی ، ئاگری دەكردەوە ، لانكی ڕادەژەند . ئێوارێ دیسان ئاوی بە جەڕە دەهێنا ، لانكی ڕادەژەند ، ئاگری هەڵدەكرد .

هەموو ڕۆژێ ئەمە كاری بوو ؛ بەهارو هاوینو پایزو زستان . بەبێ ئەوەی خۆی تەنگاو بكا ، بە گرانو سەنگینی ، وەك شتێكی بەنرخ ئەم ئیشانەی دەكرد : دەچوە سەراوێ ، لانكی ڕادەژەند ، ئاگری دەكردەوە . ئاگری دەكردەوە ، دەچوە سەراوێ ، لانكی ڕادەژەند . لانكی ڕادەژەند ، ئاگری دەكردەوە ، دەچوە سەراوێ .

من ئاوها دایكم دێتەوە یاد . كە دەچوە سەراوێ پێی دەگوتم : « چاوت لە ئاگر بێ . » كە ئاگری دەكردەوە ، دەیگوت : « بێ لە جەڕە نەدەی ، ئاوەكە بڕێژی . » كە ڕایدەژەندم بخەوم ، دەیگوت : « باوكی داغستان ئاگرە ، دایكی داغستان ئاوە . »

ڕاستیەكەی چیاكانمان وەكو ئاگری سوور وان . كەواتە با نەختێ باسی ئاگر بكەین :

بەردێك بە بەردێك دادە ، پروشكە ئاگری لێدەبێتەوە .
گاشەیەك بە گاشەیەك دادە ، پروشكە ئاگری لێدەبێتەوە .
ناولەپ لە ناولەپ بخشێنە ، پروشكە ئاگری لێدەبێتەوە .
ووشە بە ووشە دادە ، پروشكە ئاگری لێدەبێتەوە .
پەنجە بە ژێی تەنبوور دابێنە ، پروشكە ئاگری لێدەبێتەوە .
تەماشای چاوی زوڕناژەنو گۆرانیبێژ بكە ، پروشكە ئاگری تێدا دەبینی .

هەتا تەپڵەش کە کڵاوێکی قووچی کەوڵەمەڕەو چیایی لە سەری دەنێن ، وەك ئاگر دەبریقێتەوە ، بە تایبەتی ئەگەر دەستی پێدا بێنی .

کە چیاییەك بە تەپڵەوە دەچێتە سەر بان بەفری سەر چیاکانی ئەم دەوروبەرە دەکەوێتە توانەوە .

بەفر خۆیشی ئاورینگی لێدەبێتەوە . شاخی بزنەکێوی کە لەگەڵ کازیوەی بەیاندا لەسەر لووتکە شاخێك دەوەستێ وەك ئاگر دەبریسکێتەوە . چیاش دوور بە دووری ، لە کاتی خۆرئاوابووندا ، لەناو ئاگری قورمزیدا دەتوێتەوە .

ئاگر لە ناو پەندو گۆتەی شاخاندا هەیە ، لەناو فرمێسکی ژنە چیاییاندا هەیە ، لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگدا هەیە ، لەسەر دەمی خەنجەری لە کاڵان دەرکێشراودا هەیە؛ بەڵام گەرمترین و بەسۆزترین ئاگر لە ناو دڵی دایکان و لەناو کوچکاگری هەموو کوخێکدایە .

کە چیاییەك بیەوێ بە خۆیەوە بپەسنێ دەڵێ : « هێشتا بۆ ئاگر نەچوومەتە لای هیچ کەس ! »

کە چیاییەك بیەوێ زەمی پیاوێکی وا بکا چاکەی لێ نەوەشێتەوە ، دەڵێ : « کادووی دووکەڵکێشیان وەکو کلکە مشك وایە . »

کە دوو پیرەژنی چیایی بە شەڕ دێن ، یەکێکیان دەقیژێنێ : « یاخوا قەت ئاگر لە ئاگردانتاندا نەسووتێ . » ئەوەیدیش وەڵامی دەداتەوە : « یاخوا ئاگردانتان کوێر بێتەوە ! »

ئەگەر باسی کابرایەکی زۆر ڕەشیدو ئازا بکەن ، دەڵێن : « بڵێسەی ئاگرە . »

باوکم دوای ئەوەی کە گوێی دایە شیعری ساردو سڕی لاوێك ، گوتی : « دیارە هەموو شتێکی تێدایە . بەڵام وا دەبێ تۆ خانوویەکت هەبێ ، خانوەکەت ئاگردان و دارودووو مەنجەڵی تێدا بێ ، مەنجەڵەکە گۆشتیشی تێدا بێ بەڵام ئاگری تێدا نەبێ . خانوەکەت ساردو سڕە : مەنجەڵەکە ناکوڵێ ، گۆشتەکە هەر خاوە . کە ئاگر نەبێ ژیان نابێ . شیعرەکەی تۆیش ئاگری تێدا نییە . »

جارێکیان لە شاملیان پرسی : « ئیمام ، ئەرێ ئەوە داغستانی نیوەبرسی چۆن توانیویە سەدان ساڵ بەری هێرشی وڵاتە گەورەکان بگرێ و لێیان بڕسێتەوە ؟ ئەرێ ئەوە چۆن توانی قەیرانی سێ ساڵ لەگەڵ قڕاڵی بەزەبرو زەنگدا بجەنگێ ؟ »

شامیل وەڵامی دانەوە : « ئەگەر داغستان ئاگری ڕق و خۆشەویستی لە دڵدا نەبایە ، هەرگیز ئەم خەباتە سەختەی پێنەدەکرا . ئەم ئاگرە موعجیزەی نواندوەو زۆر دەسکەوتی گەورەی هێناوەتە کایە . ئەم ئاگرە گیانی داغستانە ، هەر داغستان خۆیەتی . »

شامیل پێدا چوو : « من کێم ؟ کوڕە ڕەزەوانێکی گوندی « گمری » م . نە لە کەس کەڵەگەتترم و نە لە کەس بە شان و شەوکەتترم . بە منداڵی زۆر چرووك و بێنموود بووم . کە چاویان بە من دەکەوت سەریان بادەدا گوایە بۆ ئەم دونیایە دەست نادەم . یەکەم جار ناوم عەلی بوو ؛ بەڵام کە نەخۆش کەوتم ناویان گۆڕیم و کردیان بە شامیل بەو ئومێدەی نەخۆشیەکەم لەگەڵ ناوە کۆنەکەدا بڕوا . لەم دونیا گەورەیەدا هیچم نەدی . لە شار گەورە نەبووم . چ موڵك و سامانم کۆنەکردەوە . لە « مەدرەسە » ی گوند خوێندم . دایك و باوکم خۆخی « گمری » ی خۆمانیان بۆ لە کەر بار دەکردم و ڕەوانەی بازاڕی تەمەرخان شورایان

دەکردم بۆ ئەوەی لەوێ ساغی بکەمەوە • ماوەیەکی زۆر بەسەر ڕەوەزە شاخاندا قەرە بە قەرەی کەرەکەم دەرۆیشتم • تا جارێکیان شتێکم لێقەوما ، گەلەك لەمێژە : بەڵام لە بیرم نەکردوەو قەت لە بیریشی ناکەم ؛ چونکە لەو ساتەدا بوو کە گیانم یا خود ئاگرم کڵپەی سەند ، لەو ساتەوە بووم بەو شامیلەی ئێستا • زۆرم نەما بوو بگەمە تەمەرخان شورا ، لە بەرگەی گوندێك تاقمە منداڵێکی چەتوونو خوێڕیم لێڕاست هاتو شەڕیان پێفرۆشتمو تیزیان پێکردم • یەکێ تەپڵەکەی فڕاندمو تیی تەقاند هەڵات ، کە بەرمدا دوای ئەوەوە ئەوانەیتر باریان لە کەرەکەم کردەوەو قەرتاڵەی میوەیان لەبەر یەك هەڵتەکاند • قاقا پێدەکەنینو گاڵتەیان بە دەمچەفتیو بێدەسەڵاتی من دەهات ؛ بەڵام گاڵتەو قەشمەری ئەوان دەریای تووڕەیی منی هێنایە جۆشو ئاگرێکی وام تێبەربوو قەت شتی وام نەدی بوو • خەنجەری دەسكئێسکی سپیم هەڵکێشاو کەوتمە شوێن ئەوەی تەپڵەکەی فڕاندمو لە هنداو دێدا گرتم • پێلەقەیەکم لێداو لە زەندۆڵێکم بردە خواریو خەنجەری دەبانم لەسەر گەرووی دانا ، کەوتە پارە پاڕێ • پێم گوت : « باشتر وایە گەمە بە ئاگر نەکەی ! » لەناو زەندۆڵەکەدا جێم هێشتو گەڕامەوە : ئەوانەی خۆخیان لێ بە گۆڕێ وەرکردبووم هەر بابایە بۆ لایەك هەڵدەهات • چوومە سەر نزیکترین بانو تێمڕاخوڕین :

« هۆ ، منداڵینە ! ئەگەر دەتانەوێ وورگتان بە خەنجەر هەڵنەدڕم چیتان بردوە بیهێننەوە • »

پێویستی بە دووپات کردنەوە نەکرد •

ئەو ڕۆژە لە بازاڕ گوێم لێبوو ، یەختیارەکان دەیانگوت : « زۆر شتیتریش لەم منداڵە دەبیسینەوە • » منیش تەپڵەم هێنایە سەر ناوچەوانو

کەرەکەمم دەنگداو بە ڕێگەی خۆمدا ڕۆیشتم • چما ئەمن حەزم لە شەڕو کووکە بوو ؟ خێر ! ئەوان گێچەڵیان پێکردمو ئاگریان تێبەردام •

چەند ساڵی پێچوو • ڕۆژێ ، سبەینە بوو ، لەناو ڕەزەکەم ئیشم دەکردو قۆڵم لێهەڵکرد بوو لە خوارەوە خۆڵەڕەشی بە پێتم بەسەر شاخ دەخستو لە بن درەختانم ڕوو دەکرد • خۆڵم بە تەبڵەیەکی کۆن دەکێشا • ئەو کاتە زۆر جێ برینم لە لەشدا بوو • کتبو پڕ هەندێ پیاوم هاتنە لا ، خەڵکی گوندە شاخاوییەکانیدی بوونو لە دوورەوە هاتبوون • داوایان لێکردم ئەسپەکەم زین بکەمو چەك لە خۆم بدەم • بەڵام من حەزم نەدەکرد دەست بدەمە چەكو گفتم نەدانێ چونکە پەروەردە کردنی باخی خۆم پێ لە چوونە شەڕ باشتر بوو • ئینجا قاسیدەکان گوتیان : « شامیل : ئەسپی بێگانان ئاوی کانیمان دەخۆنەوە ، بێگانە ئاگرمان دەکوژێننەوە • جا خۆت سواری ئەسپەکەت دەبێ ؟ یان سوارت بکەین ؟ »

کە ئەمەم بیست ئاگرم لە هەناوی بەر بوو • وەکو ئاگری ئەو جارە وا بوو کە منداڵ تیتاڵیان پێکردم ، خۆخیان لێ بە گۆڕێ وەرکردم ، لەویش گەرمتر بوو • بەرم بە باخەکەوە نەما •• هەر هیچ شتم لە بیر نەما •• نە باو نە بارانو نە سەرما هیچیان ئەو ئاگرەیان پێناکوژێنەوە کە بیستو پێنج ساڵەوێڵی سەر ئەو شاخانەی کردووم • گوندەکان مەرێزەیان لێهەڵدەستێ ، دارستانەکان دووکەڵ دەدەمێنن ، لەناو کادووی شەڕگەدا بڵێسە چەخماخە دەدا ، سەراپای قەوقاس بڵێسەیە • ئەمەیە ئاگر !!

دەڵێن لە زەمانی کۆن ئەگەر دوژمنێك پێی بنایەتە ئەم دیو

سنووری داغستان ئاگرێکی وەك بورج بڵندیان لەسەر بەرزترین ترۆپکە شاخ دەکردەوە • کە لە گوندەکانی ئەو ناوە چاویان بەم ئاگرە دەکەوت هەر کەسە لە شوێنی خۆی ئاگری دەکردەوە • ئەم ئاگرە وەکو بانگەواز وا بوو : هەر کەسە کە چاوی پێ دەکەوت سواری ئەسپی هاوار دەبوو ، سوار لە هەموو ماڵێکەوە دەهاتن‌و لە هەموو گوندێکەوە ڕێچکەیان دەبەست • لەگەڵ بانگەوازی ئاگردا زەلام بە سواری‌و بە پێ دەهاتن • تا هاڵاوی ئاگر لەسەر ترۆپکە شاخان بمایە ، ئەو ڕدێن‌سپی‌و منداڵانەی لە گوندان مابوونەوە دەیانزانی دوژمن هێشتا لەناو سنووری داغستان ماوە • کە ئاگرەکە دەکوژایەوە نیشانەی ئەوە بوو کە مەترسی نەماوەو ئاشتی گەڕاوەتەوە سەر خاکی باوك‌و باپیران • ئەم چیاییانە ، لە مێژووی دێرینی خۆیان ، زۆر جار ئاگری وایان کردۆتەوە • ئەو ئاگرانە نیشانەی فەرمانی شەڕ بوون • بۆ چیایی‌یەکان ، جێگای تەکنیکی نوێیان پڕ دەکردەوە وەك : ڕادیۆ ، تەلەگراف ، تەلەفۆن • تا ڕۆژی ئەمڕۆش لاشاخەکان هەندێ قانی ڕووت‌و بێ درەختیان تێدایە دەڵێی گامێشی لەندەهۆر لەسەری پاڵ کەوتوون •

چیاییەکان دەڵێن : باشترین جێگا بۆ خەنجەر کالانە ، بۆ ئاگر ئاگردانە ، بۆ پیاو ماڵی خۆیەتی ؛ بەڵام ئەگەر ئاگر لە ئاگرداندا بازی دا دەرێ‌و لەسەر ترۆپکەی شاخان بڵێسەی دا ، ئەو حەلە ئەو خەنجەرەی لەناو کالاندا بمێنێتەوە خەنجەر نیەو ئەو پیاوەی لەبەر ئاگر دابنیشێ پیاو نیە •

شوانەکانی داغستان ئەرکیان تەواو دیارە • هەندێك بە ڕۆژ چاویان لە مێگەڵ دەبێ‌و هەندێکی‌تر بە شەو پەز لە گورگ پاس دەکەن • بەڵام هەمیشە یەکێکی وایان تێدایە کە نە پەیوەندی بە

مەڕانەوە هەیەو نە بە گورگان • ئیشی ئەوەیە چاوی لە ئاگر بێ‌و لێ نەگەڕێ بکوژێتەوە ، پاسەوانی ئاگرەو هەر وایشی پێ دەڵێن • ئەم پاسەوانی کردنەی ئاگر تایبەتی نیە بە یەك کەس • هەموو ئێواران پێش ئەوەی تاریك دابێ شوانەکان لەناوەخۆیانەوە یەکێك هەڵدەبژێرن‌و ئاگرەکەی پێ دەسپێرن • ئەمەشیان کارێکی گرنگەو بگرە هەندێ جار سەختیشە • زۆرشت بە ئاگر دەکرێ – چێشت لێنان ، خۆگەرم کردنەوە ، شمەك ووشك کردنەوە ، ڕوناکی ، قسەی چاك ، جگەرە کێشان کە هاوڕێیەکی سەرەکی گفتوگۆی بەکاوەخۆی مێردانە •

ئاگر لە کوخی شوانانداا نیە • لە دەرەوە ، لە ژێر ئاسمانی کراوەدا دەکرێتەوەو بایەخێکی تایبەتی گەرەکە • بە دەست‌و تەپڵەو کەپەنك ئەو ئاگرە لە باران‌و بەفرو زریان دەپارێزن •

بەڵام ئاخۆ پیاو ناتوانێ بە مەردی ئازاو شاعیرو گۆرانیبێژو شایەرو سەماکەرو سازندەکانیش بڵێ پاسەوانی ئاگر ؟ ئێمە زۆری وامان هەن ئەو بڵێسە نەمرەیان لەناو دڵدایەو بە خەڵکی‌تری ڕادەگەیەنن : بڵێسەی شیعر ، بڵێسەی ئەفسانەو کەلەپوور ، بڵێسەی خۆشەویستیی خاکی باوك‌و باپیران •

منیش هەست دەکەم کە پڕوشکی ئەو ئاگرەم لە دڵدایەو دەزانم لەسەرمە لێ نەگەڕێم بکوژێتەوە • دەبێ باش پەروەردەی بکەم‌و وای لێ بکەم گەرمی‌و ڕوناکی بە پێشەوە بدات ، بۆ ئەوەی ئەوانەی پاشان دێن لە منی وەربگرن‌و دوورتری ببەن •

پیاو چۆن خۆی لە ئاگری ئاسایی دەرەوە دەپارێزێ ، دەبێ ئاوهاش ئاگری ناو سینگی خۆی بپارێزێ •

لە ئاهەنگ‌و میهرەجانی گوندی شاخاویدا هەمیشە پاش گۆرانی نوکتە دێت‌و دوای سازو هەڵپەڕکێش قسە • ئێمەش دوای ئەوەی نەختێ باسی ئاگرمان کرد با بزانین داخۆ لە داغستانی خۆماندا چۆن بە دوای «بەفرەپیاو»دا دەگەڕان •

من خۆم بە زیندووی چاوان گاڵتەیەکی گەورەم دی کە چیاییەکانمان بە هەندێ زانایان کرد کە هاتبوون لە بەفرەپیاو دەگەڕان •

ئاڤارەکان پێیان گوتن : «بڕۆنە ناو دارجینان ، ڕەنگە ئەوەی لێی‌دەگەڕێن لەناو ئەواندا بێ • » دارجین ڕەوانەی ناو لەکانیان کردن ، لەك ڕەوانەی ناو لیزجیان کردن ، لیزجی ڕەوانەی ناو کومیکانیان کردن‌و کومیك ڕەوانەی ناو نوگایانیان کردن‌و نوگایی ڕەوانەی ناو تەباساریان کردن – بە کورتی سەراپای داغستانیان پێ کردن • ئەنجام ، شەکەت بوون‌و لە گوندی (کیکونی) وەستان کە عوسمان عەبدوڕەحمانۆڤی پاڵەوانی لێیە – ڕەنگە هەندێ خوێنەر لە فلیمی – دورگەی گەنجینەدا دیبیان کە سێ زەلام پێکەوە دەگرێ‌و لە کەشتی فڕێیان دەدا •

بە ڕێکەوت ترومبێلی زاناکان لە بەستێکی نزیك کیکونی چەقی • هاتنە خوارێ ویستیان پاڵی بدەن بەڵام پێیان نەجولایەوە •

عوسمان لەسەر بانی خۆیان دانیشتبوو ، دیتی لە دەوری ترومبێلەکە دێن‌و دەچن • هاتە خوارێ‌و بە هەنگاوی گەورەو شێنەیی خۆیەوە چوە کنیان • وەکو یەکێ کە قالۆچە لە ناو لەگەنێکی چەورو لووس دەربێنێ ئاوها ترومبێلەکەی هەڵگرت‌و بڵندی کردو بردیە شوێنێکی ووشك •

زاناکان لێیان بوو بە مقۆمقۆ – واقیان وڕما ، دەبێ ئەمە بەفرەپیاو بێ‌و بە هانایانەوە هاتبێ ! عوسمان تێ گەیشت ، وەڵامی دانەوە :

« ئێوە خۆڕا وەختی خۆتان دەدۆڕێنن‌و لێرە دەگەڕێن • ئێمەی چیایی لە بەفر دروست نەکراوین ، لە ئاگر دروست کراوین • ئەگەر من ئاگرم تێدا نەبوایە چۆن دەمتوانی ترومبێلەکەتان هەڵگرم‌و لەناو قوڕدا دەری بێنم ؟ »

بەکاوەخۆ جگەرەیەکی تێ کردو ئەستێ‌و بەردەستێی دەرهێنا ، قاوەی داگیرساندو جگەرەکەی پێ کردو گەواڵە دوکەڵێکی بە بادا ، لەگەڵ دوکەڵەکەدا گرمەی پێکەنینێکی لە سنگی پان هاتە دەرەوە • گرمەکە وەکو گرمەی هەرەس‌هێنانی تەپکە شاخ وا بوو ، وەکو گرمەی گلۆربوونەوەی تاوێرە بەردی دەم جۆگای شاخ وا بوو ، وەکو بوومەلەرزەی شاخهەژێن وا بوو •

ئەبوتالیب کە ئەم چیرۆکەی بیست ، گوتی :

« خەڵك بە دوای شتی وا بڕوپووچدا بگەڕێ چۆن لە قوڕدا ناچەقێ ؟ »

لە هیندستان ، چوومە ئاهەنگی ئاگر ، ئەو جۆرە ئاهەنگە چەند شتی چاکە ! لەوێ چرایەکیان دامێ‌و لەو وولاتە دوورەوە وەك سڵاو هێنامەوە ماڵی خۆم لە داغستان • ئێمە زۆر جار دەڵێین : « سڵاوی گەرم ، گەرمترین سڵاوم بگەیەنە ! » دەشێ سەردەمی وا هەبووبێ کە خەڵك لە باتی ئەوەی بە قسە سڵاو بۆ یەکدی بنێرن ئاگریان بۆ یەك ناردبێ – ئاگری ئاشتی ، ئاگری شەڕو سووتان نا ، بەڵکو ئاگری خۆگەرمکردنەوەو ڕوناکی •

ڕەوشتێکی شاخاویمان ئەوەیە کە یەکەم ڕۆژی زستان (و هەندێ جار یەکەم ڕۆژی بەهاریش) بۆ ئێوارێ گوندەکان ئاگری سڵاو لە

سەر تۆپکە شاخان دەکەنەوە • هەر گوندەو ئاگری خۆی • ئەو ئاگرانە لە دوورەوە دیارن • کە زستان یان بەهار دێ گوندەکان لەسەر دۆڵو هەڵدێرو شاخەکان سڵاو لە یەکتر دەکەن • سڵاوی ئاگرین نیشانەی بڵێسەی ئاواتی بەرزە • من خۆم زۆر جار ئاگرم لەسەر شاخی (خەمیرخۆ) کردۆتەوە کە بەسەر گوندی تسادامانداا دەڕوانێ •

خۆڕا نەبوو یەکەم کارگەیان لە داغستان ناونا ئاگری داغستان ئێستا زۆر پڕشنگی ڕوناکی خراوەتە سەر ئاگری سەروالا •

باڵندە چۆن بە ئاسایی لەسەر درەخت هەڵدەنیشن ئاوهاش لەسەر دارتێلەکانی کارەبا هەڵدەنیشن • کۆترەباریکەش لە گلۆپی کارەبا ناترسن کە لەسەر شاخان دەبریسکێتەوە •

جارێکیان لە نزیك شاری (ئیزبەرباش) قەزوینم دی بوو بە بڵێسەو هەفتەیەکی تەواو شەپۆلەکان ئاگریان پێ نەکوژایەوە کە لە ئەنجامدا دامرکایەوە وەکو کەشتیەك وا بوو کە لە دەریادا نقووم بووبێ •

دەریای ئاگر ڕوودەمرێتەوە بەلام ئاگری ناو دڵی داغستان هەرگیز ناکوژێتەوە • ئایا ئاگری دڵی بنیادەم لە ئاو دەترسێ؟ ترسانی چی ؟ خۆی بە دوای ئاودا دەگەڕێ • ئەدی لێو لەبەر ئاگری ناو جرپەی ـ ئاو ئاو !ـ ووشك نابێو ناقەڵەشێ ؟

بەم جۆرە ئاوو ئاگر بەیەکەوەن •

دایکم هەمیشە دەیگوت : « ئاگردان دڵی ماڵە، بەلام جۆگەلە دڵی دێیە • »

شاخ ئاگری دەوێ بەلام دۆڵ ئاوی دەوێ • داغستان شاخو دۆڵە ؛ ئاگرو ئاوی دەوێ • گۆتەیەکی کۆنە دەڵێ :

یەکێ کە لە ماڵەوە دەردەچێو دەڕوا ، یان لە دەرەوە دێتەوە ماڵێ : ئەگەر وەك ئاوێنە تەماشای کانی بەرگەی دێ بکات ، دیارە خۆشەویستی ئاگری لە دڵدایە •

بەلام ئاخۆ سەرابای داغستان ناڕوانێتە ئاوێنەی ڕونی دەریای قەزوین ؟ ئایا داغستان وەکو گەنجێکی کۆلکو کەڵەگەت وا نیە کە تازە لە ناو ئاو هاتبێتە دەرەوە ؟

داغستانی من خۆی دەسەر قەزوین داهێناوەو وەکو چیایەك وایە کە داهاتبێتەوە سەر کانیو جلی ڕێك بخاتو سمێڵی بابدات •

نەفرەتێکی شاخاویمان هەیە دەڵێ: « یاخوا ئەوەی کانی پیس دەکا، نەسبی بتۆپێ • »

یەکیکی تر دەڵێ : « یاخوا هەموو کانی دەوری ماڵتان ووشك بێ • »

بەلام ئەگەر چیایەك بڵێ : « خەلکی ئەم گوندە پیاوی چاکن ، کانیو گۆڕستانیان خاوێنەو باش دەیانپارێزن • » ئەمە مەتحێکی زۆر گەورەیە •

زۆر کانیو بیرمان لە شەرافەتی ئەو مێرانە لێدراوە کە مەردانە شەهید بوونو هەر بە ناوی ئەوانیشەوە کراون ـ کانی عەلی ، کانی عومەر ، بیری حاجی موراد ، کانی مەحموود •

بەیانیو ئێوارە کچ گۆزە لە شان دەچنە سەر کانی گەنجەکانیش دەچن تەماشای کچان دەکەنو دڵخوازێك بۆ خۆیان دەستنیشان دەکەن • زۆر جار خۆشەویستی لە سەرکانی چرۆی داوە : زۆر خێزان لەوێوە سەری هەڵداوە ! مەحموودی شاعیرمان نووسیویە :

نازانی کێ گۆرانی منی بۆ چڕیوە ؟
وەرە سەر کانیو بە چاوی خۆت سەیری کە •

جارێکیان دەچوومە شاخان : لە ڕێـگادا ، لە نزیك کانی گۆتسانلی ڕاوەستام ، ڕێبوارێکم بینی داهـاتبووەوە سەر کـانیو بە مست ئاوی دەخواردەوەو دەیگوت :

ـ وای چەند خۆشە !

گوتم بە بادی وەخۆ •

وەڵامی دامەوە : کە نانیش دەخۆم دەستەوانە لە دەست ناکەم •

باوکم دەیگوت : « هیچ مۆسیقایەك لە ترپەی بارانو خوڕەی ڕووبار خۆشتر نیە ، پیاو هەرگیز لە تەماشاکردنو گوێدانـە ئـاوی ڕەوان ماندوو نابێ • »

بەهـار کـە بەفری شاخ دەتوایەوە دایکم چـەند ساتێ سـەیری ئەو جۆگەتانەی دەکرد کـە شۆڕ دەبوونەوە دۆڵ • زستان حەوزی بۆ ئاوی باران خۆش دەکردو کە هاوین دادەهات ئاوەکەی بەر دەدایەوە بن مێرگو میرغوزار •

من ئەوەم لە هەموو شتێ پێ خۆشتر بوو کە بە پێخواسی بـەناو گۆمی شێلو دەکەوتم • قەت بـە باران سەغڵەت نەدەبووین • بـەری جۆگاکانمان دەگرتو دەمانکردە گۆم •

هـەر ئەمن دەزانم ئـەو باڵندەیەی ئاو لە هەرکـەودا دەخواتەوە چەند شادو بەکەیفە !!

شامیل بە پیاوەکانی خـۆی دەگوت : « ئەگـەر دوژمن سـەراپای گوندو هـەموو زەویشمان داگیر بـکا مادام کانیمان بە دەستەوە بێ هەر سەردەکەوین • » کـە دوژمن هێرشی دەهێنا سەرمان ئیمام فەرمـانی توندی پێدەکردین کـە پێش هەموو شتێ بەرگری لە کانی دێ بکەین •

کـە ئێمەش هێرشمان بۆ دوژمن دەبرد فەرمانی پێدەکردین پێش هەموو شتێ دەست بەسەر کانی دابگرین •

جاران ، ئەگـەر ساحێب خوێن بگەیشتبایە دوژمنو بیدیایە لـە ئاوی ڕووبار دەکـەوێ ، هیچ خـۆی تێنەدەگـەیاند ، ڕادەوەستا تـا دوژمنەکەی لە ناو ئاو دەهاتە دەرەوەو چەکی لە خۆی دەدا •

زۆر جـار ڕەوشتێکیترم دێتەوە یاد : ئەویش هـەر پەیوەندی بە ئاوەوە هـەیە • ئەم ڕەوشتە پێیدەگوترێ «کەری باران» یان « کـەری بارانی » •

بەلاش نەگوتراوە : « بە قرچەی نیوەڕۆ لە دۆڵی داغستان • » •

« قرچەی نیوەڕۆ » بەلای ئێمەوە سەختەو هەموو شتێ ووشك دەکـا • زەوی دەقەڵشێو بەرد وەك سۆبەی گـەش گـەرمایی لێهەڵدەستێ • درەخت بووچ دەبێو زەویوزار ووشك • هەموو شتێ تامەزرۆی ئاوی ئاسمان ، تامەزرۆی باران دەبێ ـ گیاوگۆڵ ، چۆلەکە ، مەڕو مـاڵات هەڵبەتە خەڵکیش • ئەو حەلە منداڵێکی بچووکی دێ دێنو لـە گیـای ووشکبووەوەی بـەر ڕۆژ بەرگێـکی وەکو بەرگی هینـدیانی لـەبەر دەکـەنو پێی دەڵێن « کـەری باران » • منداڵی ئاوقەرانی خۆی جلەوی ڕادەکێشنو لەناو گوند دەیگێڕنو پێـکەوە گۆرانی دەڵێن ، کـە وەکو دوعاو پاڕانەوە وایە ، :

خوایە ، خوایە ، بارانمان بۆ بنێرە ،
با ئاو لە ئاسمانەوە بڕژێتە سەر زەوی ،
با کانیەکانمان بکەونە قوڵپەقوڵپ •
خوایە : بارانمان بۆ ببارێنە •
ئەی باران ، وەك ڕووبار بەسەرماندا ببارە ،

زەوی پیرۆزمان زاخ دەوە ،
زەوی‌و کێڵگامان سەوز کەوە •

ئینجا گەورەکانی دێ لە کۆڵانێ‌غار دەدەنە (کەری باران) و ئاوی پێ دادەکەن : هەندێ بە جەڕەو هەندێ بە ترار • بە دەم گۆرانی مندالانیشەوە دەڵێن : « ئامین ، ئامین » •

منیش جارێکیان دەوری ئەم «کەری باران»ەم بینی • ئەو کاتە بە قەد نیوەی ئەو بارانەی بە تەمای بوون ئاویان پێداکردم •

بەڵام کەم وا دەبوو ئاسمان گوێ بە گۆرانی‌و دوعاکانمان بدا • ڕۆژ هەر دەیجۆشاند ، دونیای دەسووتاندو وەك ئوتووی گەرم داغستانەکەمانی دەپەستا •

ڕۆژ خەمی دەهێنا • ناومان نابوو ـ ڕۆژی غەمبار • زەوی سەدان هەزار ساڵ لەبەر ئەم ڕۆژە غەمبارەدا باڵی دایەوە • ئەگەر هەموو ئەوروپا وەربگری «گونیب»ی گوندی داغستانی لە هەموو شوێنێ هەتاوی زیاترە • تسادای گوندی منیش هێندە لە دوای ئەوەوە نیە • هەروەها ئەوانی‌کەیش • هۆیەکەی لە گوینەکە پێیان دەگوترێ « تینوو » •

ڕوخساری شەکەتی دایکم لە بیرە کە دەهاتەوەو جەڕاوێکی لەسەر شان بوو ، جەڕاوێکیشی بە دەستەوە بوو • سێ کیلۆمەتر لەولای گوندەکەمانەوە ئاویان دەهێنا •

ڕوخساری گەشی دایکم لە بیرە کە باران دەباری‌و زەوی تەڕ دەبووو ئاو بە ناو بۆڕیدا دەقوڵپی‌و دەچوە ناو گۆمەکانی ژێر زێراب‌و گۆمەکان پڕ دەبوون‌و لەسەریان دەڕژایەوە •

پیرەژنێکم لە یادە ناوی حەبیبە بوو • هەموو سبەینان کوڵنگی دەخستە سەر شان‌و لە دێ دەردەچوو ، ملی لەبەر زەوی هەڵکەندن دەنا • شەیدای دۆزینەوەی ئاو بوو ، هەمیشە بە دوای ئاوەوە وێڵ بوو •

هەموو کەس دەیزانی پیرەژن هەوڵی بێ هوودەیە بەڵام کەس بە بەر ڕووی هەڵنەدەهێنا • تا ڕۆژێکیان منی مندالی بێ‌مێشك هاوارم کرد : « هەوڵت سوودی نیە • ئیش‌کردنت کەلکی نیە • هیچ ئاو لەم ناوەدا نیە • »

باوکم زۆر لێم‌تووڕە بوو •
« ئاخر ، ڕاستە ـ هیچ ئاو لێرە نیە • »

« وا دەبێ خەڵك هیچ نانی نەبێ بەڵام ئایا ئەمە هی ئەوەیە پێیان پێ‌بکەنین ؟ کوڕم لە بیرت نەچێ : قەت گاڵتە بەو کەسانە مەکە کە بە دوای نان‌و ئاودا دەگەڕێن ! »

« دەنا تۆ خۆت تیزت بەوە کردوە کە خەڵکی ـ ئینکڤاچولین ـ هەوڵیان داوە پردەکە گەورەتر بکەن تا ئاویان پتر بێ ! »

« ئەویان پێکەنینی ناو فرمێسکان بوو • گەنج لە شتی وا ناگەن • تۆ هێشتا نازانی ئاو بۆ داغستان مانای چیە ؟ حەبیبە دەبێ چ خەون‌و ئاواتێکی گەورەی هەبێ وای لێ بکا لە شوێنی بێ‌ئاودا لە ئاو بگەڕێ ! چاکتر وایە بێ دەنگ بی ، وا باران هات ! »

ڕاست بوو ، بارانێکی نازدار دەیچرپاند •
ـ تەیرینە : بۆچی لە بەیانیەوە بێ دەنگن ؟
+ باران دەبارێ‌و ئێمەش گوێمان گرتوە •
ـ شاعیرینە ، بۆچی ئەو بەیانیە بێ‌دەنگن ؟
+ باران دەبارێ‌و ئێمەش گوێمان گرتوە •

باوکم هەمیشە دەیگوت کـە خۆشترین ڕۆژی ژیانی ئەو ڕۆژە بوە کـە ئاو لە شاخی دوورەوە بە بۆڕیێ هاتۆتە ناو دێ ؛ بەڵام پێش ئـەو ڕۆژە ، هـەموو ڕۆژێ لەگـەڵ خەڵکی‌تر کوڵنگی دەوەشاندو بۆڕی دادەمەزراند • ئەو ڕۆژەم زۆر چـاك لـە بیرە کە ئاو گەیشتە جێ • کە لـە بۆڕیەوە هەڵڕژا باوکم نەیهێشت گوڵیشی تێ‌بهاوێن •

چاییەکان شەرەفی پڕ کردنی یەکەم جەڕەیان دایە پیرەژنێکی سەد ساڵی • ئەویش کە پڕی کرد یەکەم گۆلماوی دایە باوکم •

باوکم کـە زۆر خەڵاتو پاداشتی وەرگرتبوو دەیگوت هـەرگیز پاداشتی لـەو گۆلمـە ئاوە بەنرخترم وەرنەگرتوە • هـەر ئەو ڕۆژە شیعرێکی لە بارەی ئاوەوە دانا • لە شیعرەکەدا بە باڵندانی گوتبوو چیتر ناتوانن شانازی بە خۆیانەوە بـکەن چونکە ئێمەی چاییش وەکو ئـەوان ئاومـان بە ئاسانی بۆ دێ • گوتبووی لە هیچ زەماوەندو ئاهەنگێکدا هیچ ئاوازم نەبیستوە لـە بلقەبلقی ئاو خۆشتر بێ • سوێندی خوارد بوو هیچ مایین‌وجوانووەك لەنجـەو لاری ئـەو ئافرەتانەیان نیـە کـە ئێستا دەچنـە سەراوێ • سوپاسی کوڵنگ‌و بێڵ‌و بۆڕی‌و شۆڕشی کـرد بوو • باسی ئەو ڕۆژانـەی کرد بوو کـە چـۆن زستان بەفریان لەسـەر ئاگر دەتواندەوەو دەیانکردەوە ئاو ، چۆن ئافرەت لـە ژێر جەڕەی گران زوو پشتیان کووڕ دەبوەوە بەڵێ باوکم ئەو ڕۆژەی زۆر پێ گەورە بوو !!

گـەرمـای گـەلاوێژی مەحـەچ قەلاّم لە یادە • باوکم تووشی نەخۆشیەکی گران هات ، دەوروبەری پڕ دختۆرو دەرمان بوو ، گوتی :

« شرم ، زۆر شرم • دەیان گاز لە هەموو لایەکەوە دەمپچڕنەوە • »

هیچ دەرمـانی نەدەخوارد ، لـەو بڕوایەدا بوو لێی پیر کردووەو کـار لـە کـار ترازاوە • لێ‌نەدەگەڕا بالیفیشی بۆ ڕێك بخەین ، یـە

لایەوە بێ سوود بوو • بەڵام کـە تەواو شڕ بوو بانگی کردم :

«یەك دەرمان هەیە پێی چاك دەبمەوە ! »

« ئەو دەرمانە چیە ؟ »

« لە دۆڵی (بوتسراب) بیرێکی بچووك ، کانیـەك هەیە ، خـۆم دۆزیومەتەوە ، چوڕە ئاوێـکی ئەو کانیەم بگەیەنێ • »

ڕۆژی پاشی ژنە چاییەك جەڕەئاوێـکی لـەو کانیـە هێنا ، باوکم خواردیەوەو چاوی نوقاند :

« سوپاس ، دختۆرەکەم ! »

لێمان نەپرسێ داخۆ سوپاسی کێ دەکـا ـ ئاوەکـە ، ئافرەتەکە ، کانی دۆڵەکە ، یان وولاتەکەی کە ئەو ئاوەی لێ‌هەڵقولاوە •

دایـکم دەیگـوت : « هـەر کەسە دەبێ کـانی پیرۆزی خـۆی هەبێ • »

هەروەها دەیگوت : « ئەگـەر کانیەکی فێنك لـە نزیك پـەرێزێ هەبێ سەبان قەت ماندوو نابێ • »

ئێستاش دەگێڕنەوە کـە شامیل هێشتا گەنج بوو ، جارێکیان ، لـە دۆڵی کمری ، لە قەڵایەکی سـەخت ، دوژمن دەوری خۆی‌و قـازی محەممەدی مامۆستایان گرت • شامیل لەسـەر ڕا بازی دایـە سـەر بووکەڕەی دوژمنان‌و بە زەبری خەنجـەر ڕێی خـۆی کردەوە • لـە پازدە جێ برینداربوو • لەگـەڵ ئەوەش دەرباز بووو پەنای بردە بـەر شاخان • چاییی وایان زانی شـامیل تێ‌چوە • کـە هاتەوە دێ دایـکی بالەیـەی بۆ دانا بوو • دایـکی کـە چاوی پێ‌کـەوت ، بە خۆشی‌و سەرسامی‌یەوە لێی پرسی :

– شامیل ، کوڕم ، چۆن بە زیندوویی قوتار بووی ؟ شامیل وەڵامی دایەوە :

– کانیەکم لە شاخان دۆزیەوە •

کە چیاییەکان زانیان پیرە شامیلی ئیمامیان لە حوشتر بەربۆتەوەو عەمری خوای کردوە ، لە دێدا لەبەر کۆسپەی دەرگا دانیشتبوون ، دەیانگوت :

– چ کانی داغستانی لە کن نەبوە !

لە «نوخا» چوومە سەر گۆڕی حاجی موراد • تەماشای کێلەکەیم کرد ، لەسەری نووسرا بوو :

« شێری داغستان لێرە ڕاکشاوە • »

سەری بەڕیوی ئەم شێرەیشم بینی :

– سەرە ، چۆن لە لەش جودا بوویتەوە ؟

– وێڵ بووم ، دەچوومەوە داغستان ، دەچوومەوە نیشتمانەکەم ، دەچوومە سەر کانیەك ، وێڵ بووم •

گوندی من لەبەر پێی شاخدا قیت بۆتەوە • دەشتێکی پانی لەبەر دەمدا ڕاکشاوەو لە دوورەوە قەڵای (خونزاخ)ی لێ دیارە ، دەوروبەری هەموو گوندەو خۆیشی – قەڵاکە – ڕووی گرژو مۆنی لە هەموو لایەك کردوەو لە کونو مەتەرێزانەوە دەڕوانێتە دەرەوە – سایەدە ، هەڕو گیف دەکا ، خەڵك بەندو یەخسیر دەکا •

زەمانی خۆی گوللەی چیاییان لەو مەتەرێزانەوە بۆ چەتەو یاخیەکان دەچووو لەگەڵ تەقەی گوللەدا ڕەوە کۆتر لە شەقەقەی باڵیان دەداو بەسەر گوندی تسادامادا دەسووڕانەوە • چیایی دەیانپرسی :

« کێ ئادگاری لە هەموو شتێ ترسناکترو دەنگی لە هەموو شتێ بەهاڕزنترە ؟ »

– قەڵای خونزاخ •

بەڵام لەسەر دەمی من ترس‌و هەڕەشەی خونزاخ ببوو بە چیرۆك‌و ئەفسانەو هیچی‌تر • کە قوتابی بووین لە مەتەرێزەکانەوە سێوو تۆپە بەفرمان دەهاویشتە یەکتر ، تووڕتووڕەی دیدەوانیمان لێ‌دەداو کۆتری سەر ئەم شاخە نزیکانە لە شەقەقەی باڵیان دەداو بە هێمنی دەسووڕانەوە • خونزاخ ببوو بە قوتابخانە • من حەفت ساڵ لەم قوتابخانەیەدا خوێندم •

ئێستا بۆ هەر کوێ سەفەر بکەم ، لە هەر شوێنێ بم ، لە سیمفۆنیای سیحراوی‌و لە ئاوازی سەماو هەڵپەڕکێ ، مۆسیقای زیوینی دەوری منداڵیم دێتەوە بەر گوێ ، زرنگەی زەنگی قوتابخانەم دێتە بەرگوێ – چەند خۆش بوو کە مژدەی تەواوبوونی دەرزی پێ‌دەدایین • ئێستاش گوێم لێیە بەڵام زەنگی پشوودان‌و چوونە بەر هەیوان‌و سەر شەقام نیە ، بە پێچەوانەوە زەنگی چوونە ناو قوتابخانەو پۆل‌و بەشی ناوخۆیە •

ئێمە سی کەسی هاوزێ یەك بووین • هەر یەکەمان مانگێ ڕۆژێك لە خوێندن عاف دەکراودەبوو بە ئاوکێش • وایش دەبوو کە بەکێ سزا بدرێ‌و ڕۆژێکی زیادە ئاوکێشی بکات • بە ڕێکەوت ، بێ سزادانیش ، من مانگێ دوو ڕۆژ ئاوم دەهێنا ؛ چونکە عەبدولغەفور یوسفۆڤی برادەرم کە یەکسەر لە دوای من بوو کە نۆرەی دەهات نووشی نەخۆشی دەبوو • لە بیرمە هەموو مانگێ ڕۆژی حەفتەم‌و هەشتەم بەر من دەکەوت •

کانی لەو دیو شوورەی قەڵا بوو . چوون ئاسان بوو ــ دەوڵک بەتاڵو ڕێگا نشێو بوو ، بەڵام گەڕانەوەسەخت بوو . سەرەڕای ئەمەش حەشامەتی منداڵانی قوتابخانە دەست بە فاقۆن لەسەر توولە ڕێی باریك چاوەڕێیان دەکرد . تینوو بوون . ڕایاندەماشتە دەولکەکەم . هەندێکیان لێ هەڵدێنجاو زۆریان لێ دەڕشت .

دڕدانو دوورخستنەوەیان ئاسان نەبوو ــ دەبوایە ئاوەکەش هەر بکەیەنمە قوتابخانە !

زۆر ئەفسانە لەبارەی ئەو کانیەوە هەیە . ئەمە یەکێکیانە وەکو چۆن لە باوکم بیستوە :

دیوارەکانی قەڵا بە گوللە قنجاون . لە کاتی شەڕی نیشتمانیدا قەڵا زۆر جار ئەم دەست ئەو دەست بووو بە نۆرە ئاڵای سەوزو سووری لەسەر دەشەکایەوە . سپیەکان دەستیان بەسەر داگرت ، پاشان سوورەکان لەبەر دەستیان دەرهێنان . جارێ لە دەست گۆتسینسکی دابوو ، تاوێ لە ژێر دەسەڵاتی پارتیزانەکانی موسلم عەتایێف . پارتیزانەکان شەش مانگ بەرگریان کرد . هەموو ڕۆژێ سەعات دوو تەقە دەوەستا ، ئەویش ئەو کاتەی ئافرەتەکانی قەڵا لە شوورەی قەڵا دەردەچوونو دەچوونە سەراوێ . جارێکیان کۆلۆنێل عەلیخانۆف بە کۆلۆنێل جەعفەرۆفی گوت : « وەرە لێنەگەڕێین ژن ئاو بەن . با پیاوەکانی عەتایێف لە تینوان بخنکێن . » بەڵام کۆلۆنێل جەعفەرۆف وەڵامی دایەوە : « ئەگەر تەقە لەو ژنانە بکەین کە دەچنە سەراوێ ، سەراپای داغستان لێمان دەبێتە دوژمن . »

بەم جۆرە تا ژن دەچوونە سەر کانیو دەهاتنەوە هەر دوو لا تەقەیان ڕادەگرت .

دایکم زۆر نەخۆش بوو ، خەبەریان دایە کە من پاداشتی لینینم وەرگرتوە . هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی : « خەبەرێکی خۆشە ! بەڵام لەوەش خۆشتر ئەوەیە پێم بگاتەوە کوڕەکەم یاریدەی هەژارێك یان هەتیوێکی داوە . با بەو پارەیە ئاو بۆ گوندێکی تینوو ببا ، خەڵك سوپاسی دەکا . وەختی خۆی کە باوکی پارمەتی میسری وەرگرت هەموو پارەکەی لە دۆزینەوەی کانی نوێ خەرج کرد . لە هەر کوێ کانی هەبێ هاتو چۆی چیایی بەسەرەوە دەبێ ، هەر شوێنێکیش هاتو چۆی پێدا بکرێ دەبێتە ڕێ ، ڕێگاش بۆ هەموو کەس پێویستە . بە بێ ڕێگا پیاو بەماڵی خۆی ناگەوێتەوە ، لە هەڵەتێکدا هەڵدەدێرێ . »

باوکم هەمیشە دەیگوت : من ئەوێ ساڵێ لە دایك بووم کە یەکەم جۆگە لە داغستان لێدرا . جۆگاکە لە (سولاك)ەوە دەچوو مەحەچقەڵا . ئەوانەی جۆگاکەیان لێ دەدا ئەم دروشمەیان لە شەبکە دارێك نووسی بوو : « ژیان بە بێ ئاو نابێ . »

ئاو ! ئاو لە تیوەڕە شاخان دەچۆڕێتەوەو دەڵێی دەستێکی گەورە چیا ڕادەکوشێ . جۆگەت لە شاخەوە دەڕژێتە خوارێ ، بەسەر کەوراندا باز دەدا ، خۆی لە بن شاخان دەکوتێ ، لە شوێنی تەنگەبەردا وەك جانەوەری بریندار دەگرمێنێو لە ڕاستانی سەوزدا وەك کاوڕ کەمە دەکا .

داغستان چوار پشتێنی زیوی بەستاوە ــ چوار قۆیسووی قووڵ ، سولاكو سامور وەکو خوشکان دەست دەکەنە ملی یەكو ئینجا هەموو ڕووبارەکانی داغستان دەچن خۆیان بە باوەشی دەریا دادەدەن .

ئاگرو ئاو ــ چارەنووسی گەلانن ، ئاگرو ئاو ــ باوكو دایکی

داغستانن ، ئاگـــرو ئاو ـ دوو خورجینەن هەموو کـەرەستەو سامانی ئێمەیان تێـــدایە •

لـە داغستانی خۆماندا ، کوڕو کچ دەچنە لای پیرو ڕەبەنەکـانو لـە حەوشـەو کێڵگە یارمەتیان دەدەن • ئەمانە یەکەم جار چ دەکـەن ؟ داری قەلاشکەری بۆ ئاگر دێنن‌و ئاو بە جەڕە دێنن • قەلەڕەشکە هـەر بە غەریزە ئەو خانووانە دەناسن کـە ئاگریان تێدا کوژاوەتەوە ، یەکسەر لەسەریان هەڵدەنیشن‌و دەکەنە قڕەقڕ •

ئاگرو ئاو ، دوو نیشانەن ، دوو مۆرن ، کـەسێتی داغستان دەست نیشان دەکەن •

نیوەی ئەفسانەکانی داغستان لەبارەی گەنجێکی ئازایە کە عەزیای کوشتوەو ئاگری هێناوەو گوندی پێ گـەرم‌و ڕوناك کـردۆتەوە • نیوەکەی تریش لە بارەی کچێکی مـەکرۆیە کـە بە ئۆین لایلایەی بۆ عەزیا گوتوە تا خـەوی لێ کـەوتوە ، ئینجا ئاوی هێناوەو دەرخـواردی خەڵـکی داوەو زەوی پێ ئاو داوە •

ئەو عەزیایانەی کوڕە ئازاو کچە مەکرۆکە کوشتوویانن بوونەتـە شاخ ، بوونەتە ترۆپکی بەردینی قاوەیی •

« داغ » یانی چیاو « ستان » یانی وولات • داغستان واتـە وولاتی شاخان • وولاتی سەرفیرازی داغستان •

وەك منداڵێ تازە فێری جنجەیی بوو بێ
قەت لە گوتنەوەی ووشەی :
دا ـ غ ـ ستان ، دا ـ غ ـ ستان ،
وەڕس نابم

کێ ؟ چی ؟ داغستان •
بۆ کێ ؟ هەر بۆ وی •
داغستان ؟
داغستان •

ئەم گەلە بچووکە بۆ ئەوەی ئاگرو ئاویان دەست بکەوێ دەبوایە سەری زۆر عەزیا پان بکەنەوە • ئەمڕۆ ڕووبارەکان ڕوناکی دەبەخشن‌و ئاو دەبێتە ئاگر • هەر دوو ڕەمزی بنجی لەناو یەکدا تواونەتەوە •

ئاگردان‌و کانی ـ ئەم دوو ووشەیە خۆشترین ووشەن بـەلای چیاییانەوە • بە پیاوی ئازا دەڵێن : «گڵپەیە نەك زەلام • » بـە پیـاوی چرووك‌و بێ کەڵك دەڵێن : « چرای کوژاوەیە • » کـە یەکێ تـەواو خراپ بێ دەڵێن : « هی وا لێی دێ تف لە کانیش بکا • »

ئێمە کە بادەی مەی هەڵدەدەین دەڵێین :

سەر بەرزی بۆ ئەو کەسەی زۆر چاك
بە ئاگردان‌و کانیدا هەڵدەڵێ •
سێ قات سەربەرزی بۆ ئەوەی
دارێك دادەگیرسێنێ ، بۆ ئەوەی ئاو هەڵدەقوڵێنێ •

چیاییەکی پیر لە گەنجێکی پرسی :

« لە ژیانتا ئاگرت دیوە ؟ بە ناویدا چووی ؟ »

ـ « وەك ئاو خۆم تێدا نقووم کردوە ! » •

« زانیوتە ئاوی تەزی چیە ؟ خۆت پێداداوە ؟ »

ـ « وەك ئاگر خۆم هاوێشتۆتە ناوێ » •

کەواتە تۆ چیایەکی تەواو پێ گەیشتووی ، ئەسپەکەت زین کە ، بچینە ناو شاخان •

کە دوو چیایی بەشەڕ دێن • یەکێکیان بەوەی‌تر دەڵێ : « چما کادووی سەربانی من لە هی تۆ کزترە ؟ قەت چوویم ئاو لە خەڵك بخوازمەوە ؟ ئەگەر وام تێدەگەی ، فەرموو بچینە پەنا ئەم بەردە زلە ، ڕوو بە ڕوو ساغی بکەینەوە • »

دیومە لەسەر دەرگا نووسراوە :

ئاگر لە کوچکاگردا دەسووتێ ، فەرموو وەرە ژوورێ ، بەخێر بێی میوان ! »

بە داخەوە داغستان دەرگای وای نیە لەسەری بنووسرێ : «ئاگردان ئاگری تێدایە ، فەرموو • »

بە ڕاستی ئاگرمان هەیە • کە دەعوەتتان دەکەین هەر قسەی خۆش‌و نوکتە نیە • شەرم مەکەن ، وەرن ، ئاگر لە کوچکاگردا دەسووتێ‌و ئاوی کانی دەبریسکێتەوە • فەرموون ، بەخێر بێن •

ماڵ

دایکم دەیگوت : (دەشێ دەمی بچووك قسەی گەورە بکات) •

باوکم دەیگوت : (درەختی بچووکیش باخچەی گەورەی پێ دەرازێتەوە) •

شامیل دەیگوت : (گوللەی بچووك کەشتی گەورە کون دەکات) •

خۆیشم گوتوومە : (دەشێ دڵی بچووك دونیای گەورەو خۆشەویستیی گەورەی تێدا بێ) •

★ ★ ★

ووشەی « ڕیگ ـ Rig »ی ئاڤاری دوو مانای هەیە : « تەمەن »و «ماڵ» • بەلای منەوە ئەم دوو ووشەیە لەناو یەکدا دەتوێنەوە • تەمەن ـ ماڵ • کە دەگەیتە تەمەنێکی تایبەتی دەبێ ماڵی خۆت هەبێ • ئەگەر ئەم قسەیە بکەیتە ئاڤاری «قسەی وایشمان هەیە» ئەوا

ووشەبازیەکت دەست دەکەوێ کە وەرگێڕانی بۆ نیە «ڕیک‌ـڕیک» ، تەمەن ـ ماڵ •

داغستان لە مێژە پێ‌گەیشتوەو شوێنی پتەوو یاسایی خۆی لەبەر ڕۆژدا گرتوە •

زۆر جار لە دایکم دەپرسی : «داغستان لە کوێیە ؟» دایکی ژیرم وەڵامی دەدامەوە : « لەناو لانکی تۆدایە • » لە ئاندیەکیان پرسی : « داغستانی تۆ لە کوێیە ؟ » کابرا بە سەرسامی سەیری دەوروبەری خۆی کرد •

ئەو گردە داغستانە ، ئەو گیایە داغستانە ، ئەو ڕوبارە ، ئەو بەفرەی سەرشاخان ـ هەمووی هەر داغستانە ، ئەو هەورەی سەرەوە ، ئەدی ئەویش داغستان نیە ؟

کابرای ئاندی وەڵامی دایەوە : داغستانی من لە هەموو شوێنێکدایە • »

ساڵی **١٩٢١** ، دوای شەڕی نیشتمانی گوندەکانمان خاپوور بوون‌و خەڵك برسی • نەیاندەزانی چی بکەن • وەفدێك لە شاخانەوە چوە لای لینین • لە مەکتەبی لینین ، قاسیدەکان بێ ئەوەی ورتەیان لە دەم بێتە دەرەوە نەخشەیەکی گەورەی جیهانیان پان کردەوە •

لینین بە سەرسامیەوە گوتی : « ئەوەتان بۆچی هێناوە ؟ »

« تۆ بیر لە زۆر گەل دەکەیتەوە • لە بیرت نامێنێ کێ لە کوێ دەژی • دەمانەوێ پێت نیشان بدەین کە داغستان کەوتۆتە کوێ ؟

بەڵام ئەوەندەی گەڕان ، بە وڵاتی خۆیان نەکەوتن ، لەسەر نەخشە گەورەکە ڕێیان لەبەر بزر بوو ، ئەو پارچە زەویەیان پێ

نەدۆزرایەوە • ئەو کاتە لینین بە دڵنیایی لەسەر نەخشەکە ئەو شوێنەی پێ نیشان دان کە بە دوایدا دەگەڕان ، ئینجا پێ‌کەنی‌و بەشادیەوە گوتی : «ئەوەتا داغستانەکەتان • »

داغستانیەکان تێ گەیشتن کە لینین پیاوێکی ژیرە و بۆیان گێڕایەوە چۆن چوونە لای قومیساری گەل‌و لێی پرسین داخۆ داغستان کەوتۆتە کوێ • خەڵکەکەی ئەوێش هەر یەکە ڕەمڵێکی هاویشتبوو : یەکێ گوتبووی لە جۆرجیایە ، یەکێ گوتبووی لە تورکستانە ، یەکێ ئەوی داکرتبوو کە داغستان لەگەڵ بسماچینەکان بەشەڕ هاتوە ، ئەمانە ئەمینکی دژ بە شۆڕش بوون‌و ساڵی **١٩١٨ ـ ١٩٢٤** ئاسیای ناوەڕاستیان تاڵان کرد •

لینین زیاتر پێدا چووو پێ‌کەنی : « لە کوێ ؟ لە کوێ ؟ لە تورکستان ؟ سەیرە ! ئەقڵ نایگرێ ! »

تەلەفۆنی هەڵگرت‌و بە قومیسارەکەی گوت تورکستان لە کوێیەو داغستان لە کوێیە ؟ ، بسماچیەکان لە کوێ بوون‌و مریدەکان لە کوێ •

تا ئەمڕۆش نەخشەیەکی گەورەی قەوقاس لە ژووری لینین ، لە کرملین ، هەڵواسراوە •

ئێستا داغستان کۆمارە ، گرنگ نیە داخۆ گەورەیە یان بچوکە • ئەوەیە کەهەیە • ئەمڕۆ کەس لە وڵاتەکەمان ناڵێ داغستان لە تورکستانە ، بەڵام لە وڵاتەکانی‌تر هەندێ جار ناچار دەبووم شت ڕوون بکەمەوە :

« خەڵکی کوێی ؟ »

« داغستان • »

« داغستان ؟!• داغستان ••• کەوتۆتە کوێ ؟ »

« لـەقەوقاسە • »

« ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا ؟ »

« لەسەر دەریای قەزوینە • »

« ئێ ، ئێ ••• باکۆ ! »

« نەء ، باکۆ نا ، هەورازتر • »

« سنوورەکانی چ کۆمارێکە ؟ »

« ڕوسیاو جۆرجیاو ئازەربێجان • »

« ئـەدی ئـەو شوێنە شوێنی چەرکـەسان نیـە ؟ ئێمـە وای تێ گەیشتووین • »

« چەرکەس لـە چەرکەسیا دەژینو داغستانیش لە داغستان • »

« ئەو شوێنەی ئەلبورزی لێیە ؟ »

« ئەلبورز لە (کەبەردینۆ ـ بەلکاریا) یە • کەزبەك لە جۆرجیان• ئێمەش گوندی «گونیب»مان هەیە ••• گوندی (تسادا)مان هەیە •

بەم جۆرە ، هـەندێ جـار ناچـار دەبووم لـە هەندەران تووشی ئەم گفتوگۆیە دەبووم • کابرا گۆتەنی : « بووکێ لەگەڵ تۆمە خەسـوو گوێت لێ بێ • » تا ئێستاش هی وامان تێدا هەیە وا دەزانن چەرکـەس لـە داغستان دەژین ، یان ڕاستر بڵێین هیچ نازانن •

زۆر جـار بۆ بەشداری کۆنگرەو کۆنفراسو کۆبوونەوە گـەشتی دوورم کردوە • خـەڵك لە هەموو کیشوەرەکانەوە دەهاتن ـ لـە ئاسیاو ئەوڕوپاو ئەفریقیاو ئەمەریکاو ئوستراليا • لەوێش کە هەر یەکە خـۆی دەداتە پاڵ کیشوەرێکەوە من هەر دەڵێم داغستانیم •

لێم دەپرسن : « تو نوێنەری ئاسیای یان ئەوڕوپا ؟ داغستانەکـەت کەوتۆتە کـام کیشوەر ؟ »

« داغستانی من پێیەکی لە ئاسیایە ، پێیەکی لە ئەوڕوپایە • وا دەبێ دوو کـەس پێکەوە لـەم لاو لـەو لاوە دەست باوێنـە سـەر ملی یەك لەسپ • هـەر بەم جۆرەش دووکیشوەر لـەم لاو لەولا دەستیان خستۆتە سەر زنجیرە چیـای داغستانو لەسـەر خاکی ئێمەدا دەستیان دەگـاتە یەکترو منیش زۆر پێ‌شادو بەختەوەرم • »

ھەلو ڕوبار ، بزنەکێوی‌و ڕێوی‌و هەموو گیاندارەکانی‌تری ئاسیاو ئەوڕوپا لە داغستان هەن • دەڵێی لیژنەی یەکێتی ئەوڕوپاو ئاسیایان پێك هێناوە • چـەند خۆشە منیش بە خۆم‌و بە شیعرەکانمەوە بیم بە ئەندامێکی ئـەم لیژنەیە •

هـەر چۆنێك بێ ، هـەندێ کـەس بۆ ئەوەی سەخڵەتم بـکەن دەڵێن : « چیت لەگـەڵ دەکرێ ، ئاسیایی ! » یان بە پێچەوانەوە لـە ئەولای ئاسیاوە دەڵێن : « چیت لێ ڕەچاو بکەین ، ئەوروپایی !؟ »

درۆ لـە هیچێکیان سپی ناکەمەوە ، هـەر دوو لا ڕاست دەکەن •

وا دەبێ کـە باسی خۆشەویستی بۆ ئافرەتێ دەکەم سەری بادەدا : « وای لـەم ڕۆژهەڵاتیە فێڵبازە ! » وایش دەبێ لە داغستانەوە میوانم دێ ، خوو ڕەوشتی من سەرنجیان ڕادەکێشێ‌و سەریان با دەدەن : « وای لەم ڕەوشتە ئەوڕوپاییانە ! »

چ دەکرێ ؟ داغستان ڕۆژهەڵاتی خۆش دەوێ ، بەڵام ڕۆژئاواش بێگانە نیە • داغستان وەکو درەختێك وایە ڕەگی لە خاکی دوو کیشوەر داکوتاوە •

لە کوبا کەپەنکێکی لبادی داغستانیم بە دیاری پێشکەش فیدل کاسترۆ کرد • کاسترۆ بە سەرسامیەوە پرسی : « ئەوە بۆ قۆپچەی پێوە نیە ؟ »

« بۆ ئەوەی لە تەنگانە زوو فڕێی دەی‌و شیر هەڵکێشی • »

کاسترۆ گوتی : « بە ڕاستی کەپەنکێکی چەتانەیە • »

هیچ ماقووڵ نیە داغستان لەگەڵ هیچ وڵاتێکی‌تر بەراورد بکەی• داغستان لە شوێنی خۆیەوە بەنرخە • بانی دڵۆپە ناکا ، دیوارەکانی دەرەزی نەبردوە ، دەرگای سیرەسیرِی نایە ، پەنجەرەکانی هەوا نادەن • دەشێ گەلیەکانی تەنگ بن بەڵام دڵی گەورەو فراوانە •

کابرایەکی (ئاندی) وەڵامی کابرایەکی دایەوە ، گوتی :

« تۆ دەڵێی گوایە وڵاتی من بچووکەو وڵاتی تۆ گەورەیە • کەواتە با بزانین زووتر دەتوانین سەراپای کامە وڵات بگەڕێین ، وڵاتی تۆ یان وڵاتی من • با بزانین تۆ چۆن بەسەر هەورازەکانماندا هەڵدەگەڕێی ، بە چنگەچرێ بە شاخەکانمان هەڵدەزنیی ، چۆن بەناو دۆڵەکانماندا دەخشێی‌و لە تەلانەکانمان گلۆر دەبێتەوە • »

من بەسەر بەرزترین ترۆپکی داغستاندا هەڵگەڕاوم ، تەماشای دەوروبەری خۆم دەکەم ، ڕێ بە هەموو لایەکدا دەڕوا ، گلۆپ لە دوورەوە دەبریسکێتەوە ، لە دوورەوە دەنگێ زەنگ دێ‌و زەوی کەوتۆتە ناو تەمێکی شین • خۆشە کە هەست بکەم پێم لەسەر خاکی خۆمەو ئینجا سەیری دونیا بکەم •

پیاو کە لە دایك دەبێ ، خۆی وڵات بۆ خۆی هەڵنابژێرێ ، جی بە نسیب بێ ئەو دەبێ • منیش هەرگیز پرسم پێ‌نەکراوە داخۆ

دەمەوێ ببم بە داغستانی یان نە؟ لەوانە بوو لە شوێنێکی‌تری ئەم دونیایەو لە دایك‌و باوکێکی‌تر بوومایە ؛ ئەو کاتە هیچ شوێنێکم بە قەد ئەو وڵاتە خۆش نەدەویست کە لێی ببووم • من پرسم پێ‌نەکراوە ، بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ پرسم پێ‌بکەن داخۆ وەڵامم چ دەبێ ؟

لە دوورەوە ئاوازی پەندوورم دێتە بەر گوێ • ئاوازەکەو وشەکان خۆیین :

جۆگا هەمیشە خەو بە دەریاوە دەبینێ •
دەریاش لە خەوندا شەیدای جۆگایە •
دڵێك بە فەڕاحی جێگەی لەناو یەك دەستدا دەبێتەوە
سەراپای دونیا قەت لەناو یەك دڵ جێی نابێتەوە •
هەموو وڵاتێك جوانە ،
بەڵام داغستانم لە هەموویان خۆشتر دەوێ •

ئەمە تەنبوورژەن نەبوو ، داغستان بوو بە زمانی تەنبوورژەنەوە دەدوا :

ئەوەی بمبینێ و پێم ڕازی نەبێ
با بچێتەوە ماڵی خۆی •

ڕەوشتێکی دێرینمان ئەوەیە کە لاوەکان شەوی درێژی زستان لە ماڵی گەورەیەك بە یاری جۆراوجۆر دەبەنە سەر • بۆ نموونە ، کوڕێك لەسەر کورسیەك دادەنێن ، کچێك لە دەورەی دەسووڕێ‌و گۆرانی دەڵێ • پاشان کچەکە لەسەر کورسی دادەنیشێ‌و کوڕە بە دەورەیدا دەسووڕێ‌و گۆرانی دەچڕێ • ئەم گۆرانیانە هەر چەندە پێدانەی بەستەی میللیان پێوە دیارە بەڵام بە تایبەتی بەستەی میللی نین • لە شێوەی گفتوگۆدان • ووشەی ژیرانە لە پیاوی ژیرەوە دێ ،

پرسیاری ژیرانه وەڵامی ژیرانەی دەوێ • ئەوەی بیانەوە بادە شەڕابێکی خـەڵات دەکەن •

ئەم جۆرە یاریە لە ماڵی ئێمە ، لەسـەر عـەرد دەکرا • زۆر جۆرە گفتوگۆ بە گۆرانی دەکرا • من بچووك بووم‌و بەشداری یاریم نەدەکرد، تەنیا گوێم ڕادەگرت ، لەبیرمە ئارەقی سەر بە کەف سجووقی خۆمـانە لەبەر ئاگر دادەندرا • مێزێکی سێ پێچکەیان لە ژووری دادەنا ، کوڕو کچ بە نۆرە دەوریان دەگێرا ، زۆر جۆرە گۆرانیان دەچڕی ؛ بەڵام لـە ئەنجامدا گفتوگۆ دەکەڕایەوە سەر داغستان‌و ئەو حەلە ئەوانەی لـەوێ بوون بە کۆڕس وەڵامی پرسیارەکانیان دەدایەوە :

« تۆ لە کوێی داغستان ؟ »

« لەسەر شاخێکی بەرزم ، لە دەم ڕوباری قۆیسوم • »

« تۆ چ دەکەی ، داغستان ؟ »

« سمێڵەکانم با دەدەم • »

« تۆ لە کوێی ، داغستان ؟ »

« لە شیوان بۆم بگەڕێ • »

« تۆ چ دەکەی ، داغستان ؟ »

« وەك پنجە جۆ ڕەپ ڕاوەستاوم • »

« تۆ کێی ، داغستان ؟ »

« گۆشتم‌و خەنجەر لەتی کردووم • »

« تۆ کێی ، داغستان ؟ »

« خەنجەرم‌و گۆشت لەت دەکەم • »

« تۆ کێی ، داغستان ؟ »

« مامزم‌و ئاوی ڕەوان دەخۆمەوە • »

« تۆ کێی ، داغستان ؟ »

« ڕوبارم‌و مامز دەمخواتەوە • »

« تۆ چیت داغستان ؟ »

« کچکەیێکم لەناو یەك دەست چێم دەبێتەوە • »

« بۆ کوێ دەچی ، داغستان ؟ »

« دەمەوێ شتێکی گەورەتر بدۆزمەوە • »

بەم جۆرە لاوەکان گۆرانیان دەگوت‌و وەڵامی یەکتریان دەدایەوە • هەندێ جـار وا هەست دەکـەم کتێبەکـانی منیش هـەمان پرسیارو وەڵامیـان تێـدایە • بەڵام هیچ کچ لەسەر کورسی نیـە بە دەوریدا بسوڕێمەوە • دەبێ خـۆم پرسیارەکان دابنێم‌و هـەر خۆیشم وەڵام بدەمەوە ، ئەگـەر وەڵامەکەشم ڕاست بێ کـەس نیـە بادە شـەڕابێکم خەڵات بـکات •

« تۆ لە کوێی ، داغستان ؟ »

« لەو شوێنەم کە چیایەکانی منی تێدایە • »

« چیایەکانت لە کوێن ، داغستان ؟ »

« ئێستا کوێ هەیە چیایی منی لێ نەبێ • »

« دونیا لەگەنێکی گەورەیەو تۆش تەنیـا کەوچکێکی بچووکیت‌و بەس ، ئایا کەوچکەکە لـە قەدەر ئەو لەگەنە گەورەیە زۆر بچووك نیە؟»

بەڵام دایـکم دەیگوت : «دەشێ دەمی بچـووك قسـەی گـەورە بـکات • •

باوکم دەیـگوت : « درەختی بچووکیش باخچـەی گـەورەی پێ دەڕازێتەوە • •

شامیل دەیگوت : « گوللەی بچووك کەشتی گەورە کون دەکات •»
من خۆیشم لە شیعرێکدا گوتوومە :

« دەشێ دڵی بچووك دونیای لـەورەو خۆشەویستی گـــەورەی تێـــدا بێ • »

« بۆچی کـە پێك هەڵدەدەی دەڵێی : لە چاوی چاکەخوازانەوە ؟ »

« چونکە من خۆم بە دوای چاکەدا دەگەڕێم • »

« بۆچی خانوو لەسەر تاوێرو شاخی بەرز دروست دەکەی ؟ »

« چونکە سووم لـە خـاکی بە پیتو بەرەکەت دەبێتەوە • دەتوانم نەختێ گـەنمی لێ بچێنم • تا لەسەر بانی خانووش گەنم دەچێنم • خۆڵ دەبەمە سەر تەپکە شاخانو گەنمی لێ دەچێنم • ئەو نانەی دەیخۆم ئاوها دەستم دەکەوێ •



سێ گەنجینەکەی داغستان

من هەمیشە بە خەڵك دەڵێم :

« لەت بچووك مەبن با ژمارەشتان کەم بێ • »

وەسیەتنامەی شامیل :

« چیاییەکانم ! شاخە ڕووتو سەختەکـانی خۆتان خۆش بوێ • شاخەکان کەمیان سامان پێبەخشیون ؛ بەڵام ئـەم شاخـانە نـەبن وولاتەکەمان بۆ خۆمان نابێ • بەبێ وولاتیش چیایی بێکەس سەربەستیان نابێ • بۆیان بجەنگن • بیانپارێزن ••• با شریقەی شیرتان لە گۆڕدا هەولی شیرینم پێببەخشێ » •

چیایی گەڕیدەی بەردەوامن ، هەندێ چووینو بە دوای سامـاندا دەگەڕێن ، هەندێ بە دوای ناوبانـگدا دەگەڕێنو هەندێکی دیش بـــە دوای ڕاستیو دادەبەروەری •

ئەوانەی بە شوێن ساماندا چوو بوون ، پەیدایان کردو هاتنەوەو ئێستا بەری گەشتەکەیان دەخۆن •

ئەوانەی بە شوێن ناوبانگدا چووبوون پەیدایان کردو ئێستا بەو باوەڕە دەژین کە گەشتەکە هیچ ناهێنێ‌و تەقەلایان بێ هوودە ڕۆییوە •

بەڵام ئەوانەی بە شوێن ڕاستی‌و دادپەروەریدا چووبوون ئەوانە ڕێگایان زۆر دوورو بێ کۆتایی بوو ؛ چونکە خۆیان دەقەبەر گەڕانێکی هەمیشەیی کردبوو •

کاتێ چاییەك دەچێتە سەفەرێك ، بێ گومان کەرێك لەگەڵ خۆی دەبات ، سێ شت لە پشتی کەرە دڵسۆزەکەی باردەکات : خرارێکی گەورەو جەوەندەیەکی بچووك‌و جەڕەیەك •

سەدان ساڵە چاییەکە دەگەڕێ‌و لە گوندێکەوە دەچێتە گوندێکی‌دی‌و لە ناوچەیەکەوە دەچێتە ناوچەیەکی دی ؛ کەرەکەی بە پێشە خۆی داوەو خرارو جەوەندەو جەڕەی لەسەر پشتە •

لە وڵاتێکی دەوڵەمەندا ، کاتێ کە چاییەکە ساتێك کەرەکەی بە تەنێ بە جێ هێشت هەرچی‌و پەرچییەکان کەوتنە ئازاردانی کەرە بەستەزمانەکەی ، درك‌و زەختەی تیژیان تێوەژەند بۆ ئەوەی لووشکان باوێ ، بێ حەشرو نەشرەکان گاڵتەیان پێ‌دەهات‌و دەیانگوت ، کەرەکە سەماو هەڵپەڕکێ دەکات •

کابرای چایی کە بینی وا دۆستە دڵسۆزەکەی ئازار دەدەن ، خەنجەری هەڵکێشاو گوتی :

« تیز بە وورج بکەن باشترە نەك بە چایی • »

بەڵام (بەکەلك چ نەهاتوو)ەکان ترسیان لێ‌نیشت‌و تەوازۆیان بۆ خواستەوەو بە قسەی خۆش چاییەکەیان ڕازی کرد خەنجەری بخاتەوە لاوە • کە هێور بوونەوەو هاتنەوە سەرخۆ دەستیان بە پرسیاران کرد :

« باری کەرەکەت چیە ؟ بمانفرۆشێ ! »

« هێندە زێرو زیوتان نیە کە پێتان بکڕێ • »

« تۆ نرخەکەی بڵێ ، بزانین چۆن دەبێ • »

« ئەمە نرخی تەواو نابێ • »

« بۆچی ئەوە چیە پێتە کە نایەتە کڕین • »

« وڵاتەکەمە ، داغستانە ! »

گەنجەکان دایانە قاقای پێکەنین : « وڵاتەکەت لە ماکەرێك بار کردوە ، دە وەرە ، ئێستا وڵاتەکەی خۆتمان پێشان بدە • »

چاییەکە خرارەکەی کردەوە مشتە خۆڵێکی ئاسایی تێدا بوو ، نەخێر خۆڵەکە تەواو نائاسایی بوو ، سێ چارەکی بەرد بوو •

« هەمووی ئەوەندیە ؟ ئەوە گەنجینەکەتە ؟ »

« بەڵێ شاخەکانمە ، یەکەم ویردی باوکمە ، یەکەم فرمێسکی دایکمە ، یەکەم سوێندی خۆمە ، دوا میراتی باپیرمە بۆ من‌و دوامیراتی منیشە بۆ نەوەکانم • »

« ئەدی چیترت پێیە ؟ »

« جارێ لێم گەڕێن خرارەکە ببەستمەوە • »

کە خرارەکەی بەستەوەو هاویشتیەوە سەر پشتی کەرەکەی ، جەوەندەکەی کردەوە ، دیتیان ئاوی دەشتێی تێدا بوو ، بەڵام ئاوەکە ئاوی سوێر بوو •

« ئاوێکت پێیه ناخوریته‌وه ! »

ئه‌مه ئاوی ده‌ریای قه‌زوینه . داغستان وه‌ك ئه‌ینۆك به‌سه‌ریدا ده‌ڕوانێ . »

« باشه ، ئه‌دی جه‌ڕه‌که ؟ »

« داغستان سێ پارچه‌یه ، یه‌که‌م زه‌وییه ، دوه‌م ده‌ریایه ، سێیه‌میش ئه‌وه‌ی‌دی هه‌موه . »

« که‌وابوو ئه‌وه‌ی دی هه‌مووی له‌ناو جه‌ڕه‌که‌تدایه » .

« به‌ڵێ ، وایه . »

« باشه ئه‌دی بۆچی ئه‌م هه‌موو باره له‌گه‌ڵ خۆت ده‌گێڕی ؟ »

« بۆ ئه‌وه‌ی ووڵاته‌که‌م هه‌میشه له‌گه‌ڵمدا بێ ، ئه‌گه‌ر لـه ڕێگادا مردم ، خۆڵه‌کـه به‌سه‌ر گۆڕمدا بـکه‌ن‌و کێڵه‌کـه‌م به ئاوی ده‌ریا بشۆن . »

چیاییه‌که پته خۆڵێکی ده‌رهێنا ، له په‌نجه‌کانی خۆی هه‌ڵسوی‌و به ئاوی جه‌وه‌نده‌که شووشتیه‌وه .

« ئه‌مه بۆ وا ده‌که‌ی ؟ »

« ئه‌و ده‌ستانه‌ی به ده‌ستی هه‌رچی‌و په‌رچیان که‌وتوون ته‌نیا به‌م جۆره شوشتنه پاك ده‌بنه‌وه . »

چیاییه‌که ملی ڕێـگای خۆی گرت . هێشتا هه‌ر له‌گه‌ڕاندایه .

به‌م جۆره داغستان سێ گه‌نجینه‌ی هـه‌یه : چیاکـان ، ده‌ریا ، ئه‌وه‌ی‌دی هه‌مووی.چیاییش سێ گۆرانی هه‌یه ، ده‌روێشیش سێ دوعا، ڕێبواریش سێ ئامانج : سامان‌و ناوبانگ‌و ڕاستی .

کـه منداڵ بووم دایکم پێی ده‌گوتم : « داغستان باڵنده‌یه‌که سـێ شاپه‌ڕی به نرخی له باڵدا هه‌یه . »

باوکم ده‌یگوت : « وه‌ستاکانی داغستانی ئێمه‌یان له سێ کـه‌رسته‌ی به نرخ دروست کردوه ... »

بێ گومان ، له ڕاستیدا ئه‌و که‌رستانه‌ی داغستان پێك دێنن گـه‌لێ له‌وه زۆرترن . من ئه‌مه‌م له تاقی‌کردنه‌وه‌ی تاڵه‌وه بۆ ده‌رکه‌وتوه .

پێش بیست سـاڵ داوایان لێ‌کردم ده‌وریك بۆ فیلمێك له باره‌ی داغستانه‌وه بنووسم ، نووسیم . ئینجا بوو به گفتوگۆ له‌سه‌ر نووسینه‌که‌ی من و زۆر شت گوترا .

یه‌کێ گوتی گوڵی ته‌واو تێـدا نیـه ، یه‌کێکی‌دی گوتی هه‌نـگی تێدا نیه ، سێیه‌م گوتی دره‌ختی تێدا نیه . هه‌ر که‌سه ڕه‌خنه‌ی خـۆی پێشکه‌ش کرد . به‌لای هه‌ندێکه‌وه باسی ڕابردووی که‌م تێـدا بوو ، به‌لای هه‌ندێکی‌دیکه‌شه‌وه باسی ئێستای که‌م تێدا بوو . لـه ئه‌نجامدا ده‌رکه‌وت کـه هیچ کـه‌ری به جاشکی تێـدا نیه . جا داغستان بێ ئه‌مه چۆن ده‌بێ ؟ .

ئه‌گه‌ر هه‌ر چی ئه‌وان گوتیان له فلیمه‌که‌دا هـه‌بایه فلیمه‌کـه تا ئێستاش ته‌واو نه‌ده‌بوو .

له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌شدا ، داغستان له سێ به‌ش پێك دێ : چیاکان (زه‌وی)، ده‌ریا (قه‌زوین) ، ئه‌وه‌ی‌دی هه‌مووی .

به‌ڵێ ، زه‌وی : ئه‌مه‌یان شاخـه ، دۆڵه ، زنجیره شاخه ، تۆقـه‌ڵه چیایه ، ئه‌و خاکه‌ی ئێمه‌یه کـه بـه ئاره‌قه‌و خوێنی باوك‌و باپیران ئاو دراوه . کـه‌س نازانێ کامـه‌یان پتره : ئاره‌قـه یان خوێن . شـه‌ڕی

درێژخایەن ، پێکدادانی خێرا ، دوژمنیخوێن ، سەدان ساڵ بوو خەنجەر بۆ جوانی هەڵنەدەگیرا •

گۆرانیەکی میللی دەڵێ :

لە کوێ ڕبە دەغلێکیان چاند :
خوێنی دەشۆڕە سواری لێڕژا
لە کوێ قەسناغە گەنمێکیان چاند ،
تا سەد شۆڕە سوار کەوتە گۆڕێ •

باوکیشم لـە یادی زەوی خۆمانەوە نووسیویە :

زۆر مردوو لێرە نێژراون
بەلام ئەوانەی کوژراون
لەوانە زیاترن کە بە مەرگی خۆیان مردوون •

کتێبە جوگرافیەکان بە کورتی دەڵێن سێیەکی وولاتەکەمان بەردی ووشـکە •

منیش نووسیومە :

لێرە دۆڵ سیس بووین ،
لێرە درەخت وەك شاخ ڕووتن ،
لێرە چیای بەرز وەك پشتی حوشترو
لێواری سێلاوی شاخان وان •
لێرە شەپۆلی ڕووباری هەڵچوو ،
وەك گورگی چەنگ لەسەر شانی ڕان تووڕەیە •
لێرە کەفی تافگە وەك کەفی بەربەست وایە ،
کانی وەك چاوی چۆلەکە وان •

لێرە ڕێی ناو بەردی نەسبی زەوی
دەڵێی لەناو بەردان دێتە دەرێ •
لێرە گۆرانی لەو دیوی گرد هەڵدەستێو
پێش هەموو کەس دەگاتە دوور دوور

سـەر لە بەیانی ڕادیۆ بلاوی دەکاتەوە کـە لە خونزاخ بەفرە ، لـە ئاڵتی بارانە ، کەچی لـە دەربەندا گوڵە قەیسی دەپشکوونو لـە ... گەرمایەکی سووتێنەرە •

زستـان ، پایز ، بەهـار ، هـاوین ، پێکەوە لـە داغستانی ... هـەن !! چیـای سەختو کپو لرمـەدار ـ کـە هێلانەی هەڵۆیانە ، ئەم کەژانە لێك جودا دەکاتەوە •

وشەی (مێـر)ی ئاڤاری دوو مـانای هەیە : شاخ ، لووت • باوکم ... لە نوکتەو وشە بازی بوو :

« شاخەکان دونیاو هەموو ڕووداوێكو هەموو گۆڕانێکی ئاوو هەوا ... دەکەن • »

حاجی موراد دەیگوت : «دەشت هەستایەوە سەر پەنجـەی پێ بۆ ئەوەی بزانێ کێ دێو بە مەوەش شاخ بەرز بوەوە • »

دایکم دەیچرپاندە سەر لانکێ : « بەژنت بە قەد چیاکان بڵند بێ •»

ئەی ئاوی ڕوباری کەودەنی شاخاوی ،
تۆ لەبەر بەرد شەق دەبا •
بۆچ تەنگاوی بۆ ئەو شوێنەی
بە بێ تۆش ئاوی زۆرە •
ئەی دل ، ئەی دلەکەم !
دەردی من ئەوەیە :
تۆ لەوانەت خۆش ئاوێ کە تۆیان خۆش دەوێ •
ئەوانە بۆ شەیدای ئەوەی
کە پێویستی بە ئێمە مانان نیە ؟

دایکم که دەیدی بەلکارەکان هـەورو هیرباری گلێنەی وەکو : جەرەو جەلعەو گۆزەو شـەربە دەفرۆشن ، دەیـگوت : نەرێ ئەوانـە چۆن دڵیان دێ ئەوەندە خاکـە سـەرف بـکەن ؟ چـاوم بەرایی نادا تەماشای ئەوان کەسان بکەم کە خاك دەفرۆشن • »

بێ گومان بەلکارەکان وەستای دەستڕەنگینن ، بەلام لەبەر ئەوەی خۆڵ لـە شاخان زۆر دەگمەنە ، ئێمە هەمیشە وا هەست دەکەین خۆڵەکە خۆی گەلێ لەو هیربارانە بەنرختره •

لە ڕۆژگاری کۆندا جارێکیان قاسیدێك بە هەشتاوی خۆی کوتایە ناو دێیەکـــەوە • پیـاوەکـان هـەموو بۆ نوێژ چووبوونە مزگـەفت • سوارەکە بە پێڵاوەوە چوە ناو مزگەفت • مـەلا هـاواری کرد : کورە هـەی مسقۆف ، بێ مێشك ، نازانی دەبێ پێڵاوت داکەنی ئینجا بێیتە ناو مزگەفت ؟! »

ـ « تۆزی پێڵاوم خـاکی شیوو دۆڵی خۆمە ، گەلێ لە مافوورەکانی ئێوە بەنرخترە • ئێستاکە کەوتۆتە بەر هێرشی دوژمنێکەوە •

چیایەکان هـەموو لـە مزگەفتێ دەرپەڕینو خۆیان هەڵدا سـەر ئەسپەکانیان •

ئەبوتالیب مەراقی بوو دەیگوت : « میوانی دووره ڕێ خۆشەویسترە کـە لـە دوورەوە بێ دیارە یان خـەبەرێـکی زۆر خۆشی پێیـە ، یان خەبەرێـکی زۆر ناخۆش • یەکێ ئێشێکی گرنـگی نەبێ لە دوورەوە نایـە • »

ڕەوشتمان وایە ئەگـەر میوانێ لە ماڵەکەتدا حەز لە شتێ بـکاو پێی هەڵبلێ ـ ئەگـەر سەختیش بێ دەبێ پێی ببەخشیت • بـگرە دەڵێن

گەلیمی واری لـە ژنی خۆی هێنا بۆ میوانێك کە لەسەر کانی حـەزی لێ کرد بوو ، بەلام دەبێ ئەمە چیایەکی بێ وێنە بێ •

میوانی ناکەس بەچـە دەتوانێ ئـەم ڕەوشتە دێرینەمان بە هـەل دوور بگرێ ؛ بەلام چیاییش کەمۆتر بووین • وا ناکەن میوان چاوی بـە هەموو شتێکی جوان بکەوێ •

زۆر لـە مێژە میوانێـکی خەڵـکی (کوموخ) هـاتە گوندو دەستی لێ کرد هەر چی کەوتە بەر چاوی پێی هەڵگوت‌و هەرچی کەوتە بـەر چاوی دایان ؛ بەلام لەگەڵ ئەمەشدا پێش ئەوەی بڕوا پێڵاوەکانیان پێ داوەشاندو خۆڵو تۆزەکەیان لێ تەکاندو گوتیان :

« خۆڵ ناکرێتە دیاری ، خۆڵ نابێ ببرێتە دەرێ ، خۆڵمان کەمـە لەگەڵ خەڵـکی هەمووی بە پێڵاوەکانیان ببەن ئەدی کـەنمان چـۆن دابچێنین • »

بێگانەیەك بە وولاتەکـەمانی گوتوە : « تـوورەکـە بەرد • » بەڵێ وولاتەکەمان نەرمەڵانی کەمە ، پیـاو بـە دەگمەن لە شاخان درەختی دەکەوێتە بەر چاو •

چیاکان خۆشیان لـە سـەری تاشراوی مریدان‌و لـە پشتی لووس‌و پێڵاوەی کـەران دەکەن • خۆڵ کەمـەو دەرامەتی کەمترە •

جاران دەیانگوت : « ئەم بەستەزمانە ئەوەندەی دەغڵ نیـە کونـە گەورەی دراوسێکەی پێ پڕ بێ • »

ڕاستی کەبووی چیایان گـەورەو زلە • لـە دوورەوە ، کـــە دوورن کونیان لە بڕخ‌و هۆڕی چیایان دەبوو دەیانزانی نووستوون‌و زۆر بار کوێی بەسەریان دادەدان •

ئەبوتالیب دەمو چاوی بە خوریکەی کابرایەکی بینی ، گوتی :
« هەموو دەغڵو دانی زەوی باوکم لە دەمو چاوی ئەم کڵۆڵە چەقیوەو نیشانەی هەر پێوە دیارە • »

لە شاخاندا زەوی زۆر بچکۆڵەو بێ‌پیتە • چیرۆکێك لەم بارەیەوە هەیە • ڕەنگە بیستبتان چونکە چیرۆکی وا بە دونیادا دەگەڕێ ، لەسەر بانێکەوە دەپەڕێتەوە سەر بانێکیدی ؛ بەڵام من دەمەوێ هەر بیگێڕمەوە • با ئەوانەی بیستوویانە لۆمەم بکەن •

چیایەك ویستی زەویەکەی بکێڵێ ، زەویەکەی ماوەیەکی زۆر لە گوندەوە دوور بوو ؛ بۆیە لە ئێوارەوە بە ڕێ کەوت بۆ ئەوەی سەر لە بەیانی زوو دەست بە ئیش بکات•چوە شوێنەکەو کەپەنکەکەی ڕاخستو باڵی دایەوە • بەیانی لە خەو هەستا دەست بە کێڵانی زەویەکەی بکا ؛ بەڵام هیچ زەوی دیار نەبوو • ئەم لای پشکنی ، ئەو لای پشکنی ، نەیدۆزیەوە • دەشێ تاوانێکی بووبێو لە سزای ئەو تاوانە خوا زەویەکەی لێ سەندبێتەوە ؛ بۆیشی هەیە شەیتان لێی شاردبێتەوە تا پیاوێکی چاكو خێرەومەند تەفرە بدا • کابرا چ بکا ؟ بڕیاری دا بگەڕێتەوە ماڵێ • کەپەنکەکەی هەلگرتو ـ وای خوایە ـ وای کرد زەویەکەی لە بن کەپەنکەکەدا بوو •

ئێستاش باسێکی‌ترتان بۆ دەگێڕمەوە • چیرۆك نیە ، ڕوداوێکی ڕاستەقینەیە •

کە خەریك بوون کولخۆز لە چیاکان بکەنەوە وەکو هەموو شوێنێکیدی وولات دوودڵیو گومانو مشتو مڕو بیروباوەڕی جۆراوجۆر پەیدا بوو • زۆر ماڵاتیان کردە قوربانی ، زمانی حاڵی خاوەنەکەیان دەیگوت : « خۆمان بیخۆین باشترە ، نەك بیدەینە ئەم

کولخۆزە کەس نەناسە • »

پیلەکەو لاملی چیایان لە گوندە دوورەکاندا زۆر تونـدو بـز بوو :

« هی خۆم بۆ خۆم هی خۆت بۆ خۆت ، چیتان لە ئێمە دەوێ ، ئەوەی هی خۆمانە ببێ بە هی ئێوە ؟! »

دوو سەد لێپرسراوی دەسەڵاتدار هاتنە گوندێکی بچووكو هەموویان بە دەست بە تاڵی گەڕانەوە • هەندێك هەر خۆیان پیشانی خەڵك نەدا • هەندێکیدی مشتو مڕێکی زۆریان لەگەڵ خەڵك کرد • چیایەکان دەیانگوت :

« بۆچی شتی هاوبەش لەم سەرزەمینەدا هێندە کەمە ؟! ئاسمان هاوبەشە ، ڕۆژ هاوبەشە ، باران ، بەفر ، زێ ، ڕێ ، گۆڕستان ، ئەو هەموو شتە هاوبەشەمان بەسە • ئەوەی‌دی با هەر کەس شتی خۆی هەبێ • »

کە بە چیاییانیان گوت : کولخۆز مەکینەتان دەداتێ • سەریان باداو گوتیان مەسەلەی ڕێویە :

ڕێویەك بە دۆڵێکدا دەڕۆیشت • دونگە مەڕێکی قەڵەوی دی لە چەقی ڕێگا کەوتبوو ، وای ئێستا نەی خۆی ! ڕێوی نەختێ بیری کردەوە : « نەخێر دونگە مەڕ خۆڕا لەو گۆڕە ناکەوێ • ئەم ماستە موویەکی تێدایە • »

بە چیایەکانیان گوت کولخۆز لە دەشتی خوارێ زۆرتان پاوان دەداتێ • لەو کاتەدا پیرەمێردێك هەستاوەو خۆی بەسەر گۆچانەکەی داداو گوتی : هێلانەی شاخاویو پارچە زەویە بچووكو تەلانە ڕکەکانمان

بە هەموو دەشتی دونیا نادەین لێرە ، زەوی زەوی خۆمانە • سەدان ساڵە وەك منداڵی نەخۆش بەخێوی دەکەین ، خۆڵی بۆ سەر دەخەین و بەردەکان ژێر گڵ دەکەین ، ئاویان بۆ ڕادەکێشین • گەنمان کەمە بەڵام هەر دنکێکی هێندە بە نرخە نایەتە کڕین • هەر بۆیەشە لێرە سوێند بە پەلکە نان دەخوێن •

لەگەڵ ئەمەشدا کولخۆز لەم گوندە سەر ڕەقە کرایەوە • باشە چیاییە کۆڵەوارەکانیان چۆن ڕازی کرد ؟

ئەوە بوو دوا جار زانیان زەوی هەموو هەر بۆ کولخۆز نابێ یەکەو هەندێکی بۆ دەمێنێتەوە بە کەیفی خۆی دەناوی بێنێ و سەر بە ماڵی خۆی بێ •

ـ چیاییەکان پرسیان : باشە ئەو پارچەی بۆمان دەمێنێتەوە زۆرە ؟
ـ بە پێی یاسای کۆمەڵەی کشتوکاڵی ، سەرو (٢٥) سوتکایە •
ـ سوتکا چیە ؟ پێمان بڵێ !

کە لێپرسراوی دەسەڵاتدار بۆی باس کردن سوتکا چیە چیاییەکان بە یەك دەنگ گوتیان :

ـ دە کەواتە ناومان لە کولخۆز بنووسە ؛ قسەمان نەما •

دەرکەوت هەر چیاییەك زەوی خۆی لەو پارچەیە کەمترە کە بۆ هەر ئەندامێکی کولخۆز داندراوە •

ئەگەرچی ئەم وڵاتە شاخاویە پڕ بەردەو ژیانی تێدا سەخت و ناخۆشە ؛ بەڵام چیایی زۆریان بە لاوە ئازیزە • ڕێبوار سەریان سوڕ دەمێنێ کە تەماشای زەوی بڵند بڵند دەکەن بە قەد شاخانەوە نووساون ، یان بەڕیونەتە سەر تۆبکە شاخان ، یان کە ڕەزی ناو بەردەڵانان دەبینن

یان کە مەڕ دەبینن بەسەر هەڵدێرو تیشە شاخاندا ڕێچکە دەبەستن و وەك پاڵەوانی سەر تەناف بە مەعلانی دێن و دەچن •

ئەم هەموو شتە زاخاوی چاوەو بۆ زمانی شاعیران دروست بوە بەڵام کارو ژیانی تێدا سەختە •

سەرەڕای ئەمەش ئەگەر پێشنیار بۆ چیاییەك بکەی کە لە دۆڵدا بژی ئەمەت بە ئیهانەت و سووکی لێ وەردەگرێ •

دەڵێن کوڕێك لە شار هاتەوەو باوکی هان دا بۆ ئەوەی لە شاخ بار بکا • پیرەباب وەڵامی دایەوە :

« بە خەنجەرەکەت وورگم هەڵدڕە باشترە ، نەك بەم قسانە شەق و پیلم بکەی • »

گیروگرفتێك سەری هەڵدا بوو • گیروگرفتێکی دژوار • چەند ساڵ بوو ئەم دروشمە لە گوندان هەڵواسرا بوو :

« با تورەکە بەرد بە جێ بێلین و لەسەر مافووری گوڵ گوڵی نیشتەجێ بین • »

ئەم دروشمە گەیشتە ئەو گوندە سەر ڕەقەی کە دوو سەد لێپرسراوی دەسەڵاتداری بۆ چووبوو تا کولخۆزی لێ بکەنەوە ، بەڵام ئەو کاتەی کولخۆزی لێ دەکرایەوە وەکو ئێستا بە هەراو هۆریا نەبوو کە دروشمی بارکردنیان بیستبوو • هەر گوندەو قسەی خۆی لەم بارەیەوە هەبوو •

هەر چیاییەك جۆرە وەڵامێکی ئەم پرسیارەی دابوەوە • ئەمانە کەمێکیانن :

« ئەگەر بە زنجیریش ڕامبکێشن ناچمە پێدەشت » .

« وەك بزماری لەو شاخانە کوترا بێ ئاوها لە شوێن خۆم دەچەقم و هیچ کەسێك ئەو مافەی نیە لە هێلانەکەم دەرمکێشێ » .

« گۆڕی باب و باپیران دەم بەش دەکەنەوە ئەگەر جێیان بێلین و بچین لە شوێنێکی تردا بژین » .

« لە هیچ شوێنێك سەرم وەکو سەر بالیفی خۆم ناحەسێتەوە » .

« نووستنی سەر بەردی خۆت لە نووستنی سەر بالیفی بێگانان شیرینترە » .

« لەوێ بەردم لە کوێ دەست دەکەوێ دەسەگانی بگرم ؟ »

« بەر ئاگری بە تەپ و دووکەڵی شاخان لەبەر سۆبەی نایابی خواروێ باشترە » .

« ئەوەی لە خەمی وورگی خۆی دایە با بچێ ، ئەوەی خەمی دڵی لەبەر بێ لێرە دەمێنێتەوە » .

« ئێمە کەسمان نەکوشتوە ، چ ماڵمان نەسووتاندوە ، بۆ دەرمان دەکەن ؟» « مەکینە لێرەش ئیش دەکا . » « لێرەش گلۆپی کارەبایی بە دارەوە دەکرێ » .

« بروسکە دەگاتە ئێرەش » « ئێمە بۆیە نەهاتووینەتە دونیا تا ببین بە خۆراکی کێچ و مێش . » « دوکەڵی زبڵ لە بۆنی پاشەڕۆکی سوتەمەنی پیشەسازی باشترە » .

« گوڵەشاخ گەشترن » .
« ئاوی کانی لە ئاوی بۆڕی سازگارترە » .
« ئێرە جێ ناهێلین و ناچینە هیچ شوێنیدی » .

بەم جۆرە هەر یەکە جۆرە وەڵامێکی ئەم دروشمەی دابووەوە :

« با تورەکە بەرد بە جێ بێلین و لەسەر مافووری گوڵ گوڵی نیشتە جێ بین ... »

چیایەکان پرسیان بە باوکیشم کرد : ئاخۆ بار بکەین یان بمێنینەوە ؟ باوکم نەوێرا وەڵامێکی ڕاست و دروستیان بداتەوە : « ئەگەر بڵێم بمێننەوە

ڕەنگە باشان پێیان بگاتەوە کە ژیانی خوارێ خۆشترە و جوێنم پێ بدەن . ئەگەر بڵێم بار بکەن و باشان ژیانی ئەولای سوودی نەبێ دیسان جوێنم پێ دەدەن . »

جا هەمزە تسادادسا پێی گوتن : « ئێوە خۆتان بیری لێ بکەنەوە . »

ڕۆژگار دەگۆڕێ و ژیان لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕێ . نەك تەنیا سەرپۆش گۆڕاوە ، تەپلە بۆتە شەپقە ـ بگرە مێشکی ژێر سەرپۆشی لاوانیش گۆڕاوە .

خوێن تێکەڵ دەبێ . خوێنی خێڵ و گەلەکان تێکەڵ دەبێ ، گۆڕی کوڕەکانمان لە گوندی باوکیان دوور دوور دەکەوێتەوە .

بەرد ، تات ، گاشە ، چەگڵ ،کەلابەرد ، تیشە بەرد ، بۆ داچاندنی شتێ لەسەر ئەم خاکە بەردەڵانە دەبوایە بە سەبەتان خۆڵ سەر بخەن . زستان و پایز ئاگر لە گیای تەلانان بەردەدرا تا گیای باشتر لێ شین بێ . ئەو ئاگرانەی سەر شاخانم لە بیرە . ئاهەنگی یەکەم خەتە جووتم لە بیرە . بە هاران پیرەمێرد کەستەکیان دەهاویشتە یەك .

گەلەکەمان بە پیاوی ئیشکەر دەڵێن : « گەلێ چیاو تۆقەڵە شاخی بڕیوە . »

بە پیاوی زەغەلیش دەڵێن : « هیچ جارێ لە بەردێك نەنەویوە . »

باشترین ئاواتە خواز ئەوەیە : « تەبارەت پڕ گوڵەگەنم بێ »

گەورەترین جوێنیش ئەوەیە : « زەویت ووشك بێ و بمرێ . »

پیرۆزترین سوێندیش ئەوەیە : « سوێندم بەم خاکە . »

ئەگەر کەر بچووبایە ناو دەغڵ و شینایی خەڵك دەیانکوشت و لە کیس ساحێبی دەما .. چیایەك هاواری کرد : « وریا بن ئەگەر کەری حاجی مورادیش بێتە ناو دەغڵی من هەر یەکە ! »

هەر گوندەو یاسای خۆی هەیە ؛ بەڵام لە هەموو شوێنێ ئەو کەسەی زەوی‌و خاك تێك بدا توندترین سزا دەدرێ • هەر لەبەر ئەمەشە کە مێژووی شاخەکانمان سەبارەت کاولکاری گرانترین سزایان داوەتە داغستان خۆی •

من شتێکم لە یادە کە دایکم پێی گووتوم :

« کاتێ لەشکری نادر شا شکاو هات هەڵو مەرجی ئاشتی بێتەکایەوە ، چیایەکانمان پیرەمێردێکی پووخەڵەی ، پیسکەی نابووت‌و گێڕو وێڕیان سواری ئێسترێکی کەترە کردو ناردیانە لای شا • »

« ئاقاوەکان کەسی بە مەرتەبەترو بە سەرو سیماتریان نەدۆزیەوە بینێرنە لام ؟ »

پیرەمێرد وەڵامی دایەوە :

« هەزارەهای لە من بە مەرتەبەترو بەسەرو سیماتر هەن ؛ بەڵام پیاوی گرنگ بە ئیشی گرنگترەوە خەریکن بڕیاریان‌دا ئەگەر یەکێکی وەکو من بنێرنە لای یەکێکی وەکو تۆ سەرو بەر دەردەچێ • »

شا ویستی گاڵتەی پێ بکا :

« ئێسترەکەت تەمەنی چەندە ؟ »

« قڕساندنی تەمەنی ئێسترو پاشایان کارێکی زەحمەتە • » داگیرکەر لێی پرسی :

« لە شەڕدا کێتان سەرکردەیە ؟ »

پیرەمێرد بە هێمنی وەڵامی دایەوە :

« سەرکردەکانمان لێرەن دەستی بۆ چیاو تەپکە شاخ ، بۆ زەوی‌و گۆڕستانەکان درێژ کرد : « ئەمانەن پێشەوامان • »

« مەرجتان ؟ »

« تەنیا یەك مەرج هەیە : وولاتی چیایان بۆ چیایان بەجێ بێڵەو رۆرمان پێ‌خۆشترە پشتمان تێ‌بکەی نەك ڕوو • »

بەم جۆرە شا ناچار بوو بکشێتەوە ئێران •

پێیان گوت : « بۆیە خۆت‌و سەربازەکانت بە زیندوویی بەر دەدەین تا باسی سەرکەوتنمان بکەن • بۆیە بەرەلاتان دەکەین تا بینە قاسید ــ وا باوە دەڵێن جارێکی تر قڕاتان بۆ دێنین • »

لە ئابی **١٨٥٩** ئیمام شامیل لەسەر شاخی گونیب لە ئەسپەکەی دابەزی‌و وەك دیلێکی گەورە لەبەر دەم میر باریاتینسکی ڕاوەستا • پێی چەبی بۆ پێشەوە هاویشت‌و خستیە سەر بەردێك • دەستی ڕاستەی خستە سەر قەفتەی خەنجەرەکەی‌و بە چاوی تەڕەوە سەیری شاخەکانی دەورو بەری خۆی کردو گوتی :

«سەردار ! ئەوە بیست‌و پێنج ساڵە بۆ سەرفرازی ئەم شاخانەو بۆ خاوەنەکانیان دەجەنگم ، نۆزدە برینم لە لەشدا دەکولێتەوەو سارێژ نابن • ئێستا وا بۆت دادێنم‌و وولاتی خۆمت تەسلیم دەکەم • »

« هەر خەفەتی پێ‌دەوێ ! وولاتەکەتان زۆر خۆشە ، شاخ‌و بەردە ! »

« سەردار ! پێم بڵێ لەم شەڕەدا هەق بە لای کاممانەدا بوو : ئێمە کە بۆ وولاتێك دەمردین‌و بڕوامان بە جوانی هەبوو یان ئێوە کە بۆی دەمردن‌و بڕواتان بە ناخۆشی هەبوو • »

شامیلی یەخسیر مانگێکی خایاند تا گەیشتە سانت پترسبۆرگ • لەوێ قڕاڵ لێی پرسی : « لەم گەشتەدا چ شتێ سەرنجی ڕاکێشای ؟ »

« وولاتێـــکی گەورە ، وولاتێکی زۆر گەورە ! »

« ئیمام پێم بڵێ ئەگەر بتزانیایە ڕووسیا هێندە گەورەو بەهێزە ئـەو مـاوە درێژە شەڕت دەکرد ، یان وەکو پیاوێکی ژیر دەمو دەست چـەکت دادەنا ؟ » .

« تۆ دەتزانی وولاتەکەمـان بچووكو بێهێزە بۆیە ئەو ماوە درێژە لەگەڵمان جەنگای . »

باوکـــم نامەیەکی هەڵـــگرتوە کـــە شامیل نووسیویە یان بڵێین وەسیەتنامەی شامیلە ، ئەویش ئەمەیە :

« چیایەکـانم ! شاخـە ڕووتو سەختەکـانی خۆتان خۆش بوێ . شاخەکان کەمیـــان سامان پێبەخشیون ؛ بەلاّم ئەم شاخانە نەبن وولاتەکەمان بۆ خۆمان نابێ . بە بێ وولاتیش ، چیایی بێ کەس سەربەستیان نابێ . بۆیان بجەنگن ، بیانپارێزن با شریقەی شیرتان لە گۆڕدا خەونی شیرینم پێ بـەخشێ . »

ئەگەرچی چیایی لە پێناوی شتێکیتردا دەجەنگان بەلاّم شـــامیل زۆر شریقەی شیری کەوتە بەر گوێ .

وولاتی داغستانیان فراوان بوە . گۆڕیان بەسەر کێلگە دوورەکانی ئوکرانیاو بیلۆڕوسیاو هەرێمی مۆسکۆو هونگاریاوپۆلەنداو چیکۆسلۆفاکیاو بەناو کارپانیو بالکانو دەوروبەری بەرلیندا وەر بوە .

بەڵێ ناوی ئەندامەکانی کۆمۆنەی ڕو-ـیاو هەنگاریاو ئەو سەربازانەی کـە لـە زۆر لاوە هاتنو لـە پێناوی ئازادی چیایەکانمان خۆیان بەخت کرد ، لـە شاخە بەرزەکـانی داغستان هەڵـکەندراون . گۆرانی هـــەر یەکێکیان بۆتە گۆرانی ئێمە ، گۆرانی هاوبەشی ئێمـــەش بۆتـە گۆرانی

ئـــەوان .

« لە ڕۆژگاری دێریندا خەڵـکی گوندێك لە سـەر چی بەشـــەڕ دەهاتن » ؟

« لەسەر قولانجە (نینجـە) خاکێـکی نێوان زەوی دوو چیـایی ، لەسەر تەلانێکی بچووك ، لەسەر یەك بەرد » .

« خەڵـکی گوندە دراوسێکان لەسەر چی بەشەڕ دەهاتن ؟ »
« لەسەر قولانجە خاکێکی نێوان زەوی گوندەکان . »
« داغستان لەسەر چی لەگەڵ گەلەکانی دیدا بەشەڕ دەهات ؟ »
« لەسەر قولانجە خاکێکی سەر سنووری داغستان ، خۆی . »
« پاشان داغستان لەسەر چی بەشەڕ دەهات ؟ »
« لەسەر قولانجە خاکێکی سەر سنووری یەکێتی سۆڤێتی مەزن .»
« ئەدی ئێستا داغستان بۆچی تێدەکۆشێ ؟ »
« بۆ ئاشتی سەرانسەری جیهان . »

کـە شامیل بە دیل گیرا دوو کوڕی خۆی لەگەڵ گیران . هـەر یەکـە بە جۆرێك ژیانی بردە سەر : ئـەوەی بچووکتـرێ ـ محـەمەد شافی ـ لە سوپای قڕاڵدا بوو بە جەنڕال . ئەوەی گەورەترێ ـ قـازی محەمەد ـ کەوتە تورکیا . »

ڕۆژێکیان پیرەژنێـکی سەر سپی هاتە لام جلی تورکی لەبەر بوو.ژنە خۆی جۆرجی بوو . بە عازەبی مێردی بە تورکێك کردبوو . چل ســاڵ لـە ئەستەنبۆڵ ژیابوو . پاشان کـە مێردەکـەی مردو بە تەنێ مـــایەوە گەڕایەوە جۆرجیـا . ئێستا هاتبوە لای من هۆی هاتنیشی ئەوە بوو لـــە ئەستەنبۆڵ بە هۆی کوڕەبچووکەکەیەوە ببوە برادەری نەوەکانی شامیل .

لێم پرسی : گوزەرانیان چۆنە ؟ »

« شڕن !! »

« بۆ ؟ »

« چونکه داغستانیان لە دەست چوە . بریا بتزانیایە چەند بە حەزرەت داغستانن . چار جارە فەرمانبەرەکان پەستیان دەکەن ، هەڕەشەیان لێدەکەن کە ملکیان لێبسێننەوە . نەوەکانی ئیمامیش دەڵێن : بیانبەن ! ئێمە داغستانمان لە دەست چوە تازە هەموو خاکێکی ترمان بە لاوە بێنرخە . . »

پیرەژن پێدا چوو ، گوتی : « کە زانییان دێمەوە ماڵێ داوایان لێکردم سەردانێکی داغستان بکەمو بچمە گوندەکەی شامیلو ئەو شاخانەی شەڕی لێکردوون ، بێمە لای تۆ . ئەم دەسرۆکە یان دامێ بۆ تۆ تا هەندێ خۆڵی داغستانی تێبکەیو بۆیان بنێری .

دەسرۆکەکەم کردەوە ووشەی «شامیل»ی بە پیتی عارەبی لەسەر نەخشا بوو .

چیرۆکی پیرەژنەکە بزواندمی . پەیمانم دا خۆڵەکە بنێرم بەڵام پرسم بە پیرەمێردان کرد .

پیرەمێردەکان وەڵامیان دامەوە :

« خۆڵ نابێ بۆ خەڵکی دی بنێردرێ بەڵام بۆ نەوەکانی شامیل قەیدی نیە . . »

یەکێ مستە خۆڵێکی لە گوندەکەی شامیل بۆ هێنامو لە دەسروکەکەمان پێچا .

کابرا گوتی : « خۆڵی ئێمەیان بۆ بنێرە بەڵام پێیان بڵێ : هەر تۆزقاڵێکی ئەوەندە بە نرخە نایەتە کڕین ، بۆشیان بنووسە کە ژیانی ووڵاتەکەمان گۆڕاوە ، سەردەمێکی نوێ هاتۆتە پێشەوە . هەموو شتێکیان پێ بڵێ ، با بزانن . . »

بەڵام پێویستی بەو نامە نووسینە نەکرد ، خۆم ڕێم کەوتە تورکیاو دیاریکە بەنرخەکەم لەگەڵ خۆم برد .

بە دوای نەوەکانی شامیلدا گەڕام . هیچێکیانم نەدۆزییەوە . پێیان گوتم گوایە نەوەی ئیمام سەفەری کردوەو چۆتە شوێنێ ، ڕەنگە نەگەڕێتەوە بێ .

(نەجابەت) و (نەجیە)ی کچە زای شامیلیش لێم نەهاتنە دەرێ . پێیان گوتم : یەکێ ژانە سەریەتیو ئەوەیدیکە دڵەکروزێ .

جا خۆڵەکە بدەمە کێ ؟ ئاقاریدیش لەوێ هەبوون بەڵام ئەوان بە کەیفی دڵی خۆیان داغستانیان بە جێ هێشتبوو .

تێگەیشتم کە شامیلی منو شامیلی ئەوان جودایە .

بەم جۆرە ، لەوێ لە تورکیا بووم . مستە خۆڵێکی داغستانم بە دەستەوە بوو . لەم مستە خۆڵەدا گوندەکانی خۆمانم دەدی : گونیب ، چیرکی ، ئاختی ، کوموخ خونزاخ ، تسادا ، تسوتتا ، چەرەدا ، ئەمە ووڵاتی منە . زۆرم لەبارە نووسیوە . هێشتاش دەنووسم . ئێستا هەرگیز وەکو جیایە بەدبەختەکەی نوکتە کۆنەکە بە کەپەنکێك پێت دانابۆشرێ . ئەوەم گەنجینەی داغستان دەریایە .

گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیە لە نێوان مۆسکۆو گونیب :

« هەلۆ ! هەلۆ ! گونیبە ! عومەر ، ئەوە تۆی . گوێت لێمە ؟ باراکەی چۆنە ؟ میزاجت چۆنە ؟ »

« گوێم لێتە . لێرە ڕۆژەکەی خۆشە . لە بەیانیەوە دەریامان لێ دیارە . . »

یا ڕەنگە بەم جۆرە بێ :

« هەلۆ ! گونیبە ! فاتم ، ئەتۆی ؟ وەزع چۆنە ؟ باشی ؟ »

«وا وایە • تەمە • دەریا دیار نیە • »

جەمالەدینی کوڕی شامیل بە باوکی گوت :

« بابە ، دەریا نابینم • »

جەمالەدین مەرونە بوو لای قڕاڵو لە کۆلێژی سەربازی خوێند بووی‌و کـــە گەڕایەوە نیشتمان بە شتێکی پووچ لە خـــەباتی باوکی‌و چیاییەکان دەگەیشت دژی قڕال •

شامیل وەڵامی دایەوە :

ـ دەبینی کوڕم ، دە تۆ بە چاوی من سەیری کە !

دەریا سەدو پەنجا کیلۆمەتر لـە چیـای گونیب دووورە • ئەگـەر یەکێ بڵێ دەریام لێ دیارە دەبێ ڕۆژ چـەند ساف بێ‌و دەریا چـــەند شین‌و بێ‌و چـاوەکە چـەند تیژ بێ‌و چیاکە چەند بەرز بێ !!

لـە گوندی واشـدا کـە دەریا دیار نەبێ ، ئەگەر لە خەڵـکەکە بپرسی داخۆ چۆنن • هەیە وەڵامت دەداتەوە :

« باشم • دەڵێی دەریام لەبەر چاوە • »

کێ ، کێ دەڕازێنێتەوە ؟ ـ دەریای قەزوین داغستان دەڕازێنێتەوە ؟ یان داغستان دەریای قـەزوین ؟ کـێ دەبـێ شانازی بە کێوە بـکا ؟ چیاییەکان بە دەریا ! یان دەریا بە چیاییەکان ؟

کە تەماشای دەریا دەکەم تەماشای هـەموو دونیا دەکـەم • کـە دەریا هەڵدەچێ دەڵێن لە هەموو دونیا گەرداوە ، کە دەریا دەنیشێتەوە هێمنی باڵ بەسەر هەموو شوێنێکدا دەکێشێ •

کە تەماشای دەریا دەکەم تەماشای هەموو دونیا دەکەم •

هێشتا منـــداڵ بووم کـە بـە تووڵـــە ڕێی پێچاو پێچی شاخاندا تێپەڕبوومـەوەو هاتمـە کن دەریا • لـەو کاتەوە پەنجەرەکانی ماڵەوەم بەسـەر دەریادا کراونەتەوە • پەنجەرەکانی داغستان خۆیشی بەسـەر دەریادا دەڕوانن •

کـە دەنـگی دەریام نەگاتە گوێ گران خەوم لێدەکەوێ • «ئەدی ئەلۆ ، داغستان ، تۆ بۆ ناخەوی ؟ »

« دەریا کپە • خەوم نایە • »

دەرهەق ڕەنـگی گەش دەڵێن : « وەکو دەریایە » • دەرهـــەق دەنـگی بـە تین : وەکو دەریایە • دەرهەق کێڵگەی فراوانی جـاودار وەکو دەریایە • دەرهەق قووڵیی گیان‌و ژیری : وەکو دەریایە ، هـەتا لەبارەی ئاسمانی ساماڵیشەوە دەڵێن : وەکو دەریایە •

کاتێ مانگاکەمان زۆری شیر دەدا دایکم پێی دەگوت : «دەریاکەم»• دایکمم لە بیرە لەسەر بالکۆن مەنجەڵۆکە ماستێکی سەربەسەرتووی بە دەستەوە بوو • کـەرەی لێدەگرت‌و دەرخواردی ئێمەی دەدا • کـە منداڵ بووین‌و بە دەوریدا یاریمان دەکرد • لێواری مەنجەڵەکەی بە خەناوکەی لەپکەو مرواری دەریا ڕازابووەوە •

دایکم دەیگوت : «ئەمـە بۆ ئەوەیە کەرەکـەم بە بەرەکەت بێ »و دەیگوت ئەو مروارییانە بۆ چاوزار باشن‌و لـە چاوی پیسی دەپارێزن •

گەردەنی بەردینی داغستانیش بە ملوانکەی مرواری دەریا ، بـــە ملوانکەی چەو ، بە ملوانکەی شەپۆلی کـەفاوی ڕازاوەتەوە •

داغستان لە دەنـگی شەپۆلەکانی قەزوین ڕاهاتوە ، لە بێدەنـگیدا خراپ خـەوی لێدەکەوێ • ئەگەر دەریای لێ قەدەغـە بـکرێ قـەت خەوی لێناکەوێ •

ئەی شەپۆلی وەك بەفر سپیی دەریا ،
پێم بڵێ بە چ زمانێ دەمدوێنی ؟
تۆ لەبەر پێی چیاکانەوە لرمەت دێ ،
دەڵێی گوندی چیاییمانی بازاڕی تێدا کراوەتەوە ؛
چونکە خۆیشی لەو چیاییانە ئاگا
کە بە چل زمان دەدوێن .
ڕۆژ دێو دەڕوا هیچ دەنگ نیە .
دە وەك گیای دەشت خشخشەت بێ .
ڕەنگە هەڵبچیو کەف بکەی
وەك دایکێ بۆ جگەرگۆشەی کوژراوی بگری ،
وەك پیرەمێردێ بۆ ڕۆڵەکەی بناڵێنێ .
وەك ئەسپێ نسکۆی هێنابێو لە لافاودا بخنکێ .
ئەی دەریا ، تۆ بە زمانی خۆت دەدوێی .
جارێ نەرمو هێمنیو تاوێ توندو تووڕەی .
بەڵام دڵم لە ناخت ڕاهاتووەو
من لە هەموو گۆرانیەکانت دەگەم .
ئەدی دڵیشم جاروبار ناکوڵێو
شەپۆل لەسەر کەناری کەوەدەن ناشکێتەوە ؟
پاشان لە خاو بوونەوەی هێمنو نزم
ئەدی لێوار دەلێسێتەوە .
ئەدی ناخ چ نهێنی ناپارێزێ ؟
ئەی دەریا ، ئێمە خەمو شادیمان
بەلاوە یەکە .
بەڵام من باسی ئازاری خۆم دەکەم .
پەرۆشم تینوێتیم بە ئاوەکەی بشکێنم .
بەڵام ناکرێ . ئاوەکە سوێرە .

شەمەندەفەری مۆسکۆ لەگەڵ گەردی بەیانی دەگاتە مەحەچ قەڵا ئەو شـەوە لە هەموو شـەوان بێ ئۆقرەترم . نیوەشەو لە خەو ڕادەبمو لـە پەنجەرەوە تەماشای دەرەوە دەکەم . هەر دەشتەو لێك دەکشێتەوە . شەمەندەفەر لرمـەی دێو (با) لە تەنیشت فارگۆنەکانەوە وورشەی دێ .

جـاری دووەم لـە خـەو ڕادەبمو لـە پەنجەرەوە تەماشای دەرێ دەکەم . دەشتە . ئینجا لە کۆتاییدا ، بۆ جاری سێیەم دەریا دەردەکەوێ .

ئـەوە وا بوو ئێستا ئەمەیە داغستانی من .

سوپاست دەکـەم دەریای شین . پانتایی ئاوی بێ پەیو سنوور !! تۆ یەکەم کەسی کە مزگێنی گەیشتنە ماڵەوەم پێ دەدەی !

باوکم دەیگوت : «ئەوەی دەریای هەبێ هەرگیز بێمیوان نابێ» .

ئەبوتالیب لێی وەردەگرتەوە : «ئەوەی دەریای هەبێ ژیانێکی بـە پیتو بەخشندەی دەبێ .»

ڕەنگە چیـا زۆر لـە دەریا جوانتر بن ؛ بەڵام ئێمـە ئەوانیشمان هـەن .

ئەو دوو پیرەمێردە ـ ئەبوتالیبو باوکم ـ کە تووشی یەکتر دەبوون زۆر جار بە بێ ئەوەی ورتەیان لـە دەم بێتە دەرێ وەردەسووڕانەوەو بەرەو دەریا دەچوون . دەچوونە سەر گردێك ئەو هەمووکەشتیانە یان لێ دیار بوو کـە دەهاتنە بەندەرەوە . بۆنی خوێو ماسیان بۆ دەهات . چەند سائێك بە کپی دادەنیشتن . ماوەی قسەکردنیان دەدایە دەریا .

با دەریا بدوێ ؛ بەڵام تۆ ووس بە
لە خەم دەربڕەو نە خۆشی
دانتی مەزن شەو هەستی ڕادەگرت
کە دەریا لەبەر پێیەوە کەفی دەکرد .
ڕووبار پڕ خەڵك بێ یان چۆڵ
لێگەڕێ با دەریا گۆرانی بڵێ
زایەلەی شەپۆلەکان دووبارە مەکەوە .

پوشکین ـ ئەو پیاوە مـەزنەی کـە زێڕی لە دەم دەباری ـ کـە دەریا گۆرانی دەگوت ، بێدەنگ دەبوو .

باوکم دەیگوت : «گوێ لە دەریا بگرە ، فێر بە تێبگەی چ دەڵێ . دەریا زۆری دیوە . زۆریش دەزانێ .»

— ئەی دەریا ، پێم بڵێ بۆ سوێری ؟
— شەپۆلەکانم پڕ فرمێسکی مرۆڤن •
— ئەی دەریا ، پێم بڵێ بۆ ڕەنگاوڕەنگی ؟
— ناخەوەم پڕ مەرجانە •
— ئەی دەریا ، پێم بڵێ بۆ پەشۆکاوی ؟
— زۆر بوێرو ئازا لە ناو شەپۆلەکانم فۆتاون : هەندێ وایان دەزانی سوێر نیمو هـەندێکیش خۆیان تێـــدا نقوم کردمو مەرجـانیان دەویست •

دوو چیـایی سـەرو ڕیش ماش‌و برنج ، دوو شاعیر ، وەکو دوو پیرە هەڵۆ لەســەر گردێك دادەنیشن بە بێ دەنگی دادەنیشن‌و هـەست‌و خوست لـە خۆیان دەبڕن‌و گوێ لـە دەریا دەگرن • دەریا دەگرمێنێ ، بیری ژیانێـکی وەکو خۆی دێنێو هەرچی جۆرە هەوایەکی بێ بە سەر دەریادا تێ دەپەڕێو لـەم کەنارەوە دەچێتە سـەر ئەو کەنار ؟ بەڵام بە پێچەوانەی دەریاوە ژیان بەندەری ئاسوودەی نیە ، شۆستەی نیــە تێدا بگیرسێتەوە • حــەز بکەی‌و حەز نەکەی دەبێ بکەویە ناویەوە • تەنیا یەك بەندەر هەیە، یەك شۆستە هەیە ئەویش ئەنجامە •

قــەزوین دەگرمێنێو دەنــەڕێنێ • دەریای خفـالین دەنــەڕێنێ ڕووبارە کـان تێی دەکـــەنەوە : لە لایەکەوە ڤولـگاو ئورال ، لــە لاکەی‌ترەوە کوارو تەرەك سولاك • هەموو تێکەڵ دەبن‌و ئێستا پیــاو نایانناسێتەوە • ئەوانیش دەریا دوا بەندەریانە • لەگــەڵ ئەمەشـــدا ئاوەکەیان لــە ناو ناچێو نامرێ • هــەر دەڕواو بە شەپۆلی شین بــەرز دەبێتەوەو لــە هەموو لایەکی دونیاوە کەشتی گەورە سواریان دەبێ •

چیاینە ، ڕۆڵەکانی داغستان ، ئەرێ چارەنووسی ئێوەش وەکو هی

ڕووبارەکان وا نیە ؟ ئێوەش یەکتان گرتوەو لەناو یەك دەریای گەورەی دەریایەدا تواونەتەوە •

قەزوین دەگرمێنێو دەنەڕێنێ • دوو پیرەمێـردی سـەرو ڕیش ماش‌و برنج بە کپی وەستابوون • منیش لەگەڵیاندابووم•هێشتا گەنج‌بووم؛ بەڵام باشان کە بەرەو ماڵ بوینەوە ئەبوتالیب ڕووی کردە باوکم :

« کوڕەکەت وا گەورە دەبێ • ئەمڕۆ هەستی بە سۆزێکی گەورە کردەوە » باوکم وەڵامی دایەوە : «کەس ناتوانێ لەو شوێنەدا بچووك بێ کە ئێمەی لێ وەستابووین • »

ئێستا کە دەچمە کەناری دەریا هــەمیشە وا هەست دەکــەم لــە پێشمە باوکم ڕاوەستاوم •

دەڵێن ساڵ بە ساڵ قەزوین تەنکاوتر دەبێ • ئەو شوێنەی جـاران شەپۆلی لێدەشکایەوە دەبێتە شـارو خـانووی تێدا قیت دەکرێتــەوە • لەوانەیە ڕاست بێ • بەڵام قەت بڕواناکەم دەریایەك لە کورتی بدا دەریا لێ ڕەنـگە تەنکتر بێ بەڵام بچووکتر نابێ •

من هەمیشە بە خــەڵك دەڵێم : «قەت بچووك مەبن با ژمـارەشتان کـەم بێ • »

دونیا سەری ڕادەهەژێنێ
شاعیر غەمبارەو نووسەر پەست •
چونکە قەزوین ڕۆژ بە ڕۆژ
دەکشێتەوەو تەنك دەبێ •
وا بزانم ئەمە ورێنەیە •
ئاخر پیرە قەزوین چۆن کەم دەکا ؟
کەم بوونی هەندێ کەس •
لەوەش ناخۆشترو سەخترە •

(مەحەچ)یش باسی دەریای کردوە • مەحەچ یەکەم قومیسەری شۆڕشگێڕانە بوو لە داغستان • ئێستا پێتەختی کۆمارەکەمان ناوی ئەوی لێیە • پێشان ناوی پۆرت پترۆفسك بوو • لە شەڕی نیشتمانیدا مەحەچ کردی بە قەڵایەکی پۆڵایین •

مەحەچ لە بارەی دەریاوە گوتوویە : « دوژمنمان هەر چەندە زۆر بێ فڕێیان دەدەینە ناو دەریا • دەریا قووڵەو لە بنەوە جێگەی هەموویان دەبێتەوە • »

کاتێ چیاییەکانمان لە تەنیشت مزگەفت یان لە ژێر پیرە درەختێکدا کۆ دەبنەوەو باسی ئەمو ئەو دەکەن ئێمە بەم کۆبوونەوەیە دەڵێین (گۆدەکن) • جارێکیان لە گۆدەکاندا پرسیار کرا :

« خۆشترین دەنگت لەبەر گوێدا کامەیە ؟ »

زەلامەکان بیریان کردەوەو یەك یەك وەڵامیان دایەوە :

« زرنگەی زیو • »

« حیلەی کەحێل • »

« چرتەی سمی ئەسپ لەسەر بەردی دۆڵ • »

« دەنگی دلبەر • »

« پێکەنینی منداڵ • »

« لایلایەی دایك • »

« خوڕەی ئاو • »

بەڵام چیاییەك گوتی : « دەنگی دەریا چونکە دەریا ئەو هەموو دەنگانەی تێدایە کە ئێوە گوتتان • »

جارێکیدی پرسیان : جوانترین ڕەنگ کامەیە کە بکەوێتە بەر دڵەوە ؟ دیسان بیریان کردەوەو وەڵامیان دایەوە :

« ئاسمانی ساف • »

« ترۆپکی بەفرینی شاخ • »

« چاوی دایك • »

« پرچی کوڕ • »

« دارخۆخ لە گوڵ دەرکردندا بێ • »

« دارچناری پایزان • »

« ئاوی کانی • »

بەڵام چیاییەك گوتی : «ڕەنگی دەریا چونکە دەریا ئەو هەموو ڕەنگانەی تێدایە کە ئێوە گوتتان • »

لە گۆدەکاندا ، ئەگەر یەکێ پرسیار لە بارەی دیمەنێك یا تامی خواردنەوەیەك ، یا هەر شتێکیتر بکات هەمیشە وەڵامەکەی دەریایە •

ئەفسانەی جوان لە بارەی دەریاوە هەن • گەنجەکەو کچە پاشای بەحری یا باڵندەی لازوەردی کە دەنووکی لە هەر کوێ بدابایە کانی لێ دەردەبوو •

بێ گومان لە گۆدەکاندا هەر کەسە بە ئەسپی خۆی هەڵدەلێ • ئەدی منیش وا ناکەم کە گۆرانی بە دەریای قەزوینەوە هەڵدەڵێم ؟! جارو بار هەندێ کەس پێم دەڵێن : « بە ڕاست قەزوین هەر دەریا یە گۆلێکی گەورەیەو هیچیتر • دەریای ڕەش دەریای ڕاستەقینەیە ، ئا !! »

ڕاستە قەزوین بە قەد دەریای ڕەش یا ئەدریاتیك یا دەریای ئایۆنی گەورەو فرەوان نیە ؛ بەڵام خەڵکی بۆ حەسانەوەو مەلەو ڕابواردن دەچنە سەر ئەوان کەچی وەك دەستوورێك تەنیا بۆ ئیش دەچنە

سەر قەزوین • قەزوین دەریای ماسیگرانە ، هەی نەفتەوانانە ، هەی کەسێکە کە ئیشی سەخت بکا • بۆیە خۆی لەوان بەهێزترە • چار چیە ، هەر گایەك شێوازی خۆی هەیە ، هەر پیاوێك کەسێتی خۆی هەیەو هەر دەریایەك ڕووی خۆی ، شێوازی خۆی •• هەیە • بێجگە لەمەش ئەدی چیاکانی داغستان شێوەیان لە چیاکانی جۆرجیاو ئەبخازیاو هەر یەکێکی‌تر جودا نیە ؟

هەر چۆنێك بێ دەبێ بێ لێ‌بنێم کە بەلای منەوە هەموو دەریاکان لە یەك دەکەن • کە دەچمە ناو دەریای ڕەش دەریای قەزوینم دێتەوە یاد • کە لە ناو دەریای قەزوینیش بم هەمیشە ئۆقیانووسم دێتەوە بیر • دەریاکەمان بە هیچ جۆرێ هیچی لەوانی‌دی کەمتر نیسە • کە خەڵکی لێرە دەڕۆن بۆ یادیگار پارە دەقنجێنن بەو مرازەی کە جارێکی‌دی بێنەوە • هەر وەکو لەگەڵ هی‌دیش وایان کردوە •

باوکم دەیگوت : « ئەگەر یەکێك هیچ جوانی لە دەریادا نەبینێ ، دیارە خۆی جوانی تێدا نیە • »

جارێکیان یەکێك بە ئەبوتالیبی گوت : « دەریا ئەمڕۆ دەنگی زۆر خۆش نیە • »

« بە گوێی من هەستی لێ‌ڕاگرە • »

« کەوابو بە چاوی داغستان سەیری قەزوین بکەن‌و دەبینن جوانە • »

کوشتارە مەردانە بێ‌هاوتاکەی کاپتن (محەمەد حاجیف) غەواسی گوندی «گونیب»ی داغستانی لە هەموو دەریاوانێك دیارە • لە دەریای بەلتیك‌و دەریای باکوورو دەریای بارینتس جەنگی • توربیدەکانی ،

ئاڵی کەشتی نازیان ڕەوانەی گۆڕی سارد کرد • غەواسەکەی ئەو ڕۆکەم ئەست بوو کە کەشتیگەلی نازیانی خستە ژێر دەستی خۆیەوە ••• دەستووریکی هەبوو : تەنیا پاش نقووم کردنی کەشتیەکی دوژمن ، سەڵی بادەدا •

جارێکیان محەمەد حاجیفم دی • لە بویناکدا ، لە کۆلێجی لابالیلۆف/ی ڕاهێنانی مامۆستایان دەمخوێندو محەمەد حاجیف لەسەر پڕ ئاشنا بوو کە داوامان کرد قسەمان بۆ بکات •

یەکێك پرسی : « تۆ لەناو بەردان گەورە بووی چۆن بووی بە ئەدمیوان ؟ »

« کە منداڵ بووم ، لەسەر ترۆپکی شاخێکەوە قەزوینم بینی ، بانگی کردم – منیش چووم – نەمتوانی گوێ بە بانگەکەی نەدەم • »

محەمەد حاجیفی چیایی قارەمانی یەکێتی سۆڤێت لە دەریای بارینتسدا فەوتا • کۆتەلەکەی لە مەحەج قەلادا ، بەرامبەر ئەو کارگەیەی بە ناوی ئەوەوە کراوە دەڕوانێتە دەریای قەزوین • لە شاری (سیفیرۆمسك)دا قوتابخانەیەکی بە ناو کراوە •

ئەوەی ئازا بێ ئەو دەچێتە ناو دەریا ؛ بەڵام هەموویان ناگەڕێنەوە هەر بۆیەشە چیاییەکان یەکەم گوڵی بەهار دەهاوێژنە ناو دەریا – ڕێزو حورمەتە بۆ هەموو مردوەکانی • زۆر جار گوڵی منیش بەسەر شەپۆلاندا ڕۆیشتوون •

لەو شوێنەی کە حاجیف‌و کەشتیڕانەکەی لە دەریای بارینتسدا فەوتان هەموو جارێ کەشتیەکان لە شەرافەتی ئەوەوە کەمێك دەوەستن •

ڕەوشت وایە ، لە دەریای قەزوینیشدا بۆ ماوەی سێ دەقیقە لە یادی

شەهیدەکانیدا بە بێ دەنگی دەوەستن •

شاری مەحەچ قەڵامان وەکو کەشتی کەنار وەستاوە • لە مارین پارکەوە پوشکین دەڕوانێتە دەریا ، لە نزیك ئەویشەوە سلێمان ستالسکی ڕاست بۆتەوە •

باوکیشم لە ڕاستە شەقامەوە بەسەر قەزویندا دەڕوانێ •

دەڵێن ئەو شوێنەی ئێستا دەریای لێ هەڵدەچێ کاتی خۆی بیابانی ڕووتو سامناك بوە چاوی بە شاخسان کەوتوەو لە خەنی خۆشیان شینایی خۆی بە بەر پێ وەر کردوون •

دەڵێن وەختی خۆی چیاکان عەزیا بوونو هەمیشە لەگەڵ یەکدی بە شەڕ دەهاتن • کە چاویان بە دەریا کەوت لە سەرسامیان هەستیان لێبڕاو بوونە بەرد •

دایکم لایلایەی بۆ دەگوتم :

ڕۆڵە ، گەورەبیو
بەژنت بە بەژنی چیا بێ
ڕۆڵە گەورە بیو
وەك دەریا فراوان بی •

کچیش بە شۆڕەسواری خۆی هەڵدەگوت :

دیارە لە شاخی سەرکەش لە دایك بووی
بە مەردی تەپڵەت داگرتو
هەر تەماشایشت نەکردین •
دەعیەت گەورە بوە ، ها !!

شۆڕەسواری گەنجیش بە نازداری چیایی خۆی هەڵدەگوت :

خۆ لە بنی دەریاوە
بۆمان نەهاتووی ؟

چوانی وام
پێشتر نەدیوە ؟

ئەم قسەیەم لە کۆبوونەوەیەکدا بیست :

ـ ئەوە چیە ؟ قسە نەما هەر باسی دەریاو چیا ، چیاو دەریا بکەین • چیاو دەریای دیمان هەیە باسیان بکەین ـ دەریایەك باخی لیزجیو دەریایەك منکەلو چیایەك خوریمان هەیە •

ڕاستە دەڵێن : « خۆت هەر سێ گۆرانی مەڵێ • یەکی بۆ ئێمە لێ گەڕێ • خۆت هەر سێ نوێژ مەکە • یەکی بۆ ئێمە لێ گەڕێ • »

باسی ئەو دوو بەشە سەرەکییەم کرد کە داغستان پێك دێنن • باسی سێیەم ئەوەیتر هەمووە • چما ئەویش هێندە کەمە ـ ڕێگەو ڕووبارە ، درەختو گیایە ، سەراپای تەمەنم بەشی ئەوە ناکا باسیان بکەم •

گۆرانیش هەمان شتە • تەنیا سێ گورانی لە دونیادا هەیە • یەکەم گۆرانی دایکە ، دوەم گۆرانی دایکەو سێیەمیش ئەوەیدی هەمووە •

کە چیایی داوەت بکەن بچیتە میوانداریان ، دەڵێن : « وەرە ئەمان چیاکانمان ، دەریاکانمان ، دڵەکانمان هی خۆتن • وولاتمان وولاتە ، ماڵمان ماڵە ، ئەسپمان ئەسپی ڕاستەقینەیەو پیاومان پیاوە • سێیەمیان لە نێودا نیە •

پیـــاو

نووسینی سەر کێلی گۆڕێك :

ئەمە زانایەکی ناودار نیە ،
ئەمە پاڵەوانی گەل نیە ؛
بەڵام ڕێزی بگرە چونکە
پیاو بوو ، ئازاد بوو •

نووسینی سەر خەنجەرێك :

لە ڕێـگادا تووشی هەر کەس هاتی ،
دۆست بێ یان دوژمن
کە خەنجەرت پێیە ، لە بیرت نەچێ
ئەویش وەکو تۆ پیاوە •

لە زمانی ئاڤاریدا ، یەك ووشە بۆ «پیاو» و « ئازادی » بــــە کاردێ «ئۆزدەن» یانی «پیاو» و «ئۆزدەنلی» یانی «ئازادی» جا ئەگەر یەکێ بیـر

(١) (Man) دوومانا هەڵدەگرێ پیاو وئادەمیزاد •

ئۆزدەن – پیـــاو – بـکاتەوە بە « ئۆزدەنلی – ئازاد »ی دەبینێ •

چیایەك پاش بزربوونێکی زۆر گەڕایەوە نیشتمان •

لێیان پرسی :

– لەوێ چ باسە ؟ خاکیان چ خاکە ؟ چ ڕژیمیان هەیە ؟

چیایەکە وەڵامی دانەوە :

– پیاویان هەیە •

کە حاجی مورادو شامیل بوو بە دەمەقاڵیان • هەندێ کەس کەوتنە ...دەم گردنی شامیل بۆ ئەوەی نایب ڕازی بکەن •

بەڵام نایب بە توندی لـە دەمی دانەوەو گوتی : « قسەی وا نەکەن ، شامیل پیاوە • دەمەقاڵیەکمان بوە خۆمان پێك دێین • »

هـەر چـەندە حاجی موراد لە شامیل دابڕا ، بەڵام شامیل لـەدوا ...سەردا کـە لـە چیای گونیب بوو ، نەبەردیو ئازایەتی نایبی هـاتەوە یاد ، گوتی :

– مانەندی نیە ، پیاو بوو •

ســەدان ساڵ بوو پیـاو لـە شاخان **دەژیان ؛** دەبوایە هەمیشە هەر پیاوی ڕاستەقینە بن ، وا نەبوایە ژیان نەدەبوو •

چیایەك دەڵێ : « بە پیاوی بوویمو بە پیاویش دەمرم • »

دەستوورێکی چیایە : « زەویو ئەسپ بفرۆشە ، هەرچی هـــەتە بیچوێنە ، بەڵام هەرگیز پیاوی ناوەوەت مەفرۆشەو هەترەی مەکە • »

نەفرەتێکی چیایی : «یاخوا بەرەبابتان پیاوو ئەسپی تێدا نەمێنێ • »

کە باس بێتە سەر باسی کابرایەکی نابوت‌و پووخەڵە و تڕوهات جیاییەکان لە کورتی دەیبڕنەوە :«قسەی لێ‌خەسار مەکە، پیاو نیە • »

کاتێ کە یەکێك باسی ئیشێکی کرێت یان کەم‌و کورتییەك بکا جیاییەکان قسەی پێ دەبڕن : « پیاوە ، ئەمەی لێ‌ناگیرێ • »

خەڵکی کە باسی گوندێکی شڕو ناکۆك‌و ئاڵۆزو شەڕاوی‌و بە کەڵك‌چ‌نەهاتوو بکەن دەڵێن : « پیاوی تێدا نیە » کە باسی گوندێك بکەن ئاشتی‌و تەباو تفاقی باڵی بەسەردا کێشا بێ دەڵێن : «ئەوانە پیاون!»

پیاو یەکەم پێویستی‌و بایەخ‌و موعجیزەیە • پیاو کەی هاتۆتە داغستان ؟ سەرەتا لە کوێ بوو ؟ ڕەگی تاقە خێڵی جیاییەکان لە کوێوە هاتوە ؟ زۆر چیرۆك‌و ئەفسانە هەن • من بە منداڵی ئەمەم بیستوە :

مەڵ‌و دڕندە لە دونیادا هەبوون • شوونیان بە زەویەوە دیار بوو ، بەڵام هیچ شوونی پیاو (بنیادەم) دیار نەبوو • زۆر دەنگ دەهات بەڵام دەنگی ئادەمیزاد نەبوو • زەوی بە بێ پیاو وەکو زاری بێ زمان‌و سنگی بێ دڵ وا بوو •

هەڵۆ کە باڵندەی ئازاو بەهێزن ، لەسەر ئەم زەویەدا بە ئاسمانەوە دەسووڕانەوە • ئەو ڕۆژەی کە باسی دەکەم بەفر دەباری ، بەفرێکی ئەوەندە خەست بوو دەتگوت هەموو باڵندەکان پەڕو باڵیان کێشراوەو دراوەتە دەم با • هەور گوێی دەعەردی نابوو • بەفر زەوی داپۆشی بوو • هەموو شت تێکەڵ ببوو • ئاسمان‌و زەوی لێك نەدەکرانەوە • هەڵۆیەك بە ناو ئەم هەموو شتەدا دەگەڕایەوە لانەکەی • هەڵۆیەك بوو باڵی وەکو شیرو دەنووکی وەکو خەنجەر • ئایا ئەو بەرزایی لە بیر نەما بوویان بەرزایی ئەوی لە یاد نەمابوو ؟ بەڵام هەر

چۆنێك بێ خۆی بە بەردێکی ڕەق دادا • ئاڤار دەڵێن ئەمە لە چیای کویب بوە • لەك دەڵێن لە تورجیداغ بوە • لیزجیان دەڵێن لە شاخداغ بوە ، بەڵام لە هەر کوێ بووبێ شاخ هەر شاخەو هەڵۆ هەر هەڵۆیە • خۆڕا نیە کە گوتراوە : « بەردێك بە باڵندەیەك دابدە باڵندەکە دەمرێ ، باڵندەیەك بە بەردێك دابدە دیسان هەر باڵندەکە دەمرێ • »

ڕەنگە ئەمە یەکەم هەڵۆ نەبێ کە لە شاخان پەڕەم بە پەڕەم دەبێ ، بەڵام ئەمەیان کە باڵی وەکو شمشێرو دەنووکی وەکو خەنجەر وا بوو نەمرد ، باڵەکانی شکان بەڵام دڵی هەر لێی دەدا • دەنووکی بزی نەشکاو چرنۆکە ئاسنینەکانی ساغ دەرچوون • »

« ئێستا هەڵۆکە دەبوو لە پێناوی ژیانیدا تێ‌بکۆشێ • بە بێ باڵ پەیداکردنی خواردن زەحمەت بوو ؛ بە بێ باڵ زەحمەت بوو دوژمن لە خۆی پاس بکا • ڕۆژ بە ڕۆژ لە شاخێکەوەبۆ شاخێکی دی پێدا هەڵزناو هەڵکشا تا گەیشتە ئەو بەردەی حەزی دەکرد لەسەری بنیشێ‌و سەیری شاخەکانی دەوروبەری خۆی بکا •

بە بێ باڵ زەحمەت بوو بتوانێ خۆراك پەیدا بکات ، بەرگری لە خۆی بکات ، بەسەر بەرزاییەکاندا هەڵبگەڕێ ، هێلانەیەك دروست بکات • لەم هەوڵ‌و تەکانە سەخت‌و ناخۆشانەدا ماسوولکەکانی هەڵۆ گۆڕان • دیمەنیشی گۆڕا • کە لە ئەنجامدا هێلانەی دروست کرد هێلانەکە کوخێکی چیایی بووو هەڵۆی بێ‌باڵیش ببوە چیایی • »

« هەڵۆ هەستایەوە سەر پێیان‌و باڵەکانی بوو بە قۆڵ • لەتێکی دەنووکی بوو بە کەپوویەکی ڕاستەقینەو نەختێ گەورە،لەتەکەی تریشی بوو بە خەنجەرێك کە لەبەر پشتێنی چیاییاندایە • تەنیا دڵی نەگۆڕا هەر دڵی هەڵۆ بوو • »

دایکم گوتی : « کوڕم ! بەم جۆرە دەبینی هەڵۆکە چەند تەکەرەو ناخۆشی دی تا بوو بە چیایی • دەبێ ئەمە بزانیو بە هەندی هەڵبگری ••

من ناتوانم بڵێم ئەمە هەمووی ڕاستە ، بەڵام شتێکی مسۆگەر هەیە : چیایی هەڵۆیان زۆر خۆش دەوێ • بە پیاوی ئازاو کۆك دەڵێن هەڵۆ • کە کوڕێك دێتە دونیاوە ، باوکی بە شانازییەوە دەڵێ : هەڵۆیەکم بوە • ئەگەر کچێك بە لەز لە شوێنێك بێتەوە دایکی دەڵێ : هەڵۆکەم فڕیەوە ماڵێ •

لە کاتی شەڕدا کتێبێك لە بارەی قارەمانانی داغستان نووسرابوو ناوی : «هەڵۆی شاخان» بوو •

دروشمی لە ئاسن دەرهێنراوی هەڵۆ زۆر جار لە سەر دەرگەی خانووی کۆن ، لەسەر بێشکان ، لەسەر خەنجەران دەبینرێ • بێ گومان ئەفسانەی تریش هەن •

کاتێ کە بیر لە گۆڕانی ژیانی ئەم دونیایە دەکەینەوە ، کاتێ باوك کوڕی لە دوورەووڵات کوژراویان دێتەوە یاد ، یان کوڕ باوکی مردوویان دێتەوە بیر دەڵێن چیاییەکان لە هەڵۆ نەکەوتوونەتەوە بەڵکو هەڵۆکان لە چیاییان کەوتوونەتەوە •

ئەی هەڵۆینە ، کە بەسەر ڕووبارو تەلاندا دەفڕن ،
ئێوە لە کوێ هاتونو چ خوێنێکتان لە دەمار دایە ؟

— زۆر جگەرگۆشە شەهیدکراون
ئێمە دڵی ئەوانین • دڵیان باڵی لێڕواوە •

— ئەی ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی تاریک ،
ئێوە کێن ؟

— زۆر گەنجی چیایی شەهید بوون
ئێمە چاوی ئەو کەسانەین کە بۆ شەهیدان دەگرین •

هەر بۆیەشە ئێمەی چیایی هەمیشە بە هیواو خۆشەویستیەوە چاو دەبڕینە ئاسمان • سەیری ئەو باڵندانە دەکەین کە دێنو دەڕۆن • چیایی ئاسمانی شینیان خۆش دەوێ •

١٩٤٢م لە بیرە هێزەکانی مارشاڵ کلێست هەندێ چیای قەوقاسی گرتبوو • فڕۆکەکانیان چاڵە نەوتی «گرۆزنی»یان بۆمباباران دەکرد • لە چیاکانی داغستانی خۆمانەوە دووکەڵەکەمان دەدی •

لەوان ڕۆژاندا نوێنەری لاوانی گەلەکانی قەوقاس لە گرۆزنی یەکدیگر ببوون • منیش یەکێك بووم لەوان •

ڤالنتین ئەمیرۆڤی باڵەوانی یەکێتی سۆڤیت ، کە فڕۆکەوانێکی ناوداری لیزجیان بوو ، وتارێکی دا • هەرگیز دوانەکەیم لە بیر ناچێ • ئەو دوو سێ قسەم لە بیر ناچێ کە پاش کۆبوونەوەکە لەگەڵی کردین کە ڕۆیشت سەرنجێکی سووکی لە ئاسمان دا :

« بەلەم بچمە ئەوێ • لەوێ پێویسترم تا لە سەر زەوی • »

دوای دوو حەفتە لەناو چوو • ئەم کوڕە قۆزەی داغستان ئاگری لێبەر بوو ، کلوکۆی دامردەوە • بەڵام هەر کاتێ هەڵۆیەك ببینم بە ئاسمانەوە بە سەر سەرماندا بفڕێ وا دەزانم دڵی ئاگرینی ڤالنتین ئەمیرۆڤی تێدا لێدەدا •

١٩٤٥ • مۆسکۆ • ئێمەی قوتابی هەموو ڕۆژێ دەچووینە دایەرەی نوێنەری داغستان و دەنگو باسی داغستانمان وەردەگرت • کۆمارەکەمان خۆی بۆ ئاهەنگی یادی بیستو پێنج ساڵەی دامەزراندنیەوە ئامادە دەکرد • جارێکیان لەوێ تووشی (نەبی ئەمینتایێف) بووم کەس نیە لە داغستان نەو لەکە ، ئەو گەنجە بێنازە ، ئەو شۆڕەسوارەی

ئاسمانان نەناسێ کە زۆر جار بە پەڕەشووت خۆی فڕێ دابوە ناو جەرگەی دوژمن‌و هەموو جارێش بە ساغ‌و سەلامەتی گەڕابوەوە • گوتم ، ئێستا ئەوە شەڕ کۆتایی هات • جا بگەڕێوە داغستان •

ـ ئاسمان هەر ماوە •

پاش چەند ڕۆژێ ڕاقدا وێنەکەی لەگەڵ ئەم ڕون کردنەوەیەدا بلاوکردەوە :

« نەبی ئەمینتایف ، کە خودانی ڕیکۆردی جیهانیە لە بازدانی پەڕەشووت ، ڕیکۆردەکەی پێشکەشی داغستان کردوە • »

دوای چەند ڕۆژێ تووشی (نەبی) بوومەوە :

« لەگەڵم وەرە بچینەوە داغستان • »

« ئاسمان چاوەڕێیە بە بێ ئەو هەڵناکەم • »

عەمر درێژ نەبوو • ڕۆژێکیان پەڕەشووتەکەی نەبوەوە وەك هەڵۆیەکی باڵشکاو ورشەی هات‌و بە عەردی کەوت • لەو ساوە چەند ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە بەڵام ئێستاش هەر کاتێ لە ئاسمانەوە قیڕەی هەڵۆیەکم دێتە بەر گوێ وا دەزانم ئەوە دڵی خوریەداری (نەبی)یە لە ناو سنگی ئەو هەڵۆیەدا لێ‌دەدا •

(ڕەزەدا)ی نازدارم لە بیرە لە ئاسمانی داغستانەوە بازی دایە سەر شاخی گونیب • ڕۆژی خۆی گەلێ پەندوری لە ژێر پەنجەرەدا لێ‌دراو شاعیرو لاو نەمـا شیعری بۆ نەڵێ • زۆر کەس چاوی بڕیبوە پەنجەرەی خانو کەرپووچە بچکۆلانەکەی (بویناکسك) • لە خونزاخ ، لە گونیب ، لە کوموخ ، پیاو ئەسپیان زین کرد • بە تەما بوون ئەو خاتوونە نازدارە کەزی‌شۆڕە بفڕێنن ، بەڵام ڕۆژێ یەکێك لە لینینگرادەوە

هات • (ڕەزەدا) کەمانی خستە ناو فڕۆکەیەك‌و بردی • کچە لە ئاسمانەوە دەستی لە داخوازی‌کەرەکانی هەڵوەشاند کە لەسەر زەوی بوون‌و شاعیرە دەم‌بەش‌بوەکانمان هەر هێندەیان پێ‌ما تێی‌ڕابمێنن‌و لیبەر بەو کۆترە باریکەیە هەڵبڵێن کە هەڵۆیەك فڕاندی •

کە شەڕ داگیرسا (ڕەزەدا) لە لینینگراد بوو • نووسیویە :

« لەم شارەدا ئیتر شەوی سپی نەماوە بگرە ڕۆژیش هەر ڕەشە • لینینگراد کڵپەی دێ • منیش بوومەتە بڵێسە • لەناو دووکەڵ‌و مەرێزەدا تەماشای ئاسمان دەکەم • بەڵام لە ئاسمانیشدا هەر شەڕە • سەیدی مێردم زۆر جار چۆتە پشتەوەی دوژمن • تا ئێستا سێ جار ئاگادار کراوم کە مردووە • دختۆر بووو لە تیپی پەڕەشووتدا کاری دەکرد • لەو کەسانەم دێنە لا کە ئەو ڕزگاری کردوون • »

(ڕەزەدا) گەڕایەوە داغستان‌و کە گوێی لە هەڵۆیەك دەبێ لە ئاسمانەوە دەقیڕێنێ وا دەزانێ دڵی سەیدی لە ناو سنگی ئەم هەڵۆیەدا لێ‌دەدات •

نەخیلجی برام ••• تۆ لە خاکیترین کۆلێژدا دەتخوێند • لە لامۆزگەی کرت‌وکێلدا دەتخوێند • بەڵام لە شەڕدا ئاسمانت هەڵبژاردو بوویە فڕۆکەوان • لەسەر دەریای ڕەش ڕەش بوویتەوە • بیست‌و دوو ساڵان بووی • دەزانم قەت تازە نایەیتەوە ماڵێ • بەڵام هەر کاوێ هەڵۆیەك بەسەر سەرمەوە بقیڕێنێ وا تێ‌دەگەم کە ئەوە دڵی نەخیلجیەو سلاوی برایانەم بۆ ڕەوانە دەکات •

هەڵۆ بە ئاسمانی داغستاندا دەسووڕێنەوە • گەلێ زۆرن • بەڵام زۆر پیاوی ڕەشیدیش هەن کە گیانیان لە پێناوی وولاتەکەیانەوە

بەخشیوە • هەر قیڕەیەکی هەڵۆیەک باسی دەسکەوتێکی ئازایانە دەکا،
هەر قیڕەیەك گۆرانییەکی جەنگە •

دەزانم ئەمە هەمووی فەنتازیە ، خەڵك دەیانەوێ وا بێ • بەڵام ئەمن دەزانم کابرایەکی ئاندی چی بەو پیاوە گوت کە بە لووت بەرزی دەسووڕایەوە :

« هەتا هەڵۆش ناچار بوون دابەزنە سەر زەوی بۆ ئەوەی بە بنیادەم ؛ دەبێ تۆش لەبەرزاییخۆت دابەزیە خوارێ • »

هەموو کەس لێرە لەسەر زەوی لە دایك بوە • چیایی بۆ چیایە چونکە پیاوی شاخانە ، پیاوی سەرزەویە بلا خەڵکی لە گۆرانی و ئەفسانانەدا بفڕن • ئێمە زۆرمان مەراق ئەم ووشەیەیە : «فڕین» • کە سوار ئەسپێك غار دەدات دەڵێن : «فڕی» • گۆرانی دەفڕێ ، زۆربەی گۆرانیەکانمان لە بارەی هەڵۆیانن •

زۆر ڕەخنەم لێ گیراوە کە لە شیعرەکانمدا گەلێك باسی هەڵۆ دەکەم ، بەڵام چ بکەم ئەگەر ئەو باڵندەیەم لەوانەیدی هەموو خۆشتر بوێ ؟! هەڵۆ دوورترو بەرزتر دەفڕن ، کەچی باڵندەکانیتر بەسەر ئەبارەدا زیقەو هەرایانە • دەنگی هەڵۆ ساف و گەورەیە • باڵندەکانی دی تەنیا کزەبایەکی بێ داغستان بەجێ دێڵن و دەفڕنە وولاتی بێگانان ، بەڵام هەڵۆ وا نین • هەر چەندە هەوای تووش بێ ، هەر چەندە تەقەیان لێ بکرێ شوێنی خۆیان قەت بەجێ ناهێڵن • هەواری پشوودانیان نیە • باڵندەکانی دی لەسەر زەوی دەخشێن ، لە بانێکەوە بۆ بانێکی دی ، لە دووکەڵکێشێکەوە بۆ دووکەڵکێشێکیتر لە زەویەکەوە بۆ زەویەکی تر قوونە فڕە دەکەن • بە دۆڵی بچکۆڵە دەڵێن دۆڵی چۆلەکان بەڵام بە شاخی گەورە دەڵێن شاخی هەڵۆ •

هەڵۆی شاخان

ئیسماعیلم هێز و مەزناتی لەسەر دەڕژێنەوە •
بۆ باڵندەی دەنگخۆشە
وەك خواکان ،
هەڵۆی لەبەردی بەسەردا دەفڕی

هەمیشە هەڵۆ بە ئاسمانەوە دەبینین •
ڕۆژی تووش و ڕەشەبا ، هێلانەی خۆی دەپارێزێ •
هێلانە لە شاخی
هەڵمووت و ترسناك دەکا •

وا دەبێ هەڵۆیەك دەفڕێ و
بە سەربە رزی ئەمو تومان بە باڵەکانی شەق دەکا
دەپەڕێ ، دەڵێی لە ئەشکەوتایە
شەپۆلی زەریای شین شەق دەکا •

هەڵۆ زۆر بەرز دەفڕێ •
وەك نۆبەتداری هۆشیار وایە •
لە قەل گوێیان لە دەنگی دەبێ •
بە زەوە لە بەری هەڵدێن •

هەز دەکەم دانیشم و
ماوەیەکی زۆر وەك دەوری منداڵی
چاو لە لرۆیەکی سپی زەق کەمەوە
سەیری سوڕانەوەی هەڵۆی مەزن بکەم •

وا دەبێ وەك دەورییە لە سەر چیا دەوەستن
یان لە دەشت دەبزوون
ئیسماعیلی من بە پیاوی هەرە ئازا دەڵێ :
« هەڵۆی شاخان » •

مەرج نیە هەر پیاوێکی لە دایك بوو پیاوێکی ڕاستەقینە بێ •
مەرجیش نیە هەر باڵندەیەکی بفڕێ هەڵۆ بێ •

بەلای ژاپۆنەکانەوە خۆشەویسترین باڵندە قورینگە • دەڵێن ئەگەر نەخۆش هەزار قورینگ لە کاغەز ببڕێ چاك دەبێتەوە • هەمیشە بیری خەمو خۆشی ، پێك گەیشتنەوەو لێك جودابوونەوە ، خەون‌و یادی شیرین بە قورینگی هەڵفڕیو دەبەستنەوە • بە تایبەتی ئەوانەی کە بەسەر (فوجی‌یاما)دا دەفڕن •

منیش قورینگم خۆش دەوێ ، بەڵام کاتێ کە برادەرێکی ژاپۆنی لێی پرسیم ، داخۆ چ باڵندەیەکم لە هەموویان خۆشتر دەوێ گوتم : هەڵۆ • پێی خۆش نەبوو • دوای ئەمە هەندەی پێ‌نەچوو لە پێشبڕکێی تۆکیۆدا قارەمانەکەمان پاڵەوانیەتی جیهانی بردەوە • ئەو حەلە برادەرە ژاپۆنیەکەم گوتی : « هەڵۆکانی ئێوەش باشن ! باڵندەی جوانن ! »

کاتێ کە باسی شەڕێکی نێوان هەڵۆو لەقلەقانی ئاسمانی تورکیام بۆ چیاییەکانمان کردو ناچار بووم پێ لێ‌بنێم هەڵۆ دۆڕاندوویانە گوێگرەکانم تاسان‌و تووڕەش‌بوون ؟ نەیاندەویست پێم بڕوا بکەن ، بەڵام ڕاستی ڕاستیە •

لە ئەنجامدا یەکێ گوتی : ڕاست ناکەی ڕەسووڵ هەڵۆکان نەبەزیون • دڵنیام ـ هەموو کوژراون ـ بەڵام ئەمەش شتێکی‌ترە • »

برادەرێکی بە ناوبانگم هەبوو • ئەحمەدخان سولتان • دوو جار پاڵەوانێتی یەکێتی سۆڤێتی وەرگرت بوو • باوکی داغستانی بوو ، دایکی تەتەر بوو • ماڵی لە مۆسکۆ بوو • داغستانی بە پاڵەوانی خۆیان دادەناو تەتەریش بە هی خۆیان •

جارێکیان لێم پرسی «پاڵەوانی کامەیانی ؟ »

ئەحمەد خان وەڵامی دامەوە : «من نە تەتەرم ، نە لەکم • من پاڵەوانی یەکێتی سۆڤێتم • بەڵام کوڕی کێم ؟ کوڕی دایك‌و باوکی خۆمم • بۆچی دەتوانی لێکیان جودا بکەیتەوە ؟ من پیاوم • »

جارێکیان شامیل لە محەمەد تاهیرولکەرخی سکرتێری خۆی پرسی :

— داغستان چەند پیاوی تێدایە ؟

محەمەد تاهیر تۆماری کردەوەو ژمارەکەی دایە •

شامیل تووڕە بوو ، گوتی :

— پرسیاری پیاوی ڕاستەقینەم لێ‌کردووی ؟!

— ئاخر شتی وام تۆمار نەکردوە •

ئیمام ئەمری پێ‌کرد :

لە بیر نەکەی ئەمجارە یەکەم جەنگ بوو تۆماریان بکە •

چیاییەکانمان دەڵێن : بۆ ئەوەی نرخی ڕاستەقینەی پیاوێك بزانی دەبێ لەبارەی ئەم شتانەوە بپرسی :

١ ـ بەدبەختی
٢ ـ شادی
٣ ـ ژن
٤ ـ شمشیرەکەی
٥ ـ زیو
٦ ـ بوتل
٧ ـ خۆی •

بەڵێ پیاوو ئازادی ، پیاوو سەربەرزی ، پیاوو نەبەردی ، هەموویان لەناو یەك بردا دەتوێنەوە • چیایی هەڵۆ بە دوو ڕوو نابینن • دوو

ڕوویی دەدەنە پاڵ قەلەڕەشکە • پیاو تەنیا ناو نیە • بانگ کردنە • بانگ کردنێکی بلندیشە ، بە ئاسانی نایەتە دەست • بەر لە ماوەیەك لە بوتلیخ گوێم لە ئافرەتێ بوو ، گۆرانی بە کابرایەکی خوێڕی هەڵدەگوت :

لە ئەسپ نەختێکت تێدایە :
لە مەڕ نەختێکت تێدایە ،
لە کلاوکوڕە نەختێکت تێدایە •
لە ڕێوی نەختێکت تێدایە ،
لە ماسی نەختێکت تێدایە ،
بە لام ، بەڵام کوا پیاوەتی ؟
کوا ، کوا ، سەربەرزی ؟!

گۆرانیەکی‌ترم هەر لەوەوە گوێ لێبوو لە بارەی کابرایەکەوە کە دەرکەوتبوو درۆزنە :

وام دەزانی پیاوی
نهێنی خۆم بۆ درکاندی •
گوێزەکە پووچ دەرچوو ،
وا لە ڕێگادا تەنیا مامەوە •

سووچی خۆمە ، بە داخەوە ،
تا درەنگ نەمناسیت •
تۆ بەرگێکی بێ لەشی ،
تۆ تەپلەیەکی بێ‌سەری •

کچێك بە دوای زاوایەکدا دەگەڕا ، گازاندەی دەکرد :

— ئەگەر لە تەپڵەبەسەرێك بگەڕابامایە لە مێژ بوو دۆزیبوومەوە •
ئەگەر لە خاوەن جووتێ سمێڵ بگەڕابامایە لە مێژبوو دۆزیبوومەوە،
بەڵام من لە پیاوێك دەگەڕێم ، پیاو •

لە شاخان کە یەکێ مەڕێك دەکڕێ تەماشای دوونگی قەڵەوی ، خوریەکەی ، نەرمو لووسیەکەی دەکات • کە ئەسپێك دەکڕێ تەماشای

ساوڕکی ، لاقی ، سەراپای دیمەنی دەکات • بەڵام ئەدی چۆن دەتوانێ پیاوێك هەڵسەنگێنێ ؟ سەیری کێندەرێی دەکا ؟ سەیری ناوو کردەوەکانی دەکات • بە ڕێکەوت لە زمانی ئاڤاریدا ووشەی (ناو) دوو مانای هەیە : یەکەم ئەو ناوەی کە هەیە • دوەم کردەوەو ئیمان و بە جەرگی • کە کوڕێك لە دایك دەبێ دەڵێن : « تسیار بوکەپ ، تسیار بە تەکی » واتە یاخوا سەربەرزی ناوی خۆی دەقەبەر بکات، ناوێك کردەوەی تێدا نەبێ دەنگێکی بۆشەو هیچی‌تر •

دایکم دەرزی داوم :

« هیچ پاداشتێك لە ناوی پیاوو هیچ گەنجینەیەك لە ژیان گەورەتر یە • بیانپارێزە ! »

نووسینی سەر کەلەشاخێك :

ڕێگای بەرەو مرۆڤ
کورت نەبوو •
بەڵام سەرخۆش ڕێی پێچەوانەی گرتو
بە سەعاتێك بوو بە ئاژەڵ •

کاتێ کە شامیل پەنای بردە بەر شوێنێکی سەختو عاسێ لەسەر چیای گونیب ، ڕێگەی دیل بوونی نەبوو ، بەڵام خائینێك ڕەوەزە نهێنیەکەی پێشانی دوژمن دا • مارشال میر باریاتینسکی بەزێڕ خەڵاتی کرد •

پاشان کە شامیل برایە (کالوگە) خائینەکە گەڕایەوە ماڵی باوکی بەڵام باوکی گوتی : «تۆ خائینی ، تۆ چیایی نی ، تۆ پیاو نی ، حاشا تۆ کوڕی من نی • »

بەدەم ئەم قسانەوە کوڕەی کوشتو سەرکی لێ کردەوەو لەگەڵ

زێڕەکەدا لەسەر شاخێك گلۆری کردەوە ناو ڕووبار • باوکە خۆیشی چیدی ڕووی هەڵنەهێنا لەو گوندە بمێنێتەوە • چاوو ڕووی نەبوو تەماشای دۆستو دراوسێکانی بکات • ئیدی سەری هەڵگرتو ڕۆیشت • ئەوساو ئێستاش کەس نەیزانی چی بەسەر هات •

لەو ساوە تا ئەمڕۆش هەر چاییەك بەو شوێنەدا ڕەت بێ کە سەری خاینەکەی لێ گلۆر کرایەوە بەردی تێدەگرێو ڕەجمی دەکا • دەڵێن هەتا ئەو باڵندانەش کە بەسەر شاخەکەدا دەفڕن هاوار دەکەن : «خاین ! خاین !»

جارێکیان ، مەحەج دەخەدایێف بۆ سەرباز کۆکردنەوە چووە گوندێکی چایی • لە گوندەکەدا دوو پیاوی دی یاریان بە کاغەز دەکرد •

« السلام علیکم ! پیاوتان لە کوێن • بانگیان کەنە ئێرە • »

« بێجگە لە ئێمە گوند هیچ پیاوی تێدا نیە • »

« ئاخ ئەمە چ جۆرە گوندێکە پیاوی تێدا نیە ؟ ئەدی لە کوێن ؟ »

— « لە شەڕن • »

« ئای ! دیارە خەڵکی گوندەکەتان هەموو پیاون تەنیا ئێوە ئەم دووەتان نەبێ • »

ئەبوتالیب شتێکی بەسەر هات • سەعاتەکەی بردە لای سەعاتچیەك بۆی چاك بکاتەوە • ئەو کاتە سەعاتچییەکە خەریکی چاکردنەوەی سەعاتی گەنجێك بوو کە لەوێ دانیشتبوو •

سەعاتچییەکە بە ئەبوتالیبی گوت : «دانیشە !»

«نەخێر ئێستا پیاوێکت لە کنە جارێکی‌دی دێمەوە • »

سەعاتچییەکە بە سەرسامیەوە پرسی : «کوا پیاو ؟»

« ئەم کوڕە گەنجە ••• »

« ئەگەر پیاو بوایە کاتێ تۆ هاتیە ژوورێ یەکسەر هەڵدەستاو جێی بۆ چۆل دەکردی • چ لە داغستان کەم نابێ ئەگەر سەعاتی کابرایەکی ــ بەکەڵك چ نەهاتوو ــ پاشو پێش بکات بەڵام پێویستە سەعاتی تۆ ڕاستو دروست بێ •

پاشان ئەبوتالیب دەیگوت کاتێ کە نازناوی شاعیری گەلی داغستانی پێدراوە ئەوەندەی قسەکانی سەعاتچییەکە هەسەوەسی پێ نەهاتوە •

سێ نەتەوە لە داغستاندا هەن ؛ بەڵام پیاوی ژیر دەڵێن داغستان تەنیا دوو پیاوی لێ هەیە •

« ئەمە چۆن دەبێ ؟ »

ئاسانە یەکێ پیاوی باشە ، یەکێ خراپ •

« ئەگەر ئەو حسێبە بکەی ، تەنیا یەك پیاو لە داغستاندا هەیە ، پیاوی خراپ پیاو نیە • »

لە (کوشین)ێ وەستا تەپڵە دروست دەکەن ، بەڵام هەندێ کەس لە سەری دەنێنو هەندێکی‌دی بە ڕستەکەی وەدەکەن • ئاسنگرەکانی (ئامکوزین) خەنجەر دروست دەکەن ، بەڵام هەندێ کەس لەبەر پشتی پادەکەنو هەندێکی‌دی بە سنگولکەی وەدەکەن •

وەستاکانی (ئاندی) کەپەنك دروست دەکەن ، بەڵام هەندێ کەس لە کاتی تەڕو تووشی لەبەری دەکەنو هەندێکی‌دی لەناو سندوق هەڵیدەگرن •

لە بارەی خەڵکیشەوە هەمان شتە • هەندێك هەمیشە سەریان ماڵە • لەبەر ڕۆژو لەبەر (با)دا هەر ئیش دەکەن • کەچی هەندێکی‌دی

وەکو کەپەنکی ناو سندوق‌و تەپڵەی سەر ڕستەکەو خەنجەری بە سنگولکەوە کراو وان • دەڵێی سێ پیرەمێردی ژیر چاو دەبڕنە داغستان • سەدان ساڵ ژیاون • هەموو شتێکیان دیوەو هەموو شتێک دەزانن ، یەکێکیان لە ناخی مێژووی کۆنەوە سەیری گۆڕستانی ئۆن دەکات‌و بیر لەو باڵندانە دەکاتەوە کە بە ئاسماندا دەفڕن ، دەڵێ «داغستان پیاوی تێدا بوە •» ئەوەی دوەم تەماشای جیهانی ئەمڕۆ دەکا ، پەنجە بۆ ئەو گلۆپانە درێژ دەکا کە لە داغستان دەدرەوشێنەوە ، ناوی پیاوە کۆک‌و ماقوڵەکان دێنێ ، دەڵێ : داغستان پیاوی تێدایە ، ئەوەی سێیەمیش پاشە ڕۆژ دەنرخێنێ ، سەیری ئەوبناخانە دەکات کە ئەمڕۆ بۆ دوا ڕۆژ دایاندەنێین ، دەڵێ : «داغستان پیاوی تێدا دەبێ» •

من لەو بڕوایەدام هەر سێکیان ڕاست دەکەن •

ماوەیێ لەمەو بەر ئاندریان نیکۆلایف/ی ئاسمانەوانی ناودێر میوانی داغستان بوو هاتە ماڵی منیش • کچە بچکۆلەکەم پرسی :

«داغستان هیچ ئاسمانەوانی تایبەتی خۆی نیە • »

وەڵامم دایەوە « نە• » •

«بەڵام دەبێ وا نیە ؟! »

« با • دەبێ • • »

دەبێ چونکە منداڵ دێنە دونیاوە ، چونکە ئێمە ناویان لێ دەنێین ، چونکە پێدەگەن‌و نیشتمانەکەیان پێش دەخەن • هەر هەنگاوێکی دەیهاوێن لە ئامانجی پیرۆزیان نزیک دەکاتەوە • چۆن ئەگەر گوندێک ئاشتی‌و تەباو تفاقی باڵی بەسەردا کێشا بێ ئێمە دەڵێین (پیاوی تێدا دەژی)بلا منداڵەکانیشمان هەمان قسە دەرهەق داغستان بکەن •



گەل

پیاوێ بتوانێ بێ هەراو هوریا شاد بێ ،
پیاوێ بتوانێ بە چاوی مۆلەق بگری ،
پیاوێ بتوانێ بێ ئۆف‌و ناڵە بگری ،
ئەوە پیاوە : چیاییە ، ڕۆڵەی شاخانە •

ساڵی ١٩٥٩ ، کە لە ئەمریکا هاتمەوە دایکم لێی‌پرسیم : « پێم بڵێ ، ئەمریکا بە قەد وڵاتی ئێمە گەورە دەبێ ؟ ئەرێ ئەوان زۆرترن یان ئێمە ؟ »

لە گوندێکی کپ‌و نووستوودا ، چ لە کاتی باران‌و چ لە کاتی خۆشیدا بێ ، بە توندی لە پەنجەرەیەک دەدرێ :

« هۆ ، چ پیاو لەوێیە ؟ ئەسپەکەت زین کە ! »

« ئەتۆ کێی ؟ »

« ئەگەر ئەم پرسیارە دەکەی ، لە ماڵی خۆت بمێنەوە ، تۆ بە کەڵك نایەی • »

دیسان : تەپ ، تەپ •

« هۆ ، چ پیاو لەوێیە ؟ ئەسپەکەت زین کە ! »

« بۆ کوێ ؟ بۆچی ؟ »

« ئەگەر دەپرسی بۆ کوێو بۆچی ؟ لە ماڵی خۆت بمێنەوە ، تۆ بە کەڵك نایەی • »

بۆ جاری سێیەم تەپەتەپ دێ :

« هۆ ، چ پیاو لەوێیە ؟ ئەسپەکەت زین کە ! »

« ڕاست بڕۆ ، ئامادەم • »

ئەمەیە پیاو ، ئەمەیە چاپیی ! بەم جۆرە دوو سوار سوار بوونو ڕۆیشتن • تەپ ، تەپ !

« چ پیاو لە ماڵە ؟ ئەسپەکەت زین کە ! »

ئێستا تەنیا دوو یا سێ یا دە کەس نەبوون ، بەڵکو سەدانو هەزاران بوون • هەڵۆ فڕیە لای هەڵۆ ، پیاو خۆی دایە پاڵ پیاو • بەم جۆرە گەلی داغستان هاتە کایەوە • (با)ی گەلیان بێشکەی ڕاژەنی ، جۆگەلەی شاخان لایلایەی گوت •

— لە کوێ بووی دینگیر دانگارچۆ ؟

— دینگیر دانگارچۆ لە دارستان بوو •

کە کوڕێك لە دایك دەبوو ، خەنجەرێکیان دەخستە ژێر سەرینەکەی ، لێی نووسرابوو :

« باوکت دەستێکی هەبوو هیچ نەدەپەنگایەوە ، یاخوا دەستی بابی وا بێ • »

کە کچێك لە دایك دەبوو ، شەقشەقەیەکیان بە لانکەکەی وەدەکرد لە سەری نووسرابوو : «ببیە خوشکی حەفت برایان ! »

لە دۆڵان جۆلانە بە پەتەوە هەڵدەبەسترێ ، لە زنجیرەوە بە [illegible] دەبەسرێتەوە • کوڕ پێدەگەن ، کچ پێدەگەن • گەلی داغستان پێگەیشتوە • سمێڵی هاتوە • ئێستا سمێڵەکانی دێنە [illegible] •

بەم جۆرە داغستانیەکان زیادیان کردو بوون بە ملیۆنێكو سەد هەزار • ناوبانگیان بەسەر شاخە دوورەکاندا بڵاو بوەوە ، ئاگریان خستە دڵی لەرزۆکی ئەو داگیرکەرانەی دەستی چنۆکیان بۆ داغستان [illegible] کرد بوو •

داغستانیەکان گوتیان : « وازمان لێبێنن بە ئاشتی لەبەر ئاگردانی خۆمان ، لەگەڵ ژنو دایكو باوکمان دانیشتووین ، ئەوەتا ئێمە زۆر کەمین • »

دوژمنەکانمان وەڵامیان دایەوە : « ئەگەر ئێوە کەمن ، هەر یەکەتان دەکەینە دوو کەرتو جا زۆر دەبن • »

بەم جۆرە شەڕ دەستی پێکرد •

داغستان بوو بە بڵێسە • سەد هەزار ڕۆڵەی جوامێری داغستان لە قەد شاخان ، لە دۆڵان ، لە هەڵەمووتو هەڵدێران فەوتان — ئازاترین ، بەهێزترین ، ئازاترین کەس بوون •

بەڵام هێشتا ملیۆنێك مایەوە ، دیسان (با) لانکی ڕاژەنیو لایلایە

نەبڕایەوە • سەد هەزار کوڕی تازە لە داغستان پێ گەیشتن • بە ناوی پاڵەوانە شەهیدەکان کران • ئینجا هێرشێکی پێخواسان بەرەو داغستان هات •

شەڕێکی گران قەوما • هات و هاواری ئەو شەڕە گەیشتە ئاسمان • سەری ڕەق وەك بەرد گلۆر دەبوونەوە ناو گەڵیان • سەد هەزار ڕۆڵەی جوامێری داغستان فەوتان • سەد هەزار جەنگاوەر ، سەد هەزار جوتیار ، سەد هەزار گەنج ، سەد هەزار باوك •

بەڵام ملیۆنێك مایەوە • دیسان لانك دامەزران و لایلایە گوترا •

— لە کوێ بووی دینگر دانگارچۆ
— دینگیر دانگارچۆ لە دارستان بوو •

سەد هەزاری تر پێ گەیشتن • ئینجا شاهنشای ئێران ، نادری مەرگچێن هات ، ویستی دونیا داگیر بکات و بە تەما بوو بە تاکە زەبرێك داغستان تەخت بکات •

شاهەنشا پێش شەڕ دەیگوت :ـ

« فوویان لێ دەکەم و وەك تۆز بەبایان دەکەم ، بە ڕاستی ئەم مشکانە دەیانەوێ لە ڕووی پشیلەکانم هەڵقۆزنەوە »

بەڵام کە شەڕ بڕایەوە دەیگوت :

« ئامادەم هەموو لەشکرەکەم بە مورتەزالی قارەمان بگۆڕمەوە • »

شانادر زۆر قسەی قەڵەوی کرد • بەڵام تۆ هێزی گات لە بۆڕەبۆڕەوە بۆ دەرناکەوێ • بەڵکو لە ئیش کردنەوە • چیاییەکان شاهنشایان بە فڕین ڕەوانە کردەوەو وەك (با)و خۆڵەمێش سەربازەکانیان ڕاداو دۆڵی ووشك و سووتاوی (چوخ)یان بە خوێنی خۆیان و خوێنی دوژمنان ئاو دا • لەو کاتەوە بۆتە پەند لە ئێران :

« ئەگەر شا گەوج بێ دەچێ داغستان داگیر بکات • » لە تاران لەعلی زێڕینی نادرم بینی لە هیندەوە هێنابوویان • لە زۆر وڵاتدا پەیکەرەکەیم دیوە • شمشیرە کەوانەکەیم دیوە • برادەرە ئێرانییەکانم دەیانگوت :

« ئەم شتە بچکۆڵەیە نیوەی دونیای خستە ترس و مل کەچی • »

« بەڵام نەیتوانی بگاتە داغستانی بچکۆلە • »

لە میشمیخت دیوارەکانی موزەخانەی شا بە شیعری ئەو کەلە شاعیرانە ڕازاوەتەوە کە بە کردەوەکانی شایان هەڵدەگوت بەڵام گەلی داغستانیش ، سێ سەد ساڵە گۆرانیەك لە بارەی ئەم شایەوە دووپات دەکاتەوە :

ڕاکەن ، خۆتان دەرباز کەن ، ناتانکوژین ،
بەسەرتان دانادەین •
بە زیندوویی بەرتان دەدەین •
تا باسی هەلاتنی خۆتان
بۆ ئەوەکانی دادێ بکەن •

ئێرانی لەو بڕوایەدان کە شا گەلە پەرت و بڵاوەکانی یەکانگیر کردووەو وڵاتێکی گەورەی ئێرانی دروست کردوە • ڕەنگە ئەمە وا بێ ، بەڵام من ئەوەی دەخەمە سەر کە یارمەتی یەکگرتنی گەلە پەرتەکانی داغستانی داوە • دڵی پیاوەکانی کردۆتە یەك • ڕقی هاوبەشیان بەرامبەر شای ئێران یەکی خستوون •

لە شەڕی دژی شادا ، داغستان سەد هەزار ڕۆڵەی جوامێری لەناو چوو : شوان ، ڕاوکەر ، بەردتاش ، کرێکاری ئاسن ، جوتیار ، شاعیر ، لەناوچوون •

بەڵام ملیۆنێك مایەوە . لانك دامەزران ، لایلایەی ناسك گوترا ، شۆڕەسوار دەزگیرانیان گواستەوە . لە ژێر یەك کەپەنك ڕاکشان . یەکتریان گرتە هامێزو گەلی داغستان بەردەوام بوو . سەد هەزار کوڕو کچی نوێ لە دایك بوون . سەد هەزار داس ، خەنجەر ، باندوور ، دەهۆڵ . ئینجا شەڕێکیتر دەستی پێکرد . تۆپ لە دۆڵو ڕێگەی چەقێندا تەقینەوە ، تەور لە دارستانەکانی قەدشاخان جرتەیان هات . سونگی بریسکایەوەو گوللە گیزەی هات .

لە ئۆراڵەوە تا دانوب ،
تا زێی گەورە ،
لەشکر شەپۆل دەدا
شەپۆل دەداو دەبریسکێتەوە .
مووی سپی وەك گیای دەشت
دەلەرێتەوە .
سوارەی ڕازاوە
تۆز دەکاو دەڕوا
پەلی جەنگاوەران
ڕیز ڕیز دەڕۆن
ئالایان لە پێش دەشەکێتەوە
کەڕەنا لێدەدەن .
تۆپ داوێن .
بۆمبا دەتەقێ .
دوگەل دەدەمێ .
سوپا سالاری ئەم لەشکرە
سەرکردەیەکی ڕیش سپییە : ئاگری لە چاوان دەبارێ .
لە باهۆزی شەڕ ڤاڵ بوە
پەلی جەنگاوەران بە سەربەرزی دەڕوا .
وەك ڕوبار خوڕەی دێ .
وەك هەوری ڕەش مەندە .
بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوا .
کازمیك بە ڕوگرژی کەوتە ژماردنی دوژمن .

لەبەر بیری ڕەشو پیس داوەشا بوو .
خەیاڵی ڕەشی لە سەردا بوو .
لەگەڵ ئەمەشدا پێی نەژمرا .

دوژمن نەدەهاتە ژمارە . گۆرانیەکانمان دەڵێن یەك بە سەد بوو . پیرەمێردەکان دەڵێن : « یەکێ قۆڵێکی بپڕایەوە بە قۆڵەکەی دی دەجەنگا . سەرێ بپەڕیبوایە ، لەشی بێسەر دەکەوتە شەڕ . ڕێگەو شیو پڕ کەلەشە ئەسپ بوون . زەلام لە بڵندەوە یەکسەر بازیان دەدایە سەر نووکە قەمان ، پێیان دەگوتین : بەسیەتی خوێن ڕشتن . دەستکردنەوە سوودی نیە . بۆ کوێ دەچن ؟ باڵتان نیە بەرەو ئاسمان بفڕن ، چڕنۆکتان نیە زەوی هەڵکۆڵن .

بەڵام شامیل وەڵامی دانەوە :ـ

« باڵ هەیە ـ شمشیری من ، چڕنۆك هەن ـ خەنجەرەکانمان ، تیرەکانمان . »

چیایەکان بیستو پێنج ساڵ بە سەرکردایەتی شامیل شەڕیان کرد . لەم ماوەیەشدا نەك تەنیا دیمەنی داغستان گۆڕا . بگرە ناوی جێگاو ڕوبارەکانیش گۆڕان . (ئاڤار قۆیسو) بوو بە (قەرەقۆیسو : واتە ڕوباری ڕەش . چیای بریندارانو دۆڵی شەهیدانو ڕوباری ڤالیریك ناو بانگیان دەرکرد . ڕێبازی شامیل، ڕێگای شامیل ، سەمای شامیل بوونە بەشێکی یادو بیرەوەری گەل .

چیای گونیب شوێنێکی پڕ کارەساتی شەڕ بوو . لەوێ لەسەر ئۆبکەکەیدا ئیمام دوا نوێژی کرد . لە کاتی نوێژکردندا گوللەیەکی بە دەستی بەرزەوە بوو کەوت . بێ سلەمینەوە نوێژەکەی تەواو کرد . خوێن ڕژایە سەر ئەژنۆیو سەر ئەو تاتەی لە سەری وەستا بوو . بەڵام ئیمامی بریندار نوێژی نەبڕی ، تەواوی کرد .

کە هەستایەوە هاوڕێکانی پێیان گوت : « ئیمام ! بریندار بووی !» شامیل چەپکە گیایەکی هەڵیچڕی بۆ ئەوەی خوێنەکەی پێ بسڕێتەوە : « ئەم برینە سووکە ، سارێژ دەبێ ، بەڵام داغستان خوێنی لەبەر دەڕوا ، چارەی ئەو برین زەحمەتە • »

لەو ساتە هەرە سەختەدا شامیل هاواری کردە ئەو مەردە ئازایانەی کە تازە کەوتبوونە گۆڕەوە ـ ئەوانەی لە (ئەخولگۆ) کوژران ، ئەوانەی لە (خونزاخ) مردن ، ئەوانەی لە نزیك گوندی (سالتی) لە ژێر زەوی بەردەڵاندا ڕاکشان و ئەوانەی لە (گەرگەبیل) نێژران و ئەوانەی لە (لارکۆ) شەهید بوون •

هاوگوندەکانی خۆی هاتەوە یاد • باوك و باپیری ، قازی محەمەدی باش ئیمام ، حاجی مورادە شەل ، عەلی بەکیلاف ، **ئەخبەر** دیلۆف و زۆر کەڵە مێردی تر ••• ئەمانە لە ژێر خاکی داغستان ڕاکشاون ـ یەکێ بێ سەر ، یەکێ بێ قۆڵ ، یەکێ دڵی پێکراوە • شەڕ مانای مردنە • سەد هەزار ڕۆڵەی جوامێری داغستان •

لەگەڵ ئەمەشدا ، کە شامیل بە پان و بەرینی ڕوسیادا دەپەڕیەوە ، هەر دەیگوت :ـ

«داغستان بچووکە ، گەلەکەمان کەمە ، وای دەنا تەنیا دەهەزار شمشیر بەدەستی ترم هەبوایە • »

لە (گونیب)ی ژووروو نووسینێك لەسەر بەردێك هەیە ، دەڵێ :ـ

« میر باریاتینسکی لەسەر ئەم بەردە دانیشتبوو کە شامیلی دیلی بۆ هات • »

باریاتینسکی بە شامیلی یەخسیری گوت: «هەموو هەوڵت ، هەموو شەڕت بە فیڕۆ چوو • »

شامیل وەڵامی دایەوە : « نەخێر ، بە فیڕۆ نەچوو خەڵکی یادی دەکەنەوە • زۆر کەس کە دوژمنی خوێن بوون لەم خەباتەدا بوونەوە برا ، زۆر گوند دوژمنداریان لە نێودا بوو پێك هاتنەوە و یەکیان گرت • زۆر گەلی داغستان کە خۆبەخۆیی بە شەڕ دەهاتن و دەیانگوت : «گەلی من !» «وڵاتی من !» لەناو یەك گەلی داغستانیدا یەکیان گرتوە • هەستی نیشتمانی ئەوان ، هەستی یەك داغستانم پێ براوە و ئەمەش بۆ نەوەکانم بەجێ دێلم • جما ئەوەندە کەمە ؟! »

جارێکیان لە باوکم پرسی :

« بۆچی پێخواس ، تیمۆر ، شانادر هاتنە سەرمان • خوێنیان ڕشت ، ڕقیان چاند ؟ چییان لە داغستان دەویست کە وەکو گورگیکەو مانای بەزەیی نازانێ • »

« با چیرۆکی کابرایەکی دەولەمەندتان بۆ بگێڕمەوە : کابرا سامانێکی زۆری هەبوو • کە چوە سەرگردێك • دیتی سەراپای دۆڵ هەر لە بنار گردەوە تا کەنار دەریا پڕ بوو لە مەڕو ماڵاتی ئەو • ڕانەمەڕو ڕەوە ئەسپ نە سەری دیار بوو نە بن • باعە باعی مەڕ ئاسمانی پڕ کردبوو ؛ زۆری هەوەس پێ‌هات کە دیتی ئەم هەموو زەویە هی ئەوەو ئەم هەموو ماڵات و وڵساتەی سەریشی هەر هی ئەوە • بەڵام لەو کاتەدا چاوی بە قانە زەویەکی ڕووتی بێ‌مێگەڵ کەوت • وەك یەکێ برینێکی قووڵی بکەوێتە دڵ ئاوا دڵی داخورپا • قینی دەروونی جۆشا • بە هەڕەشەوە هاواری کرد : « هۆ کابرا بۆچی ئەو قانە زەویە وەکو پێستەی بێ تووك وایە ؟ بای ئەوە ماڵاتم نیە دایپۆشێ ؟ مێگەلی

بازۆنێ، ڕەوەی بازۆنێ ..»

بەڵام باوکم لە هەموو شتێ زیاتر حەزی لەوە بوو باسی شامیل خۆی بکات ـ بۆ نموونە، شامیل چۆن ڕێگرێکی ئازای بەزاند .

ڕۆژێکیان ئیمامو موریدەکانی چوونە گوندێك . پیرەمێردەکان بە ساردی بە خێریان هێنا . گوتیان : «لە شەڕ وەڕس بووین دەمانەوێ بە ئاشتی بژین . ئێمە لە جێی تۆ باین لە مێـــژ بوو لەگەڵ قڕاڵ پێك هاتبووین ..»

«دەك خەجاڵەت بن ! بەلای خۆتانەوە سەردەمێ چیایی بوون . دەتانەوێ نانی داغستان بخۆن بەڵام پاسەوانی دوژمنەکانی بکەن ؟ من بووم ئاشتیم لە ئێوە تێكدا ؟ من بەرگریم لێ کردوە !»

«ئیمام ! ئێمەش داغستانین . بەڵام دەبینین ئەم شەڕە هیچ چاکەی داغستانی تێدا نیە . تەنیا لاساری بە هیچمان ناگەیەنێ ..»

«ئێوە ـ داغستانین ؟! ڕاستە ئەو شوێنەی لێی دەژین داغستانە ؛ بەڵام دڵتان دڵی کەروێشکە . داغستان خوێنی لەبەر دەڕواو ئێوەش دەتانەوێ دانیشنو پەنگری ناو ئاگردان تێكوەردەن ! دەرگا بکەنەوە نەوەك بە زەبری شیر دەیکەینەوە .!»

ماوەیەکی زۆر ڕدێن سپیەکان ئیمامیان دواند بەڵام لە ئەنجامدا بڕیاریان دا بە مێوانی شەرەف وەری بگرن . بەرامبەر بەمەش شامیل گفتی دا هیچ کەسێك لەم گوندەدانەکوژێو کەتنی **کۆن بە با نەکا** . سوپا دڵسۆزەکەی بردە ناو گوندو چەند ڕۆژێ لەوێ مایەوەو لەگەڵ ڕدێن سپیەکان ڕاوێژی کرد .

ئێستا، لەو کاتەدا ڕێگرێکی تۆقێنەر هەبوو، ترشو تاڵانی ئەو

گوندەو گوندەکانی دەورو بەری دەبرد . بەژنی دوو مەتر بوو . سەرانەی لە هەموو کەسێك دەسەند . گەنمو ماڵاتو ئەسپی دەبرد . دێنشینەکانی دەکوشتو دەیتۆقاندن . باکی بە هیچ نەبوو . خودا، قڕاڵ، ئیمام بەلایەوە وشەی بۆشو بەتاڵ بوونو هیچی تر

جا پیرەمێردەکان هانایان بۆ شامیل برد :

«ئیمام ! لەم ڕێگرەمان قوتار کە !»

«ئاخر ! چی لێ بکەم ؟»

«بیکوژە، ئیمام ! بیکوژە، زۆر کەسی لە نێو بردوە ..»

«گفتم داوە نابێ یەك تاقە کەس لەم گوندەدا بکوژم، پیاو کە گفتی دا دەبێ بیگەیەنێتە جێ ..»

«چارەیەك بدۆزەرەوە، ئیمام ! لەم پیاوە بەدکارەمان ڕزگارکە !»

دوای چەند ڕۆژێ موریدەکانی ئیمام ڕێگرەکەیان ئابلوقەدا، گرتیانو بە قۆڵبەستی هێنایانە ناو دێو لەوێ خستیانە ژێر زەمینو دەرگایان لەسەر کلیل دا . دادگایەکی تایبەتی پێك هات بۆ ئەوەی بە سزای خۆی بگەیەنێ . دادگا بڕیاری دا چاوەکانی دەربێنن . بە کوێری بردیانەوە زیندانو دەرگایان لەسەر داخست .

چەند ڕۆژێك پێچوو، شەوێکیان بەرەبەری بەیانی، کە شامیل بە ناسوودەیی خەوتبوو لە گرمەیەکی زوورێ بە ئاگا هات . بازی هەڵداو سەیری دەوروبەری خۆی کرد . بینی تەورێ دەرگەی بڕیو زەلامێکی وەك شاخ لێی هاتە پێشو وەك دەعبای کێوی دەینەڕاند . ڕێگرەکە بوو . هەر چۆنێك بێ قوفڵی شکاند بوو، هاتبوو تۆڵەی خۆی بکاتەوە .

کابرا ددانی جیڕ کردەوە . دەستێکی تەورو دەستێکی خەنجەر

بووو هاتە پێشەوە • ئیمامیش خەنجەری هەڵکێشا • بانگی مریدەکانی کرد بەڵام ڕێگرەکە هەمووی کوشتبوون گوند لە خەو دا بوو ، کەس هاواری نەبیست •

ڕێگری کوێر بەم لاو بەو لادا بازی دەدا ، تەوری دەوەشاندو هەموو شتێکی ژوورەوەی ووردو خاش دەکرد • شامیلیش خۆی پەنا دەدا تا هەلێکی دەست کەوێ‌و هەڵمەت بۆ دوژمنەکەی بەرێ •

ڕێگرەکە دەینەڕاند : « لە کوێی ، کابرای ئازا کە کتێبت لە بارە نووسراوە ؟ خۆت لە کوێ شاردۆتەوە ؟ وەرە دەست بەستم کە ، بمگرە ، چاوەکانم دەربێنە • »

ئیمام هاواری کرد : « ئەوەتا لێرەم ! » یەکسەر بازی دا لایەکی تر • تەور لەو شوێنە چەقییە دیوارەوە کە پێشتر شامیلی لێ وەستا بوو • جا شامیل خۆی دانووساند تا دەرفەتی بێ‌و خۆی هەڵداتە سەر دوژمنەکەی • ڕێگرەکە بە هێزتر بوو ، جانەوەر بوو • شامیلی ڕاو ناو چەند جارێك بریندار کرد • بەڵام شامیل بە چوستی‌و هوشیاری خۆیەوە خۆی لە زەبرە کوشندەکانی پاراست • شەڕەکە دوو سەعاتی خایاند • لە ئەنجامدا ڕێگرەکە شامیلی گرت‌و بەرزی کردەوە بۆ ئەوەی لە زەوی بکوتێ‌و سەری لێ بکاتەوە ، بەڵام شامیل توانی لە حەواوە چەند خەنجەرێك لە سەرو گوێلاکی ڕێگرەکە بدا • ڕێگرەکە خاو بوەوەو دەلا هات‌و وەك گومەزی کەرپووچ هەرەسی هێنا • خەنجەری لە دەست پەڕی • بەیانی بینیان هەردووکیان لەناو گۆمی خوێندا بوون •

شامیل نۆ برینی لە لەشدا بوو ، یەك مانگ لەو گوندەدا مایەوە تا چاك بوەوە •

خەباتی شامیل دژی دوژمنی بە چاو بەهێز ، گەلێ لەو شەڕە دەکات • لە زۆر شاخی سەخت دوژمن بە زۆری وەکو کوێر وا بوو • شامیل بە زانایی خۆی لە زەبرەکانی دەپاراست‌و ئینجا کت‌وپڕ لە تەنکێشەوە یا لە دواوە لێی‌دەدا •

هەر جیایەو ڕەنگە بە جۆرێ وێنەی شامیلی لە مێشکدا بێ • منیش بە شێوەی تایبەتی خۆم دەیبینم •

هێشتا گەنجە • لەسەر تۆپکەی پانی (ئەخولگۆ) چۆکی داداوە • تازە دەستی بە ئاوی (ئاڤار قۆیسو) شووشتووە • دەستی بەرز کردۆتەوە ئاسمان • لێوەکانی چپەدوویانە ـ هەندێ کەس دەڵێن کە لە نوێژدا ووشەی خوای دەچپاند ، خەڵکی ووشەی (سەربەستی) یان دەبیست‌و کە ووشەی (سەربەستی) لە دەم دەهاتە دەرێ ووشەی (خوا)یان دەبیست •

تەواو پیر بوە • لە کەناری دەریای قەزویندا ماڵاوایی لە داغستان دەکات • ئێستا دیلی قڕاڵە • بەسەر کەورێك هەڵدەگەڕێ‌و چاو بە ئاوی هەڵچووی قەزویندا دەگێڕێ • ئێستا لە باتی (خوا)و (سەربەستی) لێوی (بەخێر بمێنن) یان لێ‌دەچپێ • دەڵێن لەو ساتەدا دڵۆپە شێی لەسەر ڕوومەتەکان بوو بەڵام شامیل قەت نەگریاوە • ڕەنگە ئەو دڵۆپانە دڵۆپە خووناو بووبن •

کەچی لە هەمووی بزۆزتر ئەوەیە کە لە چیرۆکەکەی باوکمدا دەیبینم ، لە زنجێکی تەنگ ، بە تەنێ لەگەڵ ڕێگرە دڕندەکەدا لە شەڕێکی دژی خوێناویدایە •

شامیل لەگەڵ حاجی موراد هەندێ جار تەبا بوون‌و هەندێ جار

لێك گیر دەبوون . گەلێ چیروکی ڕاستو ئەفسانەیان لەبارەوە هەیە .

جارێکیان کە هێزی شامیل ئابلوقەدراو هیچ دەرەتانێکیان نەبرد ، پیرە ئیمام حاجی مورادی بانگ کردو پێی گوت : «دەرەتانێك بدۆزەوە ! » حاجی موراد ئەم ئەرکە قورسەی وەئەستۆ گرت ، بەڵام مەرجێکی لە شامیل خواست . داوای لێ کرد ئەو هەشت بەکرێگیراوە دوور بخاتەوە کە تەفرەیان دابوو . شامیل قسەی دایێ . حاجی موراد ڕێی پێشان دانو هێزی ئیمام لەو کەمینە دەرباز بوو . شامیلیش قسەی خۆی بە جێ هێنا . بەڵام مانگێکی پێ نەچوو ئیمام دەوری پڕ نایبی بەکرێگیراوو زگڕەشو درۆزن بوەوە کە مەرتەبەی بەرزیشیان وەرگرتبوو .

ئەوا دیسان تەفرەی دەدەنو هەڵی دەخەڵەتێنن . تا بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەبێ بیر لە بەرژەوەندی گەلو نیشتمان ناکەنەوە .

پاشان کە شامیل لە کالوگە یەخسیر کراو کەوتە بەردەستی قڕاڵ ، لە بارەی ئەم جۆرە کەسانەوە گوتی : « نەمدەزانی ئەوەی سمێڵی هەبێ درۆی لە زار دێتە دەرێ . غەزاکەم زۆری هەڵە تێدا بوو بەڵام بە داخەوە زۆر شتی ئەم غەزایە پەیوەندی بە نەزاهەتی منەوە هەبوو . »

دوای ئەوەی شامیل حاجی مورادی کردە نایب . ناردیە (خایداك) و (تەبەساران) بۆ ئەوەی ڕاپانکێشێتە پاڵ خۆیەوە ، یان ووردتر بڵێین ڕاپانکێشێتە ناو شەڕ . بە ئومێد بوو حاجی موراد بە خۆشی ئیقناعیان بکات . بەڵام نایبی نوێ لیسو ئاگری خستە کار . ئەگەر یەکێ زاتی بکردایە باسی یاسا بکات . حاجی موراد مستی پێشان دەداو دەیگوت : « ئەمەیە یاساتان . من حاجی مورادی (خونزاخ)یم .

من هەموو یاسای ئێوەم . »

شامیل توندو تیژی حاجی مورادی پێ گەیشتەوە ، سوارێکی بە شوێنەوە نارد . نایب تاڵانێکی زۆری هێنا . پیاوەکانی گاپانە ڕەشە وولاخێك ، ڕانە مەڕێك ، ڕەوە ئەسپێکیان هێنا . حاجی موراد خۆیشی ئافرەتێکی زۆر جوانی خستە سەر پاشکۆی ئەسپەکەی . لە خۆشییان هەر نەوەتە پەڕی دەرەنەدەکرد .

حاجی موراد لە ئەسپەکەی دابەزی . سڵاوی لە سەرکردەکەی کرد : « السلام علیکم ! »

« و علیك السلام ، نایب ، بە خێر بێی . چ شتی باشت نەهێناوە ؟ »

« با بە دەستی بەتاڵ نەهاتووم . ئەوەتا زیو ، ئەوەتا مێگەڵ ، ئەوەتا ئەسپ ، ئەوەتا مافوور ، لە تەبەساران مافووری چاك دەچنن . »

« ئەدی چ ئافرەتی جوانت نەهێناوە ؟ »

« بەدی ، یەکێکم هێناوە . لە جوانیدا هاوتای نیە ! بۆ تۆم هێناوە ، ئیمام ! »

جەنگاوەرەکان نەختێ چاویان بڕیە یەکتر . ئینجا شامیل وەدەنگ هات :

« پێم بڵێ ، دەکرێ ئەمن لەگەڵ ئەم ژنەدا بچمە شەڕ ؟ ئەمن پێویستم بە مەڕ نیە بەڵام بە پیاوە ، پێویستم بە ئەسپ نیە بەڵام بە سوارە . بۆ ماڵاتت هێناون بەمەوە دڵت پێکاونو لە ئێمەت کردوونەتەوە . ئەوانە دەبوایە بێن بە جەنگاوەرو جێگای کوژراوو بریندارانی بگرنەوە . ئێستا کێ جێگەیان بگرێتەوە ؟ ئێمە ئەگەر خەڵکی خایداكو تەبەسارانمان لە پشت بوایە قەت لە سالتیو گەرگەبیل وامان لێ

دەقەوما ؟ توخوا ڕەوایە داغستانییەك ماڵی داغستانییەکی دی کـاولو تالان بـکات ؟ »

« ئاخر ، ئیمام ئەوان تەنیا لەو زمانە دەگەن ! »

« تۆ هەوڵت دا لـە زمـانی ئـەوان بـگەی ؟ ئەگـەر تۆ تیان گەیشتبوای بە بێ لیسو ئاگر لەگەڵیان ڕێك دەکـەوتی • چمـا نایبی مـن دزن ؟ »

« ئیمام ! ئەمن حاجی موورادی (خونزاخ)یم • • »

« منیش شامیلی (گمری)م • (کـەبەد محەمەد)ی (تەلەتلیا)یی‌و (حسێن)ی (چیرکی)ش هـەن• بوو بە چی ؟ ئاڤارو خیندالیالو کومیكو لیزجیـانو لەکو خـایداکیو تەبەسارانیت هـەموو تالان کردوون • هەموویان ڕۆڵەی یـەك داغستانن • ئیمە دەبێ لە یەك بـگەین • ئیمـە پەنجـەی یەك دەستین • دەبێ هـەموو پەنجەکان توند یەك بـگرن تا مشتێك پێك بێنن • حاجی موراد سوپاسی نەبەردیت دەکەم • لەم بارەیەوە شـایەنی هەموو پاداشتێکیت • تۆ کەشیدەت لەسـەرە بەلام ئیستا ڕام لە کردەوەکانت نیە • • »

« کاتێ کەشیدە بە سەرەکانی‌دی دی تالانیان برد هیچت پێ نەگوتن، ئیمام ، ئیستا لـە هـەر کوێ بروسکەیەك بگرمێنێ تروسکەکەی بەسەر سـەری مندا دەڕژێ • • »

« دەزانم چیت لە مێشکدایە ، حاجی موراد ، ئەخبەردیلاڤو قازی محـەمەدی کـوڕو هـەتا منیشت مەبەستە • بەلام ئەخبـەردیلاڤ دوژمنەکەمانی لە مۆزدۆك تالان کرد • منیش کەرەستەم لـەو خـانانە سـەند کـە نەیاندەویست پشتمان بگرنو تەنانەت هـەوڵیان دەدا لـە

ڕووشمان بجەقن • نەخێر حاجی موراد ، بوونە نایب هـەر بەوە نابێ دڵێکی نەبەردو خەنجەرێـکی تیژت هـەبێ ، دەبێ سەرێـکی باشیشت هـەبێ • »

زۆر جـار ئـەو مشتو مـڕە لـە نێوان شامیلو حـاجی مورادا دەبوو • دووزمـانی جیـاوازی نێوانی تیـژترو ناخۆشتر کردن • تـا لـە کۆتاییدا دوژمنداری لێکی جودا کردنەوە • حاجی موراد شـامیلی بـە جێ هێشت • چوە بەرەکـەی دیو سـەری خۆی دۆڕاند • مەیتی لـە (نۆخا) نێژرا • دابەش‌کردنێـکی گرنگ : سـەری لای دوژمـن مایەوە ، بەلام دڵی هـەر لە داغستان بوو • ئای لەم چارەنووسە !!

سەری حاجی موراد

سەرێـکی بڕاوم دەبینم •
گرمـەی شـەڕم دێتە بەر گوێ
لە گوندە هەڵچووەکانا
خوێن بەسەر بەردی ڕووتدا دەڕژێ •

ئەو شیرانەی عاجباتیان دیوەو
بە بەرد تیژکراونەتەوە ، شریقەیان دێ •
مریدی دڵسۆز بەرەو قەوقاس
ڕێی هەڵەتو سەختیان گرتۆتە بەر •

لە سەری خۆنیاویم پرسی :
تـکایە ، تۆ سەری کێ بووی ؟ پێم بڵێ •
تۆیەکی سەربلندو سەرکەوتوو
چۆن کەوتویتە بەر دەستی بێگانان ؟

لەنکاوڕا دەنگێکم هاتە بەر گوێ :
پێی ناوێ بیشارمەوە
من سەری حاجی مورادم

لەسەر شانی بەربوومەوە ·
چونکە وێڵو سەرگەردان بووم ·
ڕێی ڕاستیم نەگرتە بەر ،
ئەویش لە مەغروری خۆم بوو ·
سەیری سەری وێڵ کە
کە لە شەڕێکی ناحەق بڕاوە ·

ئەی ئەوانەی لە شاخان لە دایك بوون ،
هەمووman ، زیندوو مردوو ،
دەبێ بە ڕێگای ئاسۆی دوورەوە
بگەڕێینەوە سەر تروپکەی شاخان ·

ئیمامیان لە داغستان سەند · قەڵای وا دامەزران کە هەموو لایان مەتەرێز بوو · تۆپو تفەنگ لەو مەتەرێزانە سەریان دەرهێنا بوو ·

ئەگەر چی نەدەتەقین بەڵام دەتگوت دەڵێن : « چیایینە ، بە هێمنی دانیشن ! بۆ خۆتان پیاو بن ، داکاسێن · »

« داغستان ! کەی برینەکانت سارێژ دەبن ؟ چما ئەو ماوە درێژە تەنیا بۆ پارچە تیشکێك دەجەنگای ؟ تۆ چتۆ شاخت هەن ! هەر چەندەی خوێنیان بەسەر دابڕژێ هیچ گوڵێکیان لێ شین نابێ – یا خود خوێنی تۆ شەرابەو داگیرکەرەکان دەینۆشن ؟

خەڵکی ئەم شاخانە غەمبارن ،
ڕووبارو دڕندەو باڵندە غەمبارن ،
ڕێی ئازادییان لێ گیراوەو
تەنیا بە مردن لەم بەندیخانەیە ڕزگار دەبن ·

حاکمێك کە داغستانی بە جێ هێشت گوتی : «ووڵاتی کێویانە !»

یەکێکی تر نووسیویە : « لەسەر زەوی ئاسایی ناژین ، لەسەر هەڵدێران دەژین · »

سێیەم گووتوویە : « کێوی وا ئەو خاکەشیان لێ زیادە کە هەیانە · »

بەڵام تا لەو کاتە دواکەوتوەشدا دەنگی لیرمەنتوڤو دۆبرۆلوبۆڤو چیرنیفسکیو بیستۆجیڤو مارلینسکیو بیرگۆڤ دەزرینگایەوە · بەڵێ ڕوسیای قڕالی هی وای تێدا بوو لە چیاییان بگەنو قسەی باش دەرهەق گەلی داغستان بکەن · وای ئەگەر بهاتایە چیایی لە زمانیان گەیشتبان ! داغستانی بە تەنێ لە ژێر سەرکردایەتی شامیل دژی قڕال نەدەجەنگان ، بەڵکو ڕوسو پۆلونیش پاش ڕاپەڕینەکەی **١٨٦٣** هەڵاتنو خۆیان گەیاندە قەوقاس · ئەو جوتیارە ڕووسانەی لە دەست ڕژێمی بەندایەتی هەڵاتبوون چەکیان بۆ هێزەکانی شامیل دروست دەکرد · دەڵێن پاشان کە قڕال شامیلی گرتو نەفی کالوگەی کرد ، شامیل لەوێ تووشی سەربازە ڕووسەکانی گۆڕین هات –

چیاکانی داغستان بەفری سپی جاویدانو
تاریکی شەوی جاویدانیان بەسەرەوەیە ·

جارێکیان کە سلێمان ستالسکی سەیری خاکی باوکو باپیرانی دەکرد وای گوت ·

باوکم جارێکیان نووسیویە : « لەوەتی داغستان خراوەتە زیندانێ ، هەموو مانگێك سیو یەك ڕۆژە · »

ئەبووتالیب گوتوویە : « چیاکان ! ئێمەو ئێوە لە زیندانێك داین · » خاتوو ئەحلەل مارین لە گۆرانییەکانیدا دەڵێ :

« تەنانەت بزنە کێویەکانیش بەشداری خەممان دەکەن · »

مەحموود ڕایماڵی : «ئەم دونیایە شایەنی بیر کردنەوە نیە ئەوەی

خۆراکی خنکالی بێ گەورەترین ناوبانگی دەبێ • • »

باتیرای گوتوویە : « گەورە بە تەپڵی سەری گچکەدا دەدا • گچکە تەنیا لە چیرۆکو ئەفسانەدا شادومانە • • »

« ئەحمەد مونگیەی کوباچی دوای ئەوەی دونیا گەڕا گەیشتە ئەو ئەنجامە : « بەختیاری لە هیچ شوێنێکدا نیە • • »

بەڵام ئیرچی کازاك نووسیویە : « داغستانی دەبێ لە هەموو شتێك داغستانی بێ • • »

هەمان باتیرای پێش مردنی نووسیویە :

« یاخوا پیاوی ئازا قەت توخمی منۆخی لێنەکەوێتەوە • • »

مەحموود خۆیشی گوتوویە :

« ئەگەر نێری لەناو شاخی تاریك هەڵەتە بێ ، یان ڕێی خۆی دەدۆزێتەوە یان دەمرێ • • »

ئینجا ئەبوو تالیب گوتی : « بەم زوانە بروسك بەسەر ئەم دونیایەدا دەگرمێنێ • دەبا گرمەی هەر بەرز بێ • »

کە وەختی داهات ، بروسکەکە دەنگی هات • لە دوورەوە چەخماخەی دا • یەکسەر نەهاتە داغستان ، بەڵام هەموو شتێك بە خەتێکی سوور بو بە دوو بەش :

مێژوو ، چارەنووس ، ژیانی هەر کەسێكو هی هەموو مرۆڤایەتی • ڕقو ئەوین ، بیرو خەون ـ هەموو شتێك بووە دوو بەش•

« وا بروسکە داوێ ! »

« لە کوێ ؟ »

« لە سەرانسەری ڕووسیا • • »

« چ شتێ دەبرووسکێنێ ؟ »

« شۆڕش ! »

« شۆڕشی کێ ؟ »

« ڕۆڵەکانی گەلی چەوساوە • • »

« ئامانجی ؟ »

« ئەوەی هیچ نەبوو دەبێ بە هەموو شت • • »

« ڕەنگی ؟ »

« سوورە ! »

« گۆرانی ؟ »

« با بەرەنگاری دوا شەڕ بین • • »

« سوپای ؟ »

« هەموو برسیو بە ئازارەکان سوپای گەورەی چەوساوە • • »

« زمانی ؟ نەتەوەی ؟ »

« بە هەموو زمانێکە • هی هەموو نەتەوەیەکە • • »

« سەرکردەی ؟ »

« لینینە ! »

« شۆڕش دەبێ چ بە چیایەکانی داغستان بڵێ ؟ ڕوونی کەوە • • »

پاڵەوانو گورانییێژەکان زمانی شۆڕشیان وەرگێڕایە سەر هەموو زمانەکانی داغستان •

« ئەی گەلەکانی داغستان کە سەدان ساڵ چەوساونەتەوە ! شۆڕشی مەزن هاتۆتە ماڵمان ، کێڵگەکانمان ، پێچی ڕەوەزە شاخەکانمان • گوێی لێبگرنو یاریدەی بدەن • ووشەی وای بۆ هێناون هەرگیز نەتانبیستوە ، پێتان دەڵێ :

« براینـه ! ڕووسیـای نوێ دەستی بۆ درێژ کردوون • دەستی بـگرن • دەستی لەگـەڵ دەست تێـکەڵ بـکەن‌و مستێکی توند پێك بێنن ، هێزو دڵسۆزیتان لەوەدایە •

ڕۆڵەی شاخ‌و دۆڵان ! پەنجەرەتان بە ڕووی دونیادا بـکەنەوە ! بەخێر هاتنی نەك هـەر ڕۆژێـکی نوێ ، بەڵـکو چـارەنووسێـکی نوێ بـکەن • بڕۆن بەرەو ئەو چارەنووسە بڕۆن !

ئێستا ، چیـدی پێویست ناکـات سـەر بۆ بەهێزان دابنـەوێنن • لەمـەو دوا هیچ دوژمنێك سـواری ئەسپتان نابێ • لەمـــەودوا ئەسپی خۆتان بۆخۆتانە • »

بەم چەشنە ، زمانی (ئاورۆرا)(۱) وەرگێڕدرایە سـەر زمانەکـانی داغستان • مەحـەچ ، ئوللوبی ، ئوسکار جـەلال ، قازی محـەمەد ، محەمەد میرزا ، هارون‌و مریدەکانی تری شوڕش ، کە باش لـە کێشەو بێشەی داغستان گەیشتبوون وەریان گێڕا • بەم جۆرە داغستان بـەرەو پێشەوە ، بەرەو چارەنووسی خۆی چوو • چیـایەکان ڕەنگ‌و گۆرانی شۆڕشیان قبوڵ کرد •

بەڵام دوژمنەکانی ترسان • برووسکە بەسەرسەریانەوە گرماندی ، زەوی لـە ژێر پێیانەوە لەرزی ، دەریا لەبەر دەمیانەوە هەڵچوو ، شـاخ لـە پشتیانەوە هەڕفی • دونیـای کۆن هـەژاو هەرەسی هێنا • بیرازێکی قووڵ دەمی بەش کردەوە • دوژمنەکانی شۆڕش ، کـە بە خـۆیان دەگوت دۆستی داغستان ، پاڕانەوە : « دەستمان بگرە ! »

---

(۱) ئاورۆرا : کە شتی ئوستۆلی بەلتیك کـە بە خـۆی‌و شێلکەوە نیشانەی سەرەتای شۆڕشی ئوکتۆبەری ۱۹۱۷ یە •

« ئێوە دەستتان بە خوێن ئالوودە بوە • »

« بوەستە ، مەڕۆ ، ئاوڕ دەوە ، داغستان ! »

« چ هەیە هـەتا ئاوڕی لێ بدەمەوە ؟ هـەر گرانی‌و درۆو تاریکی‌و خوێنـــە • »

« داغستان ، داغستانی خنجیلە ، بۆ کوێ دەچی ؟ »

« دەچم لـە شتی گەورە دەگەڕێم • »

هەڕو گیفیـان کرد : « وەکو بەلەمێـــکی بچووکت لێ دێ لـــە دەریالوشێـــکی گەورەدا ونـــدا دەبیت ! زمانت ، ئایینت ، ڕەوشتت ، تەپڵەت ، سەرت بزر دەبێ ! »

« من لە ڕۆیشتنی سەر کلکە شـاخی تەنگەبەر ڕاهاتووم • تازە بترسم نەکو لـە ڕاستەڕێدا لاقم بشکێ ؟ زۆر بە دوای ئـەم ڕێـگایەدا گەڕاوم • قەت داوە موویەکی سەرم ناکەوێ • »

قەلەکان قیڕاندیان ، گورگەکان لووراندیان :

« داغستان چەتەیە ، دەفەوتێ • داغستان ڕزگارکەن • »

هـــاواریان کـــرد ، گـەفیان کرد ، کوشتیان ، بڕیان ، فێڵیـان دامەزراند •• وای زۆر بوون ئەوانەی ویستیان بەرد بهاوێنە چراوگی داگیرساو ، ئەوانەی ویستیان بردی گەورە بڕمێنن !

ئالآیەك جێگەی بۆ ئالآیەکی دی بەجێ هێشت • دزێك بۆ دزێـکی دی • وەك کەپەنکی شـەوی ساردی زستانان داغستانیان بەم لاو ئەو لادا ڕاکێشاو زوێر بە زوێریان کرد • ئەویش وەك بزنە کێوی تێ‌کۆشـــاو زنجیرەکانی پساند ، هـەر کەسـە دەیەویست وەکو دڕندەی برسی‌و چاوچنۆك هـەڵی لووشێ ، زۆر ڕاوکـــەو خۆیان خۆش کـرد بوو بیێـکن •

« من – نەجموددین کوتسنیسکی – م ئیمامی داغستانم • گەل لە گوندی ئاندیدا هەڵی بژاردووم ، شیرەکەم بە دوای ئەو تەپڵانەدا دەگەڕێ کە تیلمەی سووریان بەسەرەوەیە • »

یەکێکیتر کە ناوی (ئوزون حاجی) بوو مڕاندی :

« برای دینینە ، موسلمانینە ! وەرنە دووم • من ئاڵای سەوزی ئیسلامەتیم هەڵکردوە • »

میر نوخبەك تارکۆفسکی نەڕاندی : « تا سەری دوا بۆڵشەفیك بە دارێ وەنەکەمو لەسەر بڵندترین چیای داغستانی نەچەقێنم ، چەکم دانانێم • »

لەو ساڵەدا بوو کە کۆلۆنیل کاتیماز عەلیخانۆف/ی سوپای قڕال کۆشکێکی بۆ خۆی لە خونزاخ دروست کرد •

چیاییەکی بانگ کردە ناوێ بۆ ئەوەی خانوە نوێکەی پیشان بدا • زۆر لە خۆیو لە کۆشکەکەی ڕازی بوو • لە کابرای پرسی :

« باشە ، کۆشکەکەم خۆشە ؟ »

چیاییەکە وەڵامی دایەوە : « بۆ پیاوێك کە لە گیانەلادا بێ ، زۆر باشە ! »

« من بۆ دەمرم ! »

« شۆڕش »

کۆلۆنێل عەلیخانۆف گوتی : « لێناگەڕێم بێتە خونزاخ »و خۆی هەڵدایە سەر ئەسپە سپیەکەی •

یەکێکیتر لەگەڵ پاشاو بەگلەرەکانی تورك هاتبوو ، گوتی : « من – سەعید بەگ – م نەوەی ئیمام شامیلم • لەلایەن سولتانی

تورکەوە هاتووم بۆ ئەوەی بە سوپای ئەوەوە داغستان ڕزگار بکەم • »

خۆتێهەڵقوتێنو تاقمەیەکی نێردراوی ئینگلیزی کە هاتنە داغستان هاواریان کرد : «ئێمە دۆستی داغستانین ! »

کۆلۆنیل بیچەراخۆف/ی سوپای قڕال هەوای پەڕیە سەرو پۆرت پیترۆفسك/ی کاول کرد : « داغستان قەنتەرەی ڕوو لە باکۆیە • قوفڵێکی توند بەو قەنتەرەیەوە دەکەم • »

میوانی ناخوندی زۆر بوون • زۆر دەستی پیسو پۆخڵ کراسی بەر داغستانیان دڕی • زۆر ناو بیسترا زۆر (با) وورشەی هات ، زۆر شەپۆڵ لەسەر تاشە بەردان شکانەوە •

دوژمنەکان هەڕەشەیان کرد : «داغستان ، ئەگەر بۆمان دانەهێنی ، فڕێت دەدەینە ناو دەریاو بەخنکاندنت دەدەین • »

لەو کاتەدا باوکم نووسی : «داغستان وەکو گیاندارێکە باڵندە لە هەموو لایەکەوە دوندوکی لێبدەن • »

تەقە بوو ، ئاگر دەباری ، خوێن دەڕژا ، شاخەکان دووکەڵیان دەدەماند ، گەنم دەسووتا ، گوند وێران دەبوون ، نەخۆشی خەڵکی هەڵدەوەراند ، قەڵا ئەم دەست ئەو دەستیان پێدەکرا • ئەمە هەمووی چوار ساڵی خایاند •

چیاییەکان دەیانگوت : « زەویمان دەفرۆت ئەسپمان پێدەکڕی ، مانگامان دەفرۆت شمشیرمان پێدەکڕی • »

ئەسپی بێسوار دەیانحیلاند • قەڵەڕەشکە چاوی شەهیدانیان دەردێنا •

ئەو کـاتە باوکم داغستانی لەگەڵ کەوریٚك بەراورد کرد کە زۆر ڕوباری جۆر بـە جۆری بەسـەردا ڕژا بێ بەڵام دایکم لەگەڵ ماسیەکی بەراورد کرد کـە دژی شووفو تەووژمی بەگوڕ مەلەوانی بکات •

ئەبوتالیب دەگێڕێتەوە : « وولاتەکەمان گوێی لە زۆر بۆقیلێدەر بوو • » خۆیشی بۆق لێدەری بەتەلیۆنی پارتیزان بوو •

ئەمڕۆ پێنووس ئـەو مێژووە تۆمار دەکـات کـە ئەو کـاتە بە شمشیر نووسرا بوو • ئەمڕۆ ئەو زانایانەی لـەو کـاتی دەکۆڵنـەوە ناوبانگو دەسکەوت بە تای تەرازوو هەڵدەسەنگێنن • زاناکان پیلەکـە دەکـەن و لەسـەر نرخاندنی پاڵەوانەکانی دەکەونە بەربەرەکانێ •

بەڵام ئەو پاڵەوانانە شـەڕی خۆیان کردو بڕایەوە • بەلای منەوە ئەوەندە ناهێنێ داخـۆ کێ یەکـەم بوەو کێ دوەمو کێ سێیەم • گرنگی لـە شوێنیکیتردایە : شوڕش خەنجەری خستوتەوە کاڵان و بە لاچکی ساقۆی خـوێنی لەسـەر دوا دوژمنی کوژراو سڕیوەتەوە • چیـایش خەنجەرەکەی کردۆتە داس • قەمەی تووڕ هەڵداوەتە ناو بەردی قـەد شاخێ • خۆی دەسـەر هەوجاڕ داهێناوە ، زەوی دەکێڵێ • گایەکانی دەنگ دەدا ، قرشەی لـە عارەبانە بار دەکات •

داغستان کـە ئاڵای سووری لەسەر بەرزترین تۆپکەدا دەشەکایەوە سمێڵی بادەدا ••• کەشیدەی ئیمام گوتسنسکی/ی ساختەچی کردۆتـە داوەڵو گوتسنسکی خۆیشی سزای خـۆی لە شۆڕش وەرگرت • لەبەر دەم دادگـادا گوتی : « قڕاڵ شامیلی نەکوشت • دەستیان لـە موویەکی سـەری نەدا • ئەدی ئێوە بۆچی ئەمن دەکوژن ؟ »

داغستانو شوڕش وەڵامیـان دایەوە : « شامیلیش بوایە سـەری

پیاوی وەکو تۆی دەبەڕاند • »

شامیل دەیگوت : « پیـاوی خاین لـە ژیر زەوی بێ باشترە نەك لەسەر زەوی • »

بەڵێ ، بڕیارەکە جێ بـە جێ کراو هیچ شاخێك نەلەرزی ، هیچ کەسێك نەگریا ، هیچ کەسێك بەردێـکی لەسەر گۆڕەکەی دا نەنا •

کاپیتماز عەلیخانۆف بـە سواری ئەسپەسپیەکـەوە بە ناو دارستانی (سمونتن)دا هەڵات • دوو کوڕی لەگەڵدا بوو • بەڵام گوللەی پارتیزانە سوورەکانیان گـەیشتێ • ئەسپە سپیەکـەی کۆلۆنێل ، لۆژلوژ ، بـە شەلەشەل ، ملی ڕێـگای خۆی گرتو گەڕایەوە (خونزاخ) •

موسلم عەتاییف بەو ئەسپە بەستەزمانەی گوت :

« بەڕێـگایەکی چەوتیاند بردیو ویستیان داغستانیش بە هەمـان ڕێـگادا باژۆن • »

بیچەراخۆف ـ یشیان وەدەرنا • تاقمە پەرتو بڵاوەکـەی لـە قەزویندا خنکان • کـە شەپۆلەکان لوولیان دا گوتیان «ئامین !» چیاکان گوتیان : «ئامین» « با دۆزەخ بۆ ئەوان کەسان بکرێتەوە کە دۆزەخیـان لەسەر زەوی دروست کرد • »

لـە ئەستەمبۆڵ چوومـە بازاڕ ، ئەو پیرە ـ ئاڤارەی لەگەڵمدا بوو پەنجـەی بۆ پیرەمێردێك ڕاکێشا لـە ناو حەشامەتەکە دەڕۆیشت • وەکو جواڵە گەنمکێکی نیمچە بەتاڵ وا بوو •

« ئەوە ـ کازنبێ ـ یە ! »

« کام کازنبێ ؟ »

« ئەوەی کـە لەگەڵ لەشکری سولتاندا هاتە داغستان • »

« چی ؟! چما هەر ماوە ؟ »

« ئەوە دەیبینی ، ئەوەتا خۆیەتی ! »

پێکیان ناساندین •

کابرای پیرە کەترە گوتی : « داغستان ! ئا ئەو وولاتە دەناسم • »

گوتم : « داغستانیش تۆ دەناسێ !! »

« بەڵێ ، لەوێ بووم • »

بە تەوسەوە پرسیم : «جارێکی دی دێی ؟ »

گوتی : « نەء » و بە پەلەپەل کەوتە شوێن دەوارەکەیو ڕۆیشت •

ئایا ئەم بازرگانە جرووکە توانیویە ئەوە لەبیر بکات چۆن لە (کاسومکێنت) سێ جوتیاری ڕاست لەسەر زەوی خۆیانەوە کوشت ؟ ئایا دەتوانێ ئەو هەڵدێرە لە بیر بکات کە کچێك لە ترسی جەندرمەکانی خۆی لێهەڵدێرا ؟ ئایا ئەم بازرگانە توانیویە ئەوە لە بیر بکات چۆن لەناو باخچەیەکدا منداڵێکی بچووکیان بۆ هێنا ، گەرازەکانی لە دەست فڕێداو ناوکەکەی لە چاوان کوتا ؟ بەڵام زەحمەت ئەو ڕۆژەی لە بیر کرد بێ کە بە خۆی ڕانەگەیشتو بە شمەکی سەرگۆشتی هەڵاتو ژنێك هەیهای بۆ لێدا :

« هێ ! تەپڵەکەت لە بیر چوو ! »

تاڵانکەرەکان لە داغستان هەڵاتن • هەروەها ئینگلیزە خۆتێهەڵقوتێنەکانیش • کازنبیش ، سەعید بەگی نەوەی شامیلیش •

لە ئەستەمبوڵ پرسیم : « ئێستا سەعید بەگ لە کوێیە ؟ »

« چۆتە سعودیەی عارەبی • »

« بۆچی ؟ »

« بە بازرگانی • نەختێ زەوی لەوێ چنگ کەوتوە • »

بازرگانینە ! پێتان نەکرا بازرگانیتان لە داغستان بکەن • شوڕش گوتی : « بازاڕ داخراوە • » هەموو پیسیەکی بە گەسکێکی خوێناوی تووڕ دایە دەرەوەی وولاتی شاخاوی • «ئیستاش لەشی لەڕو لاوازی پاسەوانو دڵسۆزانی داغستان لە وولاتی بێگانان دەسووڕێنەوە •

بەر لە چەند ساڵێ ، کۆنگرەیەکی نووسەرانی ئاسیاو ئەفریقیا لە بیرۆت بەسترا • منیش چووبووم • داوایان لێدەکردم نەك تەنیا بۆ گۆنگرە بەڵکو بۆ گوێگرانی دیکەش وتار بدەم • لەو کۆبوونەوەیەدا من باسی داغستانی خۆمم بۆ کردن ، باسی گەلێ ڕەوشتەکانی ، شیعری گەلێ شاعیری داغستانیو هی خۆیشمم خوێندەوە •

پاشان ، ئافرەتێکی جوانو جاحێل لەسەر قاڵدرمان ڕایگرتم :

« جەنابی ڕەسوول ، دەتوانی چەند دەقیقەیەك بۆ من تەرخان بکەی ؟ »

پێکەوە بە ناو شەقامەکانی بیروتدا گەڕاین • هاوڕێ نوێکەم داوای لێکردم : « باسی داغستانم بۆ بکە • تکات لێدەکەم ، هەموو شتێکم بۆ باس کە • »

« ئەوە سەعاتێکی تەواوە باسی داغستان دەکەم • »

« هێشتا ! هێشتا ! »

« چیت لە هەموو شتێ پێ خۆشترە ؟ »

« هەموو شتێك ، هەر شتێك کە پەیوەندی بە داغستانەوە هەبێ • »

دەستم بە قسان کرد • بە بێ ئامانج دەسووڕاینەوە • لێ نەدەگەڕا کڕ بمەوە هەر دەیگوت : « هێشتا ! هێشتا ! »

منیش هەر قسەم بۆ کرد .

« شیعری خۆت بە ئاڤاری بخوێنەوە . »

« ئاخر ، تۆ تێی ناگەی ! »

« گرنگ نیــە . »

جا شیعرم بۆ خوێندەوە . چ دەکـەی ، کـە ئافرەتێکی جـوان‌و جاحێل داوا بـکات ؟ بێجگە لەوەش تاسەو بەرۆشیەکی پڕ بـە دڵم لـە دەنگییەوە دەبیست بۆیە ئەستەم بوو قسەی بشکێنم .

ئەرێ گۆرانییەکی ئاڤاری نالێی ؟ »

« ئاە ــ نەخێر . گۆرانی نازانم . »

بیرم کردەوە دەمێکی‌تر داوام لێ‌دەکا هەڵیش‌بەڕم .

« حەز دەکەی من گۆرانییەکت بۆ بڵێم . »

« زۆرم پێ خۆشە . »

لەو کاتەدا گەیشتینە سـەر دەریا کـە لەبەر تریفەی مانگدا کەسك دەچووەوە . جا ، ئەو حـەلە لـە بێروتی دووردا ، ئەو ئافرەتە نازدارە گۆرانی (دەلالێ)ی داغستانیمانی بە زمانێك گوت نەمزانی چ زمـانە . بەڵام کە دەستی بە گۆرانی دووەم کرد زانیم بە کومیـکی گۆرانی دەڵێ .

بە سەرسامیەوە پرسیم :ــ « تۆ چـۆن فێـری زمانی کومیـکی بووی ؟ »

« بە داخەوە نایزانم ! »

« ئەدی گۆرانییەکە . »

« باپیرم فێری کردم . »

« بۆ باپیرت لە داغستان ژیاوە ؟ »

« بە ڕێکەوت ! »

« لـە مێژە ؟ »

« نوخبەك تارکۆفسکی باپیرم بوو . دەیناسی ؟ »

« کۆلۆنێلەکە ؟ ئێستا لە کوێیە ؟ »

« لە تاران دەژیا . ئەمساڵ عەمرێ خوای کرد . لە سەرەمەرگدا هەر داوای لێ‌دەکردم ئەو گۆرانییەی بۆ بڵێم . »

« گۆرانییەکە لەبارەی چییە ؟

« باڵندەی کۆچەر . هەڵبەڕکێیەکی داغستانیشی فێر کـردم . سـەیر کـە ! »

وەك مانـگی نوێ بە ئاسکی دەدرەوشایەوە . بە نەرمی باسـکی هەڵدەهاویشت . وەك مـراوی سـەر گۆماو لـە ئەڵقەیەکی خڕ دا سووڕی دەدا .

داوام لێ‌کرد جارێکی‌تر گۆرانی باڵندەی کۆچەرم بۆ بڵێتەوە . ووشەکانی بۆ لێك دامـەوە . کـە چوومە ئوتێلەکـەم لـە دەفتەری بیرەوەریدا نووسیمەوە ، بەڵام بە ئاڤاری .

بەڵێ ، بەهـار هاتۆتەوە داغستان . بەڵام زۆرم پێ سەیرە ، ئـەو گورانییەی باڵندەی کۆچـەر بە لای میر نوخبەك تارکۆڤسکی مانای چی بوە ؟ ئـەو کۆلۆنێلە ، کـە لـە وولاتی شۆڕشگێڕانەی خۆی‌و لـەبەر تۆلـەی داغستان هەڵاتبووو لـە ژێر دەسەڵاتی شادا دەژیا ، بۆچی شاخە جوانەکانی بەرهەتاوی هاتبووەوە بیر ؟

ئاخۆ ، هەستی بە چ تاسـەو غەریبیەك کرد بێ ؟ ئارکۆڤسکی ، کـە لـە ئێران دەژیا ، یەکەم جار دەیگوت :

• ئەوەی لە منو داغستان قەوماوە هەلەیەکی چارەنووسە ؛ دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی ئەو هەلەیە ڕاست بکەمەوە • »

هەموو ڕۆژێ لەگەڵ کۆچکردوەکانی‌تر دەچوە کەناری قەزوین بۆ ئەوەی گوێی لە دوا دەنگو باسی داغستان بێ • بەلاَم هەمیشە ئالاَی سووری بەسەر کەشتیانەوە دەدی • پایزان کە ژنەکەی سەیری باڵندانی دەکرد لە باکوورەوە دەهاتنە خوارێ ، غەریبی هەڵدەستاو گۆرانی دەچڕی • ئەویش ئەو گۆرانییەی باڵندەی کۆچەری دەچڕی • لە سەرەتاوە میر تارکۆفسکی‌بە تەواوی ڕکی لەم گۆرانییە دەبووەوە •

ساڵ هاتو ڕۆیشت • منداڵی فەرازی بوونو کۆلۆنێلیش کەوتە سالاَنەوە • تێ‌گەیشت هەتا هەتایە داغستانی لە دەست چوە • تێ‌گەیشت داغستان چارەنووسێکی نوێی هەیە • وولاَت خۆی ڕێگای ڕاستو دروستی خۆی هەڵبژاردوە • ئەو حەلە میری بە سالاَ چوو خۆیشی دەستی پێ‌کرد گۆرانی باڵندەی کۆچەری چڕی •

باوکم دەیگوت : «داغستان هەرگیز لەگەڵ ئەو کەسانەدا ناڕوا کە لەگەڵ داغستان نەڕۆیشتن • »

ئەبوتالیب بۆی زیاد دەکرد : « ئەوەی سواری ئەسپێکی بێگانە بێ زوو دەگلێ • خەنجەری ئێمە هەرگیز لە جۆرە جلێکی‌تر نایە • »

سلێمان ستالسکی نووسیویە : « من وەکو چەقۆیەك وا بووم کە لە زەویدا نێژرا بێ ، هێزی سۆڤێت دەری هێنام ، قوڕەکەی پاکژ کردەوەو منیش درەوشامەوە • »

باوکیشم گوتوویە : «ئەگەرچی ئێمە هەمیشە چیایی بووین ، ئێستا وا بە سەر تەپکە شاخان کەوتین • »

ئەبوتالیب بۆی زیاد دەکرد : «داغستان ، لە زیندانێ وەرە دەرێ • »

دایکم کە لانکی ڕادەژەند ، گۆرانی دەگوت :

بخەوە : ئاشتی هەموو چیاکانی ئەم ناوەی گرتۆتەوە
تەقەش لەناو شاخی هەزار بە هەزاردا ناتەقێتەوە •

ئەبوتالیب گوتوویە : «شوبات لە هەموو مانگان کورت‌ترە ، بەلاَم لە هەموویان گرنگترە • لە شوباتێ بوو قڕاڵ تەختی وەرگەڕا • لە شوبات سوپای سوور دامەزرا • هەر لە شوباتیش دا بوو لینین بەخێر هاتنی وەفدێکی ئەم شاخانەی کرد •

لەو کاتەدا لە گوندی (ڕوگودجاب)ی دوور ، ئافرەت گۆرانیەکیان لە بارەی لینین دانا :

یەکەم کەس تۆ بووی لە وولاَتی خۆماندا ئازادت کردین •
چەکی سەرکەوتنت خستە ناو دەستی بەهێزمانەوە •
چۆن کە قاز گوێیان لە قیڕەی هەتۆ دەبێ هەڵدێنو دەڕۆن •
بەم جۆرە ، شەو لەبەر دەم خۆری لینینی مەزندا ڕێی بۆ ڕۆژ چۆڵ کرد

گەلێکی بچووكو چارەنووسێکی گەورە • باڵندە لە داغستاندا دەخوێنن • ئەو ووشانەی لە دەمی نەوەکانی شۆڕش دێنە دەرەوە ، دەنگ دەدەنەوەو دەزرنگێنەوە • منداڵ باسیان دەکەن ناویان لەسەر کێلە قەبران هەڵدەکەنرێ ، بەلاَم هەندێ پاڵەوان لە گۆڕی بزردا ڕاکشاون •

پێم خۆشە بە شەوی کپو هێمن لە ناو شەقامەکانی پێتەختی داغستان بسووڕێمەوە • کە ناوی شەقامەکان دەخوێنمەوە ، وا هەست دەکەم کە لیژنەی شۆڕش دوبارە کۆبۆتەوە • مەحەچ دەخەدایێف !!

گوێم لـە دەنـگییەتی : « ئێمـە جەنـگاوەری شۆڕشین • زمانمان ، ناومـان ، ڕەوشتمان جودایە ؛ بەڵام هـەموومان لە شتێکدا هاوبەشین : هەمووومان دڵسۆزی شۆڕشو داغستانین • هیچ کەسێکمان لـە پێناوی شۆڕشو داغستان سووی لە خوێنو ژیانی خۆی نابێتەوە • »

مەحەچ بە دەستی چـەند ڕێگرێـکی پەلی تارکۆفسکی کوژرا • ئوللوبی بویناکسکی • گوێم لـە دەنـگییەتی : «دوژمنەکانمان ئەمـن دەکوژن • هاوڕێکانم دەکوژن ، بەڵام هیچ دوژمنێك ئەو پەنجەمان خاو ناکاتەوە کە مشتێکیان پێك هێناوە • ئەو مشتە قورسو بەهێزە چونـکە شاخی داغستانو باوەڕی شۆڕش قوچاندویانەتەوە • ئەم مشتەیە قوڕگی داگیرکەران دەگرێ • بیزانە ! »

ئوللوبی لاوی کۆمۆنیستی داغستانی (بیستو هەشت ساڵان بوو) بە دەستی پیاوەکـانی (دەنیکین) کوژرا •لـە بیاباندا کوژرا • ئێستا گوڵە خاشخاشی سوور لەو شوێنەدا شین بوە •

دەنـگی «ئوسـکار لێشچنسکی» ، (قازی ـ محەمەد ئاگاسیڤ) ، (هاڕون سەیدۆڤ) ، (عەلی بەگ بەگەتیریێڤ) ، (سەفەر دودارۆڤ)، (سولتان ـ سەید کازبەکۆڤ) ، (باتیر موزاییڤو کوڕی) ، (عومـەر چۆخسـکی) ••• دەبیسم • زۆر کوژران ••• بەڵام هـەر ناوێك زمانەیەکی هـاڵاوی ئاگرە ، ئەستێرەیەکە ، گۆرانییەکە • هـەموویان پاڵەوانی وان هـەتا هەتایە هـەر لاون • ئەوانە (چەپاییڤ)و (شچۆرس)و (شاومیان)ەکانی داغستانی ئێمەن • لە (ئاختی) ، لە دۆڵی (ئایا ـ کـاك) لە دەم ڕوباری (کاسومکێنت) ، لەسـەر دیوارەکانی قەڵای (خونزاخ) ، لـە (خەساڤیورت)ی شەوتی ، لە (دەربەندی دێرین)دا فەوتان • لـە گـەلی (ئەراکان) دا بەرد نیـە بە خوێنی سەربازانی داغستان سوور نەبوو

بێ • لـە زنجیرەی (مۆجۆخ)دا بۆسەیان لـە پەلی (بەگەتیریێف) داناوە • خوێن لـە (تەمەر خان شورا)و پۆرت پترۆڤسكو هـەر چوار قۆیسو ، کـە ئێستا لـە یادی شەهیدان گوڵی تێداوێن ، جۆگەلەی بەست • سەد هـەزار داغستانی فەوتان ، هـەموو کۆمۆنیستو پارتیزان بوون • بەڵام کـەلەکـانی دی بـە داغستانیان زانی • ملیۆنەهـا دۆست دەستیان بۆ داغستانی سوور درێژ کرد • داغستانییەکان کـە هەستیان بـە گـەرمانی ئەو دەستانەی دۆستان کرد گوتیان : « ئێمە ئێستا زۆرین » !

شەڕ خەلـکی لێناکەوێتەوە • بەڵام داغستانێکی نوێ لە ناو ئاگری جەنـگی شۆڕشگێڕانەدا هـاتە دونیاوە •

لە ١٣/ی تشرینی دووەمی ١٩٢٠ دا یەکەم کۆنگرەی تایبەتی گەلانی داغستان بەسترا ••• ستالین بە ناوی حـکومەتی ڕوسیای فیـدرالی کۆنفراسەکەی کردەوە • ئۆتۆنۆمی بۆ وولاتە شاخاوییەکەی داغستانیان ڕاگەیاند • ناوێـکی نوێ ، ڕێـگایەکی نوێ ، چارەنووسێکی نوێ • لـە ڕۆژمێرە داغستانییەکان ئەو ڕۆژە بە خەتێکی سوور نیشان کرا •

پاش مـاوەیەك لینین لـە ژووری خۆی ، لە کرملین پێشـوازی وەفدێـکی داغستانی کرد ، پاش گفتوگۆیەکی زۆرو لەسەر داخـوازی جیایەکان خـۆیان لینین وێنەی خۆی بـە دیاری بۆ ناردن لێی نووسرا بوو : « بۆ داغستانی سوور • »

ئاسنـگەری (کوباچی)و تەنەکـەچی (ئونتسول) چوارچێوەیەکی ئەوتۆیان بۆ داڕشت کەس شتی وای نەدی بوو • لە هەمـان ساڵـدا کەشتییەکی نوێ لە بەندەری مەحەچ قەڵادا هاتە دەرێ ـ ناوی داغستانی سوور بوو • داغستان خۆیشی وەکو کەشتییەکی گەورە وا بوو کەوتبوە گـەشتێکی نوێی گەورەوەو بەرەو پێش دەچوو •

(ئەستێرەی بەیان) • ئەمە ناوی یەکەم گۆڤاری داغستانی بوو • بەیانی لە داغستان هەڵاتبوو • پەنجەرەیەك بەرەو دونیای هەراودا کرابوەوە •

لە ڕۆژە سەختەکانی شەڕی نیشتمانیدا کە تاقمەکەی گۆتسنسکی بە شاخان وەر ببوو باوکم نامەیەکی هاوڕێیەکی بە سالاچووی پێ گەیشت کە هاوڕێی خوێندنی (مدرسه)ی بوو •

باسی نەجمەددین گۆتسنسکیو سەربازەکانی کرد بوو • لە کۆتاییدا گوتبووی :

« نەجمەددین لێت ڕازی نیە • وا بزانم زۆری پێخۆشە ئەگەر بێتو تۆ شیعر بۆ ئەم چیایە هەژارانە بنووسیو ڕاستەقینەی ئیمامیان تێبگەیەنی • من وەئەستۆم گرتوە کە خۆم بگەیەنمە تۆو هەرێم داوە کە تۆ ئەمە دەکەی • تکایە داوای منو ئارەزووی ئیمام بەجێ بێنە • نەجمەددین چاوەڕێی نامەت دەکات • »

باوکم وەڵامی دایەوە : «ئەگەر تۆ کاری وات گرتۆتە ئەستۆ خۆت شیعرەکان بنووسە • ئەمن یەك بە باری خۆم نامەوێ ئاو بەر بدەمەوە سەر ئاژگێرێ ئەوەوە • والسلام و الكلام • »

لەو کاتەدا محەمەد ـ میرزا خزرۆڤ/ی بولشەفی ، ناردیە دوو باوکم بۆ ئەوەی بچێتە تەمەر ـ خان ـ شووراو داوای لێ کرد لە ڕۆژنامەی (کراسنیی گۆری ـ شاخە سوورەکان) ێش بکات • ئەم ڕۆژنامەیە بوو کە شیعری (بانگێك بۆ هەژارەکانی شاخ)ی باوکمی بڵاو کردەوە •

باوکم لە بارەی داغستانی نوێی نووسی • بۆ (کراسنیی گۆری)ی

نووسی • ڕۆژگار هاتو چوو ، محەمەد ـ میرزا خزروڤ کچێکی بوو • ڕوویان لە باوکم نا ناوێکی بۆ پێشنیار بکات • ئەویش بلندی کردو گوتی : «زوهرە!» زوهرە مانای ئەستێرەیە •

ئەستێرەی نوێ لە دایك بوون • منداڵ گەورە بوونو بە ناوی پاڵەوانە مردووەکان کران • داغستان وەکو لانکێکی گەورە وا بوو • شەپۆلی قەزوین لایلایەی بۆ دەگوت • وولاتێکی گەورە وەکو هەتیو خۆی دەسەر داغستان داهێنا بوو •

لەو کاتەدا دایکم گۆرانی بە پەڕەسێلکەو گیای بن بەردو گوڵی پشکوتووی پایزان هەڵگوت • بە دەم ئەم لایلایانەوە سێ کوڕو کچێك لە ماڵی ئێمەدا پێ گەیین •

دیسان سەد هەزار کوڕو کچ لە داغستان پێ گەیشتن ـ جوتیار ، شوانکارە ، باخچەوان ، ماسیگر ، بەردتاش ، مۆرهەڵکەن ، ئەندازیاری کشتو کاڵی ، دەختۆر ، مامۆستا ، ئەندازیار ، شاعیر ، هونەرمەند • کەشتی کەوتە دەریاوەو فڕۆکە کەوتە ئاسمانەوەو چرای وا ڕوناکیان بڵاو کردەوە کە شتی وا پێشتر نەدیترا بوو •

سلێمان ستالسکی گوتی : « ئێستا بوومەتە خاوەنی سامانێکی گەورە • »

باوکم گوتی : « ئێستا تەنیا لێپرسراوی دێ نیم ، بەڵکو هی هەموو وولاتم • »

ئەبوتالیب هاواری کرد : «بفڕە ، گۆرانیەکەم ، بەرەو کرملین بفڕە • »

نەوەی نوێ سەرو سیمای نوێیان بە گەلەکەمان بەخشی •

وولاتی گـــەورەی سۆڤیەت وەکو درەختێکی گـــەورە وایە • داغستان چلێکیەتی •

نازییەکان بۆیە پەلاماریان داین تا ئەو درەختە ڕیشەکێش بـکەنو قـەدو چلەکانی بسووتێنن •

ئەو ڕۆژە ژیان ڕێچکەی ئاسایی خـۆی گرتبوو ، لـــە خونزاخ بازاڕی یەك شەم هەبوو • لە قەلآدا پیشەنگای کشتو کاڵی ناوچـەیی هـەبوو • تیپێك لـە گەنجان چوو بوون بە قەد (چیای‌زینێ) هەڵگەڕێن • شانۆی ئاڤاری خۆی بۆ یەکەم شەوی شانۆگەری (قوتووی گیروگرفت)ی باوکم ئامادە دەکرد •

بەڵام بۆ بەیانی قوتوویەکی گیروگرفتی وا کرایەوە کە ئەوانەی دی هەموو لە بیر کران • شەڕ دەستی پێ کرد •

ڕەوە گەنجو پیاو لە هەموو گوندە شاخاوییەکانەوە ڕەوانە کران ، کە تا دوێنێ ڕەزەوان بوونو ئەمڕۆ پاسەوانو بەرگریکەری وولاتەکەیانن لـە هـەموو گوندەکانی داغستان ، پیرەژنو کچـــە عازەبو منـــداڵ چووبوونە ســەر بانانو سەیری زەلامانیان دەکرد کـــە خـەریك بوون دەڕۆیشتن • دەچوون ماوەیەکی زۆریان پێ دەچـــوو ، هـەندێك بـــە یەکجاری دەڕۆیشتن • لە هەموو شوێنێکدا هەمان قسە بوو دەکرا :

« خوا حافیز ، دایە ! »

« بە خێر بمێنن بابە ! »

« ئەو ماڵە هەر ئاوا بێ داغستان ! »

« بەختتان لە بار بێ منداڵینە ! بەسەر کەوتوویی بێنەوە ! »

شەمەندەفەر لـە دوای شەمەندەفەر مەحەچقەلآیان بە جێ هێشت ،

وەك هێلێك وا بوون لە نێوان دەریاو شاخەکاندا •

گەنجو هێزو جوانی داغستانیان پێ بوو • سەراپای وولات پێویستی بەم هێزە بوو •

پیاو لە هەموو شوێنێکدا دەبیست :ـ

« دوڵبەر ، حوا حافیز ! »

« حورمێ ، خوا بتپارێزێ ! »

« بە جێم مێلە ، دەمەوێ لەگەڵتا بێم ! »

« بە سەرکەوتوویی دێینەوە ! »

شەمەندەفەرەکان ڕۆیشتن • سەریان لە دوو یەك نا بوو •

(کۆلیجی ڕاهێنانی مامۆستایان)ی خۆم دەبینم • بەتالیۆنی سوارەی داغستانی بە تەك گۆڕستانی ئەو کەسانەدا تێپەڕیکە لـە پێناوی شۆڕشدا شەهید کران • (کەراکەرایێف)ی پارتیزانی سوور سەرکردەیان بوو • ڕوویەکی ترشو تاڵی هەبوو • بەتالیۆنەکەی خۆی لە شیری خوا دا •

ئینجا چاییەکی نەوەد ساڵی قسەی بۆ بەتالیۆنەکە کرد :

« داخم ناچێ کـە ئەمڕۆ لە تەمەنی سی ساڵیدا نیم • بەڵام بـە سێ کوڕم لەگەڵتاندام • »

ئینجا تیپی جەنـگاوەری داغستان ، بەتالیۆنی تانـــکی شـــامیل ، شەمەندەفەری شەڕکەری کۆمسۆمۆلی داغستان هاتن • کوڕو باب شـان بە شانی یەکدی دەجەنگان •

جارێکیدی ئاوبانـــگی جەنگاوەران لەسەر شاخان درەوشایەوە • ئافرەت ، خەناو کـــەو گوارەوبەتتك و کەمەرەو ئەنـــگوستیلەیان بەخشی ـ کـە دیاری دەزگیرانو مێردو باوکان بوو ـ زێڕو زیوو مرواریان بە

وولاتەکەیان بەخشی بۆ ئەوەی سەرکەوتن بە دەست بێنن •

بەڵێ داغستانییەکان چوونە سەنگەر • بۆ ئەوەی شان بە شانی سەراپای وولات بجەنگن • لە هەموو قوژبنێکدا دەکەوتنە بەرچاو ـ دەریاوان ، پیادە ، تانکچی ، نیشانەشکێن ، فڕۆکەوان ، تفەنگچی ، کۆماندۆ ، پارتیزان • لە هەموو سەنگەرەکانیشەوە نامەی ناخۆش بۆ داغستانی بچکۆلە دەهات •

گوندی (تسادا)مان حەفتا ماڵە • نزیکەی حەفتا لاوی چوونە سەنگەر • لە کاتی شەڕدا دایکم دەیگوت : «زۆر جار لە خەوندا دەبینم هەموو منداڵە تسادایەکانمان لە مێرگی خوارێ کۆبوونەتەوە • » هەندێ جار سەری هەڵدەبڕیو تەماشای ئەستێرەیەکی دەکردو دەیگوت : « ئەو ئەستێرەیە لە شوێنێکی نزیك لینینگراد بەسەر منداڵەکانماندا دەجریوێنێ • » کە باڵندەی کۆچەر لە باکوورەوە دەهاتن دەیگوت : « ئەرێ منداڵە تسادایەکانمانتان نەدیوە ؟ »

ژنە چیاییەکانمان ، بە نامە خوێندنەوەو گوێدانە ڕادیۆ زۆر ناوی سەیرو گران فێربوون : کێرچ ، برێست ، کۆرسون ـ شێفچینکۆفسکی ، پلۆیستی ، کۆنستانتا ، فرانکفۆرت/ی سەرمێن ، براندنبرگ • دوو ناو هەبوو هەمیشە لێیان تێکەڵ دەبوو ـ بۆخارێستو بۆدابێست • باوەڕیان نەدەکرد ئەمانە دوو شاری جودا بن •

بەڵێ ، منداڵە تسادایەکانمان چوونە زۆر وولاتی بێگانە •

لە چلو سێدا منو باوکم چووینە شاری بەلاشۆڤ • براگەورەکەم (محەمەد هەمزەتۆڤ) لەوێ لە نەخۆشخانەی سەربازی ئەمری خوای کرد بوو •

باوکم ئەمامێکی لەسەر گۆڕەکە چاند ، چنارێکی ڕووسی • گوتی : « گۆڕستانی تسادامان فراوان بوە • گوندەکەمان گەورە بوە • »

گۆڕستانی تسادا

دراوسێینە ، ئێوە
لە گۆڕستانی تسادا
لەناو کفنی سپی ڕاکشاون و تاریکی نووڵی داون •
من لە دوورەوە هاتومەتەوە ماڵێ •
ئەچی ئێوە ئەوەندە نزیکن و
نا ئەڕێنەوە ماڵێ •
کەم برادەر لە گوند ماوە •
گوندەکەمان خزمی تێدا کەم بۆتەوە •
تۆش کچی کاکەم •
ئەمڕو نەهاتیتە پێشوازیم •
ئەی ئەشمیلو ڕوحسووك ، چیت لێهاتوە ؟
ڕۆژگار وەك ڕووبار بەسەرتا تێدەپەڕێ •
هاوڕێکانی دوێنێت خوێندنیان تەواو کرد ،
کەچی تۆ هەتا هەتایە هەر لە پۆلی پێنجەمی •
پێم سەیرو ناشیرین بوو ،
لەم ناوچە چۆڵە ،
لەسەر گۆڕەکەی •
زوڕنای پیاسلان فیقەی دێ
دەفی باوکی سەمەدی هاوڕێی لێیدا
گوێی لە ڕۆژگاری پێشوو بوو •
هەستم کرد ، وەکو شادی
زەماوەندی دراوسێکەیان
شاد بوون •
نەخێر خەڵکی ئێرە حەزیان لە هەرا نیە ••
ئەوەی بانگیشی بکەی وەڵامت ناداتەوە •
گۆڕستانی تسادا ، نیشتمانی بێدەنگان ،
دوا مەنزڵی ڕۆڵەکانی نیشتمان •

تۆ گەورە دەبیو بێسنوور دەکشێی •
ساڵ بە ساڵ پڕ کێلتر دەبی •
دەزانم ڕۆژێ دێو ،
منیش دەکەومە ناو سنووری تۆ •
لە نێو چەوانمان نووسراوە •
هەر چەندە ڕێمان جودا بێ
دوا قۆناغ لێرە پێك دەگەینەوە ،
بەلآم زۆر تسادایی هەن •
لێرە نایانبینم •
ئەگەرچی لە مێژیشە مردوون •
زۆر سەربازی گەنجو جەنگاوەری کاڵ
لە ماڵەوە نەمردوون •
ئیسحاق بیاسلانۆڤ ، لە کوێ نێژراوی ؟
حاجی ماگوی ، برام ، ئەدی تۆ لە کوێی ؟
برا ئازیزە کوژراوەکانم ، ئێوە لە کوێن ؟
دەزانم چیتر یەکدی نابینینەوە •
بەلآم ســـەد ئاخ •
گۆڕتان لە گۆڕستانی تسادا نیە !
گوللە لە شەڕگەی دوورا دڵی سمیون •
لە شەڕگەی دوور دەستتان تێك گرتوە •
گۆڕستانی تسادا ،
تۆ چۆن گۆڕی ڕۆڵەکانت وا دوورفڕێ داوە •
ئێستاش لە وولاتی گەرمو سارد
کە ڕۆژ دەجۆشێو زریان دەیبەستێ •
ژنە ئاڤار گوڵ ناهێننە سەر گۆڕتانو
لە سەر گوڵکۆی دانانێن •

لـــە کـاتی شـەڕدا نەخشەیەکی گەورە بـــە دیواری سۆڤێتی گوندەکەمانەوە هەڵواسرا بوو • ئەو جۆرە نەخشەیە لـە سەرانسەری وولاتدا هەبوون • ئالآی بچکۆڵەی سووریان لەسەر چەقابوو کـە جێ سەنـگەرەکانیان پێشان دەدا •

نەخشەی ئێمەش ئالآی بـە سـەرەوە بوو • بەلآم مانایەکی تریان دەگەیاند • ئەو جێگایانەیان پێشان دەدا کـە زەلامەکانمان لێ شەهیـد ببوون • ئەو ئالآیانە زۆر بوون • بە قـەد ئەو نووکـە دەرزییە تیژانە بوون کـە دڵی دایکانیان سمی بوو •

بەڵێ ، گۆڕستانی تسادا گچکە نەبوو • دایکە پەرۆشەکان دەچوونە لای فاڵچییان ، ئەوانیش دڵیان دەدانەوە : «ڕێیەك هەیە • ئاگرێك هەیە • سەرکەوتنێك هەیە • کوڕت دێتەوە • ئاشتی دوبارە دەگەڕێتەوە • »

ئەو فاڵچییانە حیلەباز بوون • بەلآم لە بارەی سەرکەوتنەوە بـــە هەڵـەدا نەچووبوون • لـە سـەر دیوارەکـانی (ڕێچستاگ) نووسینێك لـەناو گەلێ نووسینی تردا هەیە • بە نووکە قەمە هەڵکەندراوە :

« ئێمە خەڵکی داغستانین ! »

دوبارە ، پیرەمێردو ژنو منـداڵ بە سـەر بانان کەوتنو لـە دوور رامـان • ئەمجارە هەڵۆکانیان بە ڕێ نەدەکرد ، بەڵـکو چاوەڕێ بوون بگەڕێنەوە • چ دیار نەبوو زەلام لـە کلکە شاخـان شریتـە ببەستن • هـەموو پێـکەوە چوونبەلآم یەك یەك هاتنـــەوە • هـــەندێ ئافرەت دەسرۆکی ڕەنـگینیان بەست ، بەلآم هەندێـکیتر هی ڕەش • ئەوانەی گەڕابوونەوە دایکەکان لێیان دەپرسین :ــ

« کوا عومەری من ؟ »

« ئەرێ عەلی منت نەدیوە ؟ »

« محەمەدی من بەم زوانە دێتەوە ؟ »

دایکیشم دەسرۆکێـکی ڕەشی بەستا بوو • محەمـەدو ئەخیلچی ــ جوتە کوڕی ئەوو جوتە برای من ــ تازە نایەنەوە • ئەوانەی دایـکم

خەونی پێوە دیبوون لە مێرگی خوارێ یاری دەکەن ، زۆر بەیان نەهاتنەوە • زۆربەی ئەوانەش نەگەڕانەوە کە فاڵچییەکان پێشبینی گەڕانەوەیان کرد بوون •

نزیکەی سەد زەلام نەهاتنەوە گوندەکەمان ، سەد هەزار نەهاتنەوە داغستان •

تەماشای ئالایەکانی سەر نەخشە دەکەم • ناوی شوێنان دەخوێنمەوە ، ناوی پیاوەکانی گوندی خۆمانم دێتەوە بیر •

محەمەد حاجییف لە دەریای بارنیتسدا خنکا • محەمەد زاهید عەبدولمەنافۆفی تانکچی ، لە سمفرۆپۆل کوژرا • خان پاشانورادیلۆفی دۆشکەچی لە ستالینگراد شەهید بوو ـ چەچان بوو بەڵام ڕۆڵەی داغستان بوو • کەمالۆفی نەبەرد سەرکردایەتی چەتە شەڕکەرەکانی کرد لە ئیتالیاو لەوێ مرد •

هەر گوندێکی چیایی پەیکەرێکی قووچەکانی لێیە • ناو ، ناو ، ناوی تێدایە • چیایی لە ئەسپەکەی دادەبەزێو بە سەر کۆتی لە دیاری ڕادەوەستێ •

کانی شاخان ناوی شەهیدانیان لێیە • پیرەمێرد لەسەر ئەو کانیانە دادەنیشن چونکە لە زمانی ئاو دەگەن • لە هەموو ماڵێکیشدا ، لە جێگای پیرۆزو متەفەڕك وێنەی ئەوان کەسان هەڵواسراوە کە هەتا هەتایە هەر جوانو جەحێلن •

هەر کاتێ کە لە گەشتێکی دوورو درێژ دەگەڕێمەوە ، هەندێ دایك بە دزە ئومێدەوە لێم دەپرسن :

« قەت لەوێ تووشی کوڕی من نەبووی ؟ »

بە هیواو کوڵو کەسەرەوە سەیری قورینگان دەکەن کە بە ڕەوە دەفڕن • منیش ناتوانم چاو لەو قورینگانە هەڵلۆزم کە بەسەر سەرمدا تێدەپەڕن •

قورینك

هەندێ جار وا دەزانم سوارەی دلێر •
کە لە شەڕی خوێناویدا مردوون ،
نەخراونەتە گۆڕ ،
بەلکو هەڵفڕیونو بوونەتە قورینگی پەڕسپی •

لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ
بەسەر سەرمانەوە دەفڕنو دەقیڕێنن •
ئەدی بۆیە نیە بە کپو بێدەنگی
تێیان ئز دەبینەوە •

لە وولاتی هەرە دووری بێگانانەدا
قورینك لە نێو زەردەپەڕدا دەبینم
وەك ئەسپ سواری چالاك
بە گۆمەڵ تیژ دەفڕنو تێدەپەڕن •

کاتێ کە دەفڕنو دوور دەکەونەوە
گوێم لێیانە ناوی یەکێك دەبەن •
ئەوە بۆیەیە کە دەنگی زمانی ئاقاری
قیڕەی قورینگانی تێدایە •

بەناو ئاسمانی شەکەتدا پێشبڕکێیانە •
دۆستو خزمن !
بۆشاییەك لە ریزەکانیان دەبینم •
ڕەنگە بۆمنیان دانابێ ؟

ڕۆژێ دێ دەچمە ناو ڕەوە قورینگان •
لەگەڵ ئەواندا لە شەققەی باڵ دەدەمو دەڕۆم •
ئێوەش کە لێرە لەسەر زەوی دەمێننەوە •
گوێتان لە قیڕەی بلندو بەهێزی من دەبێ •

قورینگەکان دەفڕن ، گیا دەڕوێ ، بێشکەکان ڕادەهەژێن • لە ماڵی مندا سێ کەس لە سەر پشتی لانك ڕاکشاون • سێ کچم بوە • ئەوانی دی چوار یا دە یا پازدە یان هەیە • سەد لانك لە تسادا ڕادەهەژێ • سەد هەزار لانك لە داغستان ڕادەهەژێ • ڕادەی منداڵ بوونی داغستان لە هەموو ڕوسیای فیدرالیدا زیاترە • ئێستا ، ئێمە ملیۆنو نیوێکین • تا خەڵك زۆر بێ زەماوەند زۆر دەبێ ، تا زەماوەندیش زۆر بێ خەڵك زۆر دەبێ •

چیاییەکان دەڵێن : سێ شت هەن نابێ وە درەنگ بخرێن : ناشتنی مردوو ، دانانو بەخێر هێنانی میوان ، بە شوودانی کچی سەرو عوزر شۆر •

داغستان قەت لەم سێ شتەدا سستی ناکات • دەهۆڵ دەکوترێ ، زوڕنا فیقەی دێ ، ئاهەنگو زەماوەند دەست پێدەکات • خاوەنی ئاهەنگەکە کە پێکی یەکەم هەڵدەدا دەڵێ : « بووك کوڕی بێ ! »

سێ شتی تریش هەن دەبێ چیایی بە ویژدانی بیانکات :

شاخی ـ شەراب تا دوا تڵپ هەڵقوڕێنێ ، ناوی خۆی بپارێزێو هەرگیز لە ساتی تەنگانەدا وورەی نەڕووخێ •

چیاییەکانیش تەنگانەیان کەم نەدیوە • چارەنووس زۆر زەبری گرانی سرەواندۆتە زنجەکانی داغستان ، بەڵام توند خۆیان ڕاگرتوە •

ئێستا وەکو پێشان ، ئاشتی لە دونیادا نەماوە • تفەنگ دەتەقێ ، بۆمبا لێرەو لەوێ دەگرمێنێو دایك هەمیشە کۆرپەکانیان بە خۆوە دەقرسێنن •

کە هەوری تەڕو تاری بە ئاسماندا دەڕوا سەپان بە هەڵەداوان دەچنە سەر زەوی بۆ ئەوەی قرشەی درواوە دا بکات • کە ئاسمان بەسەر دونیاداتاریك دادێ ، گەلان بە لەزو بەز دەچن بۆ ئەوەی ئاشتی لە هەڕەشەی شەڕ بپارێزن •

ئێمە لە داغستاندا دەڵێین : « گای کێوی قۆچەکانی دەبڕێ ، سەگی دڕ زنجیر دەکرێ » ئەگەر ئەمە لە ئاستی دونیادا بکرایە ژیان زۆر ئاسان دەبوو ! ئەمڕۆ داغستانی بچکۆلە خەمی دونیای گەورەی لەبەرە •

کاتی خۆی کە چیاییەکان دەچوونە شەڕ ، منداڵیان نەدەبردن • بەڵام شامیل گوتی دەبێ بیانبەین • ڕەنگە قلینجك بێسوود بێ بەڵام مستی توند بێ قلینجك پێك نایە •

دەبا داغستان لە مستی قوچاوەی وولاتدا وەکو قلینجك وا بێ • دوژمن هەر چەندە هەوڵ بدەن ئەو مستەیان پێ خاو نابێتەوە • مست تەنیا بۆ دوژمنانە • بۆ شانی دۆستان دەستی واڵا هەیە • بەڵام ئەو دەستەش قلینجکی خۆی هەیە •

کە لە وولاتانی تر بم ، یەکەمجار ناسیاوی لەگەڵ شاعیراندا پەیدا دەکەم • گۆرانی زوو لە گۆرانی دەگات • بەڵام هەوڵیش دەدەم هاونیشتمانەکانم بدۆزمەوە • بێگومان ، زۆر جۆرە کەس لە دەرەوە هەن • بەڵام کەیفم بە هیچ هەڵوێستێکی هاونیشتمانیان نایە هەر لەبەر ئەوەی لایان داوە • لە تورکیا ، سوریا ، ئەلمانیای ڕۆژئاوا تووشیان هاتووم • جا لە کوێ تووشیان نەهاتووم ؟!

هەندێ داغستانی لە سەر دەمی شامیلیش داغستانیان بەجێهێشت • بە دوای بەختیاریەك داچوون کە لە ماڵێ چنگیان نەدەکەوت •

هەندێکی‌تر بۆیە ڕۆیشتن چونکە لە شۆڕش نەگەیشتن یا تێ گەیشتن بەڵام ترسان • هەندێکی تریسیش شۆڕش خۆی وەدەری نان • جۆری چوارەمیش هەن ، لە هەمووان کەمترو بێ هوورەترن • ئەمانـە لە شەڕی بەم دواییەدا خاینی نیشتمانەکەیان بوون • زۆر جۆرە داغستانیم دیوە • بگرە لە تورکیا چوومە سەردانی گوندێکی داغستانی • خەڵکی گوندەکە پێیان گوتم :

« ئێمە ، لێرە داغستانی بچکۆلەی خۆمان هەیە • »

« نەخێر ، وا نیە • تەنیا یەك داغستان هەیە ، قەت نابێتە دوو • »

« ئەدی ئێمە کێین ؟ و خەڵکی کوێین ؟ »

« ڕاستە ، کێن‌و خەڵکی کوێن ؟ »

« خەڵکی (کەرەت) ، خەڵکی (باتلوخ) ، (خونزاخ) ، (ئاکوش) ، (کوموخ) ، (چۆخ)) (سۆگراتلی)ین • ئێمە خەڵکی گەلێ دێهاتـــی داغستانین • هەروەها ئەوانەش کە لە گۆڕستانی گوندەکەمان ڕاکشاون • ئێمەش داغستانێکی بچووکین • »

پەنجەم بۆ وێنەی « گوتسنسکی » ، (عەلیخانۆف) ، «ئوزون حاجی» درێژ کردو پرسیم : « کاتی خۆی هەو بوون • هەندێك هێشتا دەیانەوێ هەو بن • ڕەنگە ئەمەش داغستان بێ ؟ »

« ئەدی چییە ؟ ئەوانە لەگەلی خۆمانن ، بە هەمان زمان دەدوێن •»

« داغستان لە زمانیان نەگەیشت‌و ئەوانیـش لە زمانـــی داغستان نەگەیشتن • »

« هەر کەسە بە شێوەی تایبەتی خۆی لە داغستان دەگات • هـەر

کەسە داغستانی خۆی لە نێو دڵدایە • »

« بەڵام داغستان هەموویان بە کوڕی خۆی دانانێ • »

« کەوا بوو ، ئەدی کێ بە کوڕی خۆی دادەنێ ؟ »

« وەرنە ئەو شوێنەی لانکی منداڵەکانمی لێ ڕادەهەژێ • »

« لەوێ چیمان دەرهەق دەڵێن • »

« دەڵێن ئەو بەردانەن کە لە کاتی دروست کردنی داغستاندا لەگەڵ دیوار نەگونجان‌و فڕێ دران • ئەو گەڵایانەن بـای خـــەزان ڕایماڵین • ئەو ژێیانەن کە لەگەڵ ژێیە سەرەکییەکانی پاندوردا ڕێك نەکەوتن • »

ئاوها لەگەڵ ئەو هاونیشتمانانە دوام کە لە وڵاتی بێگانەدا دەژین • دەوڵەمەندو هەژار ، باش‌و خراپ ، سەربەرزو سەرشۆڕ ، تەفرەخۆرو تەفرەدەریان تێدایە • سەمای (لێزجینکا)یان بۆ کردم ؛ بەڵام دەهۆڵەکە بیانی بوو • کە دەڵێن ئێمەی داغستانی ملیۆن‌و نیوێکین ئەوانە حسێب ناکەین •

کە سووریام بە جێ هێشت ، ژنە ئاڤارێك داوای لێ کردم سڵاوی بە دارقەیسییەك بگەیەنم لە گەرگەبیل ، دەستی لەسەر دابنێم •

منداڵە ئاڤار لەسەر کەناری دەریای مەڕمەڕە ، کە باوکیان چـوو بوە مەککە ، پێیان گوتم : « مەککەی ئێمە داغستانە • یەکێ بچێتە مەککە دەبێتە حاجی ، بەڵام ئێمە حاجیمان ئەو کەسەیە بچێتە داغستان ! »

جارێکیان حاجییەك کە چل ساڵ وڵاتی خۆی نەدی بوو ، لـــە مەحەچ قەڵا هاتە لام • لێم‌پرسی :

« باشە ، دەبینی داغستان گۆڕا بێ ؟ »

« ئەگەر بچم لەوێ بۆ خەڵکی باس بکەم باوەڕ ناکەن • بـــەڵام دەتوانم یەك شت بڵێم : داغستان دەژی ! »

بەڵێ ، دەژی ، داغستانەکەم ، کۆمارەکەم • گەلەکەم ـ زمانی ، ناوی ، ڕەوشتی ، هەمووی دەژین • ئەوەیە چارەنووسی داغستان • ئاهەنگی زەماوەند دەگـەڕێ ، لانك ڕادەهەژێ ، مـەی دەخورێتەوەو گۆرانی دەگوترێ •

زمـــان

ئەی دابەشکەری زمانان ، جارێکی‌تریش سوپاست دەکــەم • سوپاست دەکەم کە شاخەکانمان ، گوندەکانمـان ، دڵەکانمانت لــە بیر نەکرد •

سوپاس بۆ ئێوەش هەمووتان کە بە زمانی زگماکی خۆتان گۆرانی دەبێژنو بیر دەکەنەوە •

★ ★ ★

ووشەی « میللەت »ی ئاڤاری دوو مانـــای هەیــە : « نەتــەوە » « بایەخ» یان « پەیوەندی » • باوکم دەیگوت : ئەوەی بایەخ بە نەتەوەی خۆی نەدات ناتوانێ بایەخ بە دونیا بدات • »

ئەبوتالیب دەپرسی : « ئاخۆ دەبێ نەتەوە بایەخ بەو کەسانە بدا کە بایەخ بە نەتەوە نادەن ؟ »•

دایـکم دەیگوت :

« مریشك ، قاز ، مشك ، نەتەوەیان نیە ، بەڵام خەڵك هەیانە ••»

دەشێ یەك نەتەوە لە دوو کۆماردا هەبێ • وەکو « ئۆسـێت »ی دراوسێکانمان • یان یەك کۆمار چل نەتەوەی تێدا هەبێ •

ڕێبوارێك لە بارەی داغستانەوە گوتوویە : « یەك شـاخ زمـانو گەلن • »

دوژمنەکانمان گوتوویانـە : « عەزیایـەکی هـەزار سـەرە • »

دۆستـەکانمان گوتوویانـــە : « درەختێـکی هـەزار لـکە • »

ڕێبوارەکان گوتوویانە : « هەموو دونیـا بـگەڕێی وولاتێـکی وا بچووك نادۆزیتەوە ئەوەندە نەتەوە زۆرەی تێدا بێ • »

ئەبوتالیب بە گاڵتە دەیگوت : « ئێمە یارمەتیەکی زۆری پێشکەوتنی ڕۆشنبیریی جۆرجیمان داوە • »

«مەبەستت چیە ؟ ئەوان تەمەنی ڕۆشنبیریان هەزار ساڵە • شـۆتا ڕۆستاڤێلی هەشت سەد سـاڵ پێـش ئێستـا ژیاوە • ئێمـە دوێـنێ فێری خوێندەواری بووین ، چۆن توانیومانە یارمەتیان بدەین ؟ »

« بەم شێوەیە : ئێمە هەر گوندێکمان زمانێکی تایبەتی خۆی هەیە • جۆرجیە دراوسێکانمان بڕیاریان دا ئەو زمانانە فێر بنو بەراوردیان بکەن• ئەوانەی لە زمانەکانیان کۆڵیەوە ووتارو کتێبی زانستیان نووسیو بوون بە باحثو خاوەن ماستەرو دکتۆری زانست ئەگەر داغستان تەنیا یەك زمانی هەبایە ئەوەندە دکتۆرە پەیدا نەدەبوو • »

بەڵێ ، زۆر کتێب لە بارەی ڕێزمانو سینتاکسو فۆنەتیكو ووشەی

زمانەکانی داغستان نووسراوەو دەنووسرێ • زۆر ێیش ماوە بـکرێ ، لێکۆڵەرەوەینە ، وەرنە بەرێ ، بەشی خۆتانو منداڵەکانیشتان دەکات •

زاناکان مشتو مڕو گفتوگۆ لەسەر زمانەکانی داغستان دەکەن • هەندێ دەڵێن ژمارەی زمانەکانی ئەوەندەیە ، هەندێکی دی دەڵێن نـــەء ئەوەندەیە •

هەندێ دەڵـێن زمانەکان بەم جۆرە پەیدا بوون ، هەندێکیدی دەڵێن بەو جۆرە ـ بەڵگەو سەبارەتەکانیان زۆر دژو ناکۆکە •

بەڵام شتێ هەیە من باشی دەزانم : دەشێ ئەوانەی بە ترومبێل سەفەر دەکەن بە پێنج زمانی جودا بدوێن • خۆ ئەگەر پێنج ترومبێل لە چـوار ڕیانێك بگەنە یەك ئەوا گوێت لە (٣٠) سی زمان دەبێ •

کە ڕێکخراوی ژێرزەمینی پارتی بە سەرۆکایەتی ئوللوبی بویناکسلی کەوتنە بەر تەقەی دوژمن ـ خۆیان شەش کەس بوون ـ پێش مردن بە پێنج زمان جوێنیان حەواڵەی دوژمن کرد :

ئوللوبی بویناکسلی	بـە کومیکی
سعید عبدالعلیمۆف	بـە ئاڤاری
عبدالوهاب حاجییف	بـە دارجینی
مجید علی تۆغلی	بـە کومیکی
عبدالرحمن اسماعیلۆف	بـە لیزجیانی
ئوسکار لێشجنسکی	بـە ڕووسی

محەمەد سلێمانۆڤی نووسەری داغستانی یازدە چیرۆکی گاڵتەجاری لە بارەی یازدە محەمەدی یازدە نەتەوەی داغستانیەوە هەیە • ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی ناو ناوە « یازدە محەمەد • »

دیمتری ترونۆڤی نووسەری ڕووسی کە لە داغستان دەژی ، ووتارێکی لە بارەی کولخۆزێکەوە نووسیوە کە ئەندامەکانی لە (٣٠) سی نەتەوەن •

دەفتەری بیرەوەری ئەفەندی کەپاییف باسێکی تێدایە لە بارەی سێ نووسەری داغستانی ــ سلێمان ستالسکی ، هەمزە تساداسا ، عەبدوللا محەمەدۆڤ کە هەموو پێکەوە بە یەك ترومبێل چوونە مۆسکۆ بۆ یەکەم کۆنگرەی نووسەرانی یەکێتی سۆڤیەت • سێ ڕۆژ بە ڕێوە بوون ، هەموو شاعیری میللی داغستان بوون بەڵام نەیاندەتوانی قسە لەگەڵ یەکدی بکەن • هەر کەسە زمانی خۆی هەبوو ناچار بە ئیشارەتو لاسایی قسەیان دەکرد •

ئەبوتالیب کە باسی تاقی کردنەوەی پارتیزانی خۆی دەکرد ، دەیگێڕایەوە : « خەڵك لە دەوری یەك مەنجەڵە مزەورەدا بە بیست زمان دەدوان • یەك فەردە ئارد بە ناو بیست نەتەوەدا دەبەشرایەوە • »

جونگوتای ژێریو جونگوتای ژووریمان هەیە • بەینیان سێ کیلۆمەترە • جونگوتا ی ژێری بە کومیکی دەدوێن ، کەچی جونگوتای ژووری بە ئاڤاری داخڤن •

دارجین دەڵێن خەڵکی « مەگەب » دارجینن ؛ کەچی ئاڤار دەڵێن نەء ئاڤارن • باشە خەڵکی مەگەب خۆیان چ دەڵێن ؟

« ئیمە نە دارجینینو نە ئاڤار • ئیمە مەگەبین • زمانی مەگەبی خۆمان هەیە • » لە مەگەب حەفت کیلۆمەتر هێوە برۆ بۆ چۆخ ، زمانی مەگەبی دادت نادا ، ئەوانیش زمانی تایبەتی خۆیان هەیە •

دەڵێن بۆیە ئەو ماوە دوورو درێژە نهێنی ئاسنگرانی کوباجی

نەزانراوە چونکە کەس نەیتوانیوە لە زمانیان بگات • تۆ ئەگەر بشتەهوێ نهێنیەك بدۆزیتەوە چت پێ ناکرێ چونکە هیچ ڕێگایەکت نیە •

هەروەها دەڵێن جارێکیان خانی خونزاخ خەفیەکانی خۆی ناردە گیداتلی بۆ ئەوەی لە گۆدەکانو لە بازاڕ گوێ ڕابگرنو بزانن نیازیان چیە ؟

خەفیەکان بە پەلەپەل گەڕانەوە •

« چیان لێ تێ گەیشتن ؟ »

« هیچ • »

« چۆن دەبێ ؟ »

« هەر کەسە بە زمانی تایبەتی خۆی دەدوێ ، لە هیچیان نەگەیشتین • »

چیایەك چوە بازاڕی ئاندی کەپەنکێك بکڕێ • تەماشای کەپەنکێکی کردو لە قیاتی پرسیو مامڵەتی کرد ، بۆیان داشکاند • پاشان کابرای ئاندی بای داوە سەر زمانی تایبەتی خۆی • چیایەکە نارەزایی پێشان دا :

« مادام من کڕیارم دەبێ بە زمانێکی وا بدوێی کە تێی بگەم • »

« کە بە نرخەکەمان ڕازی بووی وا دەکەین • »

بەڵێ ، ڕاستە • ئاندی قەت لە مامڵەت تێ نەکەوتوون •

چیایەك ئەشقی کچێکی جوان بوو • ویستی سێ ووشەی بۆ بنووسێ :

« تۆ ــ م ــ خۆش دەوێ » بەڵام بە نامە نەء • بەڵکو ویستی لە جێگەیەکی وا بنووسێ کە هاتوچۆی کچەی بە سەرەوە بێو نووسینەکە ببینێ ــ لەسەر شاخ ، لەسەر ڕێی کانی ، لەسەر دیواری ماڵی نازدارێ ،

لەسەر پاندوور • نووسینەکە سانا بوو بەڵام کوڕە وای بە خەیاڵ داهات کە بە هەموو زمانەکانی داغستان بینووسێ بۆیە کەوتە گەشتو گەڕان • وای دەزانی گەشتەکەی درێژە ناکێشێ بەڵام بینی هەر گوندێك بە شێوەی تایبەتی خۆی ئەم ووشانە دەردەبڕێ :

دیێ ـ مون ـ یۆکیولا	« ئافاری »
زاز ـ ڤون ـ کیاندا	« لیزجیان »
تتون ـ ئنا ـ چایبورا	« لـەك »
خیو ـ ناب ـ ڕیگولرا	« دارجین »
مێن ـ سێنی ـ سیوێمێن	« کومیك »
ئوزوز ـ ئوقو ـ ککوندوزاز	« تەباساری »
مێ ـ تورێ ـ خۆسدەنوم	« تـات »

ئینجا بۆتلیخ ، چۆخ ، تسومادیـن ، تسوتـین و هـی دیـکەش هەبوون •

دەڵێن ئەو ئاشقە ئێستاش هەر بە شاخاندا دەسووڕێتەوە • کچە لە مێژە شووی کردوەو سەری سپی بوە ، کەچی کابرا هەر خەریـکی نووسینی ئەم ووشانەیە •

پیرەمێردێك لە گەنجێکی پرسی : « نازانی بە زمانی خۆتـان پێی بڵێی : تۆم خۆش دەوێ »

گەنجەکە کچێکی لە تەنیشت بوو ، هامێزی تێ وەرهێناو وەڵامی دایەوە : « بە زمانی ئێمە ئاوها باسی خۆشەویستی دەکەن »

هەر باڵندەیەکی بچووك ، هەر گوڵێك ، هەر ڕووبارێك ، لە داغستان دەرزنە ناوێکی هەیە •

بە پێی دەستوور ، ئێمە هەشت نەتەوەی سەرەکیمان هەیە : ئاڤار ، دارجین ، کومیك ، لیزجیان ، لەك ، تات ، تەبەسارانی ، نۆگایی •

پێنج ڕۆژمێر بە پێنج زمان دەردەکەین : دوڤـاڵ ، دوسـلوك ، تلماگدیش ، گودولچـی ••• هـەموویشیان یـەك مانایـان هەیـە : « دۆستێنی » •

لە داغستاندا کتێب بە نۆ زمان چاپ دەکرێ • ئەدی داخۆ گۆرانی بە چەند زمان دەگوترێ ؟ هەر مافوورێك نەخشی تایبەتی خۆی هەیە • هەر شیرێکیش نووسینی خۆی لەسەرە •

بەڵام چۆن ئەوەندە پەنجەیە لە یەك دەستدا ڕواون ؟ ئەو هەموو زمانانە چۆن لە داغستان پەیدا بوون ؟

لێ گەڕێ با زاناکان بە شێوەی تایبەتی خۆیان لێکی بدەنەوە ، بەڵام باوکم ئەم چیرۆکەی بۆ دەگێڕامەوە :

« قاسیدی خوا بە سواری ئێستر کەوتە ناو ئەم دونیایە ، فەردەیەکی گەورەی پڕ زمانی پێ بوو هەر نەتەوەیەكو زمانێکی پێ بەخشی • چوە چینو زمانی چینی پێ بەخشین • چوە عارەبستانو زمانـی عارەبـی پـێ بەخشین • زمانی گریکی بە گریکان بەخشـی ، ڕووسی بـە ڕووسـانو فەڕەنـگی بە گەلی فەڕەنگ بەخشی • زمانەکانیان جیـا بوون • هـەندێ زمان ناسك بوونو هەندێکیتر ڕەق • هەندێ زمان تەڕو پاراو بوونو هەندێکیتر ووشكو برینگ • خەڵك هـەوەسیان بـەم دیاریە هـاتو یەکسەر بە زمانی ئادەمانە کەوتنە گفتوگۆ • هەر کەسە بە زمانی تایبەتی خۆی • وای لێهات بە خێرا زمان خەڵك باشتر تێك بگەنو هەر گەلەو باشتر لە گەلەکانی دراوسێی بگات •

بەم جۆرە قاسید بە سواری ئێستر هاتە داغستان ، تازە زمانی بە جۆرجیەکان بەخشی بوو کە پاشان شۆتا ڕوستاڤێلی داستانە بە ناوبانگەکەی پێ نووسی • هەروەها تازە زمانی بە ئۆسێتەکان بەخشی بوو کە کۆستا خێتاگورۆڤ پێی‌نووسیوە • ئینجا بوو بە نۆرەی ئێمە •

بە ڕێکەوت ئەو ڕۆژە زریان بوو لە چیاکان • بەفر لە دۆڵان تێك دەئاڵاو هەڵدەکشایە ئاسمان • چاو چاوی نەدەدی • نە ڕێ دیار بوو نە ئاوەدانی • تەنیا لوورەی (با) لە تاریکی دەهات • ڕنگەی گلۆربوونەوەی بەردان دەهات • شڵپ‌و هۆڕی چوار قۆیسوەکانمان دەهات • قاسیدی خوا ، کە سمێڵی بەست بووی ، گوتی : « نەخێر بەسەر ئەم شاخانە ناکەوم ، بە تایبەتی لەم ڕۆژە تووش‌و سەختەدا •» فەردەکەی کردەوەو ئەو مشتە زمانەی تێدا مابوو بەسەر چیاکانی وەرکردو گوتی : « هەر کەسە چ زمانێکی دەوێ با بۆ خۆی ببا • » ئیدی گەڕایەوە بارەگای خودا •

(با) زمانەکانی هەڵگرت‌و بە ناو شاخ‌و گەلیانی وەرکردن • لەو کاتەدا هەموو داغستانیەکان لە ماڵەوە دەرپەڕین بە ڕاکردن‌و پاڵدانە چوون ئەو بارانە زێڕینە بگرنەوە کە هەزار ساڵ بوو چاوەڕێیان دەکرد • دانەی گرانبەهایان هەڵگرتەوەو کۆیان کردەوە • هەر کەسە چی کەوتە بەر دەست بردی • بەم جۆرە هەر کەسە بوو بە خاوەنی زمانی زگماکی خۆی • ئینجا هەموو ڕایانکردەوە ماڵێ‌و چاوەڕێ بوون تا زریان بڕایەوە •

بۆ بەیانی دونیا خۆش بوو ڕۆژ بە دەزەوە بوو ، دەتگوت زریان‌و ڕەهێڵە هەر نەبوە • تەماشای چیایان‌کرد ناوی ـ چیا !! هەبوو • دەیانتوانی ناوی بێنن • دەریا ناوی هەبوو • هەر شتێکی بینیان ناوی

خۆی هەبوو • سەیرە ! نان ، دایك ، زنج ، ئاگردان ، کوڕ ، دراوسێ گەڵ ••• ناویان هەبوو •

هەموو دەرپەڕینە کۆڵان‌و هاواریان کرد •• چیا !! بەڵام هەر یەکە جۆرە دەنگێکی دایەوە • هاواریان کرد: دەریا !! دیسان هەر یەکە جۆرە دەنگێکی دایەوە • لەو کاتەوە ئاڤار ، لیزجیان ، دارجین ، کومیك ، تات ، لەك ••• پەیدابوون بەڵام هێشتا هەموو بە یەکەوە پێیان‌دەگوترا : داغستان • بنیادەم لە مەڕو گوڕگ‌و ئەسپ‌و کلۆ دابڕا ••• دەڵێن ئەگەر زمانێك بمابایەوە بۆ ئەسپ ئەویش دەبوو بە بنیادەم •

بەڵام ئەی قاسیدی خوا ! تۆ بۆچی لە زریان‌و شاخەکانمان سڵەمیتەوە ؟ بۆچی کوێرانە زمانەکانی ئێمەت بڵاو کردەوە ؟ وای چ کووکەیەکت نایەوە ! ئەو گەلەی کە بە گیان‌و دڵ و شێوەو دەستوورو جۆری ژیان هێندە لەیەك نزیکن ئەو زمانە جودایانە لێکی کردوون !

لەگەڵ ئەمەشدا ، بەجێیە ، سوپاست دەکەین بۆ ئەوەی کە هەیە • هیچ زمانێك لە زمانێکی‌تر خراپتر یان باشتر نیە • ئەوەی‌تریش خۆمان پێکی دێنین • خۆمان ڕێگای بە یەك گەیشتنی خۆمان دەدۆزینەوەو دەزانین زمانی جودا لێکمان جودا ناکاتەوە بگرە یەکمان دەخا •

ئینجا تەیموور لەنگ‌و پێخواس‌و شای ئێران پەلاماریان داین • ویستیان زمانی خۆیانمان بەسەردا بسەپێنن • بەڵام کە قۆڵیان هەڵتەکاندین پەنجەمان هەڵنەوەرا ، کە درەختیان ڕاوەشاندین چلەکانی نەشکان •

شامیل دەیگوت : « دەبێ زمانەکەمان وەکو نیشتمانی زگمان بپارێزین » •

حاجی موراد دەیگوت : « ووشە وەکو گوللە وان خەساریان مەکەن ! »

باوکیشم دەیگوت : « کە باوك دەمرێ خانووو زەوی‌و شیرو پاندور بۆ کوڕەکانی بەجێ دێلێ ، بەلام هەر نەوەیەك زمان بۆ نەوەی پاش خۆی بەجێ دێلێ • ئەوەی زمانی هەبێ خانوو دروست دەکا ، شیر دروست دەکا ، پاندور دروست دەکاو ئاوازی پێ لێدەدا • »

ئەی زمانی زگماکم ! نازانم داخۆ تۆ بە من ڕازی یان نەء ؛ بەلام من لە ناو تۆدا دەژیم‌و بە تۆ دەپەسنم • چۆن ئاوی سازگاری کانی لە ناخی تاریکیەوە هەلدەقولێتە سەر سەوزاییی‌و بەر هەتاو ، ووشەی زمانی زگماکی منیش ئاوها لە ناخی دلمەوە دێ‌و لە گەرووم هەلدەقولێ‌و لێوم دەیچرپێنێ • گوێ لە چرپەی خۆم دەگرم ، گوێ لە تۆ دەگرم ، ئەی زمانی زگماکم !

هەست بە گرمەی بەهێزی ڕوبارێکی شاخاوی دەکەم کە لە تەنگەبەرێك ڕێگای خۆی بکاتەوە • خوڕەی ئاوم خۆش دەوێ • کە دوو خەنجەری ڕووت بە یەك دەکەون زرنگەیان دێ ، ئەو زرنگەیەم خۆش دەوێ • ئەمانە هەموو لە زمانی مندا هەن • چرپەی خۆشەویستیم خۆش دەوێ •

ئەی زمانی زگماکم ! ناتوانم بە هەموو کەست بناسێنم • لەم دەنگان دەولەمەندی ! زۆرت دەنگ هەیە • زۆر زەحمەتە تا بێگانەیەك فێرت دەبێ بەلام کە فێرت بوو دەزانی چەند شیرینە پێت بدوێ !

بۆ نموونە ژماردن وەر بگرە لە یەکەوە تا دە چەند ئاسانە :

جۆ ، کێگۆ ، لابگۆ ، ئونگگۆ ، چوگۆ ، ئانلگۆ ، میلگۆ ئچیگۆ ، ئانچیگۆ • کە تووشی یەکێ دەبم بتوانێ بە ڕەوانی تا دە بە ئاڤاری بژمێرێ ، ئەم ژماردنە وەکو ئەو پیاوەتیە وایە کە پیاو پێویستیەتی‌بۆ ئەوەی لە کەنارێکی ڕوبارەوە بپەڕێتەوە کەنارەکەی‌ترو بەردێکی زلیشی لەسەر شان بێ • ئەگەر بتوانی تا دە بژمێری هەموو شتێکت بێ دەکرێ • دەتوانی مەلە بکەی ••• فەرموو ئازایانە وەرە پێش •

ئەدی لە بارەی نەتەوەکانی دی چ بلێم ! پیرەمێرد بە مندالە ئاڤاران دەلێن : سێ جار لەسەر یەك بە بێ گرێ‌و ڕاوەستان بلێ : کۆدا گۆرك کڤێرك کڤا کڤا دانا • » واتە : « بۆق لە بن پرد دەقیڕێنێ • » خۆی تەنیا چوار ووشەیە بەلام ئێمە کە مندالی گوندەکەمان بووین چەند ڕۆژێ مەشقمان دەکرد بۆ ئەوەی بتوانین ئەم ڕستەیە بە دروستی‌و خێرایی بلێینەوە •

ئەبوتالیب خۆی ئاڤاری دەزانی ، کوڕەکەی نارده تسادا بۆ ئەوەی ئەویش فێری ئاڤاری بێ • کە کوڕەکەی گەڕایەوە ، ئەبوتالیب لێی‌پرسی :

— سواری کەر بووی ؟

+ بەلێ سواری بووم •

— دەزانی تا دە بژمێری ؟

+ بەلێ دەزانم •

– بزانم سێ جار لەسەر یەك بلێ : «کۆدا گۆرك کڤێرك کڤاکڤادانا • »

کوڕەکەی گوتی : « چما تۆ وا دەزانی من ئامانجی تۆم بە تەواوی هێناوەتە جێ ؟ »

زمانی گوندە ترنجاوەکانی ناو شاخەکانمان ئەمانەن • هیچ زمانێکی دونیا ئەوەندە پیتەی نیە بایی نووسینەوەی ووشەو دەنگی زمانی ئێمە بکات • یان وەك زاناکان گۆتەنی – بایی ئەوە بکات کە بە ڕەمز دەنگی گەروویی و دەنگی گیرەو توند دەربرێ • بۆیە کە ئەلف‌و بێمان دانا ناچار بووین هەندێ پیت بخەینە سەر پیتەکانی ڕووسی بە تایبەتی پیتە دەنگیەکان • ئەمەش هەندێکیانن : گی ، خی ، فی ، لیل •

هەر سەبارەت بەم پیتە زیادانەش کە کتێبێکی ئاڤاری دەکرێتە ڕووسی لە ئاڤاریەکە کەمتر دەردەچێ ! وەکو گوندیەك وایە کە سێ مانگی تەواو وەك موسلمانان بە ڕۆژوو بوو بێ •

یەکێك لە شامیلی پرسی : « بۆچی ئەوەندە نەتەوە زۆرە لە داغستاندا هەن ؟ »

« بۆ ئەوەی لە تەنگانەدا بچنە هانای یەك ، بۆ ئەوەی کە یەکێ گۆرانی گوت ئەوانەی دی بۆی بگێڕنەوە • »

ئێستا ، پرسیارم لێدەکەن : « باشە ، وەزع چۆنە ؟ ئایا بە هەموو لایەك چوونەتە هانای تاکە کەسێکەوە ؟ »

« بەڵێ ، هیچ تاقە کەسێك لاتەریك نەوەستاوە • »

« ئەدی گۆرانی بە کۆمەڵ گوتراوە ؟ »

« بەڵێ ، نیشتمانەکەمان یەکە • زۆر ئاواز هەن بەلام یەك گۆرانی پێك دێنن • زۆر زمانی جودا هەن بەلام یەك دڵ هەیە •

دەستکەوتە پیرۆزەکانی هەموو خەڵك لەناو یەك دەستکەوتی گەورەدا تواوەتەوە • » •

« بەلام دیسان نەتەوەکان جیاوازیان هەیە ، باشە ئەم جیاوازیە چیە ؟ »

« وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە زۆر زەحمەتە • »

لە بارەی نەتەوەکانمانەوە دەڵێن : « هەندێك بۆ جەنگان لە دایك بوون ، هەندێکی‌تر بۆ چەك دروست کردن ، هەندێکی تر بۆ مەڕ لەوەڕاندن ، هەندێکی‌تر بۆ زەوی کێلان ، هەندێکی‌تر بۆ باخ پەروەردە کردن • بەلام ئەمە قسەی قۆڕە • هەر گەلێك جەنگاوەری خۆی ، شوانی خۆی ، ئاسنگری خۆی ، باخچەوانی خۆی هەیە • هەر یەکە پاڵەوانی خۆی ، گۆرانیبێژی خۆی ، وەستای خۆی هەیە •

ئاڤارەکان : شامیل‌و حاجی مورادی پیرە جەنگاوەر ، هەمزەو مەحموودی شاعیر ، مەحەچو خزرۆڤی شۆڕشگێڕ ، محەمەدحاجییف‌و سعدوالیڤی قارەمانی شەڕی نیشتمانی •

دارجین : باتیرای ، بەگەتیریێڤ ، ئەحمەد مونگی ، ڕەبەدان نورۆڤ ، کەراکەراییڤ •

لیزجیان : سلێمان ، ئەمین ، تاهیر ، ئاگاسێیڤ ئەمیرۆڤ •

کومیك : ئیرچی کازاك ، عەلیم پاشا ، ئوللوبی ، سولتان سەعید ، زەینولعابید ، باتیرموزاییێڤ ، نوخای •

لەك : هارون سعیدۆڤ ، سەعید گابێڤ ، ئەفەندی کاپاییڤ ، سورخای – ئێ ، ئەبوتالیبی برادەریشم •

لە زۆر نەتەوەو ناو تەنیا ناوی ئەوانەم هێنا کە یەکەم جار بە مێشکم داهاتن • لای ئێمەو لای نەتەوەکانی دی وێنەیان زۆرە • ناوی بەرزیش زۆر هەن • هەیانە پیرە جەنگاوەرە ، شاعیرە ، پیشەگەرە ، هەیشیانە پاڵەوانی ئەم زەمانەیە •

دەرهەق هەندێکیان دەڵێن : سەرکێشن ، دەرهەق هەندێکی‌تر دەڵێن : گێلن ، هەندێکی‌تر :دزن ، هی‌تر : ساختەچین • بەڵام بە لای منەوە ئەمە هەمووی درۆیە • لە هەموو نەتەوەیەك پیاوی کورت‌و درێژ ، کۆك‌و پوخەڵە هەن • دزو دووزمانیش هەن ؟ بەڵام ئەمانە دڕك‌و داڵن ، بەشەر نین •

برادەرێکم دەیگوت : دەتوانم پێشەکی نەتەوەی هەر کەسێ بزانم •

ـ چۆن ؟

ـ ئاسانە • نەتەوە هەیە لە داغستان (ناوی ناهێنین) ڕۆڵەکانی هەر کە گەیشتنە مەحەچ قەڵا خێرا دەچنە ڕێستۆران‌و لە شوێنی وا دەگەڕێن کە کچی جوانی لێ بێ • کەسێ کەسیان دەگەنە یەك دەیکەنە کۆڕی ڕابواردن•نەتەوەی‌تر هەیە (ناوی ناهێنین) ڕۆڵەکانی هەر خێرا ڕادەکەن بۆ سینەماو شانۆو ئاهەنگی مۆسیقا • کە سێ کەسیان دەگەنە یەك دەیکەنە ئۆرکسترا ، کە بوون بە پێنج دەیکەنە تیپی سەماو هەڵپەڕکێ‌و گۆرانی • هەندێکی‌تر دەچنە کتێبخانەکان‌و دەیانەوێ لە ئامۆژگا بخوێنن‌و نامەی دکتۆرا پێشکەش بکەن • کەسێ کەسیان دەگەنەیەك دەبێتە لیژنەی زانایان‌و کە بوون بە پێنج کەس دەبێتە کۆڕی زانیاری • هەندێکی‌تر (ناویان ناهێنین) تەنیا بیر لە ترومبێل کڕین دەکەنەوەو دەیانەوێ ببن بە شوفێرو لە ناو ترومبێلان بگەڕێن • کە سێ کە سیان دەگەنەیەك دەبێتە ئێستگەی ترومبێل‌و کە بوون بە پێنج

کەس دەیکەنە گەراجی هات‌و چۆ • هەندێکی‌تر وەرشە ، یان دوکان، یان چێشتخانە یان کۆشك پەسند دەکەن • لە هەر کوێ سێ کەسیان بگەنە یەك دەبێتە دوکانی بازرگانی‌و کە بوون بە پێنج کەس دەبێتە گەڕەکی پیشەسازی •

بەڵام هەر بۆ گاڵتە ئەم قسەیە دەکەین • ئاخۆ هیچ نەتەوە هەیە پیاوەکانی کچی جوانیان خۆش نەوێ‌و حەز نەکەن بچنە ڕێستۆران • هەر نەتەوەیەك شانۆی خۆی هەیەو شایی خۆی هەیەو گۆرانی خۆی هەیە ••• تیپێکی‌هاوبەشمان هەیە بۆ هەموو نەتەوەکان : « لیزجینکا » • لە هەموو نەتەوەیەك هی وا هەیە حەزی لە ترومبێلی فۆلگاو کارگەو دوکانی بازرگانییە • جارێکیان ئەبوتالیب باسی نەخۆشیەکی دەکرد کە پێشتر کەس لە داغستان نەیبیستبوو ، ئەویش نەخۆشی سەرخۆشیە•ئەبوتالیب دەیگوت : «وەختی خۆی یەك سەرخۆش لە گوندەکەمان هەبوو ، ناوی دا بوو ،؛ کەس نەبوو نەیناسێ ، کەچی ئێستا تەنیا یەك تاکە کەس لە گوندەکەمان هەیە کە سەرخۆش نیە • خەڵك پێیان‌سەیرەو لە دورەوە دێن‌و وەکو عاجباتی تەماشای دەکەن •

ئەبوتالیب زۆر چیرۆکی وای دەگێڕایەوە بەڵام دەترسم ئەگەر بە بەر چیرۆکەکانی دا بچین خۆمان لە بیر بکەین‌و بە تەواوی لە باسەکەمان بچینە دەرەوە •

باسی ئەم نیشانەیەمان دەکرد کە نەتەوەکانی داغستان لێك جودا دەکاتەوە • ئاخۆ دەبێ ئەم نیشانەیەجل‌وبەرگ بێ ؟ تەپڵە بێ ؟ یان جۆری تەپڵە لەسەر نان بێ ؟ بەڵام ئێستا هەموو کەس چاکەت‌و کراس لەبەر دەکات‌و فۆندرە لە پێ دەکات‌و تەپڵە لەسەر دەنێ • نەخێر ئەگەر یەك شت ما بێ نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکی دی جودا بکاتەوە ،

زمانە • سەیر ئەوەیە ئەگەر یەکێکی لیزجی یان تات یان ئاڤار یان دارجین بە ڕووسی بدوێ یەکسەر لە نەبرەی دەنگ‌و شێواندنی ئەکسێنتی ڕووسیەکە دەتوانی کومێك لە لەك‌و لیزجین لە کومێك جودا بکەیتەوە • بۆ نموونە هەر ووشەیەك سەرەتاکەی (س) بێ ، ئاڤار (ئی)ی بۆ زیاد دەکەن ، دەیکەنە (ئیس) • لە باتی (ستەمبۆل ـ بە ڕووسی) دەڵێن (ئیستەمبۆل) ، لە باتی (ستکان) دەڵێن (ئیستیکان) ، لە باتی (ستالسکی) دەڵێن (ئیستالسکی) •

ڕۆژێکیان باسی زمانەکانمان دەکرا ، ئەبوتالیب لەوێ بوو • کابرایەك جیاوازی شێوەی دەربڕینی زمانەکانی پێشان دەداو دەولاسکەی دەکردنەوە • ئەبوتالیب گوێی لێ گرت‌و پاشان قسەی پێ بڕی‌و گوتی :

« وا چاکە بێ دەنگ بی ، زۆرت گوت ، ئێستا نۆرەی منە • نابێ هەلەی تاکە کەسێك بدەیتە پاڵ هەموو گەل ، دارستان بە درەختێك و بە سێ درەخت‌و بە سەد درەختیش نابێ • مەسەلەی زمانەکانمان مەسەلەیەکی زۆر سەخت‌و ئاڵۆزە • وەکو گرێیەك وایە لە پەتێکی تەڕ درا بێ • کاتی خۆی وایان دەزانی ئاسانترین ڕێگا بۆ لە تەنگانە دەرچوون ئەوەیە وا پێشان بدەی هیچ تەنگانە لە گۆڕێ نیە • بەڵام گرفتەکە هەر دەمێنێ • لە سەردەمی دێرین هیچ شتێ هێندەی جیاوازی نەتەوایەتی گەلەکانی تێك بەر نەدەداو شیری پێ‌لێك نەدەسوون •

لە یادمە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەری لە مەحەج قەڵا بەسترا • سی‌و هەشت پەیامنێر کە لە مۆسکۆ کاریان دەکردو نوێنەری بیست‌و نۆ دەوڵەت بوون هاتنە داغستان • یەکەم جار بە ناو گوندە شاخاویەکاندا گەڕان‌و قسەیان لەگەڵ ئافرەت‌و پیاوان کرد • ئینجا لە

کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەری کۆبوونەوە • کامیرا چرتەی هات ، ڤیدیۆ فڕەی هات ، پەیامنێرەکان پێنووسیان تیژ کردو کاغەزی خاوێنیان دەرهێنا •

هەموومان لە دەوری مێزێکی گەورە دانیشتین‌و لەبەر ئەوەی ئەبوتالیب لە هەموومان پیرتر بوو ڕومان لێ نا کۆنگرەکە بکاتەوە •

دەستی پێ کرد : « خوشکینە ، براینە ، هاوڕێینە ! » پێمان گوتبوو ئەم ووشانە بۆ سەرەتای ووتارەکەی لەبارن ، پاشان لە خۆوە دەستی بە قسە کرد ـ « با یەکتر بناسین • ئەمە ماڵمانە • ئەمەش خۆمانین • ئەمانەش بەناوبانگترین شاعیرمانن (پەنجەی بۆ وێنەکانی سەر دیوار درێژ کرد • باتیرای ، کازاك ، مەحموود ، سلێمان ، هەمزە ، ئەفەندی ، چاویان بڕیبوە میوانان • »

ئەبوتالیب لە بارەی هەر یەکێکەوە هەندێ قسەی کرد : کێیە ؟ لە چ نەتەوەیەکە ؟ بە چ زمانێك نووسیویە ؟ چۆن ژیاوە ؟ بە چ ناوبانگی پەیدا کردوە ؟ کە گەیشتە وێنەی خۆی هیچ خۆی تێك نەدا :

« ئەمەیش خۆم • بەڵام تکایە وا تێ مەگەن لەسەر دیوار هاتوومەتە خوارێ بۆ سەر مێز ، لێرە ، لەسەر ئەم مێزەوە چوومەتە سەر دیوار • »

پاشان ئەو شاعیرانەی لەوێ ، لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون بە میوانەکانی ناساندن • گوتی :

« لەوانەیە هەندێکیان شوێنێ لەسەر ئەم دیوارە دابگرن • ئەحمەد خان ئەبووبەکرتان پێشکەش دەکەم : ئاسنگری کوباچی‌و شاعیری میللی داغستانە •

فازو مووسای ژن‌و مێرد : دوو نووسەرن ، دوو ڕۆمانووسن ، دوو شاعیرن ، دوو شانۆگەرینووسن لە یەك خێزاندا • هەندێ جار بە دوو قۆڵی دەنووسن‌و هەندێ جار هەر کەسە بە تەنێ •

موتەلیب میتارۆف : زاوای گەلی ئاڤارە ، شاعیرێکی تەبەسارانیە •

شێخ ئەمیر مورادۆف : (کۆتری ئاشتی) شاعیرێکی لیزجیە ، هەمیشە لەبارەی کۆترە باریکەوە دەنووسێ •

ژامدین : ی گالتەجاڕمان ، مارك توێن/ی داغستانەو لە هەمان کاتدا لێپرسلاوی (لیفۆند)ە •

ئەنوەر : شاعیری میللی داغستانە ، سەرنووسەری پێنج ڕۆژمێری ئەدەبیە •

ترۆنۆف : نووسەرێکی ڕووسیەو لە داغستان دەژی •

خزجبل ئەخشالومۆف : نووسەرێکی تاتە ، بە زمانی خۆی‌و بە ڕووسیش دەنووسێ •

ئەبوتالیب لە پێشکەش کردن بەردەوام بووو ناوی (بەدەوی ، سلێمان ، ساشا گراچ ، ئیبراهیم ، ئەلیرزا ، مەجید ، ئاشوگ ، ڕوتولسگی)ی هێنا • نووسەری بڵاوکراوە ئەدەبیەکانیشی بە میوانەکان ناساند •

ئینجا گوتی : «دەستووری خانەخوێتی ڕێمان نادا ناوی میوانان بپرسین» •

هەموو میوانەکان بە ڕیز هەستانەوەو ناوی خۆیان‌و وڵاتەکەیان‌و ڕۆژنامەکەیان پێشکەش کرد •

ئینجا بوو بە پرسیارو وەڵام ـ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەری ئاسایی بوو •

پرسیار :

ئێوە کە ئەوەندە زمانەتان هەیە ، ئەوەندە گەلەن ـ کە بە ڕاستی بورجی بابلە ـ چۆن لەیەك دەگەن ؟

ئەبوتالیب :

ئەو زمانانەی پێیان دەدوێین جودان ، بەڵام زمانەکانی ناو زارمان یەك شتن • (دەستی خستە سەر دڵی) ئەمەش باش تێدەگا • (دەستی دا گوێچکەکانی) بەڵام ئەمانە نەء •

پرسیار :

من پەیامنێری ڕۆژنامەیەکی بولگاریم • تکایە پێمان بڵێ هیچ پەیوەندی وا لە نێو زمانەکانی داغستاندا هەیە ، وەك ئەوەی بڵێین لە نێوان زمانی بولگاری‌و ڕووسیدا هەیە ؟

ئەبوتالیب :

زمانی بولگاری و زمانی ڕووسی جمکن • بەڵام زمانەکانی ئێمە بنعامیش نین • هیچ ووشەی هاوبەشیان تێدا نیە • نووسەرەکانمان تاقمی تایبەتیان تێدا هەیە ؛ بەڵام زمانەکانمان ـ نەء • هەر زمانێکم سەربەخۆیە •

پرسیار :

زمانەکانتان پەیوەندیان بە کام زمانی ترەوە هەیە ـ سەر بە کام کۆمەڵە زمانێکن ؟

ئەبوتالیب :

تات دەڵێن : ئێمە دەتوانین لە تاجیکی بگەین‌و حافز بخوێنینەوە • بەڵام لێیان‌دەپرسم : ئەگەر ئێوە لە زمانی سەعدی‌و خەییام دەگەن ، ئەدی بۆچی وەکو ئەوان نانووسن ؟

لە ڕۆژگاری کۆندا کە دەچوونە داخوازی ، ئەگەر بیانگوتبایە زاوا زمانی کومیکی دەزانێ ، ئەوە مەتحێکی زۆر بوو – مانای ئەوە بوو کە کابرا زۆر دەزانێو هەرگیز تێناکەوێ • ڕاستە ، ئەگەر زمانی کومیکی بزانی ، دەتوانی لە تورکیو ئازەربێجانیو تەتەریو بەلکاریو کازاخیو ئۆزبەکیو کیرگیسزیو باشکیریو زۆر زمانی پەیدەندیداریتریش بگەی • دەتوانی حیکمەتو کایسین کۆلیفو موستای کەریم بە زمانی ڕەسەنی خۆیان بخوێنیتەوە • بەڵام زمانی من – بێجگە لە لەکایەتی خۆمان تەنیا ئەو تۆژەوەرانە دەیزانن کە چەند ساڵ خۆیان پێوە خەریك کردوەو نامەی دکتۆرایان لێ وەرگرتوە • لەکێك دوای ئەوەی سەراپای دونیا گەرا ، لە ئەسوپیا گیرسایەوەو لەوێ بوو بە وەزیر ••• کابرا گوتوویە تووشی هیچ زمانێ نەبوە وەکو زمانی لەکی خۆمان وا بێ •

عومەر حاجی :

زمانی ئاڤاری ئێمەش وەکو هیچ زمانێکیدی نیە •

ئەبوتالیب :

هیچ زمانێك نیە لە زمانی دارجینی یان لیزجیانی یان تەبەسارانی بکات •

پرسیار :

تۆ چۆن توانیوتە ئەم هەموو زمانە فێر بیت ؟

ئەبوتالیب :

کاتی خۆی زۆر گەشتم بە داغستاندا دەکرد • من نانم دەویستو خەڵك گۆرانی • کە بچیتە گوندێكو زمانیان نەزانی هەتا سەگەکانیشیان دڕترن • پێویستی هانی دام زمانەکانی داغستان فێر ببم •

پرسیار :

ناتوانی نەختێ زیاتر باسی ئەو نیشانانە بکەی کە پەیوەندیو جیاوازی زمانەکانتان پێشان دەدەن ؟ چۆن وا ڕێك کەوتوە ئەم وڵاتە بچووکە ئەوەندە زمانەی هەیە ؟

ئەبوتالیب :

زۆر کتێب لە بارەی ئەم پەیوەندیو جیاوازیانەوە نووسراوە • من تۆژەوەرنیم ؛ بەڵام پێت دەڵێم چۆنی تێدەگەم • تۆ دەمانبینی لێرە دانیشتووین • هەندێکمان لە شاخان لە دایك بووینو پێگەیشتین ، هەندێکیش لە دەشت • هەندێك لە ناوچەی ساردو هەندێك لە ناوچەی گەرم • هەندێك لە دەم ڕووبارو هەندێك لە قەراغ دەریا • هەندێك لەو شوێنانەی گایان لێیە بەڵام زەویان لێنیە • هەندێك لەو شوێنانە لە دایك بوون کە ئاگریان لێیەبەڵام ئاویان لێنیە • هەندێکیتر لەو شوێنانەی کە ئاویان لێیە بەڵام ئاگریان لێ نیە •

لێرە گۆشتو لەو لای گەنمو لەولاتر تەڕە هەیە • ئەو شوێنەی پەنیری لێ هەڵبگیرێ مشکی لێ پەیدا دەبێ ، بەڵام ئەو شوێنەی مەڕی لێ بەخێو بکرێ گورگی دەبێ • سەرباری ئەمەش مێژووو شەڕو جوگرافیاو دراوسێی باشقە باشقەو سروشت هەن •

ووشەی «سروشت» ، بەلای ئێمەوە دوو مانای هەیە • لە لایەکەوە مانای : زەوی ، گیا ، درەخت ، شاخ ، دەدات • لەلایەکیدیشەوە سروشتی بنیادەمە • سروشتی جۆر بە جۆر لە جێگای جۆراوجۆرەوە ناوو دەستوورو ڕەوشتی جۆراو جۆری دروست کردوە •

لە هەر شوێنێ بە جۆرێ تەپڵە لەسەر دەنێنو بە جۆرێ جلو بەرگ هەڵدەبڕنو بە جۆرێ خانوو دروست دەکەن •

لەیلایەی جۆر بە جۆر هەن . مەحموود گۆرانی بە پاندووری دوو ژێ دەچڕی . پاندووری ئیرچی کازاك سێ ژێی‌هەیە . سلێمان ستالسکی لیزجیانی (تارا)ی لێ‌دەدا . ئامێر هەیە ژێیەکانی ڕیخۆڵەی بزنەو ئامێر هەیە ژێیەکانی تێلە .

زۆر گەل هەن ، بەڵام هەر یەکە ڕەوشتی تایبەتی خۆی هەیە . وەکو هەموو شوێنێکی‌تر : منداڵ لە دایك دەبێ . گەل هەیە ئاهەنگی ئاونانی بۆ دەکەن ، گەل هەیە سوونەتی دەکەن ، گەل هەیە بە ئاسانی بڕوانامەی لە دایك بوونی بۆ دەردێنن .

کوڕە گەورە دەبێ‌و دیسان ڕەوشتی‌تر هەیە . ژنی بۆ داخوازی دەکرێ - داخوازی‌کردنیش ڕەوشتی خۆی هەیە . ژن دێنێ‌و زەماوەند دەکا ، ئەویش ڕەوشتی خۆی هەیە . ئەگەر باسی هەموو جۆرە زەماوەندەکانی داغستان بکەم ڕۆژێکی ڕەبەق‌و زیاتریش دەخایەنێ . ئەوەی حەز دەکا کتێبێك هەیە پێشکەشی دەکەین ناوی «ڕەوشتی گەلەکانی داغستان»ە ، کە چوونەوە بیخوێننەوە .

پرسیار :

ڕەوشتتان جودایە ، زمانتان جودایە ، باشە چ شتێ بەیەکەوە دەتانبەستێتەوە ؟

ئەبوتالیب : داغستان .

پرسیار :

داغستان ... دەنا تۆ بۆت باس کردین ئەگەر ناوەکە وەربگێڕدرێ مانای « وولاتی شاخان » دەدات . مانای وایە داغستان ناوی ناوچەیەکە ؟

ئەبوتالیب :

نەك هەر ناوچەیەکە بگرە نیشتمانە ، کۆمارە . ووشەکە بۆ

ئەوانەی لە شاخان دەژین‌و ئەوانەی لە دۆڵان دەژین یەك شتە . نەخێر (داغستان) تەنیا مانایەکی جوگرافی نیە . ڕوخساری خۆی هەیە ، ئارەزووی خۆی هەیە ، خەونی خۆی هەیە . لە مێژووو چارەنووس‌و خەم‌و شادی هاوبەشین . لەو بڕوایە دای ئازاری پەنجەیەك کار لە پەنجەکانی دی ناکات ؟ هەندێ ووشەمان هەیە لە هەموو زمانەکانماندا هەیە وەکو ، ئۆکتۆبەر ، لینین ، ڕوسیا . پێویست ناکا ئەم ووشانە وەربگێڕینە سەر هەموو زمانەکان . هەموو کەس تێیان دەگا . ئێمەی نووسەر سەرمان بۆ پیلەکەی گەرم دەخورێ بەڵام لە بارەی ئەم ووشانەوە جیاوازیمان نیە . تێ گەیشتن ؟

پرسیار :

بەڵێ حاڵی بووین ، بەڵام دەمەوێ پرسیارێکی‌ترت لێ‌بکەم . ئەمڕۆ شیعرێکی (عادل عەلیێف)م لە ڕۆژنامەیەك خوێندەوە . «ئەناتۆلی زایاتس» کردبووی بە ڕووسی . نووسرابوو شیعرەکە لە داغستانیەوە وەرگێڕدراوە . ئاخۆ ئەمە چ زمانێکە ؟

ئەبوتالیب :

منیش نازانم داخۆ ئەمە چ زمانێکە . دوێنێ عادل عەلیێفم بینی‌و قسەم لەگەڵ کرد ، ئەو حەلە ئاقار بوو ، نازانم چی بەسەر هاتوە . بەڵام خەم ناکا . هەلەیەك بوەو ڕووی داوە .

پرسیار :

لە ئەمریکایش ئێمە زۆر نەتەوەو زۆر زمانمان هەیە ، بەڵام زمانی ڕەسمی‌و سەرەکیمان ئینگلیزیە . لە هەموو کاروبارێك‌و بۆ هەموو دوکەمەنتێك بە کار دێ . ئەدی ئێوە ؟ زمانی سەرەکیتان کامەیە ؟

ئەبوتالیب :

زمـــانی ســەرەکی هــەر کەسێك زمانی دایکیەتی • ئەوەی چیای خـۆی خۆش نەوێ ناتوانێ دەشتی بێـگانانێ خۆش بوێ • بەختیاریەك لـە ماڵەوە چنگت نەکەوێ لەســەر شەقام دەستت ناکەوێ • ئەوەی تف لە دایك خۆی بـکا تف لە هــەموو ئافرەتێکی‌تر دەکـا • کـە بتەوێ مشتووی شمشێر بـگری یان دەستی برادەرێك بگوشی هەموو پەنجەکانی دەستت گەرەکـە •

پرسیار :

شیعرێکی (موتەلیب میتارۆف)م خوێندۆتەوە • لە شیعرەکەدا دەڵێ گوایە خۆی نە ئاڤارە نە تاتە نە تەبەسارانیە • بەڵـکو داغستانیە • ئـەدی بەمـــە دەڵێی چی ؟

ئەبوتالیب :

(چاوی لە میتارۆف گێڕا) میتارۆف گوێت لێ بێ • لە مێژە زانیومە تۆ نە ئاڤاری نە کومیکی نە تاتی نـە نۆگایی نە لیزجیانی ؛ بـەڵام تازە بزانـم تۆ تەبەسارانی نی • کـەوا بوو ، تۆ چی ؟ بۆی هـــەیە بەیانی بنووسی کـە موتەلیب میتارۆڤیش نی • ئەوەتا من • ئەبوتالیب غەفورۆڤم • یەکـــەم جار لەکم ، دوەم جـار داغستانیـم ، سێیەم جـار شاعیرێـکی سـۆڤێتیم • یان دەتوانین بە جۆرێـکی‌تری بڵێین : یەکـــەم شاعیرێـکی سۆڤێتیم ، دوەم لە کۆماری داغستان دەژیم ، سێیەم‌نەتەوەم لەکەو بـــە زمانی لەکی دەنووسم • ئەمـــانە قەت لێك جـودا نابنەوە • پارچـەیەکی بنچینەیین لـە خـــۆم • شتی زۆر بەنرخ‌و بەهــادارن • لـەم سیانە دەستبەرداری هیچیان نابم • لـە پێناوی ئەوانەوە مل بە ئاگرەوە دەنێم •

پرسیار :

«پەیامنێری کۆماری دیموکراتی ئەلمانیا» : کتێبێـــکی هـــاوڕێ عەلیکیشێڤ/ی کـــاندیدای زانستی پزیشـکم لێرە دی بـــە ناوی : « تەمەن‌درێژی لە داغستاندا » لـەم کتێبەدا باسی ئەو کەسانە دەکا کـە ســەد ساڵ زیاتر دەژین‌و دەڵێ لـە بارەی تەمەن‌درێژیەوە ، داغستان لە هەموو یەکێتی سۆڤێت بە پلەی یەکـەم دێ • ئینجا دەڵێ نەتەوەکـــان وا بەربەرە لێك نزیك دەبنەوەو وای لێ ڕەچاو دەکرێ یـەك نەتەوەی تایبـەتی لـە داغستان بێتـە کایەوە • واتە پاش چەند ساڵێکی دی ئاڤارو دارجین‌و نۆگای خۆیان بە داغستانی دادەنێن‌و ڕەنگە لە پەساپۆرتیش‌دا هـەر وایان بۆ بنووسرێ • هەروەها ووتارێکی زانایەکتانم خوێنـدەوە دەڵێ گوایە ئەدەبەکـەتان خەریـکە سنووری نەتەوایەتی دەڕووخێنێ‌و دەبێ بـە ئەدەبێـکی گشتی داغستانی • مادام کـــاندیدو دکتۆرەکـان مەسـەلەی وا لـە کتێب‌و ووتاران هەڵایسێنن ، دیارە مەسەلەکـە زۆر گرنگ‌و بەکـارە ؟

ئەبوتالیب :

منیش هاوڕێ عەلیکیشێڤ دەناسم • خەڵـکی قەزاکەمانە • لەگەڵ پیرەمێردان دەدوێ‌و گوێ لە باسی‌ژیانیان ڕادەگرێ • بەڵام زۆر لـەوە بە گومانم کـە هیچ پیرەمێردێکی بە ڕێزی‌چیایی باسی ئەوەی بۆ کرد بێ کـە هەموو نەتەوەکان لە ناو یەك نەتەوەدا دەتوێنەوە • ئەمەی لە خەیاڵی خۆیـەوە دروست کـردوە • زۆر کـەم (میچورین)ی وام دیوە لـــە ئەزموونـگا هەوڵ بدا وەك (کەروێشك) منداڵی زۆڵ چاك بکاو زمانیان لێك بداو بیانخاتە بەر تاقی کردنەوە •

ویستیان حەفت شانۆی نەتەوایەتی داغستان بکەن بە یەك شانۆ • ویستیان پێنج ڕۆژنامەی نەتەوایەتی داغستان بـکەن بە یەك تاکــە

ڕۆژنامە • ویستیان زۆر لکی یەکێتی نووسەرانمان بکەن بە یەك ، بەڵام ئەمە وەکو ئەوە وایە کە درەختێکی پڕ لكو پۆپ بکەینە یەك تاکە کاریتە •

پرسیار :

من نوێنەری ڕۆژنامەیەکی هیندیم ئێمەش لە هندستان زۆر زمانمان هەیە ـ هیندی ، ئوردوو ، بەنگالی ••• هەندێ نەتەوەخواز ویستیان زمانەکەیان ببێ بە زمانی ڕەسمی سەراپای هیند • بوو بە مشتومڕو تەنانەت شەڕی خوێناویش • شتی وا لای ئێوە ڕوو نادات ؟

ئەبوتالیب :

جارێکیان مشتو مڕێکی وا کەوتە بەینی کوڕێکی ئاڤاریو کوڕێکی کومیکی کە هەردووکیان سواری یەك کەر ببوون • کوڕە ئاڤارەکە هەر هاواری دەکرد : « خیا ، خیا ، خیاما !» کومیکەکەش هەر هاواری دەکرد : «ئێش ، ئێش ، ئێشێك ! » هەردوو وشەکە مانای (کەر) دەگەیەنن ، بەڵام ئەو دوو کوڕە لەسەر ئەم ووشەیە بەشەڕ هاتنو لە ئەنجامدا هەردووکیان گلانو بێ «خیاما» و «ئێشێك» مانەوە • بەلای منەوە مشتو مڕی وا ، کارێکی منداڵانەیە • زمانەکانمان گورگ نین ، زمانەکانمان لەگەڵ یەك بەشەڕ نایەن • قسەیەکی نەستەقمان هەیە ، دەڵێ : « گێلی ماڵەوە جنێۆ بە دەرو جیرانان دەدا ، گێل گوند جنێو بە گوندە دراوسێکانی دی دەدا ، گێلی ووڵات جنێۆ بە ووڵاتەکانی دی دەدا • »

ئەوەی بە خراپە باسی زمانەکانی دی بکا ، ئێمە بە پیاوی دانانێین •

پرسیار :

کەواتە ، بە قسەی تۆ ، ئێوە لەم بارەیەوە هیچ مشتومڕو تێك نەگەیشتنتان نەبوە ؟

ئەبوتالیب :

مشتو مڕ بوە ، بەڵام هیچ کەس بە دڵ پەلاماری زمانەکانمان یان ناوەکانمانی نەداوە • با هەر کەسە چ زمانێکی پێ خۆشە بەو زمانە بنووسێو بخوێنێتەوەو گۆرانی بڵێو بدوێ • دەتوانی پیلەکە لەسەر ئەوە بکەی کە ئەم شتە یان ئەو شتە چاکە یان خراپە ، ڕاستە یان چەوتە ، جوانە یان ناشیرینە ، بەڵام چۆن زمانێك یان سەراپای نەتەوەیەك یان گەلێك چەوت یان خراپ یان دزێو دەبێ ؟ ئەگەر ئەم باسە پیلەکەیشی لەسەر کرا بێ نە کەس بردوویتیەوە ، نە کەس دۆڕاندوویە •

پرسیار :

ئەمە وا ، ئاخۆ باشتر نەبوو ئەگەر داغستان یەك نەتەوەو یەك زمانی تێدا بوایە ؟

ئەبوتالیب :

زۆر کەس دەڵێ : « ئاخ ئەگەر زمانمان یەك دەبوو !! » لە کاتی پەلامارێکی جورجیا (ڕاژبەندین)ە شەل بە عیراقلی پاشای گوت: «بۆیە ئەم هەموو گرفتەمان بەسەر هات چونکە زمانی یەکترمان نەدەزانی • » حاجی موراد لە (خایداك ـ تەبەساران)وە بۆ ئیمامی نووسی : « ئێمە تێك نەگەیشتین • »

بێ گومان ، ئەگەر خەڵك لەگەڵ یەکەم ووشە لە یەك گەیشتبان باشتر بوو ، زۆر شت ئاسانتر دەبوو ، بە ئەرکێکی کەمتر دەسکەوتێکی پترمان دەبوو • بەڵام بە لای منەوە ، خراپ نیە ئەگەر ماڵێك منداڵیان زۆر بێ • ئەو ماڵە دەبێ بایەخ بەهەموو منداڵەکان بدەن • کەم دایكو باوك هەیە پاشان پەشیمان بووبنەوە کە منداڵیان زۆر بوە •

هەندێك دەڵێن : « لە (دەربەند) دەربچی کێ پێویستی بە

زمانەکەمانە ؟ کەس تێمان ناگات ؟ »

هەندێکی‌تر دەڵێن : « لە گەرووی (ئاراکین) ئاوا بە زمانەکەمان بە کەلکی چ دێ ؟ »

هەندێکی‌تر گلەیی دەکەن : « گۆرانیەکانمان ناگەنە دەریاش • »
بەڵام زۆر خێرا زمانی زگماکیان پشت گوێ دەخەن •

پرسیار : لە بارەی پشتگیریەوە دەڵێی‌چی ؟

ئەبوتالیب :

پشتگیری لە نێو نەیارو بێگانان پێویستە ، برا پێویستیان پێ نیە •

پرسیار :

بەڵام هـــەر یەکــە ! برا بۆ ئەوەی لەگەڵ برای بدوێ پێویستی بە یەك زمـانە •

ئەبوتالیب : ئێمە ئەو زمانەمان هەیە •

پرسیار : کامـــە ؟

ئەبوتالیب :

ئەوەی ئێستا بەکاری دێنین : ڕووسی • ئاڤارو دارجین‌و لیزجیـان‌و کومیك‌و لەك‌و تات ـ هـەموو تێی دەگەن (پەنجە بۆ وێنەی لیرمەنتۆف‌و پوشکین‌و لینین درێژ دەکات •) بە خێرا ئەمانە ئێمـە زۆر باش لەیـەك دەگـــەین •

پرسیار :

بەرهەمێکی «دوو بەرگی»ی ڕەسووڵ هەمزەتۆفم خوێندۆتەوە •
لـە بەرگی یەکەم ، لە شیعری «زمانی زگماکم»دا بە زمـــانی ئاڤـــاری هەڵدەڵێ ؛ بەڵام لـە بەرگی دوەم لـە شیعرێکی بە هەمان ناوو نیشانەوە

بە زمـانی ڕووسی هەڵدەڵێ • ئایا دەتوانی لە یەك کـاتدا سـواری دوو ئەسپ ببی ؟ باشە ، بڕوا بە کام هەمزەتۆف بکەین : ئەوەی بەرگی یەکەم یان ئەوەی بەرگی دوەم ؟

ئەبوتالیب :

با ڕەسووڵ خۆی وولامی ئەم پرسیارە بداتەوە •

ڕەسووڵ :

منیش دەڵێم پێت ناکرێ لـە یەك کاتدا سواری دوو ئەسپ ببی ، بەڵام دەتوانی دوو ئەسپ لە گالیسکەیەك بخـــەیت‌و بە هەردووکیـان گالیسکەکە ڕابکێشن • دوو ئەسپ ، واتە دوو زمان ، داغستان بـەرەو پێشـــەوە دەبەن • یەکێکیان زمانی ڕووسیە ، ئەوەی‌تر زمانی خۆمـــانە ـ بۆ ئاڤارەکان ئاڤاری‌و بۆ لەکەکان لەکی • من زمانی زگماکی خـــۆم خۆش دەوێ ، هەروەها زمـانی زگماکی دوەمیشم خۆش دەوێ کـە بە سـەر ئەم شاخانەو بە توولە ڕێـگاکاندا بردوومیەتە دەشتە هـــەراو ، بردوومیەتە دونیای گەورەو فراوان‌و دەوڵەمـەند • ئەوەی زگمـاك بێ دەڵێم زگماکەو چیترم لـە دەست نایە •

پرسیار :

دەمەوێ شتێکی دی لـەم بارەیەوە لە ڕەسووڵ هەمزەتۆف بپرسم• لـە شیعرەکەیدا نووسیویە : «ئەگەر لە ناوچەوانی زمانی ئاڤاری نووسرا بێ کـە بەیانی بمرێ حەز دەکـەم من ئەمڕۆ دڵم بوەستێ‌و یەکسـەر بمرم • » بەڵام ئێوە گۆتەیەکتان هەیە ، دەڵێ : « کـە گەورە بێ دەبێ گچکە جێی بۆ چۆڵ بکا • » ئێستا زمانی ڕووسی هاتوە ئەدی نابێ زمانە ناوچەییەکان ڕێی بۆ چۆل بکەن ؟ ئەدی ئەوە ڕەوشتی خۆتان‌نیە ؟ بـە گوێرەی گۆتەی خۆتان ناتوانی لە یەك کاتدا دوو تەپڵە لەسەر بنێی ، یان بۆچی دوو جگەرە بە دەمتەوە دەگری ؟

ڕەسووڵ :

زمان جگەرەو تەپڵە نیە • زمانێك دوژمنی زمانێکیتر نیە • گۆرانی گۆرانی لەناو نابات • کە پوشکین هاتۆتە داغستان پێویست ناکا مەحموود شوێنی خۆی بە جێ بێڵێ • لیرمەنتۆف هیچ هەقی نیەجێگەی باتیرای داگیر بکا • ئەگەر برادەرێکی باش دەستت بگوشێ ، دەستی تۆ لەناو دەستی ئەوا وون نابێ ، بگرە گەرمترو بە تینتر دەبێ • زمان جگەرە نیە ، چراوگی ژیانە • من دوو چراوگم هەیە • یەکێ لەسەر لێوی پەنجەرەی زنجی باوکمەو ڕێگام بۆ ڕوناك دەکاتەوە ، دایکم بۆی داگیرساندووم تا ڕێگام لەبەر بزر نەبێ • ئەگەر ئەم چراوگە بکوژێتەوە ، ژیانیشم لەگەڵ دەکوژێتەوە • ئەگەر بە لەشیش نەمرم ژیانم دەبێتە یەك پارچە تاریکی • چراوگی دوەم ، نیشتمانی گەورەم ، وولاتی مەزنی ڕوسیا بۆی داگیرساندووم بۆ ئەوەی لە دونیای فراوانو بەر هەڵ دا ڕێم لەبەر بزر نەبێ • ئەوە نەبێ ژیانم تاریكو پووچە •

ئەبوتالیب :

چۆن ئاسانترە بەرد هەڵبگری : یەك دەستو شانت بەکار بێنیی یان هەردوو دەستو تێکڕای لەشت ؟

پرسیار :

هەر چۆن بێ ، چیاییەکان ئەو زنجانە هەر بەجێ دێڵن کە دایکیان چراوگیان تێدا داگیرساندوە و شۆڕ دەبنەوە پێ دەشت ، وا نیە ؟

ئەبوتالیب :

بەڵام کە دەچن زمانو ناویان لەگەڵ خۆیان دەبەن • تەپڵەشیان دەبەن • چراوگی لێوی پەنجەرەکانیان لەوێش هەمان شتە •

پرسیار :

بەڵام لەو شوێنە تازەیە ، زۆر جار کوڕ لە نەتەوەکانی دی ژن دێنن • ئاخۆ ئەو حەلە چ زمانێك بەکار دێنن ؟ پاشان منداڵەکانیان بە چ زمانێك دەدوێن ؟

ئەبوتالیب :

چیرۆکێکی کۆنمان هەیە : کوڕێك حەزی لە کچێکی نەتەوەیەکی دی کردو ویستی بیهێنێ • بەڵام کچەکە گوتی : (مێردت پێ دەکەم بەڵام دەبێ سەد شتم بۆ بکەی •) گەنجەکە کەوتە بە جێ هێنانی مەرجەکانی کچەکە • یەکەم جار کچە داوای لێ کرد بە شاخێکی ڕووتو ڕکدا هەڵگەڕێ کە هیچ ڕێگیری پێوە نەبوو • پاشان داوای لێکرد لەوێوە خۆی فڕێ بداتە خوارەوە • کوڕە بازی داو لاقی سەقەت بوو • کچە داوای لێکرد بە بێ شەلین بڕوا ، بێ شەلین ڕۆیشت • هەموو جۆرە داوایەکی لێکرد : لە ڕووبارێك بداتو خورجینەی تەڕ نەبێ ، لە بایە غارێ ئەسپ ڕابگرێو چۆکی پێ دابدا ، کچە سێوێکی لەسەر سنگی خۆی داناو داوای لە کوڕە کرد نیشانەی لێ هەڵبگریو ئەو سێوە بپێکێ • کوڕەکە نەوەدو نۆ مەرجی بە جێ هێنا • مایەوە یەك مەرج • ئینجا کچە گوتی : ئێستا دایکتو باوکتو زمانەکەت لە بیر بکە • گەنجەکە کە ئەمەی بیست خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەیو قامچی لێداو ڕۆیشت هەتا هەتایە نەگەڕایەوە •

پرسیار :

ئەمە چیرۆکێکی زۆر خۆشە ، بەڵام لە ژیانی ڕاستەقینەدا چۆن دێتە دی ؟

ئەبوتالیب :

لە ژیانی ڕاستەقینەدا ، کە کوڕو کچێك خێزان پێکەوە دەنێن زۆر ئەرك وەئەستۆ دەگرن • بەڵام هیچێکیان خورتی لەوەی دی ناکا کە زمانی خۆی لە بیر بکا • بە پێچەوانەوە هەر کەسە هەوڵ دەدا زمانی هاوسەرەکەی فێر ببێ •

لە ژیانی ڕاستەقینەدا ، بە داخ‌و ڕەخنەوە تەماشای ئەو منداڵانە دەکەین کە زمانی دایك‌و باوکیان نازانن • منداڵەکان خۆیشیان گازاندە لە دایك‌و باوکیان دەکەن چونکە زمانی خۆیان فێر نەکردوون • بەخوا بەستەزمانن !!

لە ژیانی ڕاستەقینەدا ، ئەوەتا دەبینن ئێمە لە دیار ئێوە دانیشتووین • ئەوەتە شیعرەکانمان ، چیرۆکەکانمان ، ڕۆمانەکانمان ، کتێبەکانمان • ئەوەتەن ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان • بە زۆر زمان بڵاو دەکرێنەوە • ساڵ بە ساڵ تا دێ زۆر دەبن • ئەم وڵاتە گەورەیە زمانەکانی ئێمەی ڕەت نەکردۆتەوە • مافی ڕەوای خۆی داونەتێ ، چەسپاندوونی ، ئەوانیش وەك ئەستێرە دەدرەوشێنەوە : « ئەستێرە ئەستێرە دەئاخێوێ • » ـ ئێمە خەڵك دەبینین‌و خەڵکیش ئێمە دەبینێ • ئەگەر وا نەبا ئێوە قەت باسی ئێمەتان نەدەبیست‌و کەیفتان بە ئێمە نەدەهات‌و ئەمڕۆ لێرە پێکەوە نەدەبووین • ئەوەیە ژیانی ڕاستەقینە •

پرسیارو وەڵام ، پرسیارو وەڵام • ئەگەر دەرفەت هەبوایە کۆنگرەکە هەتا هەتایە دەوامی دەکرد • قسە لە بارەی هەموو زمانێکی دونیاو هی هەموو ڕۆژگارێك دەکراو بنیشی نەدەهات •

ئەبوتالیب ـ ئەمەی بەلاوە شتێکی نوێ بوو ـ کە هەستی کرد زۆری درێژە پێداوە ، گوتی : «ئەم کۆنگرە ڕۆژنامەگەریە وەکو

یاری‌و گۆرانی ئێمە وایە ، کە هەندێك پرسیار دەکەن‌و هەندێکی تر وەڵام دەدەنەوە • »

پرسیار تیرێکە کوێرانە دەهاوێژرێ ، وەڵام تیرێکە نیشانە دەپێکێ • پرسیار ـ وەڵام • نیشانەی پرسیار ـ نیشانەی سەرسامی • رابردوو پرسیارە ئێستا وەڵامە •

داغستانی کۆن وەکو پیرێژنێك وا بوو کە لەسەر بەردێك دانیشتبێ • ئەمە نیشانەی پرسیار بوو • داغستانی ئەمڕۆ نیشانەی سەرسامیە • شیرێکی لە کالان دەرهاتووەو قیت کراوەتەوە •

کە شۆڕش گەیشتە داغستان ، ئەوانەی لێی دەترسان گوتیان هەموو نەتەوەو زمان‌و ناوو گەلەکان بەم زوانە لەناو دەچن • (مەسەدو) دەبێ بە (ماروسیا) و (موسا) دەبێ بە (ڤاسیا) • گوتیان پیاو ماوەی نابێ بیر لەوە بکاتەوە داخۆ سەر بە کام نەتەوەیەو خەڵقی کام شوێنە ؟ هەموو لە ژێر یەك بەڕە دەخەون • جا ئەوەی لە هەموویان بەهێزتر بێ بەڕەکە لەسەر ئەوانی کە ڕادەکێشێ‌و هەرە بێ‌هێزەکەیان لەبەر سەرما دەمێنێتەوە •

بەڵام داغستان گوێی نەدانێ • حەیدەر بەمەتۆڤ کە ئەندامی حکوومەتی نەتەوایەتی چیایان بوو ، کە بە ترومبێل دەیانبردە دەرەوە ، لەسەر لێوی ترومبێلەکە دەیگوت : «قسەی منیان نەچوە دڵ ، پاشان دەبینین چ دەبێ • »

دەبینن پاشان چ بوو • هەمووی لە کتێب دەنووسرێ‌و بە گۆرانی دەگوترێ • ئەوەی گوێی هەیە با بیبیستێ ، ئەوەی چاوی هەیە با بیخوێنێتەوە •

جیایەك ، كە لە بەرەی هاوبەش دەترسا ، پشتی كردە داغستان‌و چوە توركیا • دوای پەنجا ساڵ هاتەوە ناو شاخەكانمان بۆ ئەوەی بزانێ دونیـا چۆنە داوام لێ‌كرد پیاسەیەك بە ناو مەحەچ قەڵادا بكات كە پێشتر ناوی پۆرت پێترۆڤسكی بوو • ئەم شـارە پێشان ناوی قڕاڵیكی ڕووسی لێ بوو ، ئێستا ناوی مەحەچی شۆڕشـگێڕی داغستانی لێیـە • ئـەو شەقامانەم پێشان دا كـە بە ناوی باتیرای‌و ئوللوبی‌و كاپیێڤ كراون ، بەم ناوی ڕۆڵـە دڵسۆزەكانی داغستان كراون • لە گۆڕەپانی (مارین)دا ، ماوەیەكی زۆر لـە پەیكەری سلێمان ستالسكی ڕاما • لە شەقامی لینین پەیكەری هەمزەی تساداسای باوكمی بینی • دیار بوو پێش ئەوەی بار بـكا ناسیاری لەگـەڵ باوكم هـەبوو • لە ئاكادیمیای زانستی چـوە لای زاناكان • لـە ئامۆژگەی تۆژینەوەی زمـان‌و ئەدەب‌و مێژوو لەگـەڵ خەڵكەكە دوا • چوە مووزەخانەی هونەرو مێژووی داغستان • چـوە زانكۆ كـە كوڕو كچی شاخـــان لـە پازدە كۆلیجی جۆر بـە جۆردا دەخوێنن • بۆ ئێوارێ چووینە شانۆی میری ئاڤاری‌و لەوێ (ئەنخیـل مارین)ی حـاجی زالۆڤمان دی • كـە ئاڤارێك لـە بارەی كچـە ئاڤارێـكەوە نووسیویە • كـە فاتیمە خزرۆیڤای هونەرمەندی میللی یەكێتی سۆڤێت گۆرانیەكی كۆنی لەسەر شانۆ چڕی ، میوانەكەم چاوی پڕ ئاو بوو •

لە گۆڕەپانی گەورەدا ، ماوەیەكی زۆر لـە دیار پەیـكەری لینین ڕاوەستا ، ئینجا گوتی :

« ئەرێ ئەوە خەونە دەیبینم ؟ »

« كە چوویتەوە توركیا ئەم خەونە بۆ ئاڤارەكان بگێڕەوە • »

« باوەڕ ناكەن • منیش ، ئەگـەر بە چاوی سەری خۆم نەمدیبـا ، بڕوام نەدەكرد • »

جارێكیان ئەبوتالیب گوتی :

« یەكـەم جـار قامیشێكم بڕیەوە ، شمشاڵێـكم دروست كـردو فووم لێ كرد گوند گوێی لـە دەنـگی شمشاڵەكەم بوو • ئینجا چلێـكم بڕیەوە شمشاڵێكی گەورەترم دروست كردو ئاوازێـكی ترم لێ‌دا ، لـە شاخە دوورەكان گوێیان لێ بوو • پاشان درەختێكم بڕیەوەو زوڕنایەكم دروست كرد ، سەراپای داغستان گوێی‌لە فیقـەی زوڕناكەم بوو • ئینجا دەستم دایە قەڵەمێكی بچووك‌و شیعرێكم لەسەر كاغـەز نووسی ، لـە سنووری داغستان پەڕیەوە •

ئەی دابەشـــكەری زمانان ، جارێكی‌تریش سوپاست دەكـــەم • سوپاست دەكەم كـە شاخەكانمان ، گوندەكانمان ، دڵەكانمانت لـە بیر نەكـــرد •

سوپاس بۆ ئێوەش هـــەمووتان كـە بـە زمانی زگماكی خۆتان گۆرانی دەبێژن‌و بیر دەكەنەوە •

گۆرانی

نووسینی سەر تەنبوورێك :
خەنجەر پیاو دەخاتە باوەشی مەرگ‌و
تەنبوور زیندووی دەکاتەوە •

★ ★ ★

ووشەی «باکان»ی ئاڤاری دوو مانای هەیە : (ئاواز)و بارو هەستی پیاو یان سەلامەتی دونیا • کە بتەوێ بلێی ئاوازێکم بۆ لێدە دەبێ ووشەی (باکان) بەکار بێنی ، کە بپرسیت چۆنی ؟ دەبێ هەمان ووشە بەکار بێنی • بەم جۆرە بەلای ئێمەوە ئەحواڵی پیاوو گۆرانی هەردووکیان لەناویەك ووشە دان •

ووشەو قسە لە بێژنگ بدە گۆرانیت دەست دەکەوێ • ڕقو کەرب‌و خۆشەویستی لە بێژنگ بدە گۆرانیت دەست دەکەوێ • بەسەرهات‌و کاروباری مرۆڤایەتی‌و سەرلەبەری ژیان لە بێژنگ بدە

« بەتایبەتی گۆرانیەکی ئاڤلی بزواندی • ووشەکانی کەم بوو ، هەموو جوانیەکەی لە کۆرسی خەمباردا بوو : ئێ ، دێ ، دەلالێ • یەرۆشکا ووشەکانی وەرگێڕا : گەنجێك پەزی لە گوندەوە بەرەو شاخان هاژوا • ڕووس هاتن گوندەکەیان سووتاند • پیاوەکانیان کوشت • ژنەکانیان یەخسیر کرد • گەنجەکە لە شاخ هاتەوە جێی گوند چۆڵ‌و هۆل بوو • نە دایك ما بوو ، نە برا ، نە ماڵ • یەك تاقە درەخت ما بوو • لە ژێر درەختەکە دانیشت‌و گریا : (تەنیام ، ئەی درەختەکە وەکو تۆ تەنیام) : ئینجا هەڵی‌کردە گۆرانی : ئێ ، دێ ، دەلالێ ! » ــ (لیۆ تۆلستۆی ، قەوقاسیەکان) !

ئێ ، دێ ، دەلالێ ، دەللا ، دەلالێ ، دەلالێ ! ئەی گۆرانی خۆمان ! ئەی گۆرانیە غەمگینەکانی شاخان ! ئێوە کەی‌و لە کوێ‌و چۆن پەیدا بوون ؟ ئێوە کە هێندە سەیرو ئازیزن لە کوێرە هاتوون ؟

نووسینی سەر تەنبوورێك :
وا دەزانی ئەم ئاوازە لە ژێیەکانەوە هەڵدەستێ ؟
نەخێر ، ئەمە زایەڵەی ووشەی ناخی دڵە •

نووسینی سەر خەنجەرێك :
دوو گۆرانی‌و دوو دەم‌و دوو دیو ؛
مەرگی دوژمن‌و ئازادی نیشتمان •

نووسینی سەر لانکێك :
کەس نیە لەم دونیایەدا ،
لەسەر پشتی لانك
گۆرانی ئاسك ، گۆرانی دایکی
بۆ نەگوترا بێ •

نووسینی سەر بەردێکی دەم ڕێـگا :
گۆرانیو ڕێـگا ـ عەگید لە ڕێـگا گۆرانی دەڵێ •
گۆرانیو ڕێـگا قەت بنیان نایە •

نووسینی سەر کێلێك :
کە گۆرانی دەگوت خەڵك گوێیان لێدەگرت ،
ئێستاش خەڵك گۆرانی دەڵێو ئەو گوێیان لێڕادەگرێ •

گۆرانی کۆنو نوێ ••• لایلایـە ، گۆرانی زەماوەند ، گۆرانی جەنگ ، گۆرانی کورتو درێژ ، گۆرانی غەمبارو خەمڕەوێن ! ئێـوە لە سـەراپای دونیـادا دەچرێن • ووشەکـان وەکو مووروو ، وەکو زریرەی زیو دەهۆنرێنـەوە • ووشەکان وەکو بزمـار دادەکوترێن • چۆن کـە ئافرەتێکی نازدار دەگری فرمێسکەکانی ڕێچکە دەبەستن ، ووشەیش ئاوهـا بە نەرمی دێنو دادەڕژێن • ووشە وەکو تیـری نیشانەشکێنی مەعلان دەڕواو نیشانە دەپێکێ • ووشـە وەکو ئەو کلـکە شاخانەی دەتوانی تا بنی دونیـا پێیاندا بڕۆی ، ئاوا پێچ دەکەنو دوورت دەخەنەوە • بۆشایی بەینی دێرەکان وەکو کۆڵانیماڵی خۆشەویستەکەتە وەکو دێرە جووتی سەر زەوی باوکتە ، وەکو کاتی گزنگ دانی بەیانیو ئاوابوونی ڕۆژ وایە ، شەو و ڕۆژ لێك جودا دەکاتەوە •

گۆرانی هەیە نووسراوەتەوەو هەیە نەنووسراوەتەوە • بەڵام هەر چۆنێك بێ مادام گۆرانیە دەبێ بچڕێ • ئەو گۆرانیەی نەچڕێ وەکـو باڵندەیەکە نەتوانێ بفڕێ ، وەکو دڵێکە نەتوانێ لێبدات •

ئێمە لە شاخان دەڵێین : کـە شـوان گۆرانی نەڵێ ، مێگەڵ لـە لەوەڕ دەبێ • بەڵام کـە گۆرانی لە قەدشاخی سەوز زرنـگایەوە هـەتا بەرخی ساواو باقۆش گیا هەڵدەوێژنێ •

کابرایەك میوانی هـاتو بە میوانەکەی گوت کـە بەزمانی خۆی گۆرانیەك بڵێ ؛ بەڵام میوانەکە هیچ گۆرانی نەدەزانی ، یان تاقـەتی گۆرانی گوتنی نەبوو ، ئیـدی هەموو قسەی ئـەوە بوو کـە گوتی : کەلەکەمان یەك تاقـە گۆرانی چیـە نیەتی •

« جا ئایا تۆ خۆت هەیت یاننا ؟ چونکە گەل بە بێ گۆرانی نابێ ! »

ئێ ، دێ ، دەلالێ ، گۆرانی کلیلەو سندووقی پیرۆزی زمانی پێ دەکرێتەوە • ئێ ، دێ ، دەلالێ ، دەلالا ، دەلالێ •

بۆتان باس دەکـەم گۆرانی چۆن پەیدا بوە • شیعرێکم لـەم بارەیەوە نووسیوە • فەرموو بیخوێننەوە :

خەنجەرو گیتار

لە ڕۆژگاری هەرە هەرە کۆندا
گەنجێکی لادێیی : لەو دیو دەربەندی چیاکان هەبوو •
تەنیا یەك خەنجەرو
یەك دار هەنجیری هەبوو •

یەك بزنی تاقانەیشی هەبوو •
لە مێرگو میرغوزاری سەوز دەیلەوەڕاند •
ئـەم گەنجـە ،
ئەشقی کچی خـــان بوو •

ئەگەرچی گەنجەکە زیخو ئازا بوو
بەڵام کە چوە داخوازی کچەکە ،
خـــان
قاقا پێیپێکەنی •

با خودانی دارهەنجیرو تاکە خەنجەر
هـەر بزنی خۆی بدۆشێ •

پاشای خاوەن زەوی‌و ماڵات
کچی خۆی ناداتێ •

گەنجی کلۆڵ ئاگری لە دڵ بەر بوو
دەستی دایە خەنجەرەکەی ،
بزنەکەی بۆ خوا کردە قوربانی‌و
دارهەنجیرەکەی لە ڕیشەوە هەڵکێشا •

بە تەگبیری خوای شیعر
قەدی دارەکەی کردە گیتارو
ڕیخۆڵەی بزنەکەی
بۆ کردە ژێ •

هـــەر هێندە ،
پەنجەی گەیاندە ژێیەکان
ووشەی « سوێند » و « بەڵێنی »
لێ پەیدا بوو •

خۆشەویستەکەی بۆ بوو •
کچە بە بێ ماندووبوون
بوو بە هی خاوەنی
دوو گەنجینەی : خەنجەرو گیتار •

گوند هێلانەی لە قەدی چیا کردوە ،
پشتی داوەتە شاخ •
دوکەڵ لە دێ بەرز دەبێتەوە ،
خەنجەرو گیتار بە دارەوە هەڵواسراون •

پاندوورو خەنجەر ، شەڕو گۆرانی • ئەوین‌و کردەوەی مێرانە • مێژووی گەلەکەم • چیایەکان شانازی بەم دوو شتە دەکەن •

ئەم دوو گـەنجینەیە ، لـە مـاڵان ، وەك قۆڵی چاکەت ، لەسـەر مافووری سـەر دیوار ڕاست‌و چەپ لێك تێدەپەڕن • بە ئەسپایی‌و بـە

ڕێزو خۆشەویستی دەیانهێننە خوارێ • بە خۆڕایی دەستیان نادەنێ • کـە دەست درێژ بـکەی خەنجەر دابـگری ، یەکێکی لە خۆت گەورەتر پێت دەڵێ • « ووریا بـە ، ژنی پەندوورەکـە نەپسێنی • » کـە بچی پاندوورەکە بێنیتە خوارێ ، یەکێکی‌تر دەڵێ :

« ووریا بە ، پەنجەت بە خەنجەرەکە نەبڕی • »

وێنـەی پاندوور لەسـەر پشتی خەنجەر هـەڵدەکەنن‌و وێنـەی خەنجەریش لەسەر پاندوور دەکێشن • کـە خەنجـەرو پاندوور بـە دیوارەوە هەڵدەواسن، بەسەر کەمەرەی زیوو خەناوکەی کچاندا شۆڕ دەبنـەوە • پیاو کـە دەچوونە شـەڕ خەنجەرو پاندووریان لەگەڵ خۆیان دەبردو ئەو شوێنە پیرۆزەی سەر دیوار بە ڕووتی دەمایەوە •

« جا پاندوور بۆ دەبەنە شەڕ ؟ »

« تواهوو !! کـە ژێیەکانی بلەرێنیتەوە یان هەر دەستیان لێ بدەی ، ووڵاتی باوك‌و باپیرت ، گوندی خۆت ، ماڵی دایکت دێتەوە بەر چـاو • تۆش بۆ ئەمانە دەجەنگی‌و ئەمانە شایەنی ئەوەن خۆیان بۆ بەخت بکەی• »

پیـاوی ڕەشید گوتوویانە : « کـە شیر وێك دەکەون ، گوندت لێ نزیك دەبێتەوە • » بەڵام هیچ شتێ وەکو پاندوور ماڵ نزیك ناخاتەوە •

ئێ ، دێ ، دەلالێ دەللا ، دەللا ، دەللالێ !

مەحموود لە شاخەکانی کربات گۆرانی دەگوت‌و گوندە چیایەکانی خـۆی لا بوو ، مێرەمی گراوی خـۆی لا بوو ، مەحموود وەسیەتی کردوە ، نووسیویە :

نەختێ کەمتر خۆڵ بەسەر گۆڕی من داکەن •
تا گوێم تەواو قەپات نەبێ ،

بۆ ئەوەی بە دڵو گیان ،
گوێ لە گۆرانی چیاییەکانی دێ کەمان بگرم .

تەنبوورە ئازیزەکەم لەگەڵما بخەنە گۆڕ ،
بۆ ئەوەی نازدارەکانی گوندەکەمان ،
لە گۆرانی من بێبەش نەبن‌و
گوێ لە دەنگی پەروشم بگرن .

مەحموود هەروەها دەیگوت :

کە ئاوازێك لێدەدەم چیا دەچەمێتەوە .
بەڵام ، مێرەم ، خۆشەویستم ،
نازانم چۆن چۆنی
دڵی تۆ نەرم بکەمەوە .

کە تەنبوور لێدەدەم مار دەکەوێتە سەما .
بەڵام مێرەم ، خۆشەویستم ،
نازانم چۆن چۆنی
دڵی تۆ نەرم بکەمەوە .

دەتەوێ بزانی گۆرانی چیا لە کوێوە هاتوە ؟
لە خەونی گەل پەیدا بوە ،
لە سینگی بەرین تواوەتەوەو
لە خوێنی گەرم هەڵقوڵاوە .

لە جەوزای ئەستێرە بەندەوە هاتوە .
لە ماڵو گوندەکانی داغستانەوە هاتوە
پێش ئەوەی تۆ گوێی بدەیتێ
سەدان پشت گوێیان لێ بوە .

گۆرانی سێلاوێکە لە قەد شاخەوە دەڕژێتە خوارێ . گۆرانی ئەسپێکی بەبەزی قاسیدی شەڕگەیە . گۆرانی ئەو برادەرانەیە لەنکاوڕا دەبنە میوانت . دەست بدە پاندور ، چۆنگور ، جاگان ، دووزەلە ، کەمانچە ، زوڕنا ، تەمبوورین ، ئەکۆردیۆن ، دەهۆڵ ، تەنانەت لەگەنو سنیش . لەپ لە لەپ دە ، قونیانی لە زەوی بکوتە ، گوێ لە پێك کەوتنی شمشیر بگرە ، گوێ بدە چرتەی ئەو پلووکەبەردەی بە بەنجەرەی خۆشەویستەکەت دەکەوێ . گۆرانی بڵێو گوێ لە گۆرانیەکانی خۆت ڕاگرە . گۆرانی نوێنەری خەمو خۆشیە ، بەسابۆرتی شەرەفو نەبەردیە ، بەلگەی بیر کردنەوەیە . گۆرانی پیاوی گەنج ڕەشیدو نەبەرد دەکا ، پیاوی پیرو ژیر گەنج دەکاتەوە . سوار ناچار دەکا پیا ببێو گوێی لێ ڕابگرێ . وا لە پیادە دەکا خۆی هەڵداتە سەر خانەی زینو وەك (با) تێیبتەقێنێ . سەرخۆش هوشیار دەکاتەوەو وای لێ دەکا بیر لە ژیانی خۆی بکاتەوە . هوشیاریش سەرخۆش دەکا . گۆرانی لە بارەی چەند شتەوە گوتراوە ؟ چیایی لەبەر ئاگردانی گەرمی خۆی دابنێو بادەیەك شەرابی سەربەکەفی خۆمانەی بۆ بێنەو داوای گۆرانی لێ بکە . گۆرانیت بۆ دەڵێ . تا بەیانی گۆرانی دەڵێو ئەوەی دەیڵێ نایڵێتەوە بەڵام ئەوەندە هەیە زۆر بە نەزاکەتی داوای لێ بکەو پێشی بڵێ گۆرانی لەبارەی چی بێ . لەبارەی خۆشەویستی ؟ لە بارەی خۆشەویستیەوە گۆرانیت بۆ دەڵێ :

ئێ ، دێ ، دەلالێ ،
ئەوین وەك خوێنو گوڵەخەزێمە سوورە .
ئەوین وەك شەوی تاریك ڕەشە .
ئەوین وەك خەناوکەی کچۆڵان سپیە .
ئەوین لە ئاسمانو سەهۆڵ شینترە .
ئەوین وەکو ئەستێرەی مەزن وایە .
بەفر دەبارێو لێشاو ووشك دەکا .
بەڵام گوڵی ئەوینو دڵداری قەت هەڵناوەرێ .

« جوانترین شت لە دونیادا چیە ؟ »
« وەنەوشەی شاخان ! »

« چ شتێ لە وەنەوشەی شاخانیش جوانترە ؟ »
« ئەوین ! »
« گەشترین شت لە دونیادا چیە ؟ »
« ڕۆژی سەرشاخی سبەینان ! »
« چ شتێ لە ڕۆژی سەرشاخی سبەینان گەشترە ؟ »
« ئەوین » •

ئێ ، دێ ، دەلالێ •
باشە گۆرانی لەبارەی چی‌ترەوە بڵێم ؟

« لەبارەی ئەو دڵدارانەی بوونە قوربانی ئەوین‌و خۆشەویستی • »

« ڕۆمیۆو جۆلێت ، تاهیرو زوهرە ، تریستان‌و ئیزۆلت • »

ئەدی زۆری واش لە داغستان نەبوون ؟ زۆریان بەو کەسەرەوە مردن کە بۆیەك نەبوون • خەونەکانیان هەڵبرینگاو لێویان قەت نەگەیشتە یەك‌و دەستیان نەکەوتە ناو دەستی یەك ـ زۆر گەنج لە شەڕ فەوتان بەڵام زۆریش لە ڕێگای خۆشەویستی سەریان نایەوە • لەناو ئاگری خۆشەویستیدا سووتان‌و لە شاخی بەرز خۆیان هەڵدێرا • خۆیان فڕێ دایە ناو تەوژمی ڕوباران •

ئەمە کچێکی گوندی ئازینەو ئەمەش گەنجێکی گوندی کوموخە• فەرموو ئەمەش بەسەرهاتەکەیان • ئەمەش ئەنجامی دڵداریان • باسی سەرەنجامی خۆشەویستی ئەم کوڕو کچەتان بۆ دەکەم کە سەراپای داغستان دەیزانێ :

گەنجێ لە کوموخەوە چوە ئازینی بۆ ئەوەی بە دیداری خۆشەویستەکەی شاد بێ • بەڵام خۆشەویستەکەی لێی نەهاتە دەرێ • کوڕە چوار شەوو چوار ڕۆژ چاوەڕێی کرد • ڕۆژی پێنجەم سواری ئەسپ بوو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵێ •

سەری دانەواند ـ زەوی ووشك بوو •
سەری هەڵبڕی ـ ئاسمان ساماڵ بوو •
ئەم بارانە لە کوێ هات‌و
بەتیەی تەڕ کرد ؟

میسیدۆی دەزگیرانی لەسەر بان بوو ، وەك جۆگەی شاخان فرمێسکی لە چاو دەهات •

— چوار شەوو چوار ڕۆژە چاوەڕێت دەکەم بۆچی خۆت شاردۆتەوە ؟

— کە براکانم گوێیان‌لە ترپەی سمی ئەسپەکەت بوو •
لە پشت چوار دیوار بە چوار قوفڵ بەندیان کردم •
چوار شەوو چوار ڕۆژ دانیشتم •
ڕۆژی پێنجەم کە سواری ئەسپ بووی
دەرووەست خۆم نەهاتم
هێندە خۆشم دەویستی ،
هەر چوار قوفڵم شکاند !
ئێرە بازاڕە ، هەڕاجخانەیە !
وەك کاڵای بازاڕ دەمفرۆشن •
دەمدەنێ یەکێکی وا کە خۆشم ناوێ ،
مەڕۆ ، زینی ئەسپەکەت بکەوە •

بەڵام گەنجی کوموخی ڕازی نەبوو بگەڕێتەوە :

— ئەسپم تەیار کردوە ، تازە زینی لێ‌بکەمەوە
برادەر چیم پێ‌دەڵێن ؟ دراوسێ چیم پێ دەڵێن ؟
دوعابوونم لە برادەرەکەم خواستوە ،
تازە چۆن بچمەوە کنی ؟
دەڕۆم بەڵام دڵی خۆمت بۆ بە جێ دێلم •
— نەکەی ، نەوەك براکانم وەك قەل دەکەونە سەری‌و دەیخۆن •
+ چاوی خۆمت بۆ بە جێ دێلم •
— نەکەی ، نەوەك براکانم وەك تلیەترێ هەڵیمدەمژن •
ئەگەر هەر بڕیارت داوە بڕۆی
تا پەرگەی دێ جلەوی ئەسپەکەت ڕاکێشمە •

لەوێ ئاوڕێکم لێبدەوە : تەماشایەکی ترم بکە •
سەوزە گیا دەرخواردی ئەسپەکەت بدە ،
ئاوی سازگاری ڕوبار بدە ئەسپەکەت •
کە شەو داهات
لە ژێر بەتیەکەت بخەوەو
کە واگا هاتی یادم بکەوە •
ئەگەر باران باری ، بزانە ئەوە فرمێسکی منە •
ئەگەر بەفر باری ، بزانە ئەوە ئازاری منە •

گەنجی بە هەیبەتی کوموخی سێ قامچی لە ئەسپەکەی دا ، سێ ئاوڕی لە خۆشەویستەکەی دایەوەو ڕۆیشت • سێ حەفتە پێ چوو ، بەفر شاخەکانی داپۆشی ، میسیدۆی سەرشین ، نەیدەویست مێرد بەو کەسە بکا کە خۆشی نەدەویست ، چوو لەسەر چیایەك خۆی هەڵدێرا • ئێوارەی پێشوو باوك‌و براکانی لە کۆنگەی زریان و ڕەشەبادا میسیدۆیان وەدەرنا بوو • ئەو شەوە میسیدۆ ئەم گۆرانییەی دانا :

یاخوا ئەمماڵە سەد کچی ببێ
بۆ ئەوەی باوکم بیانفرۆشێ ،
تا تێر پارەو زێڕ بێ‌و
لە خەنی خۆشییان هەر هەڵپەڕێ •

یاخوا براژنەکانم حەشەری دەربچن •
یاخوا براژنەکانم حەز لە براکانم نەکەن •

یاخوا ئەو بارانەی لە ئاسمانەوە دەبارێ‌و
ئەو ئاوەی بە ڕوباردا دەڕوا
هەمووی ببێ بە پارەی مەلعوون •

خۆشەویستم ، بەفر دەبارێ ،
شوێنێکی گەرمتر بۆ خۆت بدۆزەوە ،
خۆشەویستم ، ژێر پێم شەختەیە
هەر بڕوانە پێش خۆت‌و
هیچ ئاوڕ مەدەوە •

لەوانەیە لاوە گوێی لە ناڵەی ئاوزنگدانی خۆشەویستەکەی بوو بێ‌و لەوانەیشە دڵی خەبەری دابێ • هەر چۆنی بێ ، خێرا بە سواری ئەسپ لە کوموخەوە هات • ئەسپەکەی کەف‌و ئارەقەی لێ دەچۆڕایەوە • کە بەو کارەساتە غەمگینەی زانی جلەوی ئەسپەکەی بەرداو زناری لە پشت کردەوە چەکی فڕێ دا • تفەنگی بە بەردێك داداو هووردو پووردی کرد • هەر ڕای کردە کن باوك‌و برای دڵخوازی ناکامی و گوتی :

« نە : نامەوێ خۆشی ماڵەوەتان لێ تێك بدەم ،
خەنجەرم بە هەسان ناسووم ،
نامەوێ بە گوللەو پۆلا تۆڵەم بسێنمەوە •
تەنیا ڕووی خۆشەویستەکەمم پێشان بدەن
با یەك جار سەیری سنگی بەفرینی بکەم ؟
پیرەباب لەسەر چاوی کچەی هەڵدایەوە
کوڕە لە شوێن خۆی سپی بوو ،
دەتگوت لە گۆڕ ڕاست بۆتەوە ،
کە سنگیان واڵا کردەوە
کوڕە تەماشای کردو دەلا هات‌و
بێ جووڵە کەوت‌و مرد •

هەردووکیان مردن • چارەنووسیان یەك بوو • بەڵام لەشیان جودا بوو • چار ؟ چۆنیان بنێژن ؟ کۆڕێکی گەورەیان بەست • دونیادیتە لە هەموو لایەکی داغستانەوە هاتن • پێغەمبەرە ناودارەکانی خۆشەویستی گوتیان :

ژیان ڕوومردەوەو خوێن بەستی •
بە ڕاستی یەکتریان خۆشدەویست •
دوو لەش‌و یەك خۆشەویستی •
دوو ژیان‌و یەك خۆشەویستی •

یەك گۆڕی بەرین
بۆ هەردووکیان هەڵکەنن •

ژیان ماوەیەك لێکی کردن •
مردن هەتا هەتایە پێکی گەیاندن •

بە یەك کورك دەیانپێچین •
خۆلیان بەسەردا دەکەین •
یەك کێلیان بۆ دەچەقێنین •

چۆنیان گوتبوو وایان کرد • گۆلێکی سوور لە بن کێلەکە ڕواوە بە بەفر هەڵناوەرێ بگرە کە بەفری پێدەکەوێ یەکسەر بەفرەکە دەتوێتەوە دەڵێی گوڵی ئاگرە • لە خوار گۆڕەکەش کانیەك دەربوە، خەڵك لێیدەخواتەوە • لەم لاو لەو لای گۆڕەکەش دوو درەختی وا ڕواون لەناو ئەفسانانیش نموونەیان نیە • کە بای دێ چلەکان لێك دوور دەکەونەوەو کە کزەو نەسیمێکی فێنك دێ تێك دەئاڵێنو وەك دوو دڵدار یەکتر دەگرنە باوەش : گەنجی کوموخیو کچی ئازینی •

دەمەوێ گۆرانیەکی تریشتان بۆ باس بکەم کە لە بارەی عەلیە ؛ بەڵام زۆر درێژە • ڕێم بدەن وەك چیرۆکەکەی پێشوو، هەندێکی بە بەستە بڵێمو هەندێکی بە قسە بگێڕمەوە •

هەبوو نەبوو، لە گوندێکا، کابرایەك هەبوو ناوی عەلی بوو • عەلی خۆی لە کن مەڕی بوو • مەڕی دەبردە شەوبەکێو •

ڕۆژێ، کابرایەك چوە لای عەلیو گوتی دایکت گوتوویە مەڕەکەی جێ بێڵێو زوو بگاتەوە ماڵێ • عەلی دڵی کەوتە قرتوفرت • دەبێ چە قەوما بێ ؟ بۆ دایکی لە دووی ناردوە ؟ ئەگەر شتێ قەوما بێ، لە ژنی جحێڵی بترازێ پەیوەندی بە کەسیترەوە نیە •

عەلی پرسیاری لە قاسید کرد • قاسید وەڵامی نەدایەوە پرسیاری لێ دووپات کردەوە • دەریای تووڕەیی هاتە جۆش • خەنجەری لێهەڵکێشا • ئەو حەلە قاسید دەستی پێکرد گوتی :

عەلی، ژنت جوانو جحێلە،
خەڵك شەو بێ خەمو خەیاڵ دەخەوێ،
بەڵام، عەلی، برام، نازانم
بۆچی شەو سیرەی پەنجەرەی ژووری ژنەکەت دێ •

عەلی، ژنت جوانو جحێڵە
بەفر دونیای داپۆشیوە،
بەڵام، عەلی برام، نازانم
شوونی سەربەفری تازە، شوونی کێیە ؟

نەخێر (با) نیە پەنجەرەت ڕادەهەژێنێ ؟
ژنەکەت خۆی پەنجەرە دەکاتەوە •
بازنی دیاری تۆی فڕێداوە،
ئەنگوستیلەت لە قامك ناکا •

عەلی بە هەلەداوان ڕای کردەوە دێ • پێش ئەوەی بچێتەوە لای دایکی خۆی کرد بە ژووری ژنە جوانو جحێڵەکەیدا • ژنە ویستی کورکو تەپڵەی لەبەرداکەنێ و بوزای لەبەر دابنێ، تا پاش شەکەتی ڕێ ماندووی بحەسێتەوە :

\+ جلت داکەنە، بوزات بنۆشە •
نانو پەنیرمان هەیە •
— لێرە، کورکی منت بە سەر شانی کێ داداوە ؟
\+ پیاویژگە، تەپڵەت لەسەر کەوە •
عەگیدەکەم، شۆڕە سوارەکەم •
— لێرە، بوزات لەبەر کێ داناوە ؟

عەلی خەنجەری هەڵکێشاو دوو خەنجەری لە ژنەکەی دا :

عەلی، عەگیدی بەر دڵێ من،
شادو بەختیار بە، یاخوا عومرت سێ سەد ساڵ بێ،
بەڵام : عەلی، عەگیدی بەر دڵێ من،
سەیر کە چۆن لە خوێنی خۆم دەگەوزم •

دەستت خۆش ،
خوا پیرۆزی کـــا ،
بەلام تو خوا لە باوەشم کەو
لە ناو جێو بالینگانم دانێ •

عەلی گوتی : داتدەنێم •
بەلام ڕاستیم پێ بلێ :
گوا بازنی دیاری من ؟
بۆ ئەنگوستیلەت فڕێ داوە ؟

عەگیدی بەر دلێ من ، عەلی !
ئەو سندووقە بکەوە •
بازنو ئەنگوستیلەی تێدایە •
عەلی ، کە تۆم لە کن نەبی ،
چەکو خشلم بۆچیە ، عەلی ؟

عەلی ڕایکردە لای دایـکی :

— دایە بۆ لە دووت ناردووم ، چ بوە ؟

+ ژنەکـەت غەریبی دەکردی ، منـداڵ غەریبیان دەکردی • ناردم بەلکو بێتەوەو هەندێ گۆشتە مەڕمان بۆ بێنی • لەمێژە گۆشتمان نەخواردوە •

عەلی بە نائومێدی سەری هەلگرتو غاری دایەوە کن ژنەکەی :

چاوی ڕومردبوەوە ، ڕوناکی تێدا نەمابوو ،
دەستی سارد ببوو : سینگی کپ ببوو •
عەلی فرمێسکی داباراند ،
ژنی چوو تازە نایەتەوە •

عەلی بۆ جاری سێیەم خەنجەری هەلکێشا
هێشتا دەمی هەر بە خوێن بوو ،
خستیە سەر سینگی خۆیو دایگرت ،
بەبێ جوولە لەتەك ژنەکەی ڕاکشا •

بەم جۆرە چیرۆکەکە کۆتایی هات ـ هەردووکیان بـە یەکـەوە نێژران دوو درەخت لە نزیك گۆڕەکەیانەوە سەوز بوو •

دەتانەوێ چ گۆرانیەکی ترتان بۆ بلێم• گۆرانی کـەمال بـەشیر ، کام کەمـال بەشیر ؟ دون جوانی داغستان کە گەردەنی هێندە ناسك بوو، کـاتێ ئاوی زولالی دەخواردەوە لـە گـــەردەنی دیار بوو • باوکی بە دەستی خۆی ئەو گەردنە ناسکەی هەلبڕی • بەلام بۆ ؟ هەر لەبەر ئەوەی کـە کوڕەکەی بێتام جوان بوو •

کـەمال بەشیر مرد بەلام ئێستاش خەلك گۆرانی ئەوینو دلداری دەچڕن • هـەر هێندە منداڵێ لە دایك ببێ ئیدی گۆرانی دلداری لەسەر بێشکەی بەرز دەبێتەوە •

ئێستاش باسی ئەو یاریە میللییەی خۆمـان دەکـەم کە پێی دەلێن : « باکیری ڕاخین » •

یاریەکە بریتی بوو لـە شەڕە شیعری گۆرانی • بریتی بوو لــە پێشبڕکێ زوو دۆزینەوەی ووشەی جوانو لەبار • ئەم یاریە لـە هەموو گوندێکی داغستان باوە •شەوی درێژی زستان کوڕو کچی دێ لە مالێك کۆ دەبنەوە • شەراب نانۆشن ، قومـار ناکەن ، هەراو گالتە ناکــەن ، بەلـکو شیعر شیعرانێ دەکەن • توخوا جوان نیە ؟

کچێك دێ داردەستێکی بـە دەستەوەیە • دارەکـە لـە گەنجێك دەداو گۆرانی دەچڕێ :

ئەی جوانترین گەنج ، ئەم دارە بگرە ،
جوانترین کچ بۆ خۆت هەلبژێرە •

گەنجەکە کچێك هەلدەبژێرێ کچەکە لەسەر کورسیەك دادەنیشێو بە گۆرانی دەکەونە گفتوگۆ :

هۆ جوانێ ، جوانێ ،
تۆ کێی ؟
هۆ جوانێ ، جوانێ ،
له چ نەتەوەیەکی ؟

هەموو لا پێکەوە چەپڵە لێدەدەن و بەستە دەڵێن :

« ئێ ، دێ ، دەلالێ »
— **ناوی خۆم گوتوە**
بەلام بە یەکێکی تر
پەیمانی خۆشەویستم داوە
بەلام بە یەکێکی تر .

هەموو لا پێکەوە چەپڵە لێدەدەن و گۆرانی دەڵێن :

« ئێ : دێ ، دەلالێ » .

ئینجا کچەکە لەسەر کورسی هەڵدەستێ و بە داردەستەکە گەنجێك هەڵدەبژێرێ و گەنجەکە لە جێی ئەو دادەنیشێ . ئەم دوە بە گۆرانی دەکەونە گفتوگۆ :

کچ : بەفر چیای داپۆشیوە .
ڕێو بان دیار نیە .
چ گیا نیە .
کاوڕی خوری زێڕ بیخوا .
کوڕ : بەفر دەتوێتەوە
وەك ڕوباری زیوین شۆڕ دەبێتەوە .
کاوڕی زێڕین
لەسەر سنگی تۆ دەلەوەڕێ .
« ئێ ، دێ ، دەلالێ »

جووتێکی تر دێنە پێشەوە :

کچ : عەزیایەك
بەری ئاوی کانی ساردی گرتوە
لێ ناگەڕێ
نێری زێڕین تێر ئاو بخواتەوە .

کوڕ : بە عەزیای ناو کانی سارد
مەمانترسێنە
نێری تێر تێر
ئاوی چاوی تۆ دەخواتەوە .
« ئێ ، دێ ، دەلالێ »

جووتێکی تر دێنە پێشەوە :

کوڕ : لە دۆلان زریانە
ڕوبار یەك پارچە شەختەیە .
کچەکە مێردم پێ بکە .
با ماڵێکی نوێ پێکەوە بنێین !
کچ : بۆ خۆت ، لە گوندێکی تر :
لە کچێکی تر بگەڕێ .
لە حەوشەی ئێوە
کەو ناچێتە ناو کۆلێتی مریشکان .
« ئێ ، دێ ، دەلالێ »

هەموو چەپڵە دەکوتن و پێدەکەنن . شەوی درێژی زستان بەم جۆرە دەبەنە سەر .

ئەی «گۆرانی دڵداری» ی داغستان ! کە کوڕە داوای لە کچە دەکرد مێردی پێ بکا نامەردێك دەچوو هەڵی دەگرت . کە بە ڕیزەوە لە دەرگای ماڵی کچەیان دەدا یەکێکی تر لە پەنجەرەوە بازی دەدا ژوورێ .

ڕۆژگار دێ و دەڕوا بەلام گۆرانی هەر دەمێنێ . گۆرانیبێژ گۆرانی دروست دەکاو گۆرانی گۆرانیبێژ دروست دەکا . ئایا زەماوەند بێ گۆرانی دەبی ؟ ڕۆژ بە بێ گۆرانی دەڕوا ؟ پیاو بە بێ گۆرانی دەژی ؟

لە دەفەرەکەماندا دەڵێن : «ئەوەی هیچ گۆرانی نەزانێ نابێ لە خانوودا بژی ، دەبێ لە کۆڵێتدا بژی . »

هەروەها دەڵێن : ئەو زەبەللاحەی دڵداری نەکرد بێ بەژنی ناگاتە پشتێنی دڵدارێك •

چیرۆکێك لـە مەحموود دەگێڕنەوە ؛ لـە کاتی شـەڕی یەکەمی جیهانی لـە سەنگەری (کارپاسی)دا لەگەڵ سوارەی داغستانی دا بوو • لەوێ بوو گۆرانی (مێرەم)ی نووسی‌و هەموو هاوڕێـکانی لـــە کـاتی حەسانەوەدا دەیانچڕی • ئەمەش چیرۆکی گۆرانیەکەیە :

دوای شەڕێـکی گران هێزەکانی ڕووس گوندێکیان لـــە دەست نەمساویەکان دەرهێنا • مەحموود کە ڕاوی دوژمنی دەنا خـــۆی لــە تەنیشت کلیسەیەك دۆزیەوە • نەمساویەکی زەندەق چوو لـە دەرگـاوە دەرپەڕی بەڵام‌کە چاوی بەم چیاییە تۆقێنەرە کەوت خۆی لـە ژووری کوتایەوە • هەمووی چـەند ڕۆژێك بوو مەحموود برای کوژرا بوو • شێتی تۆڵە سەندنەوە بوو • بێ ئەوەی تۆزقاڵێ بیر بـکاتەوە خۆی لـە ئەسپەکەی فڕێ دایـە خـواریێ‌و خەنجەری هەڵکێشاو کـــەوتە دوای کـابرای نەمساوی بۆ ئەوەی پـــەل پەلی بـکا • خـــۆی کرد بە ناو کڵیسەکەدا ــ و هەڵوەستەیەکی کرد • دیتی کابرای نەمساوی چو بوە ســەر چۆك ، نوێژی بۆ پەیکەری مێرەمی پاکیزە دەکرد •

لە داغستاندا ، یەکێ لە کڕنۆش بردندا بێ کەس دەستی ناداتێ • بە تایبەتی ئەگـــەر خەریکی نوێژ بێ • سەرباری ئەمەش ئەو ئافرەتەی کـابرای نەمساوی نوێژی لەبەردەمدا دەکـــرد ئەوەندە جـــوان بوو مەحموودی ڕاچەناند • مەحموود کت‌وپڕ (موی)ی خۆشەویستی هاتەوە یاد ــ چاوی ، خـەمی ناو چاوی ، ڕوخساری ، بەرگی • خەنجەری لـە دەست بەربوەوە • نازانـــم داخـــۆ کـابرای نەمساوی ، پاشـــان ، چیرۆکەکەی چۆن گێڕاوەتەوە بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم چیاییەتۆقێنەرە لە

تەنیشت کابرا چۆکی داداو بە دانی دیانانی کەوتە نوێژکردن•پەنجەی لە هەنیـەو شان‌و سنـگی دا • مەحموود ئاگـای لێ نەبوو کـەی کابرای نەمساوی ڕۆیشت بەڵام کـە هـاتەوە سەرخۆی شیعرە بەناوبانگەکەی (مێرەم)ی نووسی کـە باسی مێرەم دەکا • بەلای ئەوەوە (موی)و (مێرەم) ببوونە یەك • لە بارەی (مێرەم)ی دەنووسی بیری لە (موی) دەکردەوە • لـە بارەی (موی) دەنووسی بیری لە (مێرەم) دەکردەوە •

لـەو ڕۆژە بـە دواوە ، مەحموود لـەم دونیایەدا تەنیا دانی بـــە یـــەك شت دەناو بەس : خۆشەویستی • دڵی هیـــچ گۆرانی‌تری قبوڵ نەدەکرد • لەناو گۆرانیبێژەکانی داغستان کەس نەبوە لە گۆرانیدا بگاتە بەرزایی سۆزو قووڵایی هەستی ئەوەوە • هـەرگیز ئاگای لـەوە نەبوە کـــە شیعری نووسیوە ، بـە شیعر دواوە ، قسـەی نەکردوەو گۆرانی گوتوە • وەك ئەوەی کـە یەکی‌تر قسەی بۆ کرد بێ‌و گۆرانی بۆ گوتبێ وا بوە • هەموو سەرکەوتنی خۆی لـە موی‌و هـەستی بەرامبـەر موی دەزانی • ئەگەر برادەرێك بێجگە لە موی باسی شتێکی‌تری بۆ بـکردایە گوێی لێ نەدەگرت •

باوکم ئاوهای بۆ گێڕامەوە :

زۆر کـەس دەهاتنە لای مەحمود ــ بەڵام تەنیـا دڵـدار هەستیان بە هێزی ووشەکانی کرد بوو • داوایان لێ‌دەکرد شیعریان بۆ دابنێ • هـەبوو یەکەم جـاربوو کەوتبوە داوی دڵداری و نەیدەزانی چۆن بـــە بەر ڕووی خۆشەویستەکەی هەڵبێنێ • هـەبوو خۆشەویستەکەی مێردی بـە یەکێکی‌تر کرد بوو کـابرای دڵتەنگ نەیدەزانی چ لەگـــەڵ ئەم خـەم‌و جەخارە بـکا کە لێکی دەپچڕاندەوە • هـەبوو حـەزی لــە بێوەژنێك دەکردو نەیدەزانی چۆن دڵی نەرم بـکا • هەبوو تەفرە درا

بوو ، هەبوو لە خۆشەویستیدا شێوا بوو ، هەبوون بەشەڕ هاتبوون ، هەبوون لێك جودا ببوونەوە •

چەند کەس هەیە ئەوەندە دڵدارە هەیە • چەند خۆشەویستی هەیە ئەوەندە دڵدارە هەیە • قەت دوویشیان وەکو یەك نین • جا مەحموود شیعری وای دادەنا بۆ هەموو کەسێك و لەگەڵ هەموو بارێك دەگونجا • دڵدارو دڵخوازی پێك شاد دەکرد ، شەڕکەری پێكدەهێنانەوە ، دڵی بێوەژنی خەفەتبارو بێمنداڵی نەرم دەکرد ، زاتی دەخستە بەر لاوان ، بێ ئەمەکی شەرمەزار دەکرد ، دڵی تەفرەدراوانی دەدایەوە •

یەکێ لێی پرسی : « تۆ چۆن دەتوانی شیعری وا دابنێی کە لەگەڵ میزاجی زۆربەی ئەم خەڵکە جیاوازە بگونجێ ؟ »

« بۆی هەیە چارەنووسی هەموو کەس لەناو یەك دڵدا بێ • بۆ چما ئەمن شیعر بۆ ئەوان دەنووسم ؟ بۆ خۆشەویستی ئەوان ؟ ئازاری ئەوان ؟ نەخێر ، من لەبارەی خۆمەوە دەنووسم • بە گەنجی ، کە کوڕی ڕەژووکەرێکی بێ نەوا بووم ، لە گوندی «بێتلی» حەزم لە (موی) کرد • بەڵام موی شووی بە یەکێکی‌دی کرد هەر وەخت بوو لە هەژمەتان دڵم بتەقێ • پاشان موی مێردی مردو بە بێوەژنی مایەوە دیسان دڵم حەجمانی لێ بڕا • بەڵێ من هەموو شتێ لە بارەی خۆشەویستیەوە دەزانم ؟ جا بۆ دەبێ شیعر لە بارەی خەڵکی ترەوە بنووسم ؟ »

هەروەها دەڵێن خەڵك داوایان لە مەحموود دەکرد شیعر لە بارەی ئەوانەوە بنووسێ کە مردوون یان لە شەڕدا کوژراون ـ دایك بۆ جگەرگۆشەی ، خوشك بۆ برای ، ژن بۆ مێردی • دەزگیران بۆ دڵداری • بەڵام مەحموود نەیدەتوانی شیعری وا دابنێ • دەیگوت : «من

کە تەنانەت لە کاتی شەڕیش شیعری دڵداریم دادەنا ئێستا لە گوندێکی هێمن و ئارام چۆن دەتوانم شیعر لەبارەی شەڕەوە بنووسم ؟ »

چیاییەکان دەڵێن : «تەنیا ئەو کاتەی کە شەڕ دێ ، بە ڕاستی گۆرانی ئاشتیت خۆش دەوێ • »

هەروەها دەڵێن : « بۆ ئەوەی خۆشەویستی خۆت تاقی بکەیتەوە برۆ ناو مەیدانی شەڕ • »

خەنجەر دوو دەمی هەیە : یەکێ خۆشەویستیە بۆ وولاتی خۆت ، ئەوەی‌تر ڕقە بۆ دوژمنان •

پاندووور دوو ژێی هەیە : یەکێ بۆ گۆرانی ڕقە ، ئەوەی‌تر بۆ گۆرانی خۆشەویستیە •

لە بارەی چیاییانەوە دەڵێن : کە دەستێك لە ملی خۆشەویستیان دەکەن دەستەکەی‌تریان لەسەر خەنجەرە • بەلاش نیە کە زۆر گۆرانی و چیرۆکی کۆن بە زەبرێکی خەنجەر کۆتاییان دێ • زۆریش کۆتاییان ئەوەیە کە چیاییەکە دەگەڕێتەوە گوندو کچێکی لە پێش خۆی سوار کردوە •

کە گۆڕی کۆن لە شاخان دەدۆزنەوە ، خەنجەرو شیریان تێدایە • « ئەدی بۆ پاندووریان تێدا نیە ؟ » « پاندور بۆ زیندوان بە جێ دەمێنێ تا گۆرانی بە پاڵەوانە مردووەکان هەڵبڵێن • جا ئەگەر چەك قات بێ ، ئەگەر یەك خەنجەر نەمێنێ ، گۆرانی هەر دەمێنێ •

باوکم دەیگوت میوانی ئاسایی میوانی ماڵی تۆیە ، بەڵام میوانی گۆرانیبێژو سازندە میوانی سەراپای دێیە • هەموو کەس بە پیریەوە دەچێ و هەموو کەسیش بە ڕێی دەکا • بۆ نموونە ، مەحموود هەمیشە

لـە حـاکم گەرمتر بە خێر هاتنی دەکرا • ڕەنگە هـەر بۆیەش بێ کـە حاکم گۆرانیبێژی سەربەستیان خۆش ناوێ •

باوکم باسی دوو ڕێبواری داغستانی دەکرد • کە تاریك داهـات یەکێ بەوەی‌تری گوت : «وەختی حەسانەوەمان نەهاتوە ؟ شەو داهات • تۆش سەرماتەو ماندووی • ئەوەتە گوندێك با لابدەین‌و ئـەم شـەو لێرە بمێنینەوە • »

« ڕاستە ، سـەر مامەو ماندووشم • ڕاستت دەوێ نەخۆشیشم ، بەڵام من لانەدەمە ئەم گوندە • »

« بۆچی ؟ »

« گوندێکی کرێتە • کەس گۆرانی لێ نەبیستوون • »

ڕەنـگە ڕێبوار تووشی گوندی وا ببن • بـەڵام کـەس ناتوانێ دەرهەق داغستان بڵێ : « با بە تەك ئەم وولاتـەدا بڕۆین‌و لانـەدەین • کـەس گۆرانی لەم وولاتە نەبیستوە • »

(بیستوژیف ـ مارلینسکی) لە کتێبەکەیدا گۆرانی داغستانی بـە نموونە هێناوە • بلینسکی دەیگوت ئەو گۆرانیانەلە کتێبەکە بە ترخترن• دەیـگوت پوشکین شەرمی پێ نەبوە بە هی خۆیان دابنێ •

لێرمەنتۆف بە لاوی ، لە تەمـەر خـان شورا گوێی لـە گۆرانی شاخـان بوو • هەر چـەندە زمانی ئێمەی نەدەزانی بەڵام زۆری تام لێ‌وەردەگرت •

پرۆفیسۆر (ئوسلار) دەیگوت ئاوازەکانی «گونیب» خەڵاتی جوائین بۆ مرۆڤایەتی •

کێ‌و چی ئـەم دەنگ‌و گۆرانیانەی بـە ئێمـە بەخشیوە ؟ کێ چیاییەکانی فێری ئەم هەستە کردوە ؟

هەڵۆو ئەسپ ، شمشیرو گیا ، لانك ، هەر چوار ڕووباری قۆیسوو قەزوینی سەربەست ، مێرەمی دڵخوازی مەحموود ، سەراپای مێژووی داغستان ، هەموو زمانەکانی ، تێکڕای داغستان •

« جارێکیان لە ئەبوتالیبیان پرسی : « چەند شاعیر لە داغستانـدا هەن ؟ »

« ئاه ! سێ چوار ملیۆن دەبێ ! »

« شتی وا چۆن دەبێ ؟ بە هەمووتان یەك ملیۆنن • »

« هەر یەکە سێ چوار شاعیری تێدایە بـەڵام هەموو شاعیرەکان گۆرانی ناهۆننەوە • هەموو کەسیش پێیان نازانێ • »

« لەگەڵ ئەمەش‌دا ، باشترین شاعیر کێیە ؟ »

« ئەوەی لە هەموانیش باشتر بێ ، یەك هەر هەیە لەو باشتر بێ • بەڵام ناوی یەکێکت دەدەمێ • »

« کێیـە ؟ »

« دایکی داغستانی • چیاییەکان بە گشتی تەنیا سێ گۆرانـی دەزانـن ! »

« ئەمانە چین ؟ »

« یەکەم ئەو گۆرانیەیە کاتێ دایك منداڵی دەبێ لە تەنیشت بێشکەی دادەنیشێ‌و دەیچرێ • »

« ئەدی دووەم ؟ »

« دوەم ئەو گۆرانییە کە کاتێ دایك کوڕی دەفەوتێ دادەنیشێو دەیچڕێ •• »

« ئەدی سێیەم ؟ »

« سێیەم هەموو گۆرانیەکانی‌تر •• »

بەڵێ ، دایك •• شایەدی ڕاستەقینەی ئەوەیە کـە دەگـەشێتەوەو دەپووچێتەوە • دەبێو دەمرێ • دێو دەڕوا • دایك لانك ڕادەژەنێ • منداڵ لە باوەش دەکا • ئەو کوڕەی دەگرێتە ھامێز کە ھەتا ھەتایـــە دەڕواو چاوی پێ‌ناکەوێتەوە •

ئەوەیە جوانی ، ئەوەیە ڕاستی ، ئەوەیە سەربەرزی •

خەڵکی خراپو چاك ھەیە • تەنانەت گۆرانیش چاكو خراپـی ھەیە • بەڵام دایكو گۆرانی دایك ھەمیشە ھەر جوانن •

ھەڵبەت ئەو لایلایانەم بە بیر نایە کە لەسەر پشتی لانك بۆیـــان گوتووم ، بەڵام پاشان لە زۆر گوندا زۆر گۆرانیم بیستوە ، گوێم لـە لایلایەش بوە • ئەمە لایلایەکە :

کۆرپەکەم ! گەورە دەبی ، بەهێز دەبی •
گۆشت لە بن کەڵبەی گورگ دەردێنی •
کـۆرپەکەم ، گەورە دەبی ، زرنگ دەبی
کۆتر لە ژێر چرنۆکی پڵنگ دەردێنی •
کۆرپەکەم ! گەورە دەبی : هەموو شتت پێ دەکرێ •
گوێ لە یەختیاران ڕادەگری ، لەبرادەران دەگری •
کۆرپەکەم ! گەورە دەبی ، زیرەك دەبی •
جێت لەناو لانك نابێتەوە •
دەفڕیتـە ئاسمان •
دەبی بە کوڕی من ، کوڕی دایـکی خۆت
دەبی بە زاوای ئەو ژنە بیانیە •

دەبی بە مێردی ژنێکی جوان •
دەبی بە گۆرانی ئیشتمانی بەنرخت •

وای لەو بڕوایە ! دایك نیە گۆرانی نەزانێ •

باوکم دەیگوت : دایك نیە لە ناخی دەروونەوە شاعیر نەبێ •

بارانی هاوینێکی ووشكو برینگ
تۆی بچکۆلانەکەم !
خۆری هاوینێکی بە باران
تۆی بچکۆلانەکەم !
دوو لێوی وەك شانەی هەنگوین
تۆی بچکۆلانەکەم !
دوو چاوی وەك دووتلیە ترێ
تۆی بچکۆلانەکەم !
ناوی لە هەنگوین شیرینتر
تۆی بچکۆلانەکەم !
ڕوخساری بەر چاوان
تۆی بچکۆلانەکەم !
دڵی زیندووی خورپەدار
تۆی بچکۆلانەکەم !
کلیلی دڵی زینـــدوو
تۆی بچکۆلانەکەم !
سندووقی ناو کەف زیو
زێڕی ناو سندووق
تۆی بچکۆلانەکەم !
ئێستا نانێـکی خڕو بچووکی
بەڵام دەبی بە گوللە •
دەبی بە چەکوشێکی قورسو
بەرد دەهـاڕی •
دەبی بە تیرێـکی تیژو
ئامـانج دەپێـــکی •
دەبی بە سەماکەرێـکی ناسك ،
بە گۆیندەیەکی دەنگ خۆش ،
بە سەرتۆپی لاوانی هۆز •

دەبی بە ڕاوکەرێکی بێ وێنە .
بە شۆڕە سوارێکی بێ هاوتاو
دۆڵاو دۆڵ تێیدەتەقێنێ
سمی ئەسپەکەت تۆز دەکاتو
وەك هەوری ڕەش بەری ئاسمان دەگرێ .

باوکم دەیگوت : ئەوەی گوێی لە گۆرانی دایکی نەبوو بێ وەکو ئەوەیە بە هەتیوی گەورە بوو بێ . ئەوەی لەسەر پشتی لانك گۆرانی داغستانی بۆ بگوترێ ئەگەر بێ دایكو باوکیش بێ بە هەتیو دانادرێ .

کە دایكو باوك نەبێ کێ گۆرانی بۆ دەڵێ ؟

داغستان خۆی گۆرانی بۆ دەڵێ ، چیای سەرکەش گۆرانی بۆ دەڵێ، ڕوباری قەد شاخی بەرز گۆرانی بۆ دەڵێ ، جیایەکان گۆرانی بۆ دەڵێن :

کچەکەم کەلەفە دەزووی زێڕە .
کچەکەم گلۆڵە زیوە .
کچەکەم مانگی سەر چیای بەرزە .
کچەکەم بزنی سەر چیای بەرزە .

نەوێرۆك لێمان دوورکەوە .
من کچیخۆم نادەمە پیاوی نەوێرۆك
قەلەزراو بەس بەر دەرگەمان بکوتەوە .
من کچی خۆم نادەمە پیاوی قەلەزراو .

کچی من گوڵێکی گەشی بەهاریە .
کچی من چەپکەگوڵێکی بەهاریە .
مافووری گیای ناسکە .
کچی نازداری من !

سێ کەری پەزم بدەنێ ،
برۆکانی نادەم .
سێ فەردە زێڕم بدەنێ
ڕومەتی نادەم .

سێ فەردە زێڕم بدەنێ
خاڵی سەر گۆنای نادەم .

نایدەمە قەڵەڕەشکان .
نایدەمە تاوسی بە فیز .
کەوەکەم ،
لەقلەقەکەم .

دایکێکی‌تر ئەم گۆرانیەی دەچڕی :

ئەوەی پڵنگ بە زەبری دار بکوژێ
کچی خۆمی دەدەمێ .
ئەوەی بە مشتێ بەرد وورد بکا
کچی خۆمی دەدەمێ .
ئەوەی بە زەبری قامچی قەڵا بگرێ .
کچی خۆمی دەدەمێ .
ئەوەێ وەك پەنیر مانگ لەت بکا
کچی خۆمی دەدەمێ .
ئەوەی وەك گوڵ ئەستێرە بچنێ
کچی خۆمی دەدەمێ .
سێوی گوڵبەدەمی خۆمی دەدەمێ !

یان ئەم گۆرانیە :

کچەکەم پێش پشکوتنی گوڵ
دەپشکوێ .
هێشتا ڕوبار نەڕۆیشتوە ،
ئەو بسکی شۆڕ بۆتەوە .
هێشتا بەفر نەتواوەتەوە ،
ئەو داخوازیکەری هاتوە .
ئەگەر هاتنە داخوازی
با یەك بەرمیل هەنگوین بێنن ،
با مەڕو بەران بێنن
بەڵام باوکیشی هەیە ،
با ڕەوە ئەسپێکی سەرگەشیش
بێنن .

فەرمــوون ، ئەمەش ئەو ئاواتەیــە کە لەســەر بێشــکەی منــداڵ دەگوترێ :

پێش جریوەی چۆلەکەی بەیان
کچی من لەسەر زەویە •
پێش واگا هاتنی ئاقتاقکەرەی دارستانی دوور
کچی من لە ناو میرگو میرغوزاری سەوزە •
کچیتر هێشتا لەبەر ئاوێنە خۆ دەڕازێننەوە
کچی من جەرە لەسەر شان لە سەراوێ دێتەوە •

ئەگەر لایلایە نەبوایە ڕەنگە هیچ گۆرانی لە دونیا پەیدا نەبوایە•ژیان هێندەی ئێستا ڕوناك نەبوایە • پاڵەوانێتی دەگمەنترو شیعر کەمتر بوایە •

یەکەم شاعیر دایکە • دایکە کە تۆوی شیعر لە وەردی دەروونی کوڕو کچەکانی دەوەشێنێ • ئەم تۆوە پاشان شین دەبــێو گــوڵ دەرد دەکاو دەپشکوێ • پیاو لە ساتی هەرە سەختو تەنگو ناخۆشی ژیاندا ئەو گۆرانیانەی دێتەوە بیر کە بە منداڵی بیستوونی •

حاجی موراد بە جەنگاوەرێکی ترسنۆکی گوت :

« دیارە دایکت لە سەر پشتی لانك لایلایەی بۆ نەگوتووی ؟! »

کە حاجی موراد خۆیشی ناپاك دەرچوو و خۆی هاوێشتە باوەشی قراڵ ، شامیل بە سووکیەوە گوتی : « دیارە لایلایەی دایــکی لە بیر نەمــاوە • »

ئەمــە بوو لایلایەی دایــکی :

ڕۆڵە لایلایە ، ڕۆڵە لایلایە •
خەندەت لەسەر لێو بێ
بۆت بە پیاوێــکی ئازا هەڵدەڵێم
ئازاو نەبەرد •

شێری لەبەر کەمــەر بوو •
شــەرەفی خۆی دەپاراست •
لەبای غارێ ، خۆی هەڵدەدا
ســەر ئەسپو ڕایدەگرت •

وەك ڕوباری شاخان سنووری دەبڕی •
وەك بریسکەی دەمی شمشێر
پشتی چیــای دەبڕی •
بە دەست دار چنــاری با دەداو
دەیــکرد بە ئەڵقە
تۆش ، هەڵۆکەم ،
وەك ئەو پیاوە وا بە !

دایکی تەماشای ڕوخساری خەنداوەری کۆرپەکەی دەکردو بڕواو متمانەی بە لایلایەی خۆی هەبوو • ئەو کاتە نەیدەزانی حاجی مورادی کوڕی تووشی چ دەردو چارەنووسێك دەبێ •

بەڵام کە زانی کوڕەکەی وازی لە شامیل هێناوەو پەنای بردۆتــە بەر دوژمن • گۆرانیەکیتری دانا ، ئەم گۆرانیەی چڕی :

لە ترۆپکی چیا هەڵدێرای ،
لە شوێنی بەرز نەدەترسای ،
تازە جارێــکیتر
لــەو هەڵەتە دەرباز نابی •

بە شــەوی تار
لە غەزای نەبەردانە دەهاتیتەوە شاخان
ئێستا بووی بە پارووەیەکی چەور چەور
تازە هەرگیز نایەیتەوە ماڵێ •

ئیمامت سووك کرد ، قراڵت سووك کرد •
لەسەر کەوتن ڕا هاتبووی ،
چیاکانت سووك کرد ،
تازە هەرگیز نایەیتەوە ماڵێ •

هەروەکو دەزانین ، پاشان حاجی موراد ویستی لە دەست قڕاڵ ڕا بکات و بگەڕێتەوە ناو کەس و کاری خۆی ، بەڵام لە عانی گەڕانەوەدا خۆیان گەیاندێ و کوشتیان • بە مردوویی سەریان لێ کردەوە • ئـەو حەلە گۆرانیەکی‌تری دایکی حاجی موراد لە شاخان بڵاو بوەوە :

شیریان باداو سەریان پەل دا •
بەڵام درۆیە
لە کۆڕی شەڕو ئۆغرمی گران
پێویستمان بەم سەرەیە •

کە لەشی بێ سەریان لە دەم ڕێـگا ناشت
بەڵام قسەی بۆشە •
لە شاخی سووتاوو ئابلوقەدراوا
پێویستمان بەم دەست و شانەیە •

لە شیرو خەنجەری تیژ بپرسن :
ئایا نابێی شامیل مردوە ؟
بەرد بۆنی بارود هەڵئەمژێ و
دووکەڵ زەوی دائەپۆشێ

ناوی وەك هەڵۆ فڕییە ئاسمان •
بریقەی دامردەوە •
شمشێر خوارایی ژیانی ڕاست دەکاتەوەو
شەرم و شوورەیی دەسڕێتەوە •

گۆرانی دایك سەرەتایە • کانگای هەموو گۆرانی مرۆڤایەتیـە • یەکەم خەندەو یەکەم ڕۆندکە •

گۆرانی لە دڵەوە پەیدا دەبێ • دڵ بە زمانی دەداو زمان بۆ دڵـی هەموانی دەباو دڵی هەموانیش بە سەدەو چاخەکانی دادێی دەگەیەنێ •

جێی خۆیەتی کە لێرەدا نەختێ زیاتر باسی ئەم گۆرانیانە بکەین •

گۆرانی دایکی شامیل

بگرین ، دێنشینە چیاییەکان ،
بۆ مردوان بگرین و پێیان هەڵبڵێن •
دوژمن قەڵای ئەخولگۆی گرتوەو
کەس بە زیندوویی دەرباز نەبوە •

★ ★ ★

« گۆرانی تەنیا دوو شتی تێدایە : یان خەندە یان ڕۆندك • لـەم سەردەمەدا ، ئێمەی چیایـی پێویستمان بە هیچێکیان نیـە • ئێمە لـە جەنگداین • هەر چەندە تەنگانەش بێ پیاوی ئازا لاوانەوەو گریـان نازانێ • لە لایەکی‌تریشەوە هیچ دڵخۆشیمان بە دەستەوە نیە • دڵمان کەیلی خەفەت و تاڵیە • دوێنێ سەمایان دەکردو گۆرانیان دەگوت ••• ئەوانە چرووکن • ئەگەر بەو شێوە بیانبینمەوە دیسان سزایان دەدەم • ئەگەر شیعرت دەوێ بڕۆ قورعان بخوێنەوە، فەرموودەکانی خۆشەویست بخوێنەوە کە لەسەر دەرگەی کابە هەڵکەندراون •• »

ئیمام شامیل بەم قسانە گۆرانی لە داغستان قەدەغە کرد • ژن بە کەسك‌و پیاو بە قەمچی سزا دەدرا • فەرمان فەرمانە • لەوان ساڵاندا زۆر گۆرانیبێژ تامی قەمچیان چەشت •

بەڵام کێ دەتوانێ دەنگی گۆرانی کپ بکا ؟ لەوانەیە گۆرانیبێژ سزا بدرێ ، بەڵام گۆرانی ـ نە• زۆر بەردەکێل دەبینین خەڵکی لە ژێر نێژراوە ، بەڵام کێ بەردەکێلی گۆرانی دیوە ؟

لەسەر بەردەکێلێك خوێندمەوە نووسرا بوو : « ئەمە مرد • خەڵك ئێستاش دەمرن • لە دوارۆژیش دەمرن • » دەتوانین لە بارەی گۆرانیەوە بڵێین :

« نەمردوە ، ئێستا نامرێ ، لە دوارۆژیش نامرێ • » لەو ڕۆژانەی خەبات‌و تێکۆشاندا ، چ ماوە بە گۆرانی نەکرا بێ ؟ بەڵام گۆرانیەکان نەك هەر ماون‌و پێمان گەیشتوون بەڵکۆ بۆ گاڵتەی چارەنووس ، بە « گۆرانی‌یەکانی شامیل » ناسراون •

ئەدی گۆرانی دایکی شامیل ؟

دوژمن گوندی «ئەخولگۆ»ی داگیر کرد • ئەو شەڕە زۆر پاڵەوانی خولقاند بەڵام هەموویان لە شەڕگەدا گیرسانەوە • ئەو بریندارانەی دەستیان نەدا خۆیان فڕێدایە ناو قۆیسۆی ئاڤاری • خوشکی شامیل بە خۆو بە منداڵەکانی لەگەڵ ئابلوقەدراوەکاندا بوو • لەم کاتە سەخت‌و ناخۆشەدا ئیمامی شەکەت‌و بریندارچووەوە گوندی « گمری » خۆیان • هێشتا جلەوی ئەسپیان لە دەست وەرنەگرتبوو کە گۆرانیەك یان بڵێین سەردوولکەیەکی کەوتە بەر گوێ :

بگرین ، دێنشینە چیاییەکان ،
بۆ مردوان بگرین‌و پێیان هەڵبڵێین •

دوژمن قەڵای ئەخولگۆی گرتوەو
کەس بە زیندوویی دەرباز نەبوە •

گۆرانیەکە ناوی هەموو شەهیدەکانی هێنا بوو • داوای دەکرد کە بەرگی شین‌و تازیە بپۆشن • دەڵێن ، لە چیاکاندا کە کانیەکان ئەم هەواڵە جەرگبڕەیان بیست هەموو چکیان کرد • دەپاڕانەوە خوا چیاییان چەپاڵە بدا • ئیمان بپارێزێ • دەست بە باڵی جەمالەددینی بیست‌و هەشت ساڵەی کوڕی شامیلەوە بگرێ کە لە سانت پترسبۆرگ مەروونەی بەر دەستی قڕال بوو •

شامیل لەسەر بەردێك دانیشت • پەنجەی لە ڕدێنی بۆزو خەناوی وەرداو بە توندی تەماشای پیاوەکانی دەوروبەری خۆی کرد ، گوتی :

« یونس ، ئەم گۆرانیە چەند دێرە ؟ »

« سەدو دوو دێرە ، ئیمام • »

« بزانە کێ ئەم گۆرانیەی داناوە ، سەد قامچی لێ دە • دووی بۆ من بێلەوە • »

مریدەکە یەکسەر قامچی ڕاکێشا •

« کێ ئەو گۆرانیەی داناوە ؟ »

هەموو قوڕقاپیان کرد •

« دەڵێم ، کێ ئەو گۆرانیەی داناوە ؟ »

ئیمام دایکی خەمبارو پشت کۆماوی هاتە لا • گەسکێکی بە دەستەوە بوو :

ڕۆڵە ، ئەو گۆرانیە من داماوە • ئەمڕۆ ، لە ماڵی ئێمە تازیمانەیە ، هانێ ئەم گەسکەو فەرمانی خۆت بە جێ بێنە •

ئیمام نەختێ داما • ئینجا گەسکەکەی لە دەست دایکی دەرهێناو

به دیواری هەڵپەسارد : «دایە ، تۆ بڕۆوە ماڵێ ! »

دایکە سەیری کوڕەکەی کردو بایداوەو ڕۆیشت • هەر کە لە کۆڵانێ بزر بوو ، شامیل شیری داکەند ، پشتێنی کردەوەو چاکەتی فڕێ دا •

« دایکم نابێ لێدان بخوا ، من کە شامیلی کوڕی ئەوم سزای تاوانەکەی دەکێشم • »

تا کەمەر خۆی ڕووت کردەوە • لەسەر سەکۆیەك ڕاکشاو بە موریدەکەی گوت :

« بۆ قامچیت وەلا نا ؟ دەری بێنەو چیت پێ دەڵێم وا بکە • »

مورید دوودڵ بوو • ئیمام ڕووی گرژ کرد • موریدەکە لە هەموو کەس باشتر دەیزانی ئەم ڕووگرژیە چی بە دواوەیە •

کەوتە دارکاری کردنی ئیمام ، بەڵام بە هێدی لێی دەدا ، لە باتی لێدان هەر پێی دا دەهێنا • شامیل قیت‌بووەوەو نەڕاندی •

« لە جێی من ڕاکشێ • »

مورید بە ڕووتی لەسەر سەکۆکە ڕاکشا •

شامیل دەستی دا قامچی‌و سێ قامچی توندی لێدا • کابرا پشتی هەموو شووی بەست •

« لێدان ئاوهایە ــ تێ گەیشتی ؟ ئێستا دەست پێ کە ، نەکەی ڕەخاوەتیم پێ بکەی ، ها • »

مورید کەوتە دارکاری شامیل‌و دەیژمارد :

« بیست‌و هەشت ، بیست‌و نۆ ••• »

« نەء ، تازە بوو بە بیست‌و حەفت ، باز نەدەی ! »

کابرا ئارەقەی بە ڕوودا هاتە خوارێ ، بە قۆڵی چەپە سڕیەوە • پشتی ئیمام وەك ڕەوەزە شاخێك وا بوو ڕێگای لێك تێپەڕیوی تێدا بێ ، وەك تەلانێك وا بوو کە ڕەوە ئەسپێك پێ‌شێلیان کرد بێ •

دارکاری تەواو بوو • مورید لاکەوت‌و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا • شامیل جلی کردەوە بەروچەکی لە خۆی دا • ئینجا ڕووی کردە ئەوانەی دەوروبەری‌و گوتی : « چیاینە ئێمە دەبێ شەڕ بکەین • هیچ وەختی گۆرانی گوتن‌و هەقایەت گێڕانەوەمان نیە • با دوژمن گۆرانیمان دەرهەق بڵێن • بە شمشیر فێری گۆرانیان دەکەین • فرمێسکتان بسڕنەوە ، چەکتان بسوون • ئەخولگۆمان لە دەست چوو بەڵام داغستان ماوەو شەڕ هێشتا بەردەوامە • »

داغستان بیست و پێنج ساڵی‌تر جەنگا • لە دوا شەڕدا گونیب گیرا • لە گەرمەی شەڕی گونیبدا ، کە چەند ڕۆژێکی خایاند ، ئیمام لە مزگەوت نوێژی دەکرد •

فاتیمەی ژنی گەورەی ئیمام گوتی : « داغستان قەت بەدبەختی وای نەدیوە ! »

« سەهووی ، فاتیمە ! داغستان پێشتر بەدبەختیەکی تری وای دیوە• »

« کامە ؟ »

« ئەوەی کە من ژنێکی وەکو تۆم هەبوو ،چووم (شواینە)م بەسەر هێنای • »

ئیمام پێ کەنی • مریدە بریندارەکانی ، کە لە مزگەوت ڕاکشابوون لەگەڵی پێکەنین • داغستان کە بۆ یەکەم جار گوێی لە پێکەنینی ئیمام بوو دەتگوت هەمووی پێ‌دەکەنێ •

ئیمام لەم ساتە هەرە سەختەی داغستاندا پێ‌کەنی ، کە ئەو هەموو شتەی بە شانازیەوە دەستی خستبوو ، هەرەسی دەهێنا . چەند ساتێ پێش دیل بوونی پێکەنی . .»

کت‌وپڕ ، شامیل هەیبەتی گرت . هەر سێ ژنەکەی لەسەر بەردێکی گونیب داناو پێی گوتن :

« ئەو گۆرانیەم بۆ بڵێن کە دایکی ڕەحمەتیم داینا بوو . . »

فاتیمەو نەفیسەو شواینە پێکەوە هەڵیان کردە گۆرانی :

بگرین ، دێنشینە چیاییەکان ،
بۆ مردوان بگرین‌و پێیان هەڵبلێین . . .

دوا ووشەی گۆرانیەکە بڕایەوە . مانگ هەڵات . ئیمام پەست بوو : «دووبارەی بکەنەوە . . »

دیسان فاتیمەو نەفیسەو شواینە گۆرانیەکەیان گوت . ئەمجارەیان گۆرانیەکە دوورتر ڕۆیشت . چیای ژێر تریفەی مانگ‌و شۆڕە بی‌و دارخۆخەکانی گونیب گوێیان لێ بوو .

شامیل هاواری کرد : «سێ بارەی بکەنەوە . . »

ئەمجارە گۆرانیەکە دوورتر فڕی . گوندە سووتاوەکانی نزیك گونیب ، گوندە کپەکانی ناو شاخە دوورەکان ، هەموو موریدە شەهید بوەکانی ئیمام لە ناو گۆڕ گوێیان لێ بوو . لەگەڵ گەردوگۆلی بەیانی دیسان گرمەی شەڕ ، دوا شەڕ دەستی پێ کرد . کە دەنگی چەك نەما ، گۆرانی کپ بوەوە .

دوژمن بە سەربەرزی لەگەڵ ئیمام جولانەوە . چەك‌و ئەسپیان دایەوە ، ژنیان دایەوە ، بەڵام داغستانیان نەدایەوە . هەڵیان دا بۆ باکووز .

داغستان تەنیا گۆرانی پیرە دایکی شامیلی بۆ مایەوە . یەکەم جار هەر سێ ژنی شامیل گۆرانیەکەیان بۆ دیلی سەربەرز چڕی ، پاشان مایەوە نەفیسەو شواینە ؛ پاشتریش کە شواینە پاش هەوێکانی ما بوو ، لە بیابانی دووری عارەبیدا گۆرانیەکەی بۆ شامیلی کۆچکردوو چڕی - دوا ژن‌و دوا گۆرانی .

خەڵك کە دەهاتنە سەر باسی شواینە ، باوکم دەیگوت : «جوانترین ئافرەتی ماڵی شامیل بوو . یەکەم خۆشەویست‌و دوا ژنی ئیمام بوو . ئیمام وەکو هەموو چیاییەك بە پێی ڕەوشتی خۆمان ژنی دەهێنا . بەڵام ئەمەیان خەڵاتێکی ڕێکەوت بوو . کاتێ ئەخفەردیل محەمەدی نایبی هەرە ئازا هەڵمەتی بردە سەر (مۆزدۆك) کچە بازرگانێکی ئەرمەنی بە دیل گرت (ئانا)ی نازداری بە یەخسیر گرت. (ئانا) تەنیا چەند ڕۆژێکی ما بوو بۆ دەزگیرانەکەی بگوازرێتەوە . مورید ئەم دەسکەوتەی لە کەپەنك پێچاو بۆ کۆشکی ئیمامی برد . کە لە سەریان هەڵدایەوە ، ئیمام چ ببینێ باشە ؟ دوو چاوی گەورەو شینی وەك ئاسمانی داغستان . ئەو چاوانە ، یەکەو ڕاست ، بێ‌ترس لە چاوی ئیمام چەقین . بە پێڵاوی قاڵتاغو چەك‌و ڕدێن‌و چاوەکانی ئیمامدا گەڕان . ئەو کچە ئەرمەنیە ئیمامی وا دی کە نە گەنجەو نە قۆز بەڵام شتێکی وای لە نیگای چاوەکاندا بوو کچەکەی سەراسیمە کرد . کچە ، لەگەڵ هێزو توندیدا نەرمی‌و بەزەییشی لەو چاوانەدا بینی . چاویان بە چاوی یەك کەوت . جەنگاوەری نەبەرد لە دڵەوە هەستی بە بێ هێزی یەك کرد . ئەمەی پێ شتێکی سەیر بوو و ترسێکی کەوتە دڵەوە .

ئینجا فەرمانی دا :

« ئەم کچەت لە کوێ هێناوە ، بیبەوە ئەوێ . »

« بۆچی ئیمام ؟ کچێکی جوانە ، هەموو شتێکی هەر لە خۆی دێ . »

« من خۆم دەزانم ! ئەسپەکەت زین کە . »

« بەرامبەر بەم کچە ، داوای چ فدیەیەك بکەم . »

« هیچ ، هەر وا ، بێ فدیە بیدەوە . »

ئەخفەردیل محەمەد سەری سوڕما . شامیل قەت بێ فدیە دیلی بەرنەداوە . بەڵام ئەوە ئیمامە ، پیلەکەی لەگەڵ ناکرێ . »

شامیل بە کچە بەخسیرەکەی گوت : « وا دەتنێرمەوە بۆ باوانت . کەیفیان پێ دێ . پێیان بڵێ شامیل جەردە نیە . »

کە قسەی شامیلیان لە (ئانا) گەیاند . ئانا بە سەرسامی تەماشای شامیلی کرد . لەو بڕوایەدا بوون کچە ئەوەندەی هەوەس بەو قسەیە دێ نەبێتەوە .

دوبارە پێیان گوت : «ئیمام ئەو ڕوداوەی زۆر لە دڵ گرانە ، بە بێ فدیە دەتنێرێتەوە . »

ئینجا کچە نەشمیلەکە ڕوی کردە شامیلو گوتی :

« سەرۆکی داغستان ، کەس منی بە خورتی نەهێناوە ، من خۆم بۆ تۆ هاتووم ، هاتووم ببم بە بەندەی تۆ . »

« چۆن ؟ بۆچی ؟ »

« هاتم ئەو پاڵەوانە ببینم کە هەموو قەوقاسو سەرابای دونیا باسی دەکا . چ دەکەی بکە ، بەڵام من بۆ هیچ شتێ واز لەو دیلایەتیە ناهێنم کە خۆم هەڵمبژاردوە ، هەنگاوێك لێرە دوور ناکەومەوە . »

« نەخێر ، وا باشە بچیتەوە . »

« شامیل ، ئەوە تۆی قسەی وا دەکەی ، کە هەموو کەس بە پیاوی ئازات دەزانن ؟ »

« فەرمانی خوایە ! »

« خوا فەرمانی وا نادا . »

« خوای منو خوای تۆ فەرمانیان جودایە . »

« سەرۆکی داغستان ، من دیلی تۆم ، کۆیلەو بەندەی تۆم ، لەمەولا خوای تۆ دەبێ بە خوای من . لە دەوری منداڵیەوە گۆرانیم لەبارەی تۆوە بیستوە ؟ ئێستاش گۆرانیەکم لەبیر ماوە ، لە ناخی دڵم چەسپاوە .

ئەو کچە ئەرمەنیە هەڵیکردە گۆرانی ، گۆرانیەکی خۆشی بە زمانی بیانی چڕی . مانگ لە پەنا شاخی بەرزەوە هەڵاتو کچە ئەرمەنیەکە هەر گۆرانی لەبارەی شامیلەوە چڕی .

موریدەکە وەژووری کەوت :

« ئیمام ، ئەسپ زین کراوە ، کچەکە ببەم ؟ »

« لێی گەڕێ ، با گۆرانیەکەی تەواو بکا ، ئەگەر بە قەد هەموو ژیانیشی بخایەنێ دەبێ تەواوی بکا . »

باش چەند ڕۆژێ مقۆمقۆ بە داغستاندا بڵاو بوەوە . خەڵك چرپاندیە گوێی خەڵك ، گوند چرپاندیە گوێی گوند چرپەی ئەهامەت:

« بیستوتە ، شامیل ژنێکی تری هێناوە . »

« ئیمامی ئیمانداری ڕاستەقینەمان کچە ئەرمەنیەکی هێناوە . »

« گاور مەندیلی ئیمام دەشوا ، ئیمام لە باتی نوێژ گوێ لە گۆرانی ژنەکەی دەگرێ . »

بەم جۆرە هەموو داغستان چرپاندی . چرپەچرپەکە ڕاست

دەرچوو • ئیمام سێیەم ژنی هێنا • ژنە بوو بە ئیسلام و بەرگی شاخانی کردە بەرو ناوێکی ئاڤاریان لێ نا • (ئانا) بوو بە (شواینە) • خۆشترین خواردنی ئیمام ئەوە بوو کە ئەو ژنەی بۆی لێ دەنا • نەرمترین نوێنی ئەوە بوو ئەم بۆی ڕادەخست • ژوورەکەی ئەم لە هەموو ژووران ڕوناکترو گەرمتر بوو • قسەی لە هەموان خۆشتر بوو • ڕووی گرژی ئیمام نەرمو خاو بوەوە ، لە جاران بە رەحمترو میهرەبانتری لێ هات • زۆر جار قاسیدی باوکی کچە لە (مۆزدۆك)ەوە دەهاتن تکای باوکیان بە شامیل دەگەیاند کە شواینە بنێرێتەوە و بخوازی ماڵی دونیایە • هەموو جارێ شامیل بە شواینەی دەگوت بەڵام شواینە هەموو جارێ یەك وەڵامی دەدایەوە :

« ئیمام ، تۆ مێردی منی ، حەز دەکەی سەرم ببڕە ، بەڵام ناچمەوە • • »

ئیمام وەڵامەکەی دەدایەوە دەست قاسیدەکانی مۆزدۆك • پاشان برای شواینە هات • ئیمام بە خێر هاتنێکی گەرمی کردو ڕێی دا شواینە ببێنێو قسەی لەگەڵ بکا • خوشكو برا دوو سەعات بە تەنێ پێکەوە بوون • برا باسی خەفەتی باوکیو فرمێسکی دایکی بۆ خوشکی کرد ، باسی ژیانی خۆشی ماڵەوەی بۆ کرد • باسی دەزگیرانی گەنجی بۆ کرد کە هێشتا هەر خۆشی دەوێو بە تەمایەتی • بێ هوودە بوو • شواینە نەهاتە ڕایێو برای بە نائومێدی گەڕایەوە •

فاتیمەی ژنە گەورەی ئیمام ، دەرفەتێکی باشی قسەکردنی بۆ ڕەخسا ، بە مێردی گوت :

« ئیمام ، وا خوێن دەڕژێ ، زەلام دەکوژرێ ، تۆ چۆن دەتوانی گوێ لە گۆرانی شواینە ڕابگری کە پێت وەکو ویردو نوێژ وایە ؟

تۆ خۆت گۆرانی گوتنت لە داغستان قەدەغە کردوە • بگرە گۆرانی دایکی خۆیشت ڕەت کردەوە • • »

شامیل گوتی : « فاتیمە ، گۆرانی شواینە ، ئەو گۆرانیەیە کە دوژمن لە بارەی ئێمەوە گوتوویانە ئەگەر لێ بگەڕابام گۆرانی فرمێسکاوی بڵاوبێتەوە ، دوژمن دەیانیبیستو بە جۆرێکی دی ئێمان دەگەیشتن • ئەو حەلە ڕووم هەڵنەدەهێنا تەماشای چاوی ئەو دایکانە بکەم کە کوڕیان لەگەڵ مندا بووو کوژران • بەڵام با دوژمنمان لە بارەی ئێمەوە گۆرانی بڵێن • بە شادی گوێیان لێ دەگرم • داوا لە خەڵکیش دەکەم گوێیان‌لێ بگرن •

فاتیمە لەبەر ئەوە هەراسان نەبو چونکە ئیمام گوێی دەدایە گۆرانی ژنە بچووکەکەی ؛ بەڵکو لەبەر ئەوە هەراسان ببوو چونکە هێندە ڕووی نەدەدایە ژنە گەورەکانی • زۆری پێ نەچوو :

« ڕۆژێکیان بە ئیمامیان گوت قڕاڵی زۆردار حەز دەکا جەمالەددینی کوڕی ڕەوانە بکاتەوە کە لە سانت پترسبۆرگ ، لە کۆلێژی سەربازی (کادێت کۆرپس) دەیخوێند بەو مەرجەی شامیلیش شواینە ئازاد بکا • هەڵوێستێکی سەخت بوو • ئیمام ڕازی نەبوو بەڵام لای کەسی نەدرکاند کە داوای شتی وای لێ کراوە لەگەڵ ئەمەشدا فاتیمە پێی زانی ••• خۆی گەیاندە هەوێی بچووکی :

« شواینە ، هەرێم بدێ ، قسەیەکت لە کن دەکەم لە خوا زیاتر کەس پێی‌نەزانێ • • »

« هەرێت دەدەمێ • • »

« خۆت لە من باشتر دەزانی شامیل بەم دوایە خەوی لێ حەرام بوە • زۆر هەراسانو بە ئازارە • • »

« دەزانم ، فاتیمە ، دەزانم • •

« نازانی هۆی چیە ؟ »

« نەخێر • •

« ئەمن دەزانم • ئەگـەر مـەیلت لەسـەر بێ دەرمانی بە دەستی تۆیـە • •

« پێم بڵێ چیـە فاتیمە ، پێم بڵێ گیانەکەم • •

« بێ گومان باسی جەمالەددینت بیستوە ، کە جگەرگۆشەی مـن و شـامیلە • •

« بەڵێ ، بیستوومە • •

« گەڕانەوەی بۆ لامان بە تۆوە بەسراوە • هەڵبەت تۆ دایکی خۆت لە بیرە • منیش دایکم • دەساڵە کوڕی خۆمم نەدیوە • فریام کـەوە • بۆ خـاتری من نا ، بۆ خاتری ئیمام • •

« ئەوەی لە دەستم بێ بۆ شامیل تەخسیری ناکەم ، بەڵام من چیم لە دەست دێ ؟ ! »

« ئەگـەر تۆ بچیتەوە کن دایك و باوکت قراڵ جەمالەددینمان بۆ ڕەوانە دەکاتەوە • کوڕەکـەم دەربازکە • خـوا پاداشتت دەداتەوە ، هەتاهەتایە جێگەت بەهەشت دەبێ • تـکام بگرە شواینە • •

« شواینە فرمێسکی لە چاوان قەتیس ما • »

« ئەوەی لـە دەستم بێ دەیکەم ، فاتیمە ، دەیکەم • •

شواینە لـە ژووری خۆی کـەوتە سـەر مافوور • زۆر گریا • پاشان هەڵی کردە گۆرانی خـەم • شامیل هاتە ژوورەوە •

« شواینە ، چیتە ؟ بۆ وا هەراسان بووی ؟ »

« ئیمام ، ڕێم بدە بچمەوە لای دایك و باوکی خۆم • »

« بۆ ؟ »

« دەبێ بچمـەوە • •

« ئێ ، ئاخر ، بۆ ؟ چ بوە ؟ تۆ چ دەڵێی ؟ تۆ خۆت ڕازی نەبووی بچیتەوە ، ئیستاش ڕێت نادەم بچی • •

« شامیل ، بمنێرەوە ، هیچ چارەی تر نیە • »

« دیارە نەخۆشی ! »

« دەمەوێ تۆ بە دیداری جەمالەددین شاد بی • •

« ئێ ، ئەوەیە مەسەلە !! لێ ناگەڕێم بچیتەوە شواینە • ئەگـــەر کوڕم وا بکەوێتەوە بەر دەست کـە سەودای پێ لەگەڵ ژنی خۆم بکەم ، با هـەتا هەتایە بێ کوڕ بم • ئەگـەر کوڕ کوڕی من بێ خۆی ڕێـگای خۆی دەکاتەوەو دەگەڕێتەوە لای دایـکیو وڵاتی خۆی • بەڵام بـەو ڕێگایەی تۆ داتناوە ناگەمە کوڕەکەم • خۆم ڕێـگایەکی بۆ دەدۆزمـەوە کـە لە مـن و لەویش بوەشێتەوە • ئەسپەکەم بۆ بێنە • »

شواینە ئەسپی ڕاکێشا قەنتەرەو قامچی لـە سنگ کردەوەو دایـە دەست شامیل •

لە هـەموو هەڵمەتو هەموو گەڕانێك ، لە داغستان ، لـە سانت پترۆسبۆرگ ، لـە کالوگە ، لە عارەبستان ، شامیل تا مرد شواینەی ژنی هـەر لـە تەکی بوو ، لێی دوور نەدەکەوتەوە • تا ئەمڕۆش ئەفسانەکان باسی ئەو ژنە جوانە دەکەن • دواجار یاریدەی گەڕانەی جەمالەددینی دا بۆ کن باوکی ـ بەڵام ئەمەش چیرۆکێکیترە •



گۆرانی جەماڵەددین

ئەگەر گۆرانی لە داغستان نەبایە کەس وەکو ئێستا نەیدەناسی • داغستان وەکو بزنەکێویەکی وێڵ وا بوو ، گۆرانی لە تووڵە ڕێی شاخاوی ڕێنمایی کردین و بە دونیای گەورەی گەیاندین و برادەری تۆ پەیدا کردین •

★ ★ ★

جەماڵەددینی هەشت ساڵ مەرهوونەی بەردەستی دوژمن گەڕایەوە داغستان • گەنجێکی بیست و چوار ساڵی • شامیل فێڵ و تەقەللاو خۆڕاگرتنێکی زۆری خستە کار تا کوڕەکەی لای قڕاڵی زۆردار هێنایەوە • شامیل زۆر دیلی ڕووسی خستە مەیدانی ئاڵوگۆڕەوە بەڵام قڕاڵ بە گۆڕینەوە ڕازی نەبوو • دەیەویست لە سانت پترسبۆرگ ئەو چیایە گەنجەی هەر لەبەر دەستدا بێ • هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکردو دەیەویست شامیل ناچار بکا دەست لە خەباتی بێ بەر بەربدا • بەڵام شامیل

گوێی بەم هەڕەشانە نەبزووت • نامەیەکی بۆ هات کە بە ناوی کوڕەکەی نووسرابوو ـ لەوانەیشە کوڕە خۆی نووسیبێتی ـ نووسیبووی قڕال بەهێزەو خۆڕاگرتن بێ سوودەو هیچ ئومێدێك نیە • داغستان خوێنی لەبەر دەڕواو بەرگری لەمەودوای لە کەسەرو ماڵوێرانی چیتری بە بەرەوە نیە • بەڵام ئیمامی لاسار بڕوای بە هیچ نەکرد •

حاجی موراد لەگەڵ هەندێ مووریدا خۆیان دایە پاڵ ڕووسەکان بەڵام خێزانی لە شاخان مایەوە ـ دایکی ، ژنی ، خوشکی ، کوڕی ••• بێ گومان هەموویان لەبەر دەستی شامیلدا بوون • شامیل بۆ حاجی موورادی نووسی :

« ئەگەر نەگەڕێیتەوە (بۆلچی)ی کوڕت لەسەری دەدرێ و سەرباز دایك و ژن و خوشکت هەتك دەکەن • »

حاجی موورادیش یەك بە باری خۆی لە ڕێگاو دەرەتانێك دەگەڕا خاوخێزانەکەی پێ دەرباز بکات و دەستی بێ شەڕ لەگەڵ ئیمامی لامل بکا • لەو سەردەمەدا دەیگوت : « من بە پەتێك بەسراومەتەوە سەرەکەی لە مست شامیلە • » مەسەلەی فدیە نابێ • کە شامیل زانی کۆنە مریدەکەی بە تەمایە فدیە لە باتی خێزانەکەی بدا ، گوتی « دیارە حاجی موراد شێت بوە • »

بەڵام ئەگەر شامیل سەرەپەتکی حاجی موورادی بەدەستەوە بوو ، حاجی موورادیش پەتێکی بە دەستەوە بوو ئەو سەرەکەی بە دڵی شامیلەوە بوو • پەتەکە جەماڵەددین بوو • حاجی موراد چوە لای « ڤۆرۆنتسۆف »و تکای لێ کرد : « وا بکە قڕال جەماڵەددین بۆ باوکی بنێرێتەوە بەڵکو شامیل خێزانەکەم ئازاد بکا • تا ئەوان لەبەر دەستی ئیمامدا بن شەڕ کردنی من وەکو ئەوە وایە کە دایك و کوڕو ژن و هەموو

خاوخێزانەکەم بە دەستی خۆم بکوژم • »

«ڤۆرۆنتسۆڤ» بۆ ڤرالی نووسیو ڤرال بڕیاری ئاڵوگۆڕی دا • بۆ شامیلیان نووسی : «ئەگەر خاوخێزانی حاجی مورادبەر بدەی کوڕەکەت ڕەوانە دەکەینەوە • »

هەڵوێستێکی ناخۆش بوو • سێ شەو نە شامیلو نە خێزانەکەی خەویان لێنەکەوت • بۆ ڕۆژی چوارەم ئیمام ناردیە دوو بولچی/ی کوڕی حاجی موراد :

« تۆ کوڕی حاجی مورادی ؟ »

« بەڵێ ئیمام ، کوڕی حاجی موورادم • »

« دەزانی حاجی چی کردوە ؟ »

« بەڵێ دەزانم ، ئیمام • »

« ڕات بەم ئیشە چیە ؟ »

« نازانم بڵێم چی ؟ »

« حەز دەکەی چاوت پێ بکەوێ ؟ »

« زۆر ، زۆر • »

« ڕێگەتان دەدەم بە خۆتو دایکت و داپیرتو هەموو خێزانەکەتان بچنە لای • »

« نەخێر ، ئیمام ، ئەمن ناچم • شوێنی من داغستانەو ئەویش لە داغستان نەماوە • »

« دەبێ بچی بولچی ، فەرمانی منە • »

« قەت ناچم ، ئیمام • لێرە لەسەر ئەم خاکە بمکوژە باشترە • »

« دەبینم وەکو باوکت سەرکێشی دەکەی !؟ »

« ئێمە هەموو فەرمانبەرداری تۆین ، ئیمام • تەنیا ئەوەندە هەیە زۆرم لێمەکە بچمە ئەوێ • بمنێرە شەڕ باشترە ، سووم لە زیانی خۆم نیە • »

« دژی باوکت دەجەنگی ؟ »

« دژی دوژمنان • »

ئەو ڕۆژە شامیل خەنجەرێکی هەرە چاکی خۆی بە بولچی بەخشی •

بەم جۆرە ئالوگۆڕەکە سەری نەگرت • نە کوڕی حاجی موراد چوە لای باوکی و نە جەمالەددینیش گەڕایەوە لای ئیمام •

شامیل هەنگاوێکی تری نا • قازی محەمەدی کوڕی نارد بە سەر قەلەمڕەوی میر تسیناندلی جورجیای دادا • لەم پەلامارەدا خاتوو چاڤچاڤادزێو خاتوو ئوربیلیانێو مامانێکی فەڕەنسی یەخسیر کران • موریدەکان (ئێکاتەرینا چاڤچاڤادزێ)ی خوشکی (نینا گریبۆیەدۆڤا)(١) یان بینی چوو بوە ناو کەلەنە داربەڕوویەك ، ڕایانکێشا دەرێ •

ئەو حەلە ئیمام توانی مەرجی خۆی بەسەر ڤڕاڵدا بسەپێنێ ؛ چونکە ڤڕاڵ ئامادە بوو لە پێناوی ڕزگارکردنی خاتوونە جۆرجییەکان هەموو شتێ بەخت بکا • دوا قسەی شامیل ئەوە بوو : «تەنیا بە ناردنەوەی کوڕەکەم خاتوونەکانتان دەدەمەوە • »

ڕۆژی خۆی هات • ڕوبارێکی بەرین بوو • خاتوونەکان لەسەر کەنارێك ڕاوەستابوون چاوەڕێی ئازادیان دەکرد • کوڕی ئیمامیش هات گەیشتە کەناری ئەوبەر ، ئەفسەری ڕووسی لەگەڵدا بوون • شامیل بە سواری ئەسپ هاتە دەم ڕوبار • تەماشای زەلامەکانی ئەوبەری ڕوباری

(١) ژنی ئەلیکساندەر گرتیۆیەدۆڤ (١٧٩٥–١٨٢٩)ی نووسەری ناوداری ڕووسیە •

کـرد بەڵـکو جەمالەددینیان لـــەناو بدۆزێتەوە • لە مێژ بوو چـاوی پێ نەکەوتبوو • ئاخۆ دەبێ کوڕو باب یەکتر بناسنەوە ؟!

ئەفسەرێـکی ڕەقەڵەی ڕووسییان پێشانی ئیمام دا کـە چاکەتێـکی گەورەی بە کەتافەی لەبەر بوو ، قسەی لەگەڵ ئەفسەرە ڕووسەکانی‌دی دەکردو دەیـگرتە باوەش‌و مـاڵاوایی لێ‌دەکردن • پاشـان چـوە لای کچێکی عازەب ، کـە نەختێ بەولا وە وەستا بوو ، دەستی مـاچ کرد • هـەر ناو بە ناویش سەرنجێکی لە باوکی دەدا کە بە سواری ئەسپێـکی سپی وەستا بوو •

ئیمام چاوی لەسـەر کوڕەکە هەڵنەدەگۆزی‌و دەیەویست هـەموو هەڵس‌و کەوتێـکی بەدی بکا ، پرسی :

« ئەوە کوڕەکەمە ؟ »

« بەڵێ ، ئەوە جەمالەددینە ! »

« چاکەتێکی چەرکەسی‌و چەکێکی خۆمانەی بۆ ببەنە ئەو بەر • تازە ئیتر ئەفسەری قراڵ نیە • بەڵـکو جەنگاوەرێکی داغستانە • ئـەو بەرگـەی بەری فڕێ دەنە ناو ڕوبار نەوەك لێ‌ناگەڕێم لیم نزیك بێتەوە ••

جەمالەددین بە گوێی باوکی کردو جل‌و بەرگی خۆی گۆڕی • چـەکی چیایی لەسـەر چاکەتی چیایی لە خۆی دا • بەڵام دڵ‌و سەری جەمالەددین لـە ژێـر چاکـەت‌و تەپڵەدا هـەروەکو خۆیان مـانەوە • نەیتوانی دڵ‌و سەری بگۆڕێ •

ئەنجام ، جەمالەددین لە ڕوبار پەڕیەوەو چوە خزمەت باوکی •

« ڕۆڵەی ئازیزم ! »

« باوکـــە ! »

ئەسپێکیان دایـــە جەمالەددین • کوڕو باوك تا (ڤیدێنۆ) پێـــکەوە ڕۆیشتن • باوك جار جار لە کوڕی دەپرسی :

« پێم بڵێ جەمالەددین ، ئەم شوێنەت دێتەوە بیر ؟ ئـەم شاخانەت لەیاد ماوە ؟ گوندی (گمری) مانت لەبیرە ؟ ئەخولگۆت لەیاد ماوە ؟ »

« بابە ، ئەو کاتە من زۆر بچووك بووم • »

« پێم بڵێ لانی کەم دوعایەکت بۆ داغستان کردوە ؟ خۆ نوێژت لە بیر نەکردوە ؟ سوورەتی قورعانت لە بیر نەکردوە ؟ »

جەمالەددین بە گرانی وەڵامی دایەوە : « ئەو جێگەی من لێ‌بووم قورعانی لێ‌نەبوو • »

« چ ؟ قەت کڕنۆشت بۆ خوای گـەورەو بە دەستەڵات نەبردوە ؟ دوعات نەخوێندوە ؟ ڕۆژیت نەگرتوە ؟ نوێژت نەکردوە ؟ »

« بابە ، قسەیەکی لێ‌دەکەین • »

بەڵام شامیل ئەسپی دەنگ داو هاژوای •

بۆ بەیانی پاشی ، ئیمام ناردیە شوێن کوڕەکەی : «جەمالەددین ، سەیری ڕۆژ بکە سەر لە پەنا شاخان دەردێنێ ، جوان نیە ؟ »

« با ، زۆر جوانە ، بابە • »

« ئامادەی ژیانت لە پێناوی ئەم شاخانە ، لە پێناوی ئەم ڕۆژە بەخت کـــەی ؟ »

« بابە ، قسەیەکی لێ دەکەین • »

« دەقسەکەت بکە ، دەی ! »

« بابە ، ڕووسیا گەورەیە ، دەوڵەمەندە ، بە دەستەڵاتە ، بۆچـــی

ئێمە داكۆكی لە هەژاریی چیاكانمان ، لە پیس و پلۆخیمان ، لە كوێرەوەریمان ، لە نەزانیمان بكەین ؟ ڕووسیا نەدەبێكی گەورەو مۆسیقایەكی گەورەو زمانێكی گەورەی هەیە • ئەمانەمان بۆ دێ • داغستان قازانجی تەنیا لە خۆدانە پاڵ ڕووسیا دایە • وەختی ئەوە هاتوە ڕوو بە ڕووی ڕاستی بین و چەك دابنێین و برینمان سارێژ بكەین • بڕوام پێ بكە ، ئەمن لە تۆ كەمتر داغستانم خۆش ناوێ • »

« جەمالەددین !! »

« بابە ! لەداغستاندا ، گوند نیە بەلانی كەمەوە جارێك نەسووتا بێ ، چیا نیە زامدار نەكرا بێ ، بەرد نیە بە خوێن سوور نەكرا بێ • »

« دیارە ئامادە نی یان ناتوانی بەرگری لەم شاخە بریندارانە بكەی ؟! »

« بابە ! »

من باوكی تۆ نیم ، تۆش كوڕی من نی • مردوو گوێیان لەم قسەیە بێ گۆڕ هەڵدەتەكێنن ، ئەدی منی زیندوو كە گوێم لێ دەبێ چ بكەم ؟ دەبینی چیاكان چۆن ڕەش داگەڕاون ؟

شامیل ناردیە شوێن قەوم و قیلەو خێزان و پیاوە دڵسۆزەكانی :

«گەلۆ ، با پێتان بڵێم كوڕەكەم چ دەڵێ • دەڵێ ڕووسیا گەورەیە • دەڵێ دوژمنمان بەهێزە • دەڵێ وولاتی قڕاڵ فراوانە و ئێمە بێ هوودە دەجەنگین • دەڵێ كاتی ئەوە هاتوە چەك دابنێین و سەر بۆ قڕاڵ شۆڕ بكەین • لەو بڕوایە دا بووم هەر كەسێ نەك قسەی وا بكا بەڵكو هەر بیر لە شتی وا بكاتەوە نایەلم ساتێك لە داغستاندا بمێنێ • ئەمڕۆ وا ئەم قسانەم بیست • لە كوێ ؟ لە ماڵی خۆم • لە چ كەسێ ؟ لە كوڕی

خۆم ! باشە ، چی لێ بكەم • چ لەو كەسە بكەم كە قڕاڵ ناردوویە بۆ ئەوەی من و داغستان شەرمەزار بكا ؟ خۆتان دەزانن چەند جار شیری دوژمن دڵی من و داغستانی دڕیوە ؟ ئێستاش ئەو شیرەی خۆم دروستم كرد بوو وا قڕال ساوی داوەو لە دڵی چەقاندووم • چ بكەم ؟ »

خاووخێزانەكەی بە داخ و كەسەرەوە گوێیان دایە قسەكانی شامیل • تەنیا دایكی جەمالەددین بڕوای نەدەكرد • شامیل ڕووی كردە جەمالەددین :

« تۆ ، هەی دوژمنی شاخان ، دەبێ بچیتە شوێنێكی وا گوێم لە دەنگت نەبێ • تۆ بێ باوكی • داغستان داغستانی تۆ نیە • من خاتوونە جۆرجیەكانم بە تۆ گۆڕیەوە ، ئەدی تۆ بە كێ بگۆڕمەوە ؟ نازانم چ لە تۆ بكەم ؟ »

« بابە ، چ لە كوڕی خۆت دەكەی لێی بكە • بمكوژە ، بەڵام نەختێ گوێم لێ ڕابگرە • »

« بەسیەتی ، من هەمیشە فەرمانبەرداری خوا بوویم ، بەڵام ئەمڕۆ گوێڕێری ئەویش ناكەم • خوا دەفەرموێ : «دوژمنت بكوژە» • منیش دەڵێم : « ئەوە دوژمن نیە ، كوڕی گومڕامە • » پێی دەڵێم من ناتوانم بەنجەی خۆم ببڕمەوە ••• كەواتە بۆ خۆت بژی بەڵام ئەم خەنجەرە دانێ • چەك بۆ ئەو كەسانەیە كە دەست وەكەری دەكەن • »

شامیل كوڕەكەی ڕەوانەی گوندێكی دوور كرد • جەمال لەوێ وەك گەڵای وەریو دەژیا • لەبەر بیرو غایەڵەی ناخۆش داوەشا • لەبەر خواردنی خراب و هەوای تووش پووت بوو • دیقی كرد • ئیمام نە گەرمەی شەڕ بوو • كوڕیشی بە ئاستەم هەناسەی دەهات و دەچوو •

به تەواوی دەبەری خستبوو • لەو کاتەدا ، بێ ئەوەی ئیمام بێ بزانێ فاتیمە بە دزی چوە سەردانی • هەندێ پەپکە نانی بۆ برد • هەبوو لە شێوەی خەنجەردا بوو ، هەبوو لە شێوەی هەڵۆدا بوو ، هەبوو لە شێوەی شمشیر • هەندێ دارو دووی لەو ناوە هێناو ئاگری لە ئاگردان جۆش دا فاتیمە پەپکەکانی گەرم کردەوەو بە چۆکی خۆی داهێنان‌و خۆڵەمێشی لێ پاك کردنەوە • یەکێکی شکاندو وەکو منداڵێکی ساوا دایە دەست جەمالەددین‌و گوتی :

« دایك ئەگەر مەمکی شیری تێدا نەبێ کۆرپەی شیرەخۆرەی لە شیری بزنە کێوی ڕادێنێ • »

جەمالەددین تەماشای دایکی کرد تاسێك بردیەوە • دەتگوت یەکەمجارە دایکی دەبینێ • یەکسەر ئەو کاتەی هاتەوە یاد کە دایکی جوان‌و جاحێڵ بوو ، ئەویش بچکۆلە بوو ، هەموو جارێ دایکی ئەم بەپسکانەی دەدایە • لە تەنیشت لانکی ئەسپ شێوە دادەنیشت‌و لایلایەی بەو گەنجەدا هەڵدەگوت کە بە شیری شێر گەورە کرابووو خەنجەرێکی داری خرابوە ژێر سەرین •

جەمالەددین وەك سەردەمی منداڵی هاواری کرد :

« دایە !! »

فاتیمە گوتی : «جەمالەددین ، کوڕم ، بگەڕێوە لام • »

ئەو حەلە جەمالەددین هەستی کرد کە ئەمە بە ڕاستی دایکیەتی • دایکی لەبەر پەڕەنگی ڕوومردوودا خۆی دەسەر کوڕی نەخۆشی داهێناو لایلایەی بۆ گوت ، هەر وەکو چۆن کە کوڕی کۆرپە بوو لایلایەی وای بۆ دەگوت •

ئیمام بە خۆو بە مریدەکانی لە جێگایەکی دوور دەجەنگا ، کەچی لێرە فاتیمەی ژنی گۆرانی ماڵاوایی بۆ نۆبەرەی جوانەمەرگی دەگوت کە لە سەرەمەرەگدا بوو •

جەمالەددین شڵپەی ئاوی ڕوبارێکی شاخاوی نزیکی هاتە بەر گوێ • گۆلکێکی هاتە بەر چاو کە لەبەر دەرگا لەسەر قەسەر پاڵی دابێتەوە • ماڵی خۆیانی لە «گمری» هاتەوە یاد • باوکی هاتەوە یاد • یەکەم ئەسپی خۆی هاتەوە یاد • دایکی گۆرانی بە «دینگر دانگارچۆ»ی مەشرەبخۆش هەڵگوت کە بە داوەباران بە ئاسمان هەڵگەڕا •

— دینگر دانگارچۆ ، بۆ کوێ دەچی ؟
+ دینگر دانگارچۆ لە دارستان بوو •
— دینگر دانگارچۆ ، بۆ لە دارستان بووی ؟
+ دینگر دانگارچۆ چووبوە داران •
— دینگر دانگارچۆ : بۆ چووبوویتە داران ؟
+ بۆ ئەوەی دینگر دانگارچۆ خانوو دروست بکا •
— دینگر دانگارچۆ ، خانووت بۆ چیە ؟
+ دینگر دانگارچۆ دەیەوێ ژن بێنێ •
— دینگر دانگارچۆ بۆچ ژن دێنی ؟
+ بۆ ئەوەی دینگر دانگارچۆ قارەمانی ببێ •
— دینگر دانگارچۆ قارەمانت بۆچیە ؟
— بۆ ئەوەی دینگر دانگارچۆ شانازی پێوە بکا •

ئینجا جەمالەددین شاخەکانی وولاتی خۆی لەبەر چاو قیت بوەوە • بەفر دەتوایەوەو سێلاو بەردی بانگەرۆز دەکردەوە ، هەور بە ناو زنجیرە شاخدا پێچی دەخوارد • ئەو داغستانەی لە دەوروبەری خۆی بینی کە لە وولاتی بێگانان لە بیری کرد بوو • دایکیشی هەر لە گۆرانی گوتن بەردەوام بوو • هەندێ گۆرانی‌وای گوت کە بۆ لە دایك بوونی کوڕ دەگوترێن • هەندێ گۆرانی وای گوت کە لە کاتی مردنی کوڕ

دەگوترێن • هەندێ گۆرانی وایش کە دەڵێ ئەو کاتەی کوڕ دەمرێ گۆرانی لە پاش بە جێ دەمێنێ •

گۆرانی بە شامیل و حاجی مورادو قازی محەمەدو هەمزە بەگ و خۆچباری ئازاو پارتو فاتیمەو شکانی نادرشاو بەوانەی چوونە ناو کوورەی شەڕو نەگەڕانەوە ، هەڵگوت •

هەندێ ئاگر لە ئاگرداندا ما بوو • داغستان لەناو ئاگری شەڕ بڵێسەی دەدا • ئێستا ئەم دوو ئاگرە لە ناو چاوی جەمالەددیندا دەبریسکانەوە • گۆرانی دایکی هوشیاری کردەوەو بزواندی • خۆشەویستی کوڕو بابانەی بەرامبەر داغستان واگا هات و کلپەی سەند • بانگی کردێ بۆ ئەوەی شان بە شانی باوکی بوەستێ •

« دایە ، من تازە گەڕاومەتەوە داغستان ، تازە بە خزمەت باوکم گەیشتووم • چەکەکانم بۆ بێنە • من کوڕی شامیلم • نابێ لەبەر کوچکاگر دا بنیشم لێم گەڕێ بچمە ناو تەق و تۆقی شەڕ • »

بەم جۆرە گۆرانی دایکی کارێکی وای لێ کرد ، نە بە قورعان دەکراو بە فەرمانی باوکی •

بەڵام ئەمە تەنیا تروسکەیەکی وەختی بوو • گۆرانیەکانی دایکی جەمالەددین نەیانتوانی گۆرانیەکانی دیکەی لە دڵدا بخنکێنن • جەمالەددین سانت پترسبۆرگی لە بیر نەکرد کە لەوێ گەورە ببوو • بە زمانی بیانی هەندێ قسەی دەکرد چیایەکانی داغستان تێی نەدەگەیشتن :

دەستکردی پترس ، خۆشم دەوێی •
دیمەنی تورت و نازداری تۆم خۆش دەوێ •
ئاوی ڕەوانی نیڤاو

کەناری گرانیتیم خۆش دەوێ •
شوورەی نەخشی ئاسنین و
شەوی تروسکەداری بێمانگی تۆم خۆش دەوێ •
کە لە ژوورەکەم بم •
بێ چرا دەنووسم و دەخوێنمەوە •
شەقامە چۆلەکانت ڕوناکن •
بورجی دوڕیانی بینای ئەدمیرالی
دەدرەوشێتەوە •

بە ڕاستی ئەم ووشانە زۆر سەیر لەم زنجە تەنیایەی گوندێکی چیاییدا دەنگیان دایەوە • جەمالەددین شەو خەونی دەدی • وای دەزانی لە کۆلێژی سەربازی (کادێت کۆرپس)ە و لە تەنشیت دیواری (باغی‌هاوین) تووشی (نینا)ی بەری جورجی دەبێ •

جەمالەددین دوو هەڵۆی لە دڵدا بوو هەر یەکە بۆ لای خۆی ڕایدەکێشا • دوو گۆرانی لە دڵدا بوو • (نینا)ی دڵبەری لێ دوور بوو • ڕوبارێکی بەرینیان بەین بوو • نامەی لێ نەدەپەڕیەوە • ئەفسەری ڕووس ، کوڕی ئیمامی داغستان ، لەم ڕوبارەدا دەخنکا ، هەموو خەونەکانی ڕادەپێچا • خۆشترین خەونی جەمالەددین ئەوە بوو پردێك لەسەر ئەم ڕوبارە بەرینە دروست بکا هەر دوو بەری پێکەوە ببەستێتەوە • بۆ ئەوەی میهرەبانی و دۆستێنی و ژیان بخاتە جێگەی شوومی شەڕو کوشتاری بێ ویژدانانە •

جەمالەددین گۆرانیە چیایەکانی دایکی دەگەیشت بەڵام لە گۆرانی پوشکینیش دەگەیشت • دوو گۆرانی لەناو یەك دڵدا بوون • وای ئەگەر باوکی پێی دەزانی !؟ وای ئەگەر خەڵك تێی دەگەیشتن ؟! وای ئەگەر ئەو دوو گۆرانیە لێك حاڵی دەبوون و یەکتریان خۆش دەویست ؟!

بەڵام گۆرانیەکان وەکو شمشیر وا بوون ، لە هەوادا پێك

دەکەوتن‌و پڕوشکیان دەهاویشت . داغستانی زامدار گۆرانی لەبارەی خوێن‌و مەردی نەبەردو چاوی قەڵکۆڵیوو حیلەی کەحێل‌و ترنگەی خەنجەرو ئەو ئەسپەی بە پڕتاوی دەگەڕێتەوە ماڵێ‌و سوارەکەی لە شەڕگەدا بە جێ دێڵێ ، دەگوت .

بەڵام ئەگەر گۆرانیەکان لە یەك گەیشتبان ، خەڵکی کەنارێك لە گۆرانی خەڵکی کەنارەکەی دی گەیشتبان، تەقە دەوەستا . خەنجەر چیدی پێك نەدەکەوتن . خوێن چیدی نەدەڕژا . دەستی بەرزەوەبووی تۆڵە سەندن دەهاتە خوارێ . لەناو دڵدا ڕێك جێی بۆ خۆشەویستی چۆل دەکرد .

ڕووداوێك :

لە شەڕێکی دەم ڕوباری (ڤالیریك) مەلا محەمەدی موریدی شامیل بریندار کرا و ڕووسەکان بە دیلیان گرت . لە گوندی وایان زانی کوژراوەو تازیەیان بۆ دانان ؛ بەڵام دوای مانگێك بە ساغ‌و سەلامەتی هاتەوە . خەڵك‌و دراوسێ واق‌وڕماو لێیان پرسی چۆن‌توانیویە ڕا بکات . مەلا لەم پرسیارە ڕقی هەستا : « وا تێ نەگەن مەلا محەمەد بە درۆو کوسکێشی خۆی قوتار کردوە . من ترسنۆك نیم . »

« دەزانین تۆ مریدێکی دلێری . دیارە بە شمشیر ڕێی خۆت کردۆتەوە . » .

« چ شمشیرم پێ نەبوو . پێشم بایە بە کەلکم نەدەهات . »

« ئەدی کەوا بوو کوو ڕزگار بووی ؟ »

« فڕێیان دامە زیندان‌و دەرگایان لەسەر کلیل دام . »

« لەوێ هەستت دەکرد وەکو جی وای ؟ »

« وەکو بزنەکیویەك کە بە تەڵەوە بووبێ . بەڵام لەو زیندانەدا کت‌وپڕ گۆرانی (عەلی)م هاتە یاد کە برا قوڵتەبازەکانی لەسەر شاخێکی بەرز بەجێیان‌هێشت . گۆرانیەکم چڕی . پاشان گۆرانی‌ترم گوت : گۆرانی ئەو باڵندانەی بەهاران دێن، گۆرانی ئەو قورینگانەی پایزان لە شەقەی باڵ دەدەن‌و دەڕۆن ، گۆرانی ئەو مامزەی نۆ جار بە دەستی ڕاوکەرێکی دڵڕەق بریندار بوو ، گۆرانی پایز ، گۆرانی زستان ، گۆرانی وام گوت پێشتر نەگوترابوو . سێ ڕۆژ هیچم نەکرد هەر گۆرانیم گوت . پاسەوانەکان دەمکوتیان نەکردمەوە . گۆرانی هەر گۆرانیە . ئەگەر مانای ووشەکانیشی نەزانی هەر گۆرانیەو هەموو کەس گوێی بۆ شل دەکا .

تا ڕۆژێکیان ئەفسەرێکی گەنج هات بۆ بەسەر کردنەوەی پاسەوانەکان . گوتم ڕۆژی پێ بچم ئەمڕۆیە . کابرایەکی لەگەڵدا بوو زمانی ئێمەی دەزانی ، پێی‌گوتم ، « ئەفسەر دەیەوێ بزانێ تۆ گۆرانی لەبارەی چیەوە دەڵێی ؟ گۆرانیەکەت دوو گارکی بکەوە ! » تێم هەلکرد گۆرانیم لە بارەی داغستانی سووتاوەوە گوت . داوای گۆرانیەکی تریان کرد . گۆرانیم بە دایکی هەزارو ژنی خۆشەویستم هەڵگوت .

ئەفسەرەکە گوێی ڕاگرت‌و سەیری شاخە سەر بە هەورەکانی کردو فەرمانی بە پاسەوانەکان کرد کە بەرم بدەن . ئەو کابرایەی زمانی ئێمەی دەزانی گوتی : « ئەم ئەفسەرە بەرت دەدا . بۆیە بەرت دەدا بچیتەوە ماڵی خۆت چونکە گۆرانی تۆی زۆر پێ خۆش بوو . »

لەو کاتەوە بیر دەکەمەوە : « باشتر وا بوو داغستان هەمیشە هەر گۆرانی بچڕێ ، نەك خوێنی خۆی بڕێژێ . »

بەڵام شامیل بە موریدی لە بەند دەرباز بووی گوت : « من گۆرانیم

قەدەغە کردوە • تۆ بۆچ گۆرانیت چڕی ؟ »

« ئیمام ، تۆ گۆرانی گوتنت لە داغستان قەدەغە کردوە ، نەك لەوێ • »

شامیل گوتی : «وەڵامەکەتم زۆر بە دڵە • » دوای نەختێ بیرکردنەوە گوتی : « مەلا محەمەد ، ئیزنم دای ، بڕۆ هەر گۆرانی بڵێ • »

لەو کاتەوە ، مەلا محەمەد وا ناسراوە دەڵێن ئەو محەمەدەی بە گۆرانی ڕزگار بوو • داغستان گۆرانیەکی دەویست ڕزگاری بکا ، بەڵام ئاخۆ هەموو کەس وەکو ئەو ئەفسەرە تێگەیشتنیان دەبوو؟ ئەدی ئەوە کێ بوو ؟ ئینسگن لیرمەنتۆف نەبوو ؟ ئەویش بەشداری شەڕی (ڤالیریك) بوو •

ڕووداوێکی تر :

دوای هێرشێکی سەرکەوتوانە بۆ سەر تەمەرخان شورا ، حاجی موراد لەگەڵ زەلامەکانی بەرەو ماڵ دەبوونەوە • لە دارستانێکدا ، سێ سەربازی ڕووسیان لە دەم ڕێگادا دی • بە هێمنی دەوریان لە ئاگر دابوو و گۆرانیان دەگوت •

حاجی موراد ، لە پیاوەکانی خۆی لە یەکێکی پرسی کە نەختێ ڕووسی دەزانی ، گوتی : « ئەمانە گۆرانی دەربارەی چ دەڵێن ؟ »

« دەربارەی دایکیان ، دەربارەی دەزگیرانیان ، دەربارەی ئەو بارانەی بەسەر وڵاتی دووریاندا دەبارێ • »

حاجی موراد ماوەیەکی باش گوێی بۆ گۆرانیە ڕووسیەکان شل کرد ، ئینجا بە نەرمی گوتی :

« ئەم پیاوانە دوژمن نین ، ئاشتییان لێ تێك مەدەن ، لێیان گەڕێن با گۆرانی بە دایکیان هەڵبڵێن • »

بەم جۆرە گۆرانی گوللەی لە خەڵك گێڕایەوە • ئەگەر بێت و ئەم خەڵکە لەیەك بگەن داخۆ چەند گوللە دەگەڕێتەوە !!

ڕووداوی سێیەم :

مەحەچی قومیساری شۆڕشگێڕی داغستان نامەیەکی گرنگی بە مەحموودی شاعیر بۆ پارتیزانەکانی خونزاخ ناردو گوتی : بە پاندوور ڕێگات بکەوە نەك خەنجەر • »

مەحموود لە گوندی «تسادانیخ» گیراو خرایە زیندانەوە ، نامەکەی مەحەچیان لێ گرت • خەریك بوون گوللە بارانی بکەن ، بەڵام ، لەو زیندانەدا مەحموود گۆرانیەکی لەبارەی خۆشەویستەکەیەوە گوت ، سەراپای دێ هات گوێی ڕاگرت ، بگرە لە گوندەکانی تریشەوە هاتن • نەجمەددین گۆتسنسکی کە ئەمەی دی گوتی : «ئەگەر ئەمڕۆ لەسەری ئەم گۆراینیێژە بدەم سبەینێ هەموو خەڵکی چیام لێ هەڵدەگەڕێتەوە • » ئیدی شاعیرەکەی ئازاد کرد •

ئیرچی کازاك دەیگوت کە دوورخرامەوە سیبریا ئەگەر گۆرانی نەبایە لە داخان شەقم دەبرد •

زۆر چیرۆکی لەم بابەتە هەن • دەبێ بڕوایان پێ بکەین • گۆرانی ژیانی خەڵکی ڕزگار کردوە ، پیادەی کردۆتە سوار ، پیاوی ترسنۆك وا بوە کە گۆرانی لە بارەی ئازایەوە بیستوە ، هەموو جۆرە ترسێکی لە خۆی داڕنیوە •

ئەم چیرۆکەیەم لە ئەبوتالیب بیست :

کە لە هیند هاتمەوە . ئەبوتالیب زۆر پرسیاری لەبارەی ئەو وولاتە لێ کردم . منیش بۆم باس کرد چۆن دەروێش و مارگری هیندی بە بلوێرلێدانی تایبەتی وەکو کچە سەماکەر کوبرا دەخەنە تیتلە سەما .

ئەبوتالیب گوتی : « جا ئەوە سەیر نیە . شوانەکانی ئێمە کە شمشاڵ لێ دەدەن بزنە کێوی لەسەر شاخی بەرز دەخەنە سەما . من خۆم دیومە ترسنۆکترین شوور بەو پەڕی شادیەوە شوێن دەنگی مۆسیقا کەوتوە . دیومە وورچ وەك باشترین پاڵەوانی سەر تەناف لەگەڵ فیقەی زوڕنا هەڵپەڕیوە . » ئەبوتالیب تۆزێ وەستا ، ئینجا گوتی : « زۆر جار لە ژیانما ئاواز بە هانامەوە هاتوە . ڕەنگە بزانی من زوڕنام لە هەموو شتێ خۆشتر دەوێ . فیقەی دوور دەڕوا . زوڕنا پێشوازی لە دایكبوونی کوڕو گەڕانەوەی برادەرو ئاهەنگ گێڕان دەکات .

کە یەکێك لە زۆرانێ دەیباتەوە یان لە تەڕادانێ یەکەم دەبێ زوڕنا مزگێنی پێ دەدا . دەنگی زوڕنا مزگێنی هەموو خۆشییەکە لە داغستان . زوڕنا شای هەموو ئامێرە مۆسیقیەکانی ترە . سەبارەت بە شتێکی تریشە من مۆسیقام خۆش دەوێ سەبارەت بەوەیە کە لەسەردەمی لاویدا تێری کردووم . دەمەوێ بۆت بگێڕمەوە جارێکیان چی بوو :

« تازە هەرەتی لاویم بوو . لە گوندێکی دووری شاخاویدا ، لە زەماوەندێك لە دووم گەڕابووەوە . زستان بوو ، بەفر کلۆ کلۆ دەهاتە خوارێ ، ڕێ وەکو ژمارە دوو ، سێ ، پێنج و بگرە هەشت پێچی دەکرد . ماندوو بووم ، لەسەر بەردێك دانیشتم بۆ ئەوەی پشوویەك بدەم . زۆرم ما بوو کیسە تووتنەکەم تەواو بکەم . لە پڕ ، لە پێچێکی ڕێگا ، زرنگەی زەنگوڵم هاتە بەر گوێ . دیم بەیتوونێك هات سێ زەلامی تێدا بوو : ئێر و تەسەل ، ئازا ، مەست ، سەر گەرم و خەندان . دیار بوو

دەوڵەمەند بوون . ئەسپێکیان سپی وەك بەفر بوو . ئەوەی تر ڕەش بوود نەخشێکی سپی لە ناوچەوانی دا بوو :

« السلام علیكم »

« وعلیكم السلام »

کە زانیم بۆ عەینی زەماوەند دەچن داوام لێ کردن لەگەڵ خۆیان هەڵم بگرن ؛ بەڵام ئەوانیش وەکو شوفێری لاساری ئەم عەیامە هەڵیان نەگرتم و گاڵتەیان پێ کردم : « گوێ مەدێ بۆ زەماوەندێکی تر پێ ڕادەگەی . با ئەم زەماوەندە بێ تۆ بکرێ . »

منی شەکەت و تووڕە ، زوڕنام دەرهێناو فووم پێدا کرد . پێشتر زوڕنای وام لێ نەدا بوو . سەیر ئەوە بوو کە ئەسپەکان گوێیان لە فیقەی زوڕنا بوو ، لە شوێن خۆیان چەقین ، دەتگوت ڕەگیان لە زەوی داکوتاوە . کابرای هاژوەر تێی ڕاخوڕین و قامچی لێدان ، بێ هوودە بوو . ئەسپەکان نەجولانەوە . ئاشکرا بوو کە دڵبەندی ئاوازی منن . هەراو پڕکێشی زۆری خایاند . ئەسپەکان لای من بوون . ئیدی ناچار بوون سواری بەیتونەکەم بکەن . بەم جۆرە زوڕنام دەهانامەوە هات . هەر گۆرانیش بوو کە لە زیندان بەرزی کردمەوە بۆ بەرزە ڕێی شەڕەف و ڕێز و سەربڵندی . »

لە ئەبوتالیبم پرسی : « تۆ بلوێر لێ دەدەی ، زوڕنا دەژەنی ، هەموو چەشنە شمشاڵێك بەکار دێنی . نەك هەر دەتوانی لێیان بدەی بگرە لە هەموویان وەستای . ئەدی بۆ نازانی کەمان لێ بدەی ؟ چیسایی زۆر حەزیان لەم ئامێرەیە . »

« پێت بڵێم بۆچی کەمان لێ نادەم ؟ گوێ بگرە . کە گەنج بووم

لێم دەدا • تا ڕۆژێ ئاڤارێکی شەکەت و بەدبەخت هاتە گوندی لەکیمان • لە گوندی خۆیان زەلامێکی لە دەست زەڕ ببووو دەرکرا بوو • ئەوەی لە گوندی خۆی دەر بکرێ دەبێ لە بەرگەی ئاوایی زنجێك بۆ خۆی دروست بکا • کەس سەری لێ ناداو ئەویش ناچێتە سەردانی کەس • بەڵام من کە نەختێ ئاڤاریم دەزانی جاروبار دەچوومە لای • تێوارەیەکیان بە خۆم و بە کەمانچەمەوە چووم • کابرا لەبەر ئاگردان دانیشتبوو ، بەردەسێلی لێ نابوو • دەستم بە کەمانژەنین کرد • ئاڤاری سەوداسەر لە ئاگرەکە نز بوەوەو بە کڕی هەستی ڕاگرت • پاشان لە هیکڕا کەمانەکەی لە دەست دەرهێنام • تەماشەیەکی کرد • هەڵگێڕو وەرگێڕی کرد • نەختێ ڕێکی خست و دەستی پێ کرد ئاوازێکی لێ دا •

وای ڕەسوول ! چۆنی لێ دا !! هەتا ماوم ئەو ئاوازەم لە بیر ناچێتەوە • (کا) لەناو ئاگرداندا دەسوتاو پڕوشکی گەشی دەهاویشت و چاوی ڕون دەکردینەوە • فرمێسکمان لەچاو دەهات • کەمانم بۆ کابرای ئاڤاری بەجێ هێشت و گەڕامەوە ماڵێ • بۆ ڕۆژی پاشی وەشاخان کەوتم و گوندەکەیانم دۆزیەوەو چوومە لای دوژمنە خوێنخۆرەکانی • لەگەڵ خۆم هێنامن • بە ڕۆژ لە ماڵی من بوون و شەو دەمبردنە ماڵی کابراو گوێیان دەدایە کەمانچەلێدانی دوژمنی خوێنیان • سێ شەو لەسەر یەك چووین • ڕۆژی چوارەم لە دوژمنەکەیان خۆش بوون و پێیان گوت : « وەرەوە ماڵێ ، ئێمە لێت خۆش بووین • »

کاتێ کابرای ئاڤاری هات بڕوا ویستی کەمانەکەم بداتەوە ، بەڵام من لێم وەرنەگرتەوە • پێم گوت : « قەت وام لێ نایە بتوانم وەکو تۆ کەمان بژەنم • ناشمەوێ خراپتری لێ بدەم ، بۆیە کەمان چیتر بەکەڵك من نایە • »

لەو کاتەوە هیچ کەمانم هەڵنەگرتوە • بەڵام قەت ئەو ئاوازەم لە یاد ناچێ کە ئەودوژمنانەی پێك هێنایەوە • زۆر جار بیر دەکەمەوە • ئەگەر هەموو کەس ئەو جۆرە ئاوازەی لە کەمان بیستایە کەس خراپەی نەدەکردو هیچ ڕق و دوژمنداری لە دونیادا نەدەما • »

ئێستا دوو چیرۆکی کورتتان لە بارەی باوکمەوە بۆ دەگێڕمەوە :

حاجیەکی گوندی «گۆتساتلی» ئوتێلێکی لە خونزاخ کردەوە • بانگی باوکمی کردو گوتی :

« تۆ لەم چیایانە باش ناسراوی گۆرانیەك لە بارەی ئوتێلەکەمەوە دابنێ و قسەی باشی دەرهەق بکە بۆ ئەوەی بناسرێ • بۆ هەقیش ئەوەندەی زارت هەڵدەگرێ دەتدەمێ • »

باوکم بە ڕاستی شیعرێکی لەسەر داناو بەڕاستیش وای کرد ئوتێلەکەی بناسرێ ، بەڵام وەکو شوێنێکی پیس و پلۆخ و ناتەواو • پاشان خەڵك پەنجەیان بۆ ئۆتێل و خاوەنەکەی درێژ دەکردو دەیانگوت: « ئەمە بوو کە هەمزە ڕسوای کرد • »

کە خاوەنی ئوتێلەکە بەم شیعرەی زانی تەنگاو بوو • گفتی بە باوکم دا ئەگەر وا بکا شیعرەکەی بڵاو نەبێتەوە ئەسپێکی بە زینەوە پێشکەش دەکا • بەڵام ووشە هەر هێندە لە دەم هاتە دەرەوە ئیدی دەگاتە سەراپای چیاکان و هیچ هێزێ نیە بەربەستی بکا • هەموو گوندیەکان ئەو شیعرەیان بیست کە باوکم لەسەر خاوەن ئوتێلی چارەڕەش دای نابوو • ئێستا شیعرەکە بە گۆرانی دەگوترێ • حاجیش ناچار بوو ئوتێلەکەی دا بخات •

جارێکیان گۆشتیڕانی مەڕێکمان لە ماڵەوە بزر بوو • نەمانزانی

چۆن بیدۆزینەوە و لە کوێ بەسەری بگرینەوە • بەڵام لەو کاتەدا لە گوندی بوو بە مقۆمقۆ گوایە هەمزە گۆرانیەکی لەسەر دزەکان داناوە • هەر چەندە باوکم بە تەمای دانانی گۆرانی وا نەبوو بەڵام هەر ئەو ڕۆژە گۆشتەکەیان فڕێدایەوە بالکۆنی ماڵێ •

هەندێ جار بووکو زاوای نوێ بەشەڕ دێن • ئێوارێ برادەرێکیان، بە تایبەتی برادەری زاوا ، دەچێتە بەر پەنجەرەیانو جونگوریان بۆ لێدەدا • ئاوازی چنگورەکە هەموو شەڕو دەمەقاڵێەك لە بیر بووكو زاوا دەباتەوە •

منیش برادەرێکی دڵسۆزم هەبوو • سازندەو نیگارکێش بوو ، ناوی ئەمین چەتۆییف بوو • کە تازە ژنم هێنا بوو زۆر جار دەهاتە بەر پەنجەرەکەمانو ئاوازی بۆ لێ دەداین •

ئەرێ ئەمین چەتۆییف ! بۆچی دەست نادەیتە کەمانو بچی لەبەر پەنجەرەی دونیا بیژەنی بەڵکو شەڕو لێکدانی ئەم سەدەیەمان دابمرێتەوە ؟

جارێکیان ، لە شیکاگۆ ، لەگەڵ هاوڕێیەکی ئەمەریکی لێم بوو بە دەمەتەقێیەکی گەرم • وێ نەدەچوو بگەینەیەك • کتوپڕ کابرای ئەمەریکی هەندێ شیعری برای خوێندەوە کە لە جەنگی ڕابردوودا ، لە ئەلەمانیا کوژرا بوو • منیش شیعری برایەکی خۆم خوێندەوە کە لەو کاتەدا شەهید کرا بوو • دەمەتەقێ بڕایەوە • مایەوە شیعرو بەس • ئاخ ! ئەگەر هەر یادی مردوانمان بکردایەوەو زیاتر ئاوڕمان لە شیعرو گۆرانی بدابایەوە !

باوكو باپیرانی ئێمە زۆر جار پەلاماری جۆرجیای دراوسێیان دەدا،

لە پەلامارێکدا داڤید گۆرامیشڤیلی/ی لاویان قۆڵبەست کردو هێنایانە چیاکانی ئاڤاری ، هەو بوو پاشان بوو بە نووسەرێکی کلاسی جۆرجی •

دیلی غەمبارو دڵ بەکەسەر کە لە شاخان ، لە (ئونتسوکول) خرایە زیندان ، دەستی بە گۆرانی جۆرجی کرد • هەر لەوێش ملی دایە شیعردانان • پاشان لە ئونتسوکول ڕای کردو چوە ڕوسیاو ئینجا چوە ئۆکرانیا •

لە یۆبیلی ئەم شاعیرە مەزنەدا چوبومە تبلیسی • کە نۆرەی قسەم هات بە گاڵتەوە گوتم : داڤید گۆرامیشڤیلی/ی شاعیری گەورەی جۆرجیا قەرداری ئێمەی داغستانیە • ئەگەر ئێمە نەمانگرتباو نەمانهێناو نەمانخستبا ناو زیندان لەوانەیە قەت شیعری دانەنابا و نەچووبایە ڕوسیاو ئۆکرانیا • ڕەنگە سەراپای ژیانی بە جۆرێکیتر بایە • بەڵام پاشان ئەوەندەشم گوت : « کە باوكو باپیرانمان ئەم شازادەیان گرت نەیانزانی شاعیرێکیان گرتوە ئەگەر نا ئیشی وایان نەدەکرد • بەڵام ئەوەی بوو بوو • هەر چەندە ڕۆژێ لە ڕۆژان داڤید گۆرامیشڤیلی دیلی داغستان بوە بەڵام ئەمڕۆ داغستان دیلی شیعرەکانی ئەوە • تەماشا کەن ڕۆژگار چۆن دەگۆڕێ • »

ئەمڕۆ گۆرانی نوێ دەگوترێ بەڵام ئێمە گۆرانی کۆنمان لە بیر نەکردوە • ئێستا ئەم گەنجینەیەی داغستان بەر هەموو کەس دەکەوێ •

سروشت لە چیاکاندا سەختە • لە زەمانی کۆندا منداڵ زۆر دەمردن ، بەڵام ئەوەی بژیبا زۆر دەژیا • سەد ساڵ پتر دەژیا • ئەو گۆرانیانەی گوتراون هەموو نەماون ، بەڵام ئەوەی ماوە هەتا هەتایە هەر دەمێنێ •

ئەو منداڵانەی بە ساوایی دەمردن زۆربەیان کوڕ بوون لەوە دەچوو کچ توانای بەرگرییان زیاتر بێ •

دەربارەی گۆرانیش هەمان شتە : نازانم بۆچی گۆرانی پیاوان ، گۆرانی شەڕو جوامێریو نەبەردی ، گۆرانی هێرشو پەلامار ، گۆرانی جەنگو گوڕ ، گۆرانی تۆڵەو خوێن و دلێری و سەرکەوتن پێش گۆرانی ئەوینو دڵداری دادەمرکێنەوە •

هەموو گۆرانیە کۆنەکانمان پێشەکی بوونو پێشەکین بۆ مۆسیقای نوێی داغستان • پاندووری کۆن ژێی نوێی تێدەخرێو پەنجەی نەرمی ژنە چیاییان لەسەر کلیلی ڕەشو سپی پیانۆ دێو دەچێ •

من لە ماڵێکی پڕ گۆرانی لە دایك بوومو پێگەیشتم • بە ترسەوە قەلەمم گرتە دەست • دەترسام دەست لە شیعر بدەم بەڵام پێم نەدەکرا خۆی لێ لا بدەم • هەڵوێستم ناخۆش بوو •

پاش هەمزە تساداسا ، کە ڕەسووڵ هاتە مەیدان (لە گوندی تسادا) ـ هەمان گوندو هەمان ماڵو هەمان داغستان بوو •

لە هەر کوێ بووبم ، هەر کاتێ بۆ خەڵك دوا بم ، تا ئێستاش کە ڕدێنم ماشو برنج بوە ، لە هەموو شوێنێکدا دەڵێن : ئێستا نۆرەی ڕەسووڵە ، ڕەسووڵی کوڕی هەمزەی خۆمان • بێ گومان کەم نیە پیاو کوڕی هەمزە بێ ، بەڵام من دەمەوێ خۆم بم ، ئەمەش شتێکی ئاسان نیە•

جارێکیان چوومە شاخانو سەرم لە هەندێ دێ دا • تەنیا گوندی (تسوما) ما بوو • لە دوورەوە دیم حەشامەتێکی زۆر لە پەرگەی دێ ژاوەژاویان بوو • فیقەی زوڕناو چریکەی گۆرانی دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەك • دیار بوو بۆ پێشوازی یەکێ کۆ بوونەوە ، لە

منیش زیاتر کەس نەبوو پێشوازی بکەن • خۆش بوو بەڵام جێیسەرسامیش بوو • دەمزانی هێشتا وام لێ نەهاتوە بەم جۆرە پێشوازیم بکەن • کە لێیان نزیك کەوتینەوەو ڕامان گرتو لە ترومبێل دابەزینو چووینە لایان ، پرسیان : «ئەدی کوا پیرە هەمزە ؟! »

« هەمزە لە مەحەچ قەڵایە • قەت بە تەما نەبوە بێ • من هاتووم • ڕەسووڵی کوڕی هەمزەم • »

« تواهو !! بیستبوومان هەمزە دێ • »

هەموو پەرتەیان کرد • تەنیا چەند گەنجێکم لە کن مایەوە• ئێمەش دەستمان کرد بە گۆرانی گوتن ـ زۆرمان گۆرانی گوت • هەندێ گۆرانی خەڵك دایانانابوو ، هەندێك باوکم دای نابوون ، بگرە گۆرانیەك لەوانە بوو کە خۆم دامنابوو •

ئەم گۆرانیەی من وەکو منداڵێکی بچووك وا بوو کە قامچی بەدەست بێو لە دوای باوکیەوە کە زینی هەڵگرتبێ ، بەسەر قادرمە بکەوێ •

ئەی پاندووری چیاییم ! هەتا گەورەتر دەبم و زیاتر لە ژیانو خەڵكو دونیا دەگەم زیاتر بە ترسەوە دەتگرمە دەست • هەزار ساڵە ژێیەکانت بەستراونو ئاوازیان لێهەڵدەستێ • هەزار گۆرانیبێژ دەنگو ئاوازی خۆشیان پێ لێداوی •

کە دەست دەبەم ژێیەکانت توند بکەم ، دڵم دادەخورپێ • ئەگەر تاکە ژێیەك بپسێ وا دەزانم دڵم دەتەقێ • کە ژێیەك بپسێ مانای وایە گۆرانیەك سەری دەبڕێ •

بەڵام چی دەبێ با ببێ • من دەتگرمە دەست • ئاوازت پێ لێدەدەمو گۆرانی خۆم دەڵێم • با لەناو گۆرانیەکانی داغستان وون ببێ•

دەنگی من لە دەنگی گۆرانیبێژە کۆنەکان ناکا • بەڵێ ، گۆرانیەکان جودان •

« چما کەس پاشی مەحموود نەکەوتۆتە داوی دڵداری ؟ »

نازانم بۆچی ئێستا هیچ گۆرانی دڵداری ناگوترێ • بەڵێ هەیە دەکەوێتە داوی دڵداری بەڵام بۆ گۆرانی دابنێ ؟ پێویست بەوە نەماوە گۆرانی لەبەر پەنجەرەی موی لێ بدەی یان موی هەڵبگری • موی خۆی دێ •

« چما پاشی شامیل چ پیاوی نەبەردو ئازا هەڵنەکەوتوە ؟ » نازانم بۆچی لەبارەی پیاوی مێرخاسو شەڕی بێئامانەوە گوێمان لە گۆرانی نابێ !؟ »

هەڵبەت پیاوی ئازا هەیە ، بەڵام بۆچی ئەمڕۆ گۆرانی لەبارەی شەڕەوە بگوترێ کە شمشێریش داوای ئاشتی دەکا • »

چ دەبێ ئەگەر من دەنگم لەناو دەنگەکانی تری داغستان وون بێ ؟ ئەوەی نەمگوتوە ، ئەوانەی دوای من دەیڵێن و تەواوی دەکەن •

پیری ، زۆر خۆشی ژیان لە پیاو حەرام دەکا • هێزی دەبا • چاوی کزو گوێی گران دەکا • پەردەیەکی دەخاتە سەرچاوو لە دونیای دادەبڕێنێ • وای لێ دێ ناتوانێ بادەی شەرابیش بەرز کاتەوە •

بەڵام من ترسم لێی نیە • چونکە هەموو شتێکیشم لێ بسەنێ ، گۆرانیم هەر دەمێنێ • مەحموودو باتیرایو پوشکینو هێنیو بلۆکو هەموو گۆرانیبێژە گەورەکانم دەمێنێ ، گۆرانیبێژێکی گەورەی وەکو داغستانم دەمێنێ • تا داغستان هەبێ حاڵمان خراپ نیە • تا داغستانمان هەبێ نافەوتێینو بزر نابین •

یاریەکی منداڵانە لە گوندە شاخاویەکان هەیە ، دەتوانین پێی

بڵێین : « ئەوەی بگەڕێ دەیدۆزێتەوە ، ئەوەی بیدۆزێتەوە بۆ خۆی دەبێ • »

جارێکیان بە شداری ئەم یاریەم کرد •

لە ژوورێکیتر چاوی کوڕێکی بچکۆلە دەبەستنەوە • کچێك خۆی دەشارێتەوە • ئینجا کوڕەکە دێو بە دوای کچەکەدا دەگەڕێ • لەگەڵ گەڕانی ئەودا هەموو بە کۆڕس گۆرانی دەڵێن : « ئێ ، دێ ، دەلالێ • » کە کوڕەکە سارد بێ گۆرانیەکە کز دەبێ ، کە کوڕەکە گەرم بێ گۆرانیەکە توند دەبێ • کە کوڕەکە کچەکە دەدۆزێتەوە هەموو دەیکەنە چەپڵە ڕێزانو سەمایان پێ دەکەن • بەم جۆرە گۆرانی ڕێنوێنی کوڕە چاوبەستراوەکە دەکاتو ڕێگای ئامانجی دەدۆزیتەوە •

من لە ماڵێکی گۆرانیبێژ ، لە داغستانی گۆرانیبێژ ، لە وولاتی ڕووسیای گۆرانیبێژ ، لە دونیای گۆرانیبێژ لە دایك بووم •

دەزانم گۆرانی چەند بەهێزە • چەند بە نرخە • ئەگەر گۆرانی لە داغستان نەبایە ، کەس وەکو ئێستا نەیدەناسی • داغستان وەکو بزنەکێویەکی ئاوگەلە وا دەبوو • بەڵام گۆرانی لە توولەڕێی شاخاوی ڕێنمایی کردینو بە دونیای گەورەی گەیاندینو برادەری بۆ پەیدا کردین •

ئەبوتالیب پەندە(١) باوەکەی خۆمانی هەڵدەگێڕایەوەو دەیگوت : « گۆرانیەکم بۆ بڵێ ، پێت دەڵێم تۆ کێی » داغستان گۆرانی گوتو دونیا ناسی •

---

(١) پەندەکە دەڵێ : « پێم بڵێ برادەرەکانت کێن ، پێت دەڵێم تۆ کێی » !

کتێب

ئەوەی کتێب هەتك بکا ، کتێب هەتکی دەکا •

« پیاو پێویستی بە کتێبە تا خۆی بناسێ • پێویستی بە کتێبە تا خەڵك بناسێ » •

« گەلی بێ کتێب وەکو پیاوی چاو بەستراوە وایە دونیای پێنابینرێ ، وەکو پیاوی بێ ئاوێنە وایە ڕووی خۆی پێ نابینرێ » •

★ ★ ★

ووشەی (تیخ)ی ئاڤاری دوو مانای هەیە ـ کەوڵەمەڕو کتێب •

دەڵێن : دەبێ هەموو کەس سەری خۆی‌و پەپەخای سەر ئەو سەرەی بپارێزێ • پەپەخا لە کەوڵەمەڕ دروست دەکرێ • سەدان ساڵ بوو سەری چیاییان کتێبێکی نەنوسراو بوو • کۆگای زمانمان ، مێژوومان ، ڕۆمان‌و چیرۆکمان ، کەلەپوورو ڕەوشتمان بوو ـ کە سەزاپای بیری خەڵکە • سەدان ساڵ بوو کەوڵەمەڕ ئەم کتێبە نەنووسراوەی ـ کە سەری چیاییانەو لە بارەی داغستانە ـ دەپاراست‌و گەرمی دەکردەوەو بەرگری لێ‌دەکرد • زۆر شت ماوەتەوەو بۆمان

هاتۆتە خوارەوە ، بەڵام زۆر شتیش لە ڕێگادا لە بیر کراون‌و هەرگیز جێگەیان پڕ نابێتەوە • هەندێ پەڕەی ئەم کتێبە وەکو قارەمانان لەناو ئاگری شەڕدا لەناو چوون ، (چونکە پەپەخا گوللەو شمشێری پێ‌ناگەڕێتەوە) کەچی ئەوانەی دی وەك ئەو ڕێبوارە بەدبەختانەی هەڵەتە دەبن ، ئاوا زریان شەپڕێوەیان دەکا • دەکەونە ژێر هەرەسی ڕنیە بەفر ، لە هەڵەمۆتێکدا هەڵدەدێرێن ، جەردەو ڕێگر دەیانکوژن •

ئەوەی وون ببێ‌و لە بیر بچێ ، خەڵکی لە هەموو شتێکی بە چاکتر دەزانن •

ئەگەر تۆ شیعرێك بخوێنیتەوەو دێرێکی لێ لە بیر بکەی ئەو دێرە لە هەموان گرنگتر دیارە •

کە مانگایەکی مردووت دێتەوە یاد ، دڵنیای کە باشترین‌و چەوترین شیری پێداوی •

باوکی مەحموود یەك سندووقە نووسینی کوڕە شاعیرەکەی سووتاند ، دڵنیا بوو کە شیعر بوو کوڕە قەت ـ چاکە ـ نەکردوەکەی بەرەو ڕووخان برد •

ئێستا هەموو کەس لەو بڕوایە دان باشترین بەرهەمی مەحموود ئەوەیە کە فەوتاوە •

باتیرای کە گۆرانی گوتبا هەرگیز دووپاتی نەدەکردەوە • بە زۆری لە زەماوەندا کاتێ هەموو لا مەست دەبوون ، گۆرانی دەگوت • ئەم گۆرانیانە نەپارێزراون • ئێستا هەموو کەس دەڵێن ئەمانە باشترین گۆرانی بوون • ئێرچی کازاك لە بارەگای شامخاڵدا زۆر گۆرانی چڕی • بەڵام کەمیان لە دیوارە بڵندەکانەوە پەڕینەوە لای خەڵك •

ئێرچی کازاك خۆی گوتویە : « هەر گۆرانیەکی حەزت لێیەبیچڕە ، نە شامخاڵێك تێت دەگاتو نە کەرێك »• دەڵێن ئەو گۆرانیە ونیوانەی ئێرچی کازاك باشترین گۆرانی ئەو بوون •

نە دەنگی پاندوری سوتاومان بۆ هاتۆتە خوارێ‌نە ئاوازی ئەو چونگورانەی فڕێ دراونەتە ناو ڕوبار • ئەمڕۆش من تازی بۆ هەموو بزرو مردوویەك دادەگرم •

بەڵام کە ئەوە دەبیسمو دەخوێنمەوە کە بۆمان ماوەتەوە دڵم گۆرانی دەڵێو منیش سوپاسی ئەو هەموو چاپیە هەزارانە دەکەم کە کتێبە بەهادارو نەنووسراوەکانیان پێ گەیاندووین •

ئەم چیرۆکو گۆرانیانە بەم کتێبانەی ئەمڕۆ لەسەر کاغەز نووسراونەتەوە دەڵێن :

« ئێمەی نەنووسراو سەدان ساڵ بەناو لافاوو گەرداودا سەرمان هەڵگرتوەو بۆ ئێوە هاتووین • ئاخۆ ئێوە کە هێندە بە جوانی چاپ کراونو بەستراون ، بە نەوەی داهاتوو دەگەن ؟ » • دەڵێن : « دەبینین ، داخۆ کامەیان پارێزەری ڕاستەقینەی کتێبانە ـ کتێبخانەو کۆگای کتێب ، یان دڵی بنیادەم » •

زۆرشت لە بیر دەکرێ • لە سەد دێر یەکێك دەمێنێ ، بەڵام ئەم دێرە سەردەمێکی زۆر دەژی •

زۆر جار گوتوومە لە ڕۆژگاری دێریندا گەلێ کۆرپە لەسەر پشتی لانك دەمردن •

ئیمام فەرمانی بە برینداران کرد خۆیان باوێنە ناو ڕوبار • پیاوی

سەقەت سوودیان نەبوو ، شەڕیان پێ نەدەکرا ، بەڵام دەبا خواردنیان بدرێتێ •

ڕۆژگار گۆڕاوە ، کۆرپە بە دختۆرو داوو دەرمان گەورە دەکرێن • بریندار تیمار دەکرێن • پەلی دەستکرد لێ‌دەندرێتەوە • گەلێك ئەم گۆڕانانەی بەسەردا بێ ، پێی‌دەڵێن گەلی شارستانو پێشکەوتوو •

بەڵام ئاخۆ بیری سەقەتو شیعری لاوازو سۆزی نیوەگیانو گۆرانی تازە کوورەش هەمان شتیان بەسەر نایە ؟ هەموو شتێك لە نێو کتێباندا دەمێنێتەوە • هەموو شتێك دەخرێتە سەر کاغەز ، هەموو شتێك لە کتێبخانان هەڵدەگیرێو دەپارێزرێ •

دەڵێن : « پەیڤی سەر زار دەفەوتێ ، هی نووسراو دەمێنێ » • با بەو ئومێدە بین قسەکەمان لێ‌نەبێتە پێچەوانە •

بەڵام وا نەزانی من دژی کتێبو نووسینم • ئەمانە وەکو ئەو ڕۆژەوان کە لەسەر شاخان هەڵاتبێو ڕوناکی بە نێو دۆڵدا بڵاو بکاتەوەو تاریکیو نەزانی بڕەوێنێتەوە •

دایکم چیرۆکی ڕێویو باڵندەی بۆ گێڕامەوە :

هەبوو نەبوو ، باڵندەیەك هەبوو لەسەر درەختێکدا دەژیا • هێلانەیەکی مکوومو گەرمی هەبوو بێچوەکانی تێدا بەخێو دەکرد • هیچ لە گۆڕێدا نەبوو • تا ڕۆژێکیان ڕێویەك چوە ژێر درەختەکەو هەڵی کردە گۆرانی :

دەبینم لەسەر درەختی من ،
هێلانەت لەسەر چلێك هەڵناوە •
ئەگەر ئێستا بێچوەکم نەدەیتێ
بۆ ئەوەی واز لەوانی دی بێنم

ئەم درەختە بە تەورەکەم دەبڕمەوەو
هەرچی بێچووت هەڵێناوە هەڵیان دەلووشم •

باڵندەی داکانە بۆ ئەوەی درەختو هێلانەکەی بپارێزێ ، بۆ ئەوەی بێچوەکانی دی بپارێزێ ، بچووکترین زەڕنەقووتەی بە ڕێویەکە بەخشی •

بۆ ڕۆژی پاشی ، دیسان ڕێویەکە هاتەوەو هەمان گۆڕانی چڕی • باڵندەکە ناچار بوو بێچوویەکی دی بکاتە بەلاگێڕ • تا وای لێهات ماوەی تازی داگرتنی نەما • یەك لە دوای یەك بێچووەکانی فەوتان ـ هەر ڕۆژە یەکێك •

باڵندەکانی دی بە دەردیان زانی لە شەقەی باڵیان دا هاتنە لایو پرسیان مەسەلە چیە ؟

باڵندەی گەمزە بۆی گێڕانەوەو باڵندە زیرەکانیش گوتیان :

سووچی خۆتە
تۆ باڵندەیەکی کەودەنی ، مێشك بۆشی •
کە ڕێوی فێڵباز هات
هەرچی گوت پێت بڕوا کرد •
ڕێوی چۆن دەیتوانی دار ببڕێتەوە ،
تەنیا ، ئەگەر کلکی بەکار بێنایە •
نەیدەتوانی دەست بداتە بێچووەکانت ،
ئەگەر بە کلکی پێیان بگەیشتایە ؟

بەڵام ڕێوی هیچ ئاگای لەم کسەینو بەینە نەبوو ، دیسان هاتەوە بۆ ئەوەی باڵندەکە بترسێنێو هەڕەشەی لێ بکا • داوای بێچوویەکی دی لێکرد ، گوتی درەختەکە دەبڕمەوەو هەموو بێچووەکان دەکوژم • بەڵام ئەو هەڕەشەو گوڕەشەی باڵندەکەیان تۆقاند بوو ، ئەم جارە بە بێ نرخیان تێگەیشتو وەڵامی دایەوە :

ئەم درەختە ڕەگی لە زەوی داکوتاوە •
خۆت مەگنخێنە : بێڵێك بێنەو هەڵی کۆڵە •
ئەم درەختە قەڵایەکی شوورەبەندە •
جا تەورێك بێنەو بکەوە کار •
دەتەوێ بە هێلانەی بەرزم بگەی ،
کەواتە پێ پلکەیەك بێنەو وەرە تاقی بکەوە •

بەم جۆرە ڕێویەکە ناچار بوو بە برسێتی بڕواتو ئیدی نەگەڕایەوە • باڵندەکەش ئائێستا بە شادومانی ڕادەبوێرێو بێچەوەکانی بەخێو دەکات • بێچوەکانی گەورە دەبنو گۆرانی دەخوێنن •

داخۆ داغستان لەبەر دواکەوتنو نەزانینەوە چەند بێچووی لە دەست چوە ! پیاو پێویستی بە کتێبە تا خۆی بناسێ ، پێویستی بە کتێبە تا خەڵك بناسێ • گەلی بێ کتێب وەکو پیاوی چاو بەستراوە وایە دونیای پێنابینرێ ، وەکو پیاوی بێ ئاوێنە وایە ڕووی خۆی پێ نابینرێ •

ڕێبوارەکان لە بارەی ئێمەوە نووسیویانە : « چیایی نەزانو دوواکەوتوون • » ئەم ووشانە ڕاستیان پتر تێدایە تا لووتبەرزیو دوژمنداری • بێگانەیەك نووسیویە : « ئەمانە وەکو منداڵی بە کەلەشوان» دوژمنەکانمان گوتوویانە : «خوێندەوارییان نیە دەتوانین سوود لەمەوە وەربگرین » •

جەنەڕاڵێك گوتوویە : « ئەگەر ئەم گەلە هونەری شەڕکردنیان بزانیایە کەس نەیدەوێرا دەستیان لەبەر ڕاست بکاتەوە • »

چیاییەکان دەڵێن : « وای ، ئەگەر لەگەڵ ئەم زانستەی ئەمڕۆ نەبەردی حاجی مورادو بەهرەی حاجی مەحموودمان دەبوو ! » جارێکیان حاجی موراد لە شامیلی پرسی « ئیمام ! ئێمە بۆ دەبێ

ڕاوەستین ؟ دڵمـــان دەجۆشێ ، خەنجـەری دەبانمان بـە دەستەوەیە ، چاوەڕوانی بۆ چیە ؟ با بۆ پێشەوە مل بنێین و ڕێـگای خۆمان بکەینەوە . »

« هێواش ، حاجی موراد ، پەلەت نەبێ . ڕووباری بەلەز قەت ناگـــاتە دەریا . پرس بـــە کتێب دەکـەم و ئەویش تێم دەگـــەیەنێ . کتێب حیکمەتی هەیە » .

« ئیمـــام ، دەشێ کتێبی تۆ حیکمەتی تێـــدابێ ، بەڵام ئەوەی ئێستا پێویستمان پێ ئازاییە و ئەویش بەسەر شمشێری تیژ و پشتی ئەسپەوەیە » .

« کتێبیش دەشێ ئازا بێ » .

کتێب ... پێتـــە ، دێرە ، پەڕەیە ، پـــەڕە کاغەزێـکی پانە ، بەڵام ئاوازی ووشـــە و گۆرانی زمـــان و بیری تێدایە ، منی تێدایە کە نووسیومە، خەڵـکی دی تێدایە کـــە من دەربارەم نووسیون ، ئەوانەش کە دەربارەی خۆیان نووسیوە . گەرمایی هاوین و زریانی زستان و ڕووداوی دوێنێ و خـــەونی ئەمڕۆ و کردەوەی بەیانی تێدایە .

مێژووی جیهانیش وەکو ژیانی هـــەر کەسێك دەبێ بـــکرێتە دوو بەش : پێش کتێب و پاش کتێب . ماوەی پێشەوە شـــەوە ، ماوەی پاشەوە ڕۆژی ڕووناکە . یەکـــەم دۆڵێـــکی تەنگ و تاریـــکە ، دووەم دەشتێکی پانە ، یان تەپکە شاخە .

باوکم دەیگوت : « مادام مێژوو بە هۆی نەزانینەوە ئەو ماوە دوورو درێژە وا بە توندی سزای داوین بە ڕاستی دەبێ نەزانین تاوان بێ » .

دوو سەردەم ــ بە کتێب و بێ کتێب . لەسەردەمی ئێستاماندا کتێب زوو دەکەوێتە بەر دەستی خەڵك . خەڵك کە تازە پێ دەگرێ و فێری ڕۆیشتن دەبێ کتێبی پێ دەگات . بەڵام کتێب کاتێك هاتە داغستان کـــە

تەمەنی هەزار ساڵ بوو . ڕاستی ، داغستان ، درەنگ فێری خوێنـــدن و نووسین بوو .

سەدان ساڵ بوو ئاسمـــان لاپەڕەی چیـــایان بوو . ئەستێرە پیتیان بوو . هـــەوری تار مەرەکەبدانیان بوو . باران مەرەکەبیان بوو . زەوی کاغـــەزیان بووو درەخت و گیـــاو گوڵیش پیتی ســـەر کاغـــەزەکە بوون و چیاکانیش داهاتبوونەوە سەر ئەم لاپەڕەیە بۆ ئەوەی بیخوێننەوە . تیشکە سوورەکانی خۆر قەڵەم بوون و مێژووی ئێمەیان بە گەڵێ هەڵەوە لەسەر شاخان دەنووسی . لەشی پیـــاو مەرەکـــەبدانی بوو . خوێنی مەرەکـــەب بوو ، خەنجەری پێنووس بوو . کتێبە نووسراوەکەش کتێبی مـــــردن بوو . هەموو کەس لە زمانی دەگەیشت و پێویستی بە وەرگێڕان نەبوو .

چەوساندنەوەی ئافرەت مەرەکەبدانی بوو . فرمێسکی مەرەکەب بوو . ســـەرینی لاپەڕە بوو . کتێبەکەش کتێبێ ئازار بوو . بەڵام کـــەم کەس خوێندیانەوە . چونـــکە ژنە چیایی فرمێسکەکانی خۆی پێشان نادا .

کتێب ، نووسین ... ئەمانە ئەو دوو گەنجینەیەن کـــە ئەو وەختەی قاسیدی خوا زمانەکانی پێ بەخشین لـــە بیر کرابوون .

کتێب پەنجەرەی والآی خانوون . بەڵام ئێمـــە لەناو کوێرە دیوار دانیشتبووین . دەمانتوانی لـــە پەنجەرانەوە دەشتی هەراوو دەریای بێ پایان و کەشتی عاجباتی بەردەم پیلان بەدی بـــکەین . ئێمە وەکو ئـــــەو باڵـــندانە بووین کـــە زستان بمێننەوەو دەنووك لـــە پەنجەرە بدەن و بـــە دوای گەرمایدا بگەڕێن . لێوی چیاییەکان ووشك و بە بار بوو . چاویان برسی و داگیرساو بوو .

« ئەگـــەر بمانتوانیایە کاغەز و قەڵەم بەکار بێنین ئەوەندە بە زۆری خەنجەرمان بەکار نەدەهێنا » .

ئێمە هەرگیز لە زین‌کردنی ئەسپو بازدانە سەر خانەی زین‌و هەڵکوتانە مەیدانی شەڕ دوا نەکەوتووین • بۆ ئەمە کەس شەل‌و کەڕو کوێر نەبوە • کەچی لە فێر بوونی ئەم پیتە ووردو بەچاو بێ‌نرخانە زۆر دواکەوتین • کاتێکیش کە بیر لەنگ دەبێ هیچ تاقمێکی پسپۆری (ئونتسوکول) داد نادا •

هەزارو پێنج سەد ساڵ بەر لە ئێستا (میسروپ ماشتۆتز)ی جەنگاوەری بەناوبانگی ئەرمەنی ئەو بیرەی بۆ هات کە نووسین لە چەك بە هێزترە • ئەوە بوو ئەلف‌و بێی ئەرمەنی دانا •

چوومە ماتێنەدەران کە دەستووسی کۆنی تێدا هەڵگیراوە • لەوێ زۆرم بەزەیی بە داغستاندا هاتەوە کە هەزار ساڵی بێ کتێب‌و نووسین لە دەست چوە • مێژوو بەناو بێژنگی زەمانەدا ڕۆیشت‌و بێجگە لە گۆرانی‌و ڕەوشتی بێ متمانە هیچ دەوسی لێ بەجێ نەما ، ئەویش دەم بە دەم‌و دڵ بە دڵ هاتۆتە خوارێ •

لە هەقایەتان ،
زەمانی کۆن کۆنمان دێتەوە یاد
لە هەقایەتەکانی دایکم
یەکێکم لە بیرە

چیاییەکی نەبەرد لە گوندێکا هەبوو
ئیشی مەردانەی دەکرد •
ڕۆژی لە ڕۆژان
خانی زۆردار بانگی کرد •

چیاییەکە ناوی سەلیم بوو
چوە ناو کۆشك
هەموو دەرگاکانیان
یەك یەك بۆ کردەوە

خان مافوورو گلۆپو فیچقەو
ئاوی وەك مرواری‌و
هەرچی گەنجینەی هەبوو
پێشانی دا •

چیایی ئەوەندەی شت بینی
نایەتە ژمار •
هەرچی لەسەر ڕووی زەوی هەبێ
لە کۆشکی خاندا هەبوو •

خانی پیرو بە ساڵا چوو ،
بە میوانی ئازیزی گوت :
« هەرچی ئەقڵت دەیگرێ‌و دڵت دەیخوازێ
پێشکەشت بێ ببە !

ئەم شتانە هەموو شتی چاکن
بەڵام لە بیر نەکەی
لە کاتی هەڵبژاردندا پەلە نەکەی
تا پەشیمان نەبیتەوە •

بەڵام چیایی ئازاو نەبەرد
زۆر بە هەیبەت وەڵامی دایەوە :
« شیرێك‌و خەنجەرێك‌و
ئەسپێکی بە بەزم دەوێ • »

ئەم سندووقانە وێنەیان نیە
بەڵام من نامەوێن ؟
شیرو ئەسپم هەبێ
ئەوانەیشم پێ پەیدا دەبێ •

ئاخ • چیاییەکە ! چیاییەکە !
ئاخ ، باپیرە ! چ تاوانێکت کرد
کە ئەسپ‌و شیرت ویست‌و
خۆت لە کتێب نەگەیاند •

ئاخ باپیرەی ساویلکە
کوو ، کاغەزێكو
قەڵەمێکت
نەخستە ناو هەگبەکەت •

باپیرە ، دەروونت پاكو
سەرت بەتاڵ بوو •
ئەگەر شتێکی وات بکردایە
کتێب لە پۆڵا سوودی پتر دەبوو •

کە چارەنووسی خۆمان نایە دەستی
ئەمـــان دەزانی ؛
ووشە لە دەمی شیر تیژترەو
لـە ئەسپ بڵندترو بەهێزترە •

جوانیی حیکمەتو
حیکمەتی جوانی تێدایە
باپیرە ، تۆ وات کرد
سەدان ساڵ دوا بکەوین •

وەك ئـەوەی
قوتابیەك درەنگ بـگاتە پۆلو
لـــە مێژ بێ
دەرز خوێندرابێ •

جۆرجیا ، نزیکە • تەنیا زنجیرە شاخێکمان لە نێواندایە • بەر لـە سەدەیەك شۆتا ڕوستاڤێلی شیعرە نەمرەکەی خۆی لەبارەی شۆڕە سواری ناو پێستی پڵنگ‌نووسی • ماوەیەکی زۆر لە گۆڕەکەی گەڕانو سەراپای ڕۆژ هەڵاتیان پشکنی • ئافرەتێك گوتی :

« گۆڕی لـە هیچ شوێنێکدا نیە بەڵام دڵی زیندووی لـە هـەموو شوێنێکدا لێ دەدا » •

سەراپای مرۆڤایەتی چیرۆکی پرۆمیسوس دەخوێنێتەوە کـــە لـە قەوقاس بە زنجیر لە چیایەك بەسرابوەوە • عارەب هەزار ساڵ بەسـەر لاپەڕەی شیعردا گریاون • پێش هـەزار ساڵ هیندەکان هەڵەو ڕاستی خۆیان لەسـەر گەڵای دارخورما نووسییەوە • بە دەستی لەرزۆکـەوە دەستم دایە ئەو گەڵایانەو لـە چاوی خۆم نزیك کردنەوە • ئەدی شیعرە سێ دێرییە خۆشەکـانی یابان !! ئـەدی چینی کۆن کـە هەر پیتێك یان هیرۆگلیفێك بیرێکی تەواو دەگەیەنێ !!

ئەگـەر شایەکـانی ئێران شمشێرو ئاگریان نەهێنابایە داغستان ، بەڵـکو حیکمەتی فیردەوسیو ئەوینی حافزو دلێری سەعدیو بیرقوڵی ئیبنی سینایان بهێنایە ناچارنەدەکران بە ڕاکردن بگەڕێنەوە •

لـە نیسابور سـەرم لـە گۆڕی خـەییام دا • لەوێ ئـەو بیرەم بۆ هات : « خەیامی هاوڕێ ! ئەگـەر تۆ لە باتی شا بهاتیتایە وولاتەکەمان ، خەڵـکی چیاکان چەند بە شادومانی پێشوازیان دەکردی !!! » •

جـەبر پەیدا ببوو ، ئێمـــە هێشتا شتمـــان پێ نەدەخوێندرایەوە • شیعری بەرز باوی هەبوو ، ئێمە هێشتا نووشتەیەکمان پێ نەدەنووسرا •

یەکەم جار سەربازی ڕووسمـــان ناسی پاشـــان شاعیری ڕووس • ئەگـەر چیاییەکانمان پوشکینو لیرمەنتۆڤیان بخوێندایەوە ڕەنگە مێژوو خۆی ڕێچکەیەکی دی بگرتایە • چیاییەك کە گوێی لە (حاجی‌موراد)ی تۆلستۆی بوو بە دەنگ خوێندرایەوە گوتی : کتێبێ وا ژیرانە هـــەر تەنیا بە خوا دەنووسرێ ، نەك بە بنیادەم » •

هـەر شتێکی بۆ کتێب پێویست بێ هەمان بوو : ئەوینی بەسۆز ، قارەمانی بە جەرگ ، کارەسات ، سروشتی سەخت ـ بەڵام هیچ کتێبمان نـــەبوو •

چەندمان کارەسات بینی •
چەند پیاوی نەبەردو دلێرمان هەبوو •
چەند دەست دەمی چەقۆی دەگرتو چەند سنگ ناآەی دەهاتو
لە دیدەموونای چیایی نزیك دەکەوتەوە •

سەدان ساڵە
چەند کەس لە شاخان هاتو چوون
وەك هاملێتو ئۆلیفیاو جولێت
بەڵام شەکسپیرمان نەبوو •

چەند ئاوازو مۆسیقا لە شاخان دەنگی دایەوە !
چەند خورەی ڕووبارو جریوەی چۆلەکەمان بیست !
بەڵام هیچ (باخ)ی چیاییمان نەبووو
چ (بتهۆفن) سمفۆنیای نەنووسی •

کە ڕێگای کورتی جولێت دوایی دەهات
دەبوو بە مەرگو مردن
چاو بە خوێنەکان ، نەك شاعیرەکان ،
بە گوللە ، نەك بە ووشە : یادیان دەکردەوە •

کاتێ چیایەکان دوای شەڕێکی سەخت دژی جەردەکانی تەیمور لە نزیك کوموخ کەوتنە کۆکردنەوەی دەسکەوت • کتێبێکیان لە گیرفانی کوژراوێك دۆزییەوە • پەڕەکانیان هەڵدایەوەو تەماشای پیتەکانیان کرد ، بەڵام کەسی وا نەبوو بتوانێ بیخوێنێتەوە • جا ویستیان بیسووتێنن و مشکیەکەی بە با بکەن • لەو کاتەدا ژنێکی ژیر هاتە پێشەوە ، کە پارتو فاتیمەی ئازا بوو ، گوتی : « لەگەڵ ئەو چەکانە هەڵیگرن کە لە دوژمن دەستمان کەوتوون • »

« چ پێویستمان پێ دەبێ ؟ کەس ناتوانێ بیخوێنێتەوە ! »

ئەگەر خۆشمان پێمان نەخوێندرێتەوە ، منداڵەکانمان یان نەوەکانمان

دەیخوێننەوە • ئێمە نازانین چی تێدایە • ڕەنگە چارەنوسی خۆمانی تێدا بێ • »

لەو شەڕەدا کە (سوراکات)ی (تینووس)ی لەگەڵ عارەباندا کردی • عارەبێکی یەخسیر کرد • عارەب ئەسپو چەكو زڕێی دانا بەڵام نەیویست ئەو کتێبە دابنێ کە لەسنگی خۆی شاردبوویەوە• سوراکات چەكو ئەسپی دیلەکەی دایەوە ، بەڵام فەرمانی دا کتێبەکەی لێ بستێنن • گوتی :

« ئێمە ئەسپو شمشێرمان گەلێ زۆرە ، بەڵام هیچ کتێبمان نیە • عارەبینە ! ئێوە کتێبتان زۆرە • بۆچی بە کتێبێك ڕەزیلیمان پێ دەکەن • »

جەنگاوەرەکان پێ کەنینو بە سەرکردەکەیان گوت : « ئێمە چ پێویستمان بە کتێبە ؟ پێمان ناخوێندرێتەوە • بگرە نازانین چۆن دەگیرێ • ماقووڵە ئەمە لە باتی ئەسپو چەك بگێڕینەوە ؟!•

« ئەو کاتە دێ کە بخوێندرێتەوە • ئەو کاتە دێ کە بۆ چیایی لە چاکەتو بەپەخاو ئەسپو خەنجەر زۆر بە کەلکتر بێ • »

شای ئێران کە پەلاماری داغستانی داو خرابی بۆ هات ئەو گەنجینەیەی شاردەوە کە هەرگیز لێیجودا نەدەبووەوە • شەپکەیەکی لەسەر جێگاکە دانا کە ناڵێکی لەسەر هەڵکەندرابوو • ئەوانەش کە لە دیار بوون هەموو بە فەرمانی شا لە سەریان درا • لەگەڵ ئەمەشدا مورتەزال ـ خان شوێنەکەی دۆزییەوە • سندووقە زێڕو زیوو مرواریەکان و هەموو تاڵانێکی شای کەوتە بەردەست • بیست بارە ئێستر بوو • گەنجینەکە هەندێ کتێبی فارسی تێدا بوو • (سورخات)ی یەك قۆڵی باوکی مورتەزال ـ خان ،

گەنجینەکەی کۆلیەوە ، گوتی :

« کوڕم ! گەنجینەیەکی گەورەت دۆزیوەتەوە • بەسەر جەنگاوەرەکانی خۆتی دابەش بکە • ئەگەر حەزیش دەکەی بیفرۆشە • لە هەردوو باردا دەتوێتەوە • بەڵام دوای سەد ساڵی دی چیاییەکان دوڕو گەوهەری ناو ئەم کتێبانە دەدۆزنەوە • مەیانچوێنە • لە هەموو گەوهەرێک بەنرختترن •

شامیل سکرتێرێکی هەبوو ، محەمەد زاهیری کەرخی ، قەت قەت لێ نەدەگەڕا بچێتە شەڕ • محەمەد زاهیر ئەمەی زۆر لە دڵ گران بوو •

گوتی : «تۆ بڕوا بە من ناکەی ، ئیمام؟ لێم گەڕێ بچمە شەڕ •»

« ئەگەر هەمووش بفەوتێن ، دەبێ تۆ هەر بمێنی • ئەو پیاوەی بە شمشێر دەجەنگێ یەکێ دەبێ جێی بگرێتەوە • بەڵام مێژوونووس نە• • تۆ کتێبێک لە بارەی شەڕەکانمانەوە بنووسە » • محەمەد کتێبەکەی تەواو نەکرد بوو عەمرێ خوای کرد • بەڵام کوڕەکەی کارەکەی باوکی تەواو کرد • ئەو کتێبە ناوی « بریسکانەوەی شیری ئیمام لە هەندێ شەڕیدا » یە •

شامیل خۆیشی کتێبخانەیەکی گەورەی هەبوو • بیست و پێنج ساڵ بوو لە دە ئێسترانی بار دەکردو لەگەل خۆیدا لە شوێنێکەوە دەیگواستەوە شوێنێکی دی • بە بێ کتێبخانە نەدەژیا • کاتێ کە لە چیای (گونیب) بە دیل گیرا داوای کرد شمشێرو کتێبەکانی بدەنەوە • پاشان کە لە (کلوگە) بوو بە هەموو دەمێ داوای کتێبی دەکرد ، دەیگوت ، « شمشێر گەلێ شەڕی دۆڕاندوە ، بەڵام کتێب هیچی نەدۆڕاندووە • »

کاتێ جەمالەددین لە رووسیا هاتەوە ، ئیمام ناچاری کرد جلو

بەرگی چیایانەی خۆمان لەبەر بکات بەڵام دەستی لەکتێبەکانی نەدا • بەوان کەسانەی گوت کە دەیانەویست (کتێبی گاوری) بخرێتە ناو ڕوبارەوە : « ئەم کتێبانە تەقەیان لێ نەکردووین و کەسیان نەکوشتوە • ئەوەی کتێب هەتک بکا ، کتێب هەتی دەکات • »

زۆرم مەراقە بمزانیایە ئەو کتێبانە چی بوون کە جەمالەددین لە سانت پترسبورگ لەگەڵ خۆیدا هێنابوون •

داغستانییەکان نووسینی تایبەتی خۆیان نەبوو • زۆر جار ووشەیان بە زمانەکانی دی دەنووسی • ئەمانە لەسەر بێشکەو لەسەر خەنجەر ، لەسەر تەختەی سایتەو لەسەر بەردەکێل هەڵکەندرابوون • بە زمانی عارەبی و تورکی و جۆرجی و فارسی بوون • ئەم دەستووسە ڕازاوانە زۆر بوون و کەمیان کۆکراونەتەوە ، بەڵام هیچێکیان بە زمانی تایبەتی خەڵک نەنووسراونەتەوە • چیایی کە نەیدەزانی ناوی خۆی بنووسێ وێنەی شمشێرو ئەسپ و باڵندەو چیاکانی دەکێشا •

هەندێ نووسینی سەر قەبران مانایان بەم جۆرەیە :

« ژنێک لێرەدا ڕاکشاوە کە ناوی (بوگب بای)یە • عەمری خۆی تەواو کردو لە تەمەنی سەد ساڵیدا مرد • »

« کوبا ـ عەلی لێرەدا ڕاکشاوە کە لە تەمەنی سێ سەد ساڵیدا ، لە شەڕێکی دژی (ئاجار خان)دا مرد • »

کەلەپارچەی بێ نموود • لە باتی کۆمەڵە بەرگێک مێژوو کەمێک ووشەو دەستەواژەمان بۆ ماوەتەوە •

کاتێ کە لە ئامۆژگای ئەدەبدا دەمخوێند • پیرەمێردێکی چاکی ردێن بۆز کە ناوی (سیرجی ئیڤانۆڤیچ راتسیگ) بوو ، ئەدەبی کۆنی

گریـکی پێ‌دەدایـن • هـەموو دەقە کۆنەکانی لەبـەر بووو بەشی زۆری هـەر بە گریـکی دەخوێندەوە • ئەشقی گریکە کۆنەکان بوو • حـەزی لێ بوو هـەستی خۆیان بەرامبـەر دەربڕێ • کـە ئەم‌شیعرانسـەی دەخوێندەوە بە جۆرێکی وا دەیخوێندەوە دەتگوت نووسەرەکان خـۆیان دانیشتوونو گوێیـان لێ گرتوە دەترسا نەوەك هــەڵەیەك بـکات وەکو موسڵمانێکی ئیماندار وابوو کـە بە ترسـەوە ئایەتی قورعان بخوێنێتەوە نەوەك هەڵەیەك بـکات • وای دەزانی ئەو شتانەی بۆمان باس دەکـات لـە مێژە دەیانزانین • هەرگیز بە خەیاڵی دانەدەهات کـەس هـەبێ ئۆدیسەو ئیلیادە نەزانێ • وای دەزانێ ئەو گـەنجانەی تازە لەشـەڕ هاتوونەتەوە ئەم چوار ساڵە هیچیان نەکردوە هـەر هۆمەرو ئەسخیلۆس‌و یۆریبدس یان خوێندۆتەوە • ئـەو ڕۆژەی کـە بۆی دەرکەوت ئێمـە ئەوەندە کەم‌زانین هەر وەخت بوو لە هەژمەتان بگری •

لە هـەموویان پتر سـەری لە من سوڕما بوو • ئەوانەی دی بەلانی کەمـەوە شتێکیان دەزانی ، بەڵام کـاتێ کـە لە منی پرسی باسی هۆمـەر بکەم من بە بیرم هـاتەوە کـە مەکسیم گۆرکی بـە (سلێمان ستالسکی) گوتبوو هۆمەری سـەدەی بیستەم ، ئیدی دەستم پێ کرد باسی سلێمانم بۆ کرد • پرۆفیسۆرەکە زۆر بە کەسەرەوە تەماشای کردم : « تۆ لـە کوێ گـەورە بووی ئۆدیسەت نەخوێندۆتەوە ؟ » پیم گوت مـــن لـە داغستان گەورە بوویم کە تا بەم دواییە کتێبی بـە خۆیەوە نەدیوە • بۆ ئەوەش ئاوانەکە لەسـەر خۆم سووك بـکەم بە ئاشکرا خۆمم بە چیایی کێوی دایە قەڵەم • پاشان پرۆفیسورەکە قسەیەکی وای کرد قەت لـە بیرم ناچێتەوە :

« گەنجۆ ! تۆ ئەگەر ئودیسەت نەخوێندبێتەوە ، دیارە لـە کێوی خراپتری ، بەربەری ، دڕندەی » •

ئێستا کـە دەچمـە یۆنانو ئیتالیا هەمیشە پرۆفیسۆرەکەی خۆمـم دێتـەوە یاد ـ ووشەکانی ، هەستی بەرامبەر ئەدەبی کۆن •

بەڵام مـن کـە بە حاڵ دەمتوانی بە ڕووسی بنووسم‌و بخوێنمەوە ، چۆنم بتوانیایە هۆمـەرو سۆفوکلیس‌و ئەرەستۆ و هیسیۆ بناسم ؟ لـەم دونیایەدا ، داغستان زۆر شتی بە دەست نەدەگەیشت لە زۆر گەنجینـە بێ بەش بوو • زۆر جـار ئەوەم باس کردوە چـۆن (ماکسـاکۆڤا)ی گۆرانیبێژ کاتێك کـە گوێی لە (تاتام موورادۆڤ) بوو گۆرانی دەڵێ ، گریا • موورادۆڤ قـەت هیچی نەخوێندبوو • ئەو کـاتە تەمەنی شەست سـاڵ بوو • هــەموو دەیانزانی دەنـگی گۆرانیبێژەکە ماکساکوڤای بزواندوە ، بەڵام خۆی گوتی : « من لە داخان دەگریم • دەنگی چـەند خۆشە ! ئەگـەر لە وەختی خۆی مامۆستای هەبایە دونیای شێت دەکرد تازە تێپـەڕی » •

هـەر کاتێ کـە بیر لـە چارەنووسی داغستان دەکەمەوە ئەم قسانەم دێتـەوە بیر • ئەمـانە هـەر تەنیا لەگـەڵ حـاڵی (تاتام)دا ناگونجێن • چەند گۆرانیبێژو جەنگاوەرو هونەرمەندو زۆرانباز ، بێ ئەوەی دونیـا بـە بەهرەیان بزانێ چوونەتـە ناو گۆڕەوە ، ناویان لـە بیر کراوە • بێ‌گومان ئێمـەش چالیاپنس‌و پۆدوبنیس/ی خۆمـان هەبوە • عوسمان عەبدوڕەحمانۆڤی هەرقەڵمان ، ئـەگەر شان بە شانی ئەو هێزو تاقەتەی کە هەیبوو ، کارامەیی هونەریشی هـەبایە دەبوە زۆرانبازێکی نەبەزو بـێ وێنـە • بەڵام ڕاهێنەری نەبوو • ئێمە هیچ ئامۆژگایەکی مۆسیقا ، شانۆ ، کۆلیج ، ئەکادیمیاو بـگرە قوتابخانەشمان نەبوو •

تابلۆی پیرۆزمان نیە باسی ڕۆژگاری کۆن بکا
وای لەم زیانە ، بەڵام ڕێـگا مان دوایی نایە •
ئەو چیرۆکەی باپیرە گەورەکانمان بە شیر دەستیان پێ‌کرد
من وا بە قەڵەم تەواوی دەکەم •

چیایی نەیاندەزانی قەڵەم بگرن‌و ووشە حینجە بکەن • بیانویستایە تەسلیم بن وەك زابارۆجیەکان پەنجەی ئەسپێ کوژەیان دەخستە بەینی شادە نوێژەو دۆڵە درێژەو بەم جۆرە بەرزیان دەکردەوە • یان شتێکی لەمە جوانتریان ڕەسم دەکێشاو بۆ دوژمن دەچوون •

چیایەکان نەیاندەزانی چۆن قەڵەم بگرن ؟ پیتەکان چۆن بنووسن ؟ کە دوژمن داوایان لێ دەکردن خۆیان بە دەستەوە بدەن یان ئاڵایەکیان هەڵدەکردیان شتێکی ئاشکراتریان دەردەهێناو ڕەوانەیان دەکرد •

لەبارەی داغستانەوە گوتراوە : « وەکو گۆرانییەکی نەنوسراوو نەگوتراو وایە کەوتۆتە نێو سندووقە بەردێکەوە • کێ دەری دێنێ ؟ کێ دەینووسێتەوە ؟ کێ دەیبێژێ ؟ »

پیت و ووشە و کتێب ـ کلیلی تۆبی ئەو سندووقەن چ دەستێك کلیلی قوفلی قوڕس‌و کۆتی سەر داغستانی هەڵگرتووە ؟

زۆر کەس لە قوفڵەکە نزیك بوونەوە • هەندێ جار یەلکەی سەر قوفڵەکەشیان لادەدا بۆ ئەوەی تەماشای ژووریێ بکەن • داغستانیەکان خۆیان هێشتا نەیاندەتوانی قەڵەم بە دەستەوە بگرن کە زۆر مێوان‌و ڕێبوارو زانا بە زمانەکانی دی وەك عارەبی‌و فارسی‌و تورکی‌و یۆنانی‌و جۆرجی‌و ئەرمەنی‌و فەرەنسی‌و ڕووسی دەربارەیان دەنووسین •

داغستان ! لە کتێبخانە کۆنەکاندا لەناوی تۆ دەگەڕێم‌و لە زۆر زمانانداا دەیدۆزمەوە • ناوی دەربەندو کوباچی‌و چیرکێ‌و خونزاخ هاتوە • سوپاسم بۆ ئەو ڕێبوارانە • ئەگەرچی نەشیانتوانیوە لە ئاڵۆزی‌و قووڵیت بگەن • بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکەم کەس بوون ناویان بۆ ئەو دێو شاخان بردیت • ئنجا پوشکین‌و لیرمەنتۆف قسەی خۆیان کرد •

بە قرچەی نیوەڕۆ ، لە ژێر ڕەوەزە شاخێکی داغستان
کەوتبووم ، بە گوللە پێکرابووم‌و بە ئاستەم هەناسەم دەهات

دێری جوانن ! (پێستۆژێڤ مارلینسکی)یش ـ ئەممالەت بەگ‌ی خۆی نووسی • ئەو کێڵەی لەسەر گۆڕی دەزگیرانەکەی چەقاند لە گۆڕستانی دەربەند هەر ماوە •

ئەلکساندەر دۆماس سەری لە داغستان دا • هەروەها پۆلیجایێڤ کە شیعری (ئەرپێلی)و (چیریورت)ی نووسیوە • هەریەکە بە شێوەی تایبەتی خۆی لە بارەی تۆی نووسی ، بەڵام هیچێکیان وەکو لیرمەنتۆڤی گەنج‌و لیو تۆلستۆی بەختیار وا بە قووڵی تێت نەگەیشتوون • سەری بۆزم لە پێش ئەوانە کۆت دەکەم کە گۆرانیان بۆچڕیت • موسلمان چۆن قورعان دەخوێنێتەوە ئاوها ئەم کتێبانە دەخوێنمەوە •

ئەو ڕۆژەی کوڕ ناوی لێ دەندرێ ڕۆژی خۆشیە • داغستان ! ئەو ڕۆژەی کە یەکەمجار ڕۆڵەکانت بە زمانی خۆیانە لە بارەی تۆیان نووسی لەوە کەمتر نیە •

هەڵەی خۆمم لە بیرە ، کاتێ کە (ڤێراڤاسیلیێڤنا)ی یەکەم مامۆستام بانگی کردمە لای تەختەو داوای لێ کردم ناوی تۆ بنووسم • نووسیم Daghestan • ڤێراڤاسیلیێڤنا شروڤەی کرد کە داغستان ناوی شوێنەو دەبێ پیتی یەکەمی بە شێوەی گەورە بنووسرێ • جسا نووسیم Ddaghestan وام زانی هەر دووکیان گەورەکن • جاری سێیەم ڕاستم کردەوە Daghestan •

تۆش وات لێ نەهات ، داغستان ! کە فێر بووی ناوی خۆت بنووسی ؟ زۆر جار ناچار دەبووی لەسەرەتاوە دەست پێ بکەیتەوە • پیت‌و ئەلف‌وبێت هەڵدەبژارد • بە پیتی عارەبی‌و لاتینی‌و ڕووسیت

ووسی – تووشی زۆر هەڵە **بووی** •

کە شوێنێك پیتی گەورەی بویستایە بە پیتی گچکەت دەنووسی‌و کە شوێنێك پیتی گچکەی بویستایە بە هی گەورەت دەنووسی • داغستانەکەم ! تەنیا بۆ جاری سێیەم بوو کە توانیت بە ڕاستی بنووسیت • ئەمانە ناوی یەکەم کتێب‌و گۆڤارو ڕۆژنامەکانی داغستانن :

ئەستێرەی بەیان ، تیشکی نوێ • چیایی‌سوور • جەیران • پەندی چیا • ئەفسانەی کومیك • ئاوازی لەك • چیرۆکی دارجین • شیعری لازجی • داغستانی سوڤێتی • هەموو بە زمانی زگماك بوون • ئەمانە بەس ناوونیشان‌نین ، بەڕو باڵن •

سالی **١٩٢١** ، پاش ئەوەی لینین لەگەڵ وەفدی داغستانی راوێژی کرد • سێ شتی لە هەموو شتان پێویستتری بۆ وولاتە شاخاویەکەمان نارد : گەنم ، قوماش ، چاپ • داغستان ئەسپ‌و خەنجەری هەبوو • لینین کتێب‌و گەنمی بۆ نارد • شۆڕش خۆی دەسەر لانکی داغستان داهێنا • داغستان دەریای بینی ، خۆی بینی ، ڕابردووو ئایندەی خۆی بینی‌و لەبارەی خۆیەوە دەستی بە نووسین کرد • سلێمان ستالسکی لە مەکسیم گۆرکی کرد : « ئێمە هەردووکمان پیرین • ژیانی خۆمان بردە سەرو دیناماں دی • هەردووکمان کتێبمان هەیە • بەلام تۆ خوێندەواری‌و لەسەر کاغەزت نووسیوە • کەچی من گۆرانی دەڵێم ، چونکە نازانم بنووسم • ئێمە ڕەمزی داغستان‌و ڕووسیاین • ڕووسیا خوێندەوارە • لە داغستاندا زۆربەی خەڵك هێشتا نازانن ناوی خۆیان بنووسن • لەباتی ئیمزا پەنجەمۆر دەکەن • ناتوانی تیپێك نووسەری ڕۆشنبیرمان بۆ بنێری بۆ ئەوەی باسی ئێمە بۆ سەرابای وولات‌و تێکڕای دونیا بکەن ؟ »

ئەفەندی کەپاییف تەرجومانی نێوان سلێمان ستالسکی‌و گۆرکی بوو • گۆرکی هەرێی دا سلێمان چی دەوێ بۆی بکا بەلام گوتی : (مەبەستیشی کەپاییف‌بوو) ئێستا نەوەیەکی گەنج‌و بەهرەداری ڕۆشنبیر لە داغستان پێ‌گەیوە ••• ئەگەر داغستانیەکان خۆیان بە هەموو زمانەکانی کۆمارەکە لە بارەی وولاتی خۆیانەوە بنووسن زۆر زۆر باشترە چونکە گۆرکی گوتی – ئێمە پەندێکمان هەیە دەڵێ – دۆخی ماڵ لە نێو دیوارەکانیەوە باشتر دەزاندرێ •

ئەو نەوە گەنجەی گۆرکی باسی کردوە ئێستا پێ‌گەیوەو کەوتۆتە ساڵانەوە • زۆر کتێبیان لە بارەی داغستانەوە نووسیوە و هێشتاش دەنووسن • لەسەر دەمی کۆندا – باوك شیرو پاندوری بۆ کوڕی بە میرات بەجێ دەهێشت • ئێستا قەڵەم‌و کتێب بەجێ دێلی • ڕۆژ نیە لە داغستاندا کوڕێك بەسەر دونیا نەکەوێ • ڕۆژ نیە کتێبێك دەرنەچێ • هەر بابایە لە بارەی داغستانی خۆیەوە دەنووسێ • باوکم پەنجا سالی زیاتر نووسی • تەمەنی درێژ نەبوو • ئێستا من دەنووسم ، بەلام منیش ئەو هەموو شتەی دەمەوێ پێم نانووسرێ • بۆیە لەباتی خەنجەر قەڵەمێك و دەفتەرێك لە سەرینگانی منداڵەکانم دادەنێم • من‌و باوکم یەك داغستان‌و عەینی داغستانمان هەبوو ، بەلام داغستان لە زمانی پێنووسەکانماندا زۆر جودایە !

هەر کەسە دەستخەتی خۆی ، پیتی خۆی ، شێوازی خۆی ، ئاوازی خۆی هەیە • بەم جۆرە گالیسکەکە دەڕواو لە ڕێگەی دوورو درێژی خۆیەوە لیخوڕەکانی دەگۆڕێ •

باوکم دەیگوت : « لە بارەی ئەو شتەوە بنووسە کە دەیزانی ، ئەوەی دەتوانی لەبارەیەوە بنووسی ، بەلام ئەوەی نایزانی لە کتێبی خەلکی تردا بیخوێنەوە • »

کتێب

دۆستێتی کتێب بکە ، لاپەڕە پیرۆزەکانی
چاوەڕێی نیگای تۆن ٠ کتێب زۆر دڵسۆزتە ٠
چ هێندەی خان دەوڵەمەند بیو چ فلسێکت نەبێ
کتێب ناپاکیت لەگەڵ ناکاو تەفرەت نادا ٠

هەنیە دابێنەوە سەر لاپەڕەکانی ٠
هەموو دێرێکی پڕ هەنگوینی حیکمەتە ٠
ڕۆڵە ئەشقی زانین بە ، ئەگەر لەم هەنگوینە
نەخۆیتەوە نەمێشکت تێراو دەبێو نە بە ئامانج دەگەی

کتێب چەکی تۆیە ٠ فڕێی مەدە ٠
هاوڕێی دڵسۆزی تۆیە ٠
چ بیشکێنی چ پێی هەڵبلێی چ پشتگوێشی بخەی
قەت لە تەنگانە ڕسوات ناکا ٠

ببە برادەری زانین ٠ماڵی دەوڵەمەندە ٠
بەخشیشی زۆرە ٠ باخچەی ڕازاوەیە ،
تۆش مێوانێکی ئازیزی ئەم باخچەیەی
برۆ ، بەری گەییوی بۆ خۆت بڕنە ٠

خەونو ژیانت بخەرە ناو کتێب
شاعیر بێ پرس دەچێتە ناو دڵان ٠
هەر چیت لە دڵدایە بۆ شیعری بدوێنە ٠
وەڵامی هەموو شتێ لە خەندەی سەر لێوی شعر دایە ٠

کە شاعیرە لاوەکان شیعری خۆیان دەهێنایە لای باوکم باوکم یەکەم جار تەماشای دەست خەتی دەکردن چونکە « خەتە جوت چۆن بێ جوتیار وا دەبێ » ٠ ئینجا هەڵەکانی ڕاست دەکردەوەو خاڵبەندی دەچەسپاند ٠ سەری بادەدا وەك ئەوەی بڵێ : فێر بن بە ڕاستی بنووسن ٠ هەندێك بە دوو دڵییەوە باسی ئەوەیان دەکرد کە «هۆمەری سەدەی

بیستەم » نەخوێندەوار بووە ٠ باوکم وەڵامی (هۆمەر)ە لاوەکەی دەدایەوە « دەنا من نەمزانیوە ! » تا ئەمڕۆش زۆر هۆمەری وا لە داغستاندا هەن٠ باوکم لە بچووکترین هەڵەی زمانەوانی زۆر تووڕە دەبوو ٠ کە شیعرێکی لە ڕۆژنامە چاپ بووو دیتی زۆری هەڵە تێکەوتو ئەم شیعرەی لەسەر دانا :

گۆرانیەکەم تووشی نەگبەتی خۆی هات ٠
کتو پڕ
لە جەژنی داغستاندا
بۆ ڕۆژنامەم نارد

کە دیتم ، دەتگوت هەرزنە
کوتراوە ٠
دەتگوت لە ڕێگادا
تۆپزکوتیان کردووە ٠

یان تووشی تاقمێ
سەرخۆشی خوێڕی هاتوە
شاییان لەسەر پشتی
دابەستوە

یان چۆتە سکۆتلاند
چۆتە مەیدانی شەڕە بۆکس
خۆی پێچاوەتەوەو
بێ بەشیان نەکردووە ٠

لە چوارینەکانیان داوم
پشتیان شکاندووم
کەس
لە مانایان ناگات ٠

بۆ ئەوەی تەواوی کەن
قامچیکێشیان کردووە
گیانی تێدا نەماوە ٠

وا ئاوزنگ دەدا .

ئـەی کەللەی کلۆل ،
ئەوەندەت پۆرگ‌و شوو پێوەیە نایەتە ژمار
دانـی پێـــدا دەنێم .
ئـەم کارە کارێکی نابەجێیە .

گۆرانیەکەم هیچ پەراسووی ساغی نەماوە .
بە دوو چـاوی لێلەوە دەڕوانێ .
وەك مستەوا بەرەللای خۆمـان
کـە لـە بن داران پان بوەوە .

ئەگـەر لەیەك تاکـە ژمارە
دە (قوربانی) واتان هەبێ
لە هەموو جێگایەك ناو دەردەکەن !
ئەی پاڵەوانانی هەڵەی چاپ !

بەلام ڕەخنەی خۆیی
دەتوانێ دەردەکە سووکتر بـکا .
جا تـکایە ، ئەم شیعرەیشم
بۆ بلاوبکەنەوە .

باوکم هەموو ئەوانەی کـە ناسیویانە ، هەر یەکە بیروباوەڕی خۆی دەرهـەق هەبوە .

بێ‌گومان باوکم زەوی دەکێلاو دروونەی دەکردو قرشەی لـە عارەبانە بار دەکردو ئەسپەکانی ئالیك دەداو سواریان دەبوو . بەلام مـن دەبینم تەنیـا کتێبی بە دەستەوەیە . بە هەموو دەمێ کتێبەکەی وا دەگرت دەتـگوت چۆلەکەیەو دەترسێ نەوەك لـە شەقەی باڵ بدا . ئەگەر چی پێی خۆش بوو میوانی بێ بەلام کـە یەکێ بهاتایەو لـە خوێنـدنەوەی بکردایە زۆر پەست دەبوو . دەتگوت نوێژێـکی پیرۆزو بەنرخیان لێ بڕیوە . ئـەو کـاتەی کـە باوکم دەیخوێندەوە دایـکم لەسەر پەنجەی

پێ هـات‌و چۆی دەکردو پەنجەی بۆ لێوەکانی بەرز دەکردەوە . وای لێ‌دەکردین بە چپـە بدوێین .

« گاڵە مەکەن . باو ئیش دەکات . »

ڕاستی دەکرد . نووسەر ئیشی خوێندنەوەیە .

دایـکم جاروبار خۆیشی سـەری لە ژوورێ هەڵدەکێشا بۆ ئەوەی بزانێ نەوەك باوکم شتێکی پێ بوێ بۆی هـەبوو مەرەکەبی لـە کورتی بدایە . دایـکم سەرنجێکی تیژی لە مەرەکەبدانەکەی دەداو قـــەت لێ‌نەدەگەڕا چلك ببێ .

ئەگـەر ژیانی باوکم دوو ڕۆژی خۆشی تێـدا بووبێ سەبارەت بـــە کتێب بوە . ئەگـەر ژیانی باوکم دوو ڕۆژی ناخۆشی تێـدا بووبێ هـەر سەبارەت بە کتێب بوە .

ئەو کتێبانەی دەیخوێندنەوەو ئەوانەی دەینووسین .

خەڵـکی داوای هـەر شتێکیان لێ‌بـکردایە دەستی بـــە ڕووەوە نەدەنان . بەلایەوە درۆیەکی زل‌و تاوانێـکی گـەورە بوو ئەگەر شتێکی هەبێ‌و بلێ نیەتم . بەلام ئەگـەر کتێبێکی نازداریان لێ‌بخواستایە زۆر پێ تێك دەچوو . کتێبەکەی دەکەوتە بەر دەستان کـەچی باوکم هـەر دەستی بۆ درێژ دەکرد . ئەگـەر کتێبەکـە تا ماوەیەکی زۆر نەگەڕاباوە باوکم بۆ کتێب‌خوازەکەی دەنووسی : « زۆر غەریبی ئەو کۆنە برادەرەم دەکـەم کـە تۆ لەگەڵ خۆتدا بردت . ئەرێ بیر لە هاتنەوە ناکاتەوە » . باوکم تاقـە برای حەفت خوشـکان بوو . زوو هەتیو کەوتن . باوکم بە منـداڵی گوندی خۆیانی بە جێ هێشت ، چونکە ئەو مامەی هەتیوەکانی بەخێو دەکرد هەمزەی لەجێگایەکی دی خستە مەدرەسەوە . دەیـگوت

ئەقڵوحیکمەت لـە گوندی گەورەدا زیاترە • لەو کاتە بە دواوە باوکم دێ بە دێ دەگەڕا • دوو بوخچـەی بەسەر شانەوە بوو • یەکێ کتێبی تێـدابوو ، ئەوی دی ئارینۆك •

باوکم کـە هاتەوە سامانێـکی زۆری هێنایەوە • لـەو گـەڕانەدا لەزانیاری زۆر دەوڵەمەند بوو لـە گوندێکانی دێدا پێیان گوت : « ئەگەر بەهرەو زانینت لە گالیسکەیەك بخرێ دوور دەڕۆی • » ڕاستیان دەکرد باوکم ناوێـکی باشی دەرکردوە و زۆر دێرە شیعری بوونەتە پەند •

باوکم زۆری بۆ گەورانو منداڵان نووسی • بۆ ئەوانەی تازە دێنە دونیـاوەو بۆ ئەوانەی ماڵاوایی لێ دەکەن • شیعرو شانۆگەریو داستانو چیرۆکی نووسی • دەستخەتی ڕێكو ڕەوان بوو • زمانەکەیشی هـەر وا بوو • هـەمزە کـە لاو بوو ، ئەوانەی دەیانزانی خەتی خۆشـە داوایان لێدەکرد دۆکەمێنتو بڕیاری گرنگیان بۆ ڕونووس بکات ، کە ئاراستەی هـەموو ڕەمـەکی خەڵك دەکرا • باوکم بە زۆر ئەلفو بێی جۆر بـە جۆری دەنووسی : بە عـارەبیو بە لاتینیو بە رووسی • لـە ڕاستەوە بۆ چـەپەو لە چەپەوە بۆ ڕاسـتەی دەنووسی • لێیان پرسی : «بۆچی لـە چەپەوە بۆ ڕاستە دەنووسی ؟ »

« دڵو ئیلهامم لـەلای چـەپەیە • هەر شتێکی بە لامانەوە ئازیز بێ توند بەلای چەپەی سنگمانەوە دەیقرسێنین • »

« ئەدی بۆ لە ڕاستەوە بۆ چەپە دەنووسی ؟ »

« پیـاو هێزی لـە ڕاستەدایە ، لـە دەستی ڕاستەدایە • تۆ تەنیـا بە چاوی ڕاستە سێرە لە نیشانە هەڵدەگری • »

بێ گومان ئەمە نوکتە بوو ، بەڵام فێربوونی ئەو هەموو ئەلفو بێیە

جۆر بە جۆرە نوکتە نەبوو • راستە ، باوکم هەمیشە شیعرەکانی بە زمانی زگماکی ئافاری دەنووسی ، بەڵام هـەندێ شیعری بە عارەبیش دەنووسی • ئەمانە بە گشتی شیعری زۆر تایبەتی بوون ، لـە ماڵێ کەسمـان پێی نەدەخوێندرایەوە • بەڵام زۆر کـەم بوون • هەمزە لە بنەڕەتدا دژی ئەم جۆرە شیعرانە بوو • دەیگوت : «شیعر نابێ بە جۆرێکی وابێ کە دایكو کچو خوشك پێیان نەخوێندرێتەوە • ڕاستی قەت حەز لەو فلیمانە ناکەم کـە ناشێ منداڵی لە شازدە ساڵ بەرەو ژێر بیانبینن • »

باوکم خـەتی عـارەبی لە هەموو خەتەکانی دی زیاتر بەکار دەهێنا• پیتەکانو شێوەی پیتەکانو جوانی پیتەکانی خۆش دەویست • لە نووسینی شڕ پەست دەبوو • جارێکیان نامەیەکی لە برادەرێکی دێرین بۆ هـات بە عارەبیەکی ناڕێك نووسرابوو ، ئەویش بە گاڵتەوە بۆی نووسی :

پیتێکت دەهۆڵێـکی دڕاوەو
خاڵی ناوی کەڕبووچێکی گرانە
پیتێکی ترت کەلاوەی بێ ساپیتەیەو
تەنیـا کۆڵەگەکانی بە پێوە ماون •
ئەم پیتە کلۆڵەش لەبن بەردی زل
ووردو خـاش بوە •
پێم بڵێ چۆن ئەم بارە قورسەت لێناوە ؟
پیتێکی دیش تەپڵەی تاسەر بڕۆیان هاتوە •
هەر دێرێکت لاپەڕەیەکی داگرتوە •
ئەرێ ئەوە لەباتی قەلەم بە چڕنووکی پشیلەت نووسیوە ؟
پیتت وەکو درەختێکی چڵ بڵاو وایە
لاپەڕەت وەکو دارستانێکە •
ڕەشەبا لێی دابێو
کەوتبێتە بەر تەوری دارکەران ،
سەیرە ! ئەم نووسینە لە کوێ فێر بووی ؟

ئەو کاتە زۆر کەس بەم شیعرە تووڕە بوون ـ هەندێك بۆیە تووڕە بوون چونـکە باش تێی نەگـەیشتنو هەندێـکیدیش چونـکە زۆر باش

تێی گەیشتن • هەندێ وا تێ‌دەگەیشتن هەمزە گاڵتە بەبیتە عارەبیە شڕەکان ناکا ، بەڵکو گاڵتە بە نووسینی عارەبی دەکا •

بەڵام باوکم بە بیریدا نەدەهات ڕەخنە لە ئەلفو بێیەکی وا بگرێ • بەردی دەهاویشتە باخچەی ئەو کەسانەی کە لە کەمتەرخەمیدا فەوتاندبویان ، ئەوانەی گوێیان پێ‌نەدەدا • بە گشتی ، قەت قسەیەکی خراپی بە هیچ ئەلفو بێیەك نەدەگوت • ئەوەی وایشی بکردایە بە سەریدا دەڕۆیشت •

باوکم دەیگوت : «ڕاستە ، عارەب پەلاماری داغستانیان دا بەڵام نابێ نووسینو کتێبی عارەبی سەبارەت بەمە لۆمەی بێتە سەر • »

پاش شێوکردن ، گوندیەکان بە زۆری لەسەر بانی خانووی ئێمە خڕ دەبوونەوە و باوکم چیرۆکی بەتامی بۆ دەگێڕانەوە یان شیعری بۆ دەخوێندنەوە ، شیعری عارەبی جوت‌ئاواز هەڵدەڕژا •

باوکم ڕووسی نەدەزانی دەبا بە عارەبی چیخەفو لیۆ تۆلستۆی بخوێنێتەوە • ئەو کاتە چاپیەکان هیچیان دەرهەق ئەوانە نەدەزانی • باوکم چیخەفی لە هەمووان خۆشتر دەویست بەتایبەتی چیرۆکی (مارمیلۆك)ی کە زۆر جار خوێندنەوەی دووپات دەکردەوە •

بەگشتی ، زمانی عارەبی زۆر بڵاو بوو • هەندێك بۆیە بە عارەبی دەیاننووسی چونکە داغستان هیچ زمانی نووسراوی خۆی نەبوو • هەندێکی دی ، چونکە وا تێ‌دەگەیشتن عارەبی لە زمانەکانی داغستان ڕەوانترو بە پیتو بەرکەتترە •

هەموو فەرمانێکی میری هەر بە عارەبی دەنووسرا • هەروەسا نووسراوی سەر بەردەکێلان • باوکم باش دەیتوانی بیانخوێنێتەوە و مانایان لێك بداتەوە •

جا ئەو سەردەمە هات کە زمانی عارەبی بوو بە پاشماوەیەکی بورژوازی سەردەم تێپەڕیو • ئەوانەی بە عارەبی دەیاننووسیو دەیانخوێندەوە کەوتنە ئازارەوە • هەروەها کتێبی عارەبیش •

سەراپای ئەو کتێبخانانەی کە بە کۆڵەمەرگی لە لایەن ڕۆشنبیرە داغستانیەکانی وەکو (عەلی بەگ تاخۆ - گۆدی)و (جەلال کۆرماسۆف) کۆ کرابوونەوە لەناو چوون • (جەلال) لە (سۆربون) خوێندبووی • دوازدە زمانی دەزانیو برادەری ئەناتۆل فرانس بوو • زۆر کۆنە کتێبی لە گوندە شاخاویەکان کۆکردەوە • بە چەكو ئەسپو مانگاو دوایش بە چەنگە ئاردێكو پارچە کوتاڵێك دەیکڕین • گەلێ دەستنووسیش بێ‌گوم بوون بە ڕاستی زیانێکی تاڵەو تۆڵەی نابێتەوە ! •

کتێبی ئازارخوردەی داغستان ! تۆ بە زۆر دەستخەت ، بە زۆر زمان نووسرا بووی • بۆیە تۆیان نووسی چونکە دەبوا بتنووسن • زۆر لەخۆبوردوانە نووسیان • چاویان لە پاداشت نەبوو • ئەو کتێبەش لەلایەن شۆڕشەوە بڵاوکرایەوە •

ڕۆژنامەی (چیایی‌سوور) دەرچوو • پاشان بوو بە (چیایی)و ئینجا (چیایی بولشەڤی) • ئەم ڕۆژنامەیە بوو کە یەکەمجار شیعرەکانی باوکمی بڵاو کردەوە • چەند ساڵ بوو باوکم نەك هەر لەم ڕۆژنامەیەدا دەینووسی ، بگرە سکرتێریشی بوو • ئەو حەلە پێم سەیر بوو چۆن شیعرەکانی وا زوو چاپ دەبوون • سەیرەکەش لەوەدا بوو ئەوەی ئەمڕۆ دەمدی دەینووسیتەوە بۆ بەیانی‌چاپ دەبوو • پاشان شیعرەکانی کۆدەکرانەوەو دەکرانە کتێب • هەموو ژیانی باوکم ، هەموو بەرهەمەکانی چوار بەرگی ئەستوور بوو •

باوکم لە ژوورەکەی خۆیدا مرد • لەناو کتێبەکانی ، لە تەك

قەڵەمپاندان و قەڵەمڕەش ، لە تەك كاغەزی نووسراو و نەنووسراو ، كە ماوەی نەمابوو بیانووسێ • باشە ئەوانەی دی بۆی تەواو دەكەن •

داغستان دەخوێنێ • داغستان دەخوێنێتەوە • داغستان دەنووسێ • ئێستا پێتان دەڵێم من خۆم چۆنم خوێند - یان ووردتر بڵێم چۆنیان پێ خوێندم •

ئەو حەلە تەمەنم پێنج ساڵان بوو • سەراپای داغستان لەسەر كورسی خوێندن دانیشت بوو •

قوتابخانەی گشتی و قوتابخانەی هونەری یەك لە دوای یەك دەكرانەوە • پیر و منداڵ ، ژن و پیاو ، هەموو دەیانخوێند • هەڵمەتی نەهێشتی نەخوێندەواری بوو • هەڵمەتی ڕۆشنبیری بوو • یەكەم سیپارەی خۆمم لەیادە ، یەكەم دەفتەرم لە بیرە كە باوكم بۆی كڕیم • باوكم خۆیشی لە گوندان دەگەڕاو خەڵكی هان دەدا بچنە بەر خوێندن •

یەكەم ئەلفوبێمان بەدەركەوت - باوكم پێشوازیەكی گەرمی كرد • هەمیشە بە قووڵی هەستی دەكرد كە بێبەش بوونمان لە زمانێكی نووسراوەوە ، داغستان لە ڕۆشنبیری گەورەی ڕووسیا دادەبڕێنێ •

دەیگوت : « داغستان پارچەیەكی ووڵاتی گەورەمانە • دەبێ بیناسین • كتێبی ژیانی بخوێنینەوە • دەستخەتەكەی لێك بدەینەوە » •

«ڕێگای نوێ» «ڕوناكی نوێ» «گەلی نوێ» - ئەمانە دروشمی ئەو سەردەمە بوون • باوكم منداڵەكانی خۆی نارد بەدەم بانگەوازی ڕۆژی نوێوە بچن • نوێیەكە بە ئاسانی ڕێچكەی خۆی پێ نەدەشكا • زۆر كەس بەردیان بەسەردا بەردایەوە • زۆر پەنجەرەی قوتابخانەكانی زوو شكێنران • دوژمنانی خوێندەواری دەیانگوت : «ئەوە چ جۆرە دونیایە كە

شوان كتێبان بخوێننەوە ؟ و ئاشەوان فێرە دەرس بن ؟ ئەوانە دەبێ پەز بلەوەڕێنن و گەنم بهاڕن • » شتی خراپتریش هەبوو ، لە بیرمە گوللەیەكیان لە مامۆستا گرت و بە نەخشەی سەر دیوارەكە كەوت • باوكم گوتی : «ئەو پیاوكوژە وەخت بوو بەو گوللەیە دونیا بریندار بكات • »

لەو ساڵانەی زوودا ، لە گەلێ دێدا هەوڵیان دەدا فێركردنی نوێ لەگەڵ فێركردنی كۆنی ئایینی بە یەكەوە ببەستنەوە • جاری وا هەبوو هەر دووك تێكەڵ دەكران • زەحمەت بوو بزانی دوكان لە كوێیەو بازاڕ لە كوێیە ؟ عەلی لە كوێیەو عومەر لە كوێیە ؟ برا گەورەكانم چوونە قوتابخانەی لاوانی كۆمۆنیست • من بەخیلیم پێ دەبردن • بەڵام دڵی خۆم بەوە دەدایەوە هەموو ڕۆژێ بە تاسەوە چاوەڕوانم دەكردن بگەڕێنەوە • زۆر تەنگاو بووم دەست بە خوێندن بكەم • بەڵام هێشتا حەفت ساڵم تەواو نەكردبوو •

پاشان قوتابخانەیەك لە گوندەكەماندا بۆ ئەو كەسانە كرایەوە كە نەیاندەویست منداڵیان بنێرنە قەڵای خونزاخ • ئەم قوتابخانەیە نیمچە ئایینی بوو • پێیان دەگوت قوتابخانەی حەسەن •

حەسەن پیاوێكی باش و میهرەبان بوو • بیروباوەڕی سەیری هەبوو • لەو بڕوایە دا بوو دەبێ شتی كۆن و نوێ پێكەوە ببەسترێتەوە • هەر خوا دەزانێ چۆنی توانی بوو لە مێشكی خۆیدا بەیەكەوە بیانبەستێتەوە • لەیەك كاتدا كۆمسۆمۆلی دێیەك و مەلای دێیەكی دی بوو • ئەنجامی ئەم كارەش هێندە بزر نییە • لە مەلایەتی دەركرا چونكە لە كومسۆمۆل بوو لە كومسۆمۆلیش وەدەرنرا چونكە مەلا بوو • لە شەڕی نیشتمانیدا پارتیزانی سوور بوو •

ئەم پیاوە بوو كە چارەنووس كردی بە یەكەمین مامۆستای من •

جا لەبەر ئەوەی گوناح نیە پیاو کەمێ باسی یەکەم مامۆستای خۆی بکات ، سێ کورتە چیرۆك دەگێڕمەوە کە وێنەیەکی ئەم پیاوە پێشان دەدەن :

١ – حەسەنو بەندی :

جارێکیان پارتیزانەکان سەربازێکی دژی شۆڕشیان بە دیل گرت • دەبوو ڕەوانەی بارەگای (موسلم عەتایف)ی بکەنو ئەم کارەیان بە حەسەن سپارد • لە سەرەتاوە ئیش باش ڕۆیشت • بەڵام کە وەختی نوێژ داهات حەسەن لەسەر گۆمێك وەستاو دیلەکەی لە تەنیشت خۆی لەسەر بەردێك داناو دەستی بە نوێژ کرد • دیلە تکای لێکرد دەستی بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەویش بتوانێ نوێژەکەی بە چاکی بکات • حەسەن شاش ما : « تۆ نوێژت بۆ چیە ؟ تۆ سەر بە قڕاڵیت • هەر چەندە نوێژ بکەی عەینی شتە • هەر دەچیتە دۆزەخ • •

« هەر هیچ نەبێ موسلمانم • بکەومە بەر دەستی موسلم عەتایف لەسەرم باز نادا • یەکسەر بە دیوارەوەم هەڵدەواسێ ، کەواتە لێم گەڕێ دوا نوێژم بکەم ! »

حەسەن دەستی دیلەکەی کردەوە ، گوتی :

« سەیرکە ، تۆ جوێنت بە هێزی سۆڤێتی دەدا ، دەتگوت لێناگەڕێ موسلمان بڕوا بە خوا بێنن • فەرموو تا حەز دەکەی نوێژ بکە • »

ئینجا حەسەن زۆر لە نوێژەکەیدا نقووم بوو کە سەلامی دایەوە ، دیتی بەندیەکەی هەڵاتوە •

بە تووڕەیی نەڕاندنی : «سوێندم بە خواو بە شۆڕش ، دەبێ بتگرمەوە !! »

لە کێلگەیەکدا کابرای دۆزیەوە • چۆنی پێ سپاردرابوو ئاوا گەیاندیە بارەگا •

٢ – نوێژو گۆرانی :

لە سالانی سەرەتای هێزی سۆڤێتیدا حەسەن سکرتێری (سۆڤێت)ی لادێ بوو • مۆری سۆڤێت بە ماوەیەکی کەم سواو لووس بوو چونکە حەسەن دەستی لێ نە دەپاراست لە هەموو پارچە کاغەزێکی دەدا •

ئەگەر مەسەلەیەکی گرنگو ئاڵۆز بهاتایە گۆڕێ ، دەیگوت :

« دەبێ پرس بە مەلاو بە لیژنەی ڕاپەڕاندنی ناوچە بکەم • »

هەوڵی دا ڕۆژی سانەوە (پشوو) بگۆڕێو لە یەك شەمەوە بیکاتە هەینی • بەبێ کەمتەرخەمی باسی بڕیارەکانی لێپرسراوانی سۆڤێتی دەکردو پرۆپاگندەی بۆ دەکردنو بە جێشی دەگەیاندن • لە هەمان کاتیشدا مزگەوتی دێی چاك کردەوە کە لە شەڕی نیشتمانیدا کاول ببوو •

مزگەوت چاك کرایەوەو ڕۆژی کردنەوەی دەست نیشان کرا • دەق لەو کاتەدا تیپێکی گەورەی ڕۆشنبیری گەیشتە ناوچەکە نووسەرو هونەرمەند گۆیندەو سازندەی تێدا بوو • تیپەکە ڕەوانەی ئەو دێیە کرابوو کە حەسەن خۆی بۆ کردنەوەی مزگەوت ئامادە دەکرد •

میوانەکان بە خێرهاتنێکی گەرمیان کرا • سوارسوارانێو زۆرانێو شەڕەکەڵەبابیان بۆ کردن • ئەوانیش بەش بە حاڵی خۆیان ووتاریان خوێندەوەو باسی پلانی ئابووریان کردو ئاهەنگێکی مۆسیقایان گێڕا •

لە گەرمەی ئاهەنگەکەدا بوون (موەززین – مەلا) چووە سەر ترۆپکی منارەو بانگی ئیماندارانەی مەغریبی دا • حەسەن هەستایەوەو ڕووی کردە میوانەکان :

« سوپاستان دەکەین کە گەورەتان کردینو لە ڕۆژێکی وا پیرۆز هاتن کە ڕۆژی کردنەوەی مزگەوتەکەمانە • سوپاس بۆ ئەم ئاهەنگەتان • ئێستاش ئێمە دەچینە نوێژێ • ئێوەش یان لە ئاهەنگەکەتاندا بەردەوام بن یان بوەستن تا ئێمە دێینەوە یان لەگەڵ ئێمە وەرن ــ کەیفی خۆتانە • »

خەڵکی دێ هەندێك چوونە مزگەوتو هەندێك خۆیان دا پاش بۆ ئەوەی گوێ لە گۆرانی تیپەکە رابگرنو هەندێکی دیش پێیەکیان کەوتە پاش پێیەکیان کەوتە پێش • ئەندامانی تیپەکە شپرزە بوون بەڵام لەو کاتەدا ئاراشیلو عومەرو قازی محەمەدی گۆرانیبێژ لەگەڵ فاتیمەی گۆرانیبێژی مللی (کەگەر) لەسەر ئەو بانە دەرکەوتن کە کرابوە شانۆ • سێ پەپەخاو یەك دەسرۆك • سێ پاندورو یەك تەپڵ • گۆرانیەکی نوێ زرنگایەوەو لە شاخاندا دەنگی دایەوە • گۆرانییەکە لە بارەی لینینەوە بوو ، لە بارەی ئەستێرەی سوورەوە بوو ، لەبارەی داغستانی سوورەوە بوو •

گۆرانیەکەیان گوت • هەندێ جار پاندورو تەپڵیان بەرز دەکردەوە سەر سەریانو هەندێ جاریش بە سنگی خۆیانەوە دەنووساندن •

هەندێ لەوانەی نوێژیان دەکرد ، گۆرانییەکە ڕایکێشانە دەرەوە بۆ سەرجادە وهەندێکی دیش بە پێچەوانە ، ئاهەنگیان بە جێ هێشتو چوونە مزگەفت •

ئەم چیرۆکە خۆشە تا ئێستاش لە گوندەکەی حەسەندا دەگێڕدرێتەوە •

« هەمزە تساداساەی باوکیشم لەگەڵ تیپەکەدا بوو کە منی لە

پێش خۆی سواری خانەی زینی کرد بوو ، بەڵام ئەو کاتە هیچ فامم نەدەکرد •

مێوانەکان وەکو دیارییەکی ماڵاوایی گرامافۆنێكو بڵندگۆیەکیان بۆ گوندەکە بە جێ هێشت •

٣ ــ حەسەنو بڵندگۆ :

نازانم بڕیاری کێ بوو ، لەوانەیە هی حەسەن بێ ، بەڵام ئەوەندە دەزانم بڵندگۆکە لە تەنیشت مزگەوتێ بەسەر ئەستوندەی تەلەفۆنەوە هەڵواسرابوو • لە بەیانییەوە تا ئێوارێ دەنگی ڕادیۆ لە گوندی دەهات • فیقەو گۆرانی دیدەوانەکانو مۆسیقاو قسەو ژاوەژاوی بە شاخەکانی ئەو دەروبەرە دەگەیاند •

هەندێ جار دەنگی (موەززین‌ـمەلا) بانگدانی سەر منارەو دەنگی ڕادیۆ تێکەڵ دەبوونو دەبوە هەراو هۆریاو هیچی دی •

ڕۆژێکیان دەق ئەو کاتەی کە دەبوو موززەین لەسەر منارە بێتە دەرێ • رادیۆ کپ بوو • یەکێ بە مەفتووقی وایەری سەر ئەستوندەکەی بڕی بوو • کە ئیماندار نوێژیان تەواو کرد حەسەن بەسەر ئەستوندەکە هەڵگەڕاو وایەرەکەی چاك کردەوەو بڵندگۆکە کەوتەوە بڵاو کردنەوە •

ڕۆژی پاشی دیسان لە هەمان کاتدا وەستا • کە لە نوێژی جەماعەت بوونەوە حەسەن یەکسەر چاکی کردەوە • ئەم بەزمە دەوامی کرد • هەموو ڕۆژێ دووبارە دەبووەوە • کە لە ئەنجامدا دەرکەوت حەسەن خۆی وایەرەکەی خراپ دەکرد هەموو لا سەرسام بوون •

حەسەن دوو هێزی تێدا لە جەنگدابوون : نوێژو گورانی • حەسەن هەوڵی دەدا لەگەڵ یەکتریان بگونجێنێ • لەو باوەڕە دابوو دەبێ

قورعانو دەستووری سۆڤێتی لێك نزیك بنەوە • لە مزگەفت کوڕو کچی لە یەك مارە دەکردو پاشان دەیبردنە بارەگای سۆڤێتی لادێو تۆمـاری دەکردن •

لە لێکۆڵینەوەی سروشتدا ڕێـگای تایبەتی خۆی هەبوو دەوەستاو تەماشای ئەستێرەیەك یا شاخێـکی دەکرد ـ چـەند سەعاتێك دەوەستا • ئەگـەر بە ئێش بچووبایە شوێنێك داوای لە ژنەکەی دەکرد لە جێگاکەی بوەستێ • هەندێ جار داوای لە منداڵی وەکو ئێمەش دەکرد •

لە قوتابخانەدا باسی تەنە ئاسمانیەکانی بۆ دەکردین • زۆر جـار باسی بومەلەرزەو مانگ گیرانو ڕۆژگیرانو ئاوهەستانی بۆ دەکردینو بە تامیشی دەخست بەڵام سـەیر لەوەدایە ئـەم چیرۆکـانەم هیچ لەبیر نەمـاوە •

لە پرۆگرامی دەرس گوتنەوەدا هەموو شتێکی تێکەڵو پێکەڵ بوو ـ عارەبیو ڕووسیو لاتینی • پیتی گەورەی عارەبی لەسەر شەپـکە دارێك نەخش دەکردو دەیگوت :

« فێر بن ئـەم پیتـانە نەخش بـکەن • باوکتان بە درێژایی ژیان نووسینو خوێندنەوەیان بەم پیتانە بوو • »

ئینجا پیتی گەورەی ڕووسی نەخش دەکرد ، دەیگوت : « ئەمـانە بخوێنن ، باوکتان لە تەمەنی عەینەك لە چاوکردندا فێریان بوون • بـە کەلکتان دێن • »

هەندێ جار دەقێکی دەداینێ لەبەری بکەینو بە خۆی بۆ نوێژێ دەچووە مزگەوت • »

کـاتێ پیتە عارەبیەکانی پێ دەگوتین دارێـکی پێ بوو ، ئەگـەر

نەمانزانیایە ، یا خەمساردیمان بکردایە ، بەو دارە لێی دەداین •

کـە هـاتە سـەر ئەلفوبێی ڕووسی ، دەستی دایە ڕاستەیەك ؛ بەم جۆرە ئێمـە بە دارو ڕاستە فێر بووین •

مـن لەبەر شتێکی‌تر گرفتم بۆ پەیدا بوو • ماڵمان لـە تەنیشت مزگەفتێ بوو • کۆلانێکی تەسکمان بەین بوو • تەنیـا یەك شاقاو دەبوو • ئەو بیرە لەسەری دام کـە لەسەر بانی خـانووی خۆمانەوە بازم دەدایە سەربانی مزگەفت • حەسەن لەسـەر ئەوە لێی دەدام• پاشان مزگەوتەکە داخراو وەکو یانەیەکی دێی لێهات • من لەسەر بازدانی خۆم ڕۆیشتمو حەسەنیش لەسـەر لێدانی مـن • باوکم زۆری پێخۆش بوو ، گوتی : «کوڕم ، خۆ تۆ شێرەکلۆ نیت بە بازان بڕۆی • فێر بە بەسەر زەویـدا بڕۆی • »

کـە بومـە حەفت ساڵان بازدانەکەم لە خۆوە وەستا • دەستم بـە هـاتو چۆی قوتابخانە کرد بۆ قەڵای خونزاخ • هێشتا کەس خوێندنی تەواو نەکرد بوو کـە قوتابخانەی حەسەن داخرا • حەسەن خۆی چوو لـە گەلەکێلێکدا ئیشی دەکرد • لەگەڵ کەرەستەکانیدا ناردیانە مۆسکۆ بۆ پێشانگەی کشتوکاڵو لەوێ مەدالیایەکی هێنایەوە • لەسەنگەریشـدا دووی دی درابوێ •

باشی شەڕ ، هەمیشە دەیگوت : لە هەر شوێنێك بووبم ، سـەرم چوو بێ نوێژم نەچووە • وا نەبا چۆن بە سەلامەتی دەهاتمەوە ؟ »

بە شێوەیەکی دی ، حەسەن هەمیشە هەر حەسەنەکەی جاران بوو • ئێستا خەریکە کەرەستە بۆ مێژووی خان سوراکاتی ئافار کۆ دەکاتەوە • ئەگەرچی شازیشە ، بەڵام هێشتا تەبیات بەرزو ئێسك‌پتەوە • هەموو جارێ کە دەچمەوە دێ سەری لێ‌دەدەم • چونکە یەکەمین مامۆستامەو چاکەی

لەسەرمەو ڕێزی لێدەنێم •

دووەمین مامۆستام لــە یادە • ئـەم جــارە لــە قوتابخانەیەکی ئاسایی بوو • هەمیشە چیــرۆکی درێژی لــە بارەی خۆیــەوە بۆ دەگێڕاینەوە • ئێستا تێدەگەم کە (مونچاوسین)ی ڕاستەقینەی ئاڤـاری بوو • هەموو وانەیەکی بەم قسانە دەست پێدەکرد :

« باشە ، منداڵینە ! شتێکتان بۆ بگێڕمەوە کە بەسەر خۆم هاتوە ؟ »

ئێمەش هاوارمــــان دەکرد ، « بــەڵێ ، بۆمان بگێڕەوە ، بۆمــــان بگێڕەوە • »

« جارێکیان ، لــە پردە پەتەکەی قۆیسووی ئاڤاریدا دەپەڕیمەوە ، وورچێکی زەبەڵلاح لـەو بەرەوە دەهات ، نەستەم بوو بتوانین لێك تێ بپەڕین • نە وورچەکە ویستی ڕێگەی من بداو نە منیش • بەهێزترین وورچ بوو دیبێتم ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا توانیم بژیە چڕەکەی بگرمو فڕێی دەمە ناو ڕووبار • »

ئێمەش بەدەم بەشییەوە گوێمان لــە چیرۆکـە خـەیاڵیەکـەی مامۆستامان گرت •

ـ « حەفتەی رابردوو چوومـە دەرەوە بۆ سـەر زەوی‌و دەسـتم بە زەوی کێڵان کرد • گاکانم جووتەگایەکی ملەوەز بوون • لە هیکەوە لــە هەوجارڕکێشان وەستان‌و لە شوێنی خۆیان چەقین • دەبێ چ قەومـا بێ ؟ تەماشام کردو بینیم مار خۆیان لە گاسنەکەم ئاڵاند بوو ، نۆ بوون ، دوویان بۆ کن دەستم هاتن • هیچ سێ‌و دووم لێ‌نەکرد • دەمانچەکــەم هەڵکێشاو هەمووم کوشتن • ئەوەندە خوێنە ڕژا هەموو زەویەکەی پاراو کردەوە • بە شێنەیی جووتی خۆم تەواو کردو گەڕامەوە ماڵێ • بــەڵام

شتێك نەختێ هەراسانی کردم ـ ئەگــەر زەویەکەم لە باتی گەنم مــاری لێ‌شین بوو ، چ بکەم ؟! »

ـ « پێتان بڵێم چۆن ژنەکەی خۆمم هەڵگرت ؟ ئەو کاتە بوو کە لە دارستانی (تسونیتێن)دا ڕاوی جەردەو ڕێگرانم نا خۆم بە ماڵی یەکێکیاندا کرد • ئەو جەردەیە لە هەموویان منۆختر بوو • خۆی پێ دەرباز بوو بەڵام کچەکەی لەوێ بەجێ‌هێشت • کچە ئەوەندە جوان بوو دەتــگوت مانگە • تەماشام کردو تەماشای کردم • ئەشقی یەك بووین • فڕاندم • لە پشتە خۆم سواری زینم کردو تێم تەقاند • لەناکاو بینیم چـل جـەردەی ترسنۆك بە تەقڵەکوت کەوتوونەتە دوام • هەر یەکە خەنجەرێکی بـــە ددانی گرتبووو دەستێکی شمشێرو دەستێکی دەمانچــــە بوو • ڕووم تێکردن‌و نیشانەم لێ هەڵگرتن‌و هەمووم بەردانەوە • سەراپای داغستان ئەم چیرۆکە دەزانێ • »

ڕۆژێکیان ، من‌و باسیری هاوڕێم لە کاتی وانەدا قسەمان دەکرد • مامۆستا بە توندو تیژی پرسی :

« بۆچی باش دانانیشن • ئەوە سعاتەکە بە خۆو بە باسیری باســـی چیتان دەکرد ؟ »

« دەمەتەقێمان بوو • باسیر دەیگوت جارەکەی جەنابت لەسەر زەوی هەشت مارت کوشتوەو من دەمگوت نە• ، هەژدە • »

« بە باسیر بڵێ کە تۆ ڕاست دەکەی‌و ئەو بە هەڵەدا چوە ،

لەو کاتە بە دواوە ، دایك‌و باوکم پێیان سەیر بوو ئەگەر دەرسیشم ئامادە نەکردایە هەر یەکەمین بلەم وەر دەگرت •

مامۆستا خۆی پیاوێکی چاك بوو،بەڵام هەرگیز بۆ ماوەیەکی زۆر لەیەك

شوێندا تۆتکەی نەدەگرت • ڕەوانەی گوندە دوورەکان کرا • ناردیانە (سیلوخ)و (ئەرادەریخ) بەڵام لەوێش نەحەوایەوە • کەمێك پێش ئێستا لە یەکێتی نووسەراندا هاتە لام‌و داوای لێ‌کردم کارێکی بۆ بدۆزمە •

« دەتەوێ چ ئیش بکەی ؟ »

« یاداشتی شەڕم پێ دەنووسرێتەوە • هەموو مارشالەکان برادەرم بوون • هەندێکیان من لە مردن ڕزگارم کردن • »

زۆر مامۆستای جۆر بە جۆرم هەبوو ـ ئەوەی یەکەم ، ئەوەی دووەم ، ئەوەی سێیەم • بەڵام من هەمیشە خاتوو (ڤیرڤاسیلیڤنا)ی ڕووس بە یەکەم مامۆستای ڕاستەقینەی خۆم دەزانم • ئەو بوو کە جوانیی زمانی ڕووسی‌و گەورەیی ئەدەبی ڕووسی بۆ دەرخستم •

زۆر مامۆستا لە (ئامۆژگەی مامۆستایانی ئاڤاری)و زۆر پرۆفیسۆر لە مۆسکۆ لە ئامۆژگەی ئەدەبدا هەبوون • مەنسور گەیبەرکۆف‌و پۆسپلۆف ، محەمەد حەیدەرۆف‌و گالیسکی ، شامیناگۆ ، رادنسگ ، ئاسموس ، فۆخت ، بۆندی ، ریفۆرماتسکی ، ڤاسیلی سیمیۆڤۆنیچ سیدورین کە تاقییان دەکردمەوە خراپم وەڵام دەداوە • چونکە بە گشتی ڕووسیم باش نەدەزانی • بەڵام وا هەست دەکەم تاقی کردنەوەم هێشتا تەواو نەبوە • هەندێ جار خەونێك دەبینم ـ لە تاقی‌کردنەوەیەکدا کەوتووم‌و دەبێ ساڵی یەکەمم دووپات بکەمەوە •

لە ساتی هوشیاریدا ، کە کتێبێکی نوێم دەردەچێ ، هەر دەم بەو نومێدەم بەڵکو بشێ مامۆستایەکم بە سەری ڕابگات‌و بیخوێنێتەوە جا لە هەموو تاقی‌کردنەوەیەکی زمان یان ئەدەبی گرێکی زیاتر دەشلەژێم • چ

بکەم ئەگەر ڕای لە کتێبەکەم نەبێ • ئەگەر بە نیوەچڵی واز لە خوێندنەوەی بێنێ‌و بڵێ : « ڕەسوول خراپی نووسیوە • دەبێ زۆر پەلەی کرد بێ • » ئەمە سەختترین تاقی کردنەوەی منە •

داغستان ! تۆش هەموو جۆرە مامۆستایەکت هەبوو • (حەسەن)و (مونچاوسین)ەکانی تایبەتی خۆت هەبوو • هەندێك خۆیان بڕوایان بەو شتە نەبوو فێریان کردی • هەندێك تەفرەیان دای ، هەندێك خۆیان بە هەڵەدا چوو بوون • بەڵام پاشان مامۆستایەکی گەورەو دادپەروەر ، ئازاو میهرەبان هات • ئەو مامۆستایە ڕووسیا بوو ، یەکێتی سۆڤێت بوو ، شۆڕش بوو • ژیانێکی نوێ ، قوتابخانەیەکی نوێ ، کتێبێکی نوێ • لە ڕۆژگاری کۆندا تاکە کەسێکی لادێ بیتوانیایە شت بخوێنێتەوە مەلا بوو • ئێستا مەلا نەبێ هەموو کەس کتێب دەخوێنێتەوە •

گەلێکی بچووك ژیانێکی گەورەی بە دەست هێناوە • زۆر کتێبی دی لە بارەی داغستانەوە دەنووسرێن • دوایان نابڕێ • ئەگەر ئەو کتێبە زێڕین‌و جاویدانە تەنیا یەك لاپەڕەی تێدا بێ کە من نووسیبێم ، زۆرم هەوەس پێ دێ • من گۆرانی خۆم دەڵێم ، داغستانەکەم ! قبوولی بکە !•

داغستان ! هەرچی پێیان بەخشیوم
با سەربەرزانە بەشی بکەین •
میدالیاکانم
بە ترۆپکەکانت هەڵدەواسم
سروودی مەزن‌و شیعرت
بۆ دەڵێم •
بەڵام تۆ تەنیا بەتیەی دارستان‌و
تەپڵەی ترۆپکی بەفر پۆشم پێ ببەخشە •

هەر ئەوەندە بوو • ئێستا وەختی لێك جودا بوونەوەمانە وەكو گۆتەكە دەڵێ : خوا یێكمان شاد بكاتەوە •

كۆتایی كتێبی دووەم

ئەم كتێبە لە زۆر شوێندا نووسراوە ـ لە گوندی تسادا ، لە مۆسكۆ ، لە مەحەچ قەلآ،لە دیلیژان‌و لە زۆر شاری دیش•كەی دەستم بە نووسینەوە كرد ؟ لە بیرم نەماوە • لە ٢٥/ی ئەیلولی ١٩٧٠دا تەواوم كرد •

والســـلام و الكلام •

فەرهەنگۆك

(ئ)

ئاوقەران : ئاوقووف
ئۆین : فێڵ : حیلە

(ب)

بادی : قاپ ، دەفر ، ترار ، جام
بالیف : سەرین ، بالـگ
بوێر : ئازا ، ڕەشید
بۆسە : كەمین
باقۆ : نەخۆش‌و لاوازو بـێ هێز
بەتیە : زەبوون ، كورك ، عەبای پیاوان
بـوزا : جۆرە شەرابێـكی داغستانییە

(پ)

پەسنین : خۆهەڵـكـێشان
پـەز : مەڕ
پێخواس : پـێ خاوس ، پـێ‌پەتی
پت : سەری‌پـەنجە ، ئەوەندەی بە دوو پەنجە هەڵـبگیرێ •
پەلكەنان : چنكەنان ، لەتەنان
پەڕەم بە پەڕەم : پارچە پارچە
پـەنـگر : پەڕەنـگ ، پشكۆ
پووت : سیس ، پـووچ ، بێ‌ڕوەت
پـەڕەنگ : پەنگر ، پشكۆ
پـیل : شەپـۆل

(ت)

تخووب : سنوور
تیز : گاڵتە ، قەشمەری
ترار : جام ، بادی : دەفر
تیتاڵ : گێچەڵ
تەزی : سارد : قەڕمی
توولەڕێ : باریكە ڕێ

(ج)

جۆگەت : ئەو جۆگەئاوەی لە توانەوەی بەفر پەیدا دەبێو بەشاخدا دێتە خوارێ ·

(چ)

چرووك : بێهێزوڤەژەن ، نەکامڵ
چوڕەئاو : قومەئاو ، پشکەئاو

(خ)

خاو : کاڵ ، نەگەییو
خەفیە : جاسووس ، دەوسگر ·

(د)

داری قەلاشکەری : گزرەدار ، داری سووتان
دووگاڕکی : دووپات

(ر)

ڕەشید : ئازا ، بوێر ، جەسوور
ڕسانەوە : هەڵگەڕانەوە ، یاخیبوون
ڕوومردنەوە : کوژانەوەی ئاگر
ڕۆندك : فرمێسك ، ئەسرین ·

(ژ)

ژەغەل : تەمبەڵ : تەوەزەل ، تەپو سست

(س)

سەرتوو : سەرتوێژ

(ش)

شاخ : قۆچ
شمەك : جلوبەرگ : شتومەك
شێ : نم
شووف : تەوژمی ئاو
شەوتی : سووتاو

(ع)

عەگید : مێرخاس ، گەڕناس ، جوامێر

(ف)

فیـات : نرخ

(ق)

قادرمە : پێبلیکانە
قان : پارچـە
قاوە : گیایەکی سخە کەوشكبوەوە زوو گڕ دەگرێ لەگـەل ئەستێو بەردەشتێ بەکاردێ
قەمـە : سونـگی
قونپانی : پاشپانی ، پاژنە
قەلەزراو : ترسنۆك ، ترسۆ ·
قوڕقاپ : کڕوکپ بوون
قوڵتەباز : فێلباز ، بەمەکرودولاب ·

(ك)

کادوو : دووکەڵ
کووکە : هەرا ، دکر ، بەزموکارەسات
کەستەك : خۆڵێك کەئاو لێیدابێو ڕەق بووبێ ·
کەترە : مەڕومالاتی پیروکەنەفتو بێ عدوور
کەرە : فەریکەڕۆن
کرێت : خراپ ، ناشیرین
کۆتەڵ : پەیکەر
کرتوکێڵ : کشتو کاڵ
کەتن : ئیشی خراپ
کەور : بەردی مەزن
کڕبوون : بێ دەنگ بوون
کەرب : ڕقوقین

(گ)

گۆلم : پڕ بە یەك دەست
گۆلك : گوێرەکە
گیانەلا : ئاوزینگدان ·

گراوی : خۆشەویست
گۆینده گۆرانیبێژ
گنخاندن : خۆگنخاندن : خۆ دواخستن ، خۆخافڵاندن به شتی
هیچو پووچ ٠

(ل)

لەنکاوڕا : لەناکاوەوە ، له هیکەوە : کتوپڕ
لەگـەن : قاپیگەورە

(م)

مەکرۆ : فێڵباز : زۆرزان ٠
منۆخ : بێزاخ ، کێرنەهاتی
مشکی : خۆلەمێش ، بوول ٠
مەفتووق : فێڵبازوچەتوون ٠

(ن)

نەوێرۆك : ترسنۆك ٠

(و)

وندا : ون ، بزر

(ه)

هنداو : کن ٠ له هنداودێ : لەکن گوندی ، لەنزیك ٠
هەرکەو : ئەو
دەبێو باڵندە لێی دەخۆنەوە ٠
هیربار : قاپو قاچاغ ، هەوڕ
هـەوڕ : هیربار ٠
هەشتاو : بەهەشتاوی : به تەنگاوی
هەتره : هەرەتە ، پەرگەندە
هەڵزنا : پێدا هەڵزنا : پێداهەڵگەڕا ٠
هەڕفی : ڕووخا ، ڕفی ، هەرەسیهێنا ٠
هەرێ : بەڵێن ، گفت ٠
هێوه : ئەولا
یەخسیر : دیل

(ی)

یەخسیر : دیـل

ڕاستو چـەوت

له هەندێ شوێندا نیشانەی حەوت یان نوختە پەڕیوە : هەر...
له نووسینی ناوی (نەجمەددین) له یەك دوو جێ به (نەجموددین...
(نەجمەدین) هاتووه وشەی (ئەستەنبول) له یەکو دوو شوێندا ...
(ئەستەمبول) هاتوه ٠ بۆ ئەم هەڵانەو هەموو هەڵەکانی تر داوای
دەکەینو حەز دەکەین پێش خوێندنەوە ئەم هەلانەش چاك بکەنەوە :

لاپەڕەی	دێڕی	هەڵەکە	ڕاستەکەی
٨	٤	نا	ناو
١٢	٢	کتبوپڕ	کتوپڕ
٣٢	١	نۆ	تۆ
٤٠	٥	کەف	کـەفو
٤٠	٧	د،وریان	دەوریان
٤٤	١٧	نێوەژەند	تێوەژەند
٥٦	١٠	نایایی	نایابی
٦٦	١٨	ناشگێتەوە	ناشکێتەوە
٧٧	١	ـه	لـه
٨٥	٢٢	دەورییه	دەوریه
١٠٨	١٦	دیدی	دی
١٠٩	١٩	خۆنیاویم	خوێناویم
١١٩	١١	چەوتیاند	چەوتیاندا
١٢٧	١٩	ئونتسول	ئونتسوکول
١٥٠	١٤	گەلیانی	گەڵییانی
١٦٠	٨	لێپرسلاوی	لێپرسراوی
١٦٠	١٢	ئەخشالوموف	ئەفشالوموف
١٦٤	١	لەیلایەی	لایلایەی
١٦٨	١٩	جنیۆ	جنێو
١٧١	٥	وولامی	وەلامی
١٧١	١٣	دەشتە	دەشتی
١٩٧	١	دانی	دابی

لاپەڕەی	دێری	هەڵەکە	ڕاستەکەی
٢١١	٦	ئیمان	ئیمام
٢٢٢	٤	تۆ	بۆ
٢٣٤	١٣	دانان	دانا
٢٣٦	١٥	دەوریان	دەورەیان
٢٣٨	٢٣	ئێرو	تێرو
٢٤٤	٥	چەنگ	جەنگ
٢٤٩	٥	شەڕێوەیان	شەڕێویان
٢٤٩	١٦	ئستا	ئێستا
٢٥٠	٢	ونیوانەی	ونبوانەی
٢٥٢	٢٤	تۆڤاند	تۆقاند
٢٥٣	٨	بێچەوەکان	بێچوەکان
٢٥٩	١٩	کتیبێ	کتێبی
٢٦٨	٩	نیۆ	نێو
٢٦٧	١٧	Dagestan	dagestan
٢٦٨	١٦	ستالسکی	ستالسکی داوای
٢٧٨	٢	بیانووسێ	بیانووسێ
٢٨٤	٩	ئاسماینیەکان	ئاسمانییەکان

● ★ ●

تێبینی

— ئەم بەرگی دووەمە ساڵی **١٩٧٦** لە گوندی بەحرکە کراوە بە کوردی.

— بەرگی یەکەم ساڵی **١٩٧٩** بڵاوکرایەوە .

— ڕەسووڵ لە نووسینی ئەم کتێبە بەردەوامە تا ئێستا هەندێ بەرگی تریشی لێ نووسیوە ، هیوادارم بکەونە بەر دەستو بە کوردی بڵاوبکرێنەوە .

لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدا
ژمارە (٦٩٨)ی ساڵی ١٩٨٥ی دراوەتێ

رسول حمزتوف

داغستاني أنا

الكتاب الثاني

ترجمه من الانكليزية الى الكردية

عزيز گردي

بغداد ـ ١٩٨٥



RASUL GAMZATOV

MY DAGHESTAN

Book Two

Translated from English into Kurdish

By :

AZIZ GARDI

Baghdad - 1985

РАСУЛ ГАМЗАТОВ

МОЙ ДАГЕСТАН

КНИГА ВТОРАЯ

Перевод с английского на курдский язык

АЗИЗА ГАРДИ

Багдад 1985 г.

دانەی بە دوو دینارە

مطبعة الحوادث ـ هاتف ٤١٥٢٦٨٥